-بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی حدکا. لەم کۆنگرەیەدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت کە حدکا ببێتە ئەندامی شورای میللیی بەرگری - شورا مللی مقاومت، کە موجاهیدنی خەلقیش ئەندامن تێیدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2239

**1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112008670‌8

-کۆچی دوایی جەمیل محۆ.
-زستانی ئەم ساڵ: لەبەر دووریی ناوچەی هەولێر لە سەرکردایەتیی ینک ەوە، بڕیاردرا کە کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیی سەربە ینک لە ناوچەی هەولێردا دابمەزرێ کە بریتی بوون لەمانە: دوکتۆر کەمال خۆشناو، سەید مەجید و مامۆستا نازم.
-تا ساڵی 984: ڕوودانی زنجیرەیەک شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و ب.ئیسلامیدا، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 600 کەس لە هەردوولا کە بەشی زۆریان ئیسلامی بوون و تەواوی بنکەکانیان لەلایەن یەکێتییەوە گیرا.
-بەرزبوونەوەی دووبەرەکییەکانی نێو ریزەکانی کۆمەڵە1، هەربۆیە کۆمەڵە1 کۆنفرانسی دووەمی لە خڕی ناوزەنگ بەست و بەهۆیەوە لە کێشە و گیروگرفت رزگاری بوو، لە کۆنفرانسەکەدا نەوشیروان مستەفا کرایەوە سکرتێر و ئەمانەش بوونە ئەندامانی سەرکردایەتیی: فەرەیدون عەبدولقادر، مولازم عومەر عەبدوڵڵا، مامۆستا جەمال تایەر، دوکتۆر کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆل و مەلا بەختیار.
-شەهیدبوونی محەمەد غەفور مەنتک پێشمەرگەی ینک لە گوندی سابڵاخ.
-پەیوەندیکردنی جەواد مەلا بە هێزی پێشمەرگەی پاسۆکەوە و بووە ئەندامی بیرۆی ڕامیاری.
-هاوینی ئەمساڵ: دامەزراندنی تیپی موزیکی ئاوارە لە هۆڵندا، بۆ ناساندنی هونەری کوردی بە وڵاتانی دەرەوە.
-دامەزراندنی حیزبوڵڵای کورد، بەسەرۆکایەتیی شێخ محەمەد خالید بارزانی.
-خۆپیشاندانی جەماوەری شاری هەڵەبجە، لە دژی د.ق.
-فلیمی یۆڵی هونەرکاری کورد گۆنای، خەڵاتی کانی وەرگرت.
-هاوینی ئەم ساڵ: لابردن و ڕاگوێزانی 33 مامۆستای کورد لە زانکۆی سەلاحەدین، بەهۆی ڕاپەڕینی خوێندکارانەوە، کە نێوەکانیان ئەمانەن: د. نوری تاڵەبانی، ....
-دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری خانزاد لە شاری هەولێر.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2240

**27-01-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112041723‌4

-ڕوودانی شەڕی سێ کانیان: دوژمن بە هۆی 7 کۆپتەر و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جاشەوە هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی حسک و ینک و حشع، چونکە پێشمەرگەکانی حسک دوو پسپۆری فەڕەنسییان فڕاندبوو، لەو شەڕەدا سێ لایەنی نەیار لە دژی دوژمن شەڕی کرد و لە ئەنجامدا 13

شەهید درا کە زۆربەیان لە پێشمەرگەکانی حشع بوون و دوژمنیش زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێکەوت، کە چەندین سەربازی لە لافاوی بەستی شەرغەدا لێختکا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2241

**08-03-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417235

-بەبۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتانەوە، حدکا لە بارەگای سەرکردایەتی لە دۆڵی دێموکراتدا، کۆڕێکی بۆ خاتوو پەروین هیدایەتی رێکخست.
-سەرەتای ئەم مانگە: کۆڕانی مەلا کەریمی شاریکەندی لە شاری مەهاباد لەلایەن کۆمەڵە2ەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2242

**18-03-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417238

-ئەمرۆ و سبەینێ 19-03، هێزەکانی ئێران هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر هێزەکانی ئێراقی لە نێوچەکانی شۆش و دیزەفول، بەماوەیەکی کەم سوپای ئێراقیان لەو نێوچانە دەرپەڕاند و هەزاران سەربازیان لێکوشتن و 19 هەزار کەسیشیان لێ بەدیل گرتن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2243

**19-03-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417239

-سەرکردایەتیی بەعس دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری باکووری هەڵوەشاندەوە.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2244

**21-03-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417240

-شەهید عەلی سالح کە خەڵکی گوندی کانی سلێمانی شارۆچکەی تەق تەق بوو، هەروەها کرێکاری کارگەی جگەرەی شاری هەولێر بوو، لەم رۆژی نەورۆزەدا لە نەبەردێکی قارەمانانەدا لە ناوچەی سالەیی بریندار کراو بۆ ئەوەی دوژمن بەبریندار دیلی نەکات، خۆیی شەهید کرد، شەهید پێشمەرگەی ینک بوو.
-بەستنی کۆڕێک لەسەر هونەرکاری کورد کاوێس ئاغا، لەلایەن مام فەتحوڵڵاوە، لە شاری هەولێر.
-بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا لە بارەگای سەرکردایەتیی حدکا، شانۆیی کاوەی ئاسنگەریان پێشکەشکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2245

**22-03-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417241

-شەهیدکردنی مەلا کەریمی شاریکەندی لەلایەن ئاخوندەکانەوە. نێوبراو ئەندامی حدکا بوو.؟
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2246

**00-04-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417242

-کۆتایی ئەم مانگە: هێزی پێشەوای حدکا هێرشێکی بۆسەر سەربازگەی بەردە کونتێی نزیک

مەهاباد کرد و لە ئەنجامدا 30 سەربازیان کوشت و تانکێکیان بە ساغی چنگ کەوتبوو. لەو شەڕەدا 3 پێشمەرگە شەهید ببوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2247

**24-04-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417243

-بەبۆنەی یادی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێوە لە ساڵی 1974 دا، خەڵکی شاری قەلادزێ خۆپیشاندانێکیان لە دژی رژێم سازکرد، ئەو خۆپیشاندانە دواتر لە نێوچەکانی رانیە و سلێمانی و کۆیە و چوارقورنە و هەولێریش سازدرا، کە زۆرترینی خوێندکارانی کورد پێی هەڵستان.
-رادیۆی تاران هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە سوپای د.ا گەیشتووەتە سەردەشت و رێگای بانە و سەردەشتیشیان گرتووەتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2248

**00-05-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417244

-هێرشی ئێران بۆسەر خورەمشار و عەبادان، کە لە ئەنجامدا ئەو نێوچانەی گرتەوە و سوپای ئێراقی تاسەر سنووری نێودەوڵەتی راونا و هەزاران سەربازیشی لێ کوشتن، جگە لە بەدیل کردنی 18 هەزار سەربازی ئێراقی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2249

**03-05-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417245

-ڕووداوی گەورەترین خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین لە شاری هەولێر، کە بەهۆیەوە خوێندکار: سەفا سدیق شەهید بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران گیران لەوانە: هیوا قادر رەسوڵ، دڵخۆش محەمەد رەسوڵ، .... ئەم خوێندکارانە پاش ماوەیەک ئازاد کران و بۆ زانکۆکانی تری ئێراق گوێزرانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2250

## 20-05-1982

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417246

-د.ا و هێزەکانی پارتی هێرشیانکردە سەر گوندەکانی زێدان و جەران و کۆنە لاجان و قەڵاتی موتاوێ لە ناوچەی پیرانشار، لەو هێرشەدا چەندین پێشمەرگە شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریش لە دوژمن و هێرشکەران کوژران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2251

## 00-06-1982

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408968

-یاریکردنی شانۆیی تەنەکە لە سلێمانی، نووسنی یەشار کەمال و دەرهێنانی ئەحمەد سالار و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە رەشید هەرەس، نەرمین قادر، ئەحمەد سالار، تەها خەلیل، عەبدول حەمە جوان و قادر مستەفا...
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2252

**01-06-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417247



-کۆچی دوایی نووسەر و رامیار مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر لە سلێمانی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2253

**18-06-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417248

-چوونی عەزیز محەمەد، جەلال تاڵەبانی و رەسوڵ مامەند بۆ لای بیرۆی رامیاریی حدکا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2254

**10-07-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417249

-روودانی شەڕی سۆما، کە بووە هۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکا بە نێوی رەحیم غەنی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2255

**17-07-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417250

-رژێمی ئێراقی لێبووردنی گشتیی بۆ سەربازە هەڵهاتووەکانی کورد دەرکرد، کە بەماوەیەکی کەم 45 هەزار سەربازی هەڵهاتوو خۆیان دایەوە دەست رژێم.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2256

**31-07-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417251

-هێرشی گەورەی ئێران بۆسەر رۆژهەڵاتی بەسرە، کە ئێران زۆر خراپ تێیدا شکاو هەزاران سەربازی خۆیی لە دەستدا، شایانی باسە کە ئێراق لەو شەرەدا چەکی کیمیاویی بەکارهێنا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2257

**16-08-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417252

-پدک بەبۆنەی یادی دامەزراندنییەوە، ئاهەنگێکی لە گوندی چێوەی سەرو سازدا، کە زۆربەی پارتە کوردستانییەکانی تر بەشداربوون تێیدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2258

**02-09-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417253

-مۆسکۆ بانگهێشتنی کەریمی حیسامیی ئەندامی حدکای کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2259

**04-09-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417254

-بەڕێکردنی چەند هێزێکی ینک بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، تاوەکو لە دژی داگیرکەری ئێران یارمەتیی هێزەکانی حدکا بدەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2260

**21-09-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417255

-و رۆژانی دوایی، تیپی نواندنی لاوانی سلێمانی، شانۆگەریی جەنابی جانەوەر، یان پێشکەش کرد، کە لە نووسینی حوسەین عارف و دەرهێنانی شەفیق محەمەد بوو. دانەر وەکو ئەکتەرێک بەشداریی تێدا کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2261

**07-11-1982**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417256

-بەهۆی ریفراندۆمێکەوە، دەستوورێکی نوێ بۆ رژێمی تورک دانرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2262

**1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417257

-د.ق، نزیکەی 8 هەزار بارزانیی نێری سەرەونگوون کرد و منداڵ و ژنەکانیشیانی لە ئۆردوگای قوشتەپەدا دیلکردن.
-د.ق، لە شاری سلێمانی بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانی و ئینگلیز و شێخ مەحمودیان کۆکردەوە و سووتاندیان.
-هێرشی د.ا بۆ نێوچەکانی حاجی هۆمەران لە باشووری.ک، کە هێزەکانی پارتی یارمەتیی ئێرانیان دەدا.
-کوژرانی وریا کە ئەندامێکی کۆمەڵە1 بوو، لەلایەن جەبار فەرمانەوە، بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا، نێوبراو سەرۆکی لیژنەی بکوژانی یەکێتی بوو لە سلێمانی و وەک دەڵێن بکوژی نوری حەمە عەلییە و هۆی کوشتنەکەشی ئەوەیە کە چەند بەڵگەنامەیەکی گرنگی ئەو کوشتنانەی لەلا بووە و رازی نەبووە بیانداتەوە دەست نەوشیروان.
-کۆچی دوایی عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان قادر، نێوبراو یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.
-هاوینی ئەم ساڵ: بۆمبارانکردنی شاری مەهاباد لەلایەن فڕۆکە ئێراقییەکانەوە، هەروەها فڕۆکە ئێرانییەکانیش شاری ئامێدییان بۆمباران کرد.
-ئەنیستیتوی کورد لە پاریس، پێشانگایەکی بۆ هونەرکارانی کورد کردەوە.
-دامەزرانی ئەنجوومەنی موزیکی شمشاڵ لە سنە، لەلایەن بەهرامی ساعید و چەند هونەرکارێکی ترەوە.
-گفتوگۆی نهێنیی پارتی لەگەڵ د.ق.
-کۆچی دوایی مەلا محەمەدی چروستانی.
-بەهاری ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینک بە هۆی جەنگی ئێراق - ئێرانەوە بۆ گوندی باوزێی ناوچەی قەڵادزێ.
-هاوینی ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینک بۆ گوندی خەتێی دۆڵی بالیسان.
-دۆزینەوەی روانگەیەکی ئەستێرەناسی لە ناوچەی گراو لەلایەن مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف.
-کۆچی دوایی هۆزانەوان کاردۆخی.
-کۆچی دوایی گۆرانیبێژ عەباسی محەی هەمزاغا.
-کۆچی دوایی زەید ئەحمەد عوسمان.
-هۆزانەوان عەلی حەسەنیانی - هاوار، ریزەکانی حدکای جێهێشت و گەڕایەوە شار.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2263

**02-01-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112120834

-دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2264

**17-01-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417258

-هێزێکی حسک لە گوندی ئاومالّی ناوچەی تەق تەق، چەند پێشمەرگەیەکی ینک چەک دەکەن و کادرێکیشیان لێ شەهید دەکەن.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2265

**26-01-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417259

-هێرشی د.ا بۆسەر گوندەکانی قەرەگۆل و سەوزی لە ناوچەی مەهاباد، کە لە ئەنجامدا 18 کەسیان لە گوندی قەرەگۆل شەهید کرد کە ئەمە نێوەکانیانە: مەلا عەلی بادینی، عومەر پیرۆتە سوور، عەلی سالّک، ڕەحمان سالّک، مەلا ئیسماعیل شازدە، کامیل شازدە، مەحمود پیرۆتە سوور، مستەفا شامە، مەحمود عەبدوڵڵا ئەسڵ، حاجی مەلا محەمەد، حاجی مەحمود مەرزنگە، مامەند قەرەنی، عوسمان مەرزەنگ، ئیبراهیم عەلیاسی، مەحمود چمنی، ئەبوبەکر پەیام و محەمەد ئەمین قوربانی ئەقدەم، هەروەها 9 کەسیشیان لە گوندی سەوزە شەهیدکرد کە ئەمە نێوەکانیانە: سۆفی محەمەد ئەمین ئەحمەدی، حاجی مستەفا جاوە، حەسەن دیوارە، ئەبوبەکر شەنایی، عوسمان خەتایی، کوبرا مەنگوری، بووکی سوڵتان مەعروف، زەینەب دلارام و محێدین ئامانی.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2266

**00-02-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417260

-سووتاندنی چەند تۆنێک دێکۆمێنتی شارەوانیی سلێمانی لەلایەن د.ق، کە هی سەردەمی عوسمانییەکان و شێخ مەحمود و رژێمی پادشایەتی بوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2267

**06-02-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417261

-روودانی شەڕی براکوژی لە گوندی نێرەگین، شەرەکە لە 2ی بەیانی زووەوە دەستی پێکرد تا 10ی سەرلە ئێوارەی رۆژی دوایی 07-02، لە نێوان پێشمەرگەکانی ینک و حسک و حشعدا، لەم شەرەدا 9 پێشمەرگەی حسک و 3ی حشع و 7ی ینک شەهید کران و زۆریش بریندار بوون. پاشان بەبێ ئەوەی هیچ لایەک بچێتە نێوانیانەوە کۆتایی بەشەرەکە هات. شەڕی نێرەگین سەلماندی کە پارتە کوردستانییەکان چەند رکیان لە یەکترە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2268

**00-03-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120417262

-کۆتایی ئەم مانگە: هێرشی د.ا بۆسەر دیلان چەرخ، هەلبی، کویکان، کەریزەی شکاکان و یونسڵیان لە ناوچەی نەغەدە، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 40 کەسی خەڵکی ئەم گوندانە، کە ئەمە نێوی هەندێکیانە: عەلی ئەحمەدی، محەمەد ئەحمەدی، محەمەد سوڵتانی، عەبدوڵڵا مەعروف، رەحیم خوسرەوی، کەریم خوسرەوی، نادر خوسرەوی، حەسەن دوکلاە، محەمەد دوکلاە، محەمەد ئیبراهیمی، کەریم تەپەڕەشی، عەباس تەپەڕەشی، عەبدوڵڵا عەباسی، محەمەد محەمەدی، جەعفەر شێخی، عەلی چادر رەش، رەحمان ناسری، مستەفا جەلالی، موسا سۆفی رەحمان، رەسوڵ بێ کڵاو، ئیسماعیل مەناف، یوسف قەرەنی و حاجی محەمەد عەلی و....
-کۆتایی ئەم مانگە: هێرشی د.ا بۆسەر گوندی جەعفەر ئاوا لە ناوچەی مەهاباد، کە بووە هۆی شەهیدکردنی چەند کەسێک، کە ئەمە نێوی هەندێکیانە: ئەبوبەکری شەریف گوڵاوی، ئەبوبەکری

محەمەد سوڵتان، ..... هەروەها هێرشیشی بۆسەر گوندی دێمە سوور کرد، کە بووە هۆی شەهیدکردنی چەند کەسێکی تر لەوانە: حاجی محەمەد سوڵتان، عومەر بەلەکی، محەمەد ئەمین محەمەد، خالید سۆفی عەبدوڵڵا، ..... هەروەها هێرشیش بۆ گوندی مەرجان ئاوای ناوچەی مەهاباد کرا، کە بووە هۆی شەهیدکردنی محەمەد ئەمین سۆفی سەلیم، رەحمان کوێخا محەمەد، حوسەین دەروێش محەمەد، .....
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2269

**13-03-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=2010083011204172 63

-هێرشی د.ا، بۆسەر گوندەکانی دیلانچەرخ و کەرێزەی ناوچەی شکاک، کە بووە هۆی کوژرانی 40 کەسی خەڵکی ئەو گوندانە، لە نێو شەهیدەکاندا منداڵی 3 ساڵەش دەبینرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2270

**19-03-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112041726 4

-ئێران فشاری خستە سەر لاوانی ناوچەی شنۆ، تاوەکو لە دژی حدکا چەک هەڵگرن، لە ئەنجامدا 31 لاو پەیوەندییانکرد بە حدکاوە، بۆ ئەوەی فەرمانی داگیرکەر بەجێنەهێنن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2271

**22-03-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112042726 5

-نەوشیروان مستەفا، نامەیەکی بۆ سەید کەریم نارد، کە تێیدا باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن دەیانەوێت لە پارتە کوردستانییەکانی تری باشوور بدەن و دەست بگرن بەسەر تەواوی نێوچەکاندا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2272

**23-03-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112042 7266

-ناردنی نامەیەک لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، بۆ سەید کەریم، کە تێیدا داوای خۆئامادەکردن و دانانی بەرنامەی لە نێوبردنی لایەنە کوردستانییەکانی تر دەکات لە ماوەیەکی کورتدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2273

**25-03-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112042 7267

-هێرشی د.ا بۆسەر گوندەکانی چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان و گۆڕخانەی ناوچەی نەغەدە، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 21 کەسی خەڵکی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: گوندی چەقەڵ مستەفا - ئیبراهیم کەریم پوور، محەمەد کەریم پوور، مەحمود حاجی قادر پوور، عەبدوڵڵا وەستا رەحمان، خدر رەمەزانی، فەتاح، کەریم، مەناف رەمەزانی، جەعفەر کاڵەیی، سەید محەمەد کالە، محەمەد پوور و فەتاح رەحیمی. گوندی خەلیفەلیان - سەڵاح ئیسماعیل پوور، عەباس ئیسمایل پوور، عومەر عەلیاسی، سۆفی عەلی، سۆفی محەمەد سوڵتان و یونس حوسەین سەلیم. گوندی گۆڕخانە - موسا مەهدی و هەمزەتوڵڵا خانی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2274

**00-04-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427268

-هێزەکانی ینک بە فەرماندەی مەلا بەختیار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حسک و پدک لە ناوچەی سلێمانی مەڵبەندی یەک، شەڕ چەند ڕۆژی خایاند و هێزەکانی بەرەی جود شکان و لە نێوچەکە کشانەوە، پاش ئەوەی چەندین شەهید و بریندار و دیل لە هەردوولا درا، ئەم شەڕە حشعی نەگرتەوە چونکە مەلا بەختیار ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ بەهادین نوریدا مۆرکردبوو و هێزەکانی حشع خۆیان لە شەڕی ناوچەی سلێمانی دوورگرت.
-ڕوودانی شەڕی بالیسان لە مەڵبەندی چواری یەکێتی، شەڕەکە لە نێوان ینک و حسک و پدک و حشعدا بوو، لەو شەڕەدا 7 پێشمەرگەی ینک و چەندین پێشمەرگەی بەرەی جود شەهید بوون، لەوانە: ئەحمەد قەمبەری - لە پم سەرەتاییەکانی کۆمەڵە1، پێشڕەو، عوسمان، بەکر توتمە و زۆری تر...
-هێرشی د.ا بۆسەر گوندەکانی هەڵەقووش و گیچە لە ناوچەی سۆما، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 13 کەسی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: ئەحمەد، سیروان، ئیدریس ئەحمەد سیروان، جەجین ئەحمەد سیروان، مەحمود ڕەزا، ئیبراهیم جاسم، تەقی عەلی ڕەزا، جیهانگیر عەبدوڵڵا، عەبدولڕەحیم ڕۆستەم، سوڵتان سەعیدی، محەمەد دێرینی، ئەسعەد عەلی، کەمال ئەسعەد و ڕەزا.
-شەهید بوونی شەماڵ فەرماندەی تیپی 93ی کۆیە و ڕێباز لە گەل دوو پێشمەرگەی تردا لە گوندی باداوانی دۆڵی خەڵکان، هەردووکیان لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان بوون و ئەندامی کۆمەڵە1 بوون.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2275

**27-04-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427269

-شەهیدبوونی ئەحمەد قەمبەر کە یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمەڵە1 و فەرماندەی کەرتی دوو لە هێزی دەشتی هەولێر بوو.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2276

**00-05-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427270

-دوای ئەوەی یەکێتی هێزەکانی بەرەی جودی تێکشکاند و بۆ ئێران دەری پەراندن، نەوشیروان

مستەفا لەسەر ئێزگەی شۆڕشی ئێراق، وتارێکیدا و گووتی رۆژی یەکەم ئەلقەیەکی گەمارۆدانمان لە دەورەی ئەوان دروست کرد، کە لایەکی شاخی مەزنی قەندیل بوو، لە لایەکەی تریش هێزەکانی ئێمە بوون، .... رۆژی دوایی لە سەعات 10دا لە هەموو لایەکەوە پەلامارمان دان، ... ژمارەیەکیان ئاوارەی ئەودیو بوون باقیەکەی تریش ئەوەی کوژرا کوژرا، هەندێکیشمان لێ بە دیل گرتن، .....
-روودانی شەڕی هەوشار لە نێوان حدکا و د.ا، کە لە ئەنجامدا 10 پێشمەرگەی حدکا شەهیدبوون.
-یاریکردنی شانۆیی میراتی لە سلێمانی، ئامادەکردنی حەمە رەشید هەرەس و دەرهێنانی تەها خەلیل و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە رەشید هەرەس، عەبدول حەمە جوان، ئاشتی عەلی محەمەد، شەماڵی عەبە رەش...
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2277

## 01-05-1983

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427271

-هێرشی هێزەکانی ینک، بەسەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا، بۆسەر لایەنەکانی بەرەی جود، لەو هێرشانەدا بیرۆی رامیاریی حشع و حسک و پاسۆکیان گرت، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لەو شەڕانەدا کوژران، بەو شێوەیە ناوچەی سۆران بە تەواوی کەوتە ژێردەستی هێزەکانی یەکێتی، لەو شەڕانەدا چەند پێشمەرگەیەکی پککش کە میوانی حسک بوون شەهید بوون.
-د.ت، یاسای کۆچپێکردنی دانیشتوانی کوردی، بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییەوە، راگەیاند.
-تا 30-05: روودانی شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و پاسۆکدا لە چیای قەندیل.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2278

## 02-05-1983

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427272

-شەهیدکردنی دوو ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پکک بە نێوی ئیبراهیم دیلگین و محەمەد قەرەسونگور لەلایەن ینک لە چیای قەندیل.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2279

**08-05-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427273

-بیرۆی رامیاریی حشع، بەیانێکی ناڕەزایی دەربارەی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر بەرەی جود لە قراناخە و پشت ئاشان دەرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2280

**10-05-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427274

-بیرۆی رامیاریی حسک، بەیانێکی ناڕەزایی دەربارەی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر بەرەی جود لە قراناخە و پشت ئاشان دەرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2281

**15-05-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427275

-بیرۆی رامیاریی پاسۆک، بەیانێکی ناڕەزایی دەربارەی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر بەرەی جود لە قراناخە و پشت ئاشان دەرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2282

**24-05-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112042727

-نزیکەی 574 کوردی دیاربەکر لە دادگای عورفیدا، هەڕەشەی مەرگیان لێکرا.
-تۆپبارانی گوندی دۆلکان لەلایەن د.ا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2283

**26-05-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112042727

-د.ت، بە قوڵایی 40 کم هاتە نێو خاکی باشووری.ک، تاوەکو بنکەکانی پکک لە نێوبەرێت، لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا هەزاران کەسی کورد، شەهید و پەڕاگەندە بوون، ئەمە بە یەکەمین هێرشی گەورەی تورک دادەنرێت، بۆسەر پێشمەرگەکان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2284

**00-06-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112042727

-د.ا، 59 لاوی مەهابادی خنکان و 51 کەسیشی دوورخستەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2285

**03-06-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427279

-تەلەفزیۆنی ئێران، لەسێدارەدانی 59 لاوی نیشتمانپەروەری شاری مەهابادی پیشاندا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2286

**13-06-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427280

-هێرشی حدکا بۆسەر مۆڵگەی پاسداران لە گابازەڵەی شارویران، کە لە ئەنجامدا 91 کەسیان لە دوژمن کوشت و 94یان بەدیل گرت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2287

**21-06-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427281

-سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ دۆڵی بالیسان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2288

**23-06-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427282

-د.ق دەستی کردە تۆپبارانکردنی ناوچەی گەناو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2289

**22-07-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427283

-هێرشی ئێران بۆسەر ناوچەی حاجی ئۆمەران و گرتنی هەردوو چیای کۆدۆ و گردەمەندیل، هەروەها نێوچەکانی شیوەڕەش، ماوەتان، حاجی ئۆمەران، خەلان، زینوێ، ئالانە، ئازادی، بابکراوە، رایات، رەشەمێ، گوندە ژێر و گەلە ژێری داگیرکرد، لەو شەڕەدا هەزاران سەرباز لە هەردوولا کوژران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2290

**30-07-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427284

-هێرشی د.ق، بۆسەر بارزانییەکان، کە لە ئەنجامدا 8 هەزار نێرینەی لێ سەرونگوم کردن و منداڵ و ژنەکانیشیانی لە ئۆردوگای قوشتەپەدا زیندانی کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2291

**00-08-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427285

-سەرەتای ئەم مانگە: تۆپبارانی د.ا بۆسەر گوندەکانی حاجیالی کەند و سونجاشی ناوچەی مەهاباد، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 9 کەسی خەڵکی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: رەحیم جوانمێری، محەمەد جوانمێری، قادر شەهبازی، عەبدوڵڵا مام سالْحی، رەحیم رەحمان مام سالْحی، زارا مام سالْحی، مەعسومە ئیسماعیل، ئەمیر مەعسومە و فەوزیە مەعسومە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2292

**04-08-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427286

-کۆمەڵە2، بڵاویکردەوە کە لە ناوچەی سەردەشت، حدکا چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە2یان شەهیدکردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2293

**13-08-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427287

-تا 01-09، روودانی شەڕی قەندیلی دووەم لە نێوان هێزەکانی ینک و هێزەکانی بەرەی جوددا، شەڕەکە 20 رۆژی خایاند و نزیکەی 100 پێشمەرگە لە هەردوولا شەهید بوون، ناچار هێزەکانی جود لە نێوچەکە کشانەوە. ئەمانە نێوی هەندێک لەو شەهیدانەیە: شەهید ئەحمەد مەولود، شەهید نازم حەمە سلێمان، شەهید حەسۆ میرخان، شەهید عەبدولرەحیم جەسیم، شەهید سەلاح، شەهید حاجی مام ئەحمەد و....
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2294

**16-08-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427288

-حدکا لە گوندی بێتوش، یادی دامەزراندنی خۆیی کردەوە و چەندین چالاکیی هونەری و رۆشنبیری ئەنجامدرا و خەڵکێکی زۆر و نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان بەشدارییانکرد. لە یادەکەدا دوو شانۆگەری نیشاندرا، کە بریتی بوون لە سزای خیانەت و دادگای شۆرش.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2295

**20-08-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427289

-روودانی شەری دیگولان و سونقور، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 17 پێشمەرگەی حدکا، لە نێو شەهیدەکاندا فەرماندەی هێز شەهید ئیقبالی کەریمیی تێدا بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2296

**24-08-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427290

-د.ا، 48 رۆڵەی کوردی خەڵکی مەهابادی لەسێدارەدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2297

**01-09-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427291

-شەهیدبوونی ئەحمەد مەولود لە شەڕی قەندیلی دووەمدا لەسەر لووتکەی کونە کۆتر، شەهید بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولیشی کردبوو، خەڵکی دۆڵی باڵەیانی ناوچەی قەسرێ و ماکۆسە.
فەرماندەی تیپی 78ی کاروخی ینک بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2298

**13-09-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427292

-فڕۆکەکانی ئێراق، گوندەکانی بەردەقەل و بەردکەمران و کۆنە لاجانیان بۆمبارانکرد و بووە هۆی شەهیدکردنی 22 کەس لە خەڵکی خۆرهەڵاتی وڵات. لە راستیدا ئەم گوندانە هێزەکانی ئێرانی لێ نەبوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2299

**23-09-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427293

-گرتنی سەمینارێک لەلایەن د. جەمال نەبەزەوە لە شاری میونیخ، دەربارەی دژایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کورد و هۆیەکانی نەهێشتنی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2300

**03-10-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427294

-هێرشی د.ا و پارتی بۆسەر گوندەکانی جوبرائیل ئاوا، گوندەوێلە و دوواویانی ناوچەی شنۆ، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 6 کەسی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: سەید ئیبراهیم سیادەتی، ئیسماعیل دیواری، حامید پورکابانی، سۆفی عەبدولئەحەد، سلێمان عەبدولئەحەد و مارفی مینە خالە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2301

**12-10-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427296

-تا 31-10، دوژمن بە پشتیوانیی جاش و تانک و زرێپۆش و فڕۆکە هێرشی کردە سەر هێزەکانی ینک لە ناوچەی دۆڵی بالیسان، دوژمن توانی پێشڕەوییەکی زۆر بکات و گوندی مێرگەسەر بگرێت و لەوێوە بارەگای مەڵبەند بە دۆشکا گوللە باران بکات، لەو شەڕانەدا کوژراو و شەهیدێکی زۆر لە هەردوولا درا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2302

**16-10-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427297

-ئەمشەو هێزێکی گەورەی جاش هێرشی کردە سەر لووتکەی نوسەکی ناوچەی بالیسان و داگیریان کرد، بە گرتنی ئەو لووتکەیە گوندەکانی سوێرە، چێوەی سەرو، چێوەی خوارو، سەردۆڵ و نێوە، کەوتە ژێر کۆنترۆڵی دوژمنەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2303

**20-10-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427298

-ڕوودانی شەڕی بێتواتە، هێزێکی گەورەی مەڵبەندی 3ی ینک بە هاوکاریی کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەی مامە ریشە و کەرتی سەگرمە بە فەرماندەی شەهید حەمە ڕەش و سەرپەرشتیی جەلال تاڵەبانی، هێرش کرایە سەر لووتکەی کڵاوەی دێوانە کە دەڕوانێتە سەر بێتواتە، و پاشان بۆ بەیانییەکەی هێرش بۆ نێو بێتواتە کراو گیرا، دوژمن لەوەوپێش بە ماوەی 10 ڕۆژ زۆر ناوچەی داگیر کردبوو، پێشمەرگەکان بە ماوەی یەک ڕۆژ هەموویان لێسەندنەوە، هێزی پێشمەرگە لە شەڕی بێتواتەدا گەلێک دەستکەوتی هەبوو کە ئەمانە هەندێکیانە: 1500 تفەنگی کلاشینکۆف، 2 هاوەنی 120 ملم، سەدان هەزار فیشەک و تەقەمەنی، دەیان ئاربیجی و گوللە ئاربیجی، لە شەڕەکەدا گەلێک کردەوەی ناشۆرشگێرانە کرا و تاڵان و پڕۆیەکی زۆر و زۆر دەرگای ماڵان بۆ فەرهود شکێنران.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2304

**00-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427299

-شەهیدبوونی هاوریێ کاوە لە گوندی بالیسان کە یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمەڵە1 و فەرماندەی کەرتی 1ی دەشتی هەولێر بوو لە هەرێمی 8.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2305

**06-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427300

-پارتی دایکی نیشتمانی تۆرگۆت ئۆزال لە تورکیا، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2306

**08-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427301

-گەلالەی خودموختاریی کوردستان کە لەلایەن حدکاوە پێشکەشی شورای میللی بەرگری کرابوو، لەلایەن شوراوە بڕیاری لەسەر درا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2307

**10-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427302

-تۆرگۆت ئۆزال بووە سەرۆک کۆماری د.ت. وەک دەڵێن بەرەگەز کوردە، یان دایکی کوردە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2308

**15-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427305

-لە گوندی بالیسان جەلال تاڵەبانی، نزیکەی 30 کادێری رامیاری و سەربازیی ینکی کۆکردەوە بۆ دوو مەسەلە : یەکەمیان، هەڵسەنگاندنی شەڕی بێتواتە. دووەمیان، مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا، ئەمانە نێوی هەندێک لەو 30 کەسەیە کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون: کەمال خۆشناو، شەوکەت حاجی موشیر، فوئاد، حاکم پێشرەو، عەلی نەبی، عەبدوڵڵا مام نەبی، مامۆستا سەیفەدین، رێکەوت، شەهید مەلا غەفور، شاخەوان، رێباز، تەحسین کاوانی، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج، مولازم سمکۆ، مامۆستا موحسین، پۆلا، مامە ریشە، حەمە رەش،...، هەموو ئەوانە لەگەڵ گفتوگۆ کردن بوون لەگەڵ رژێم و ئیمزای کاغەزێکیان کرد، تەنها مامۆستا سەیفەدین و پۆلا نەبێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2309

**16-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427303

-کۆچی دوایی نوری شاوەیس لە لەندەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2310

**25-11-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427304

-جەلال تاڵەبانی پاش شەڕی بێتواتە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە مەڵبەندی بالیسان کرد و دیاردەی تاڵان و پرۆکەی نێو بێتواتەی رسوا کرد و دەستی کرد بە گریان بۆ ئەو کردەوانە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2311

**03-12-1983**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427306

-کردنەوەی گفتوگۆی ینک لەگەڵ رژێمی ئێراق و شەڕیان لەگەڵدا راگرتن. جەلال تاڵەبانی بە کۆپتەری ئێراقی لە گوندی زیخانی دۆڵی بالیسانەوە چووە بەغداد و ئەمانەش لەگەڵیدا رۆیشتن: مەلا بەختیار، فەرەیدوون عەبدول قادر، دوکتۆر خدر، مولازم سەید کەریم و شەوکەت حاجی موشیر، چەند رۆژێک لە بەغداد مانەوە و جەلال تاڵەبانی چاوی بە سەددام حوسەین کەوت، پاشان بە ئوتومبیل هاتنەوە دۆڵی بالیسان. ئەو گفتوگۆیە ساڵێک و چل و دوو رۆژی خایاند، چەند جار جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا چوونە بەغداد و نوێنەرانی رژێمیش هاتنە کوردستان، لەوانە عیزەت ئیبراهیم ئەلدوریی جێگری سەرۆک کۆمار و کەسانی تر، زۆر جار وا جاڕ دەدرا کە پاش چەند رۆژێک رێکەوتننامەی ینک و

ڕژێم مۆر دەکرێت، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. تەواوی پارتە کوردستانییەکانی تر ئەو گفتوگۆیەی ینک یان بە جاشێتی تاوانبار کرد. سەرەتا ڕژێم گەلێک گفتی درۆینەی بە ینک دا، بەڵام وردە وردە لە هەموو بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2312

## 23-12-1983

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439087

-ینک لە شاری بەغداد چالاکییەکی ئەنجامدا و لە ئەنجامدا 2 ئوتومبیلی ڕژێمی سووتاند.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2313

## 1984

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427307

-تا ساڵی 985: د.ق، نزیکەی 776 قوتابخانەی کوردیی لە گوندەکانی کوردستاندا داخست.
-تا ساڵی 986: حدکا 10.758 کەسی لە ئێران کوشتووە، 8.913ی لێ بریندار کردوون، 1.154ی لێ دیل کردوون، 1.421 ئۆتۆمبیلی دوژمنی تێکشکاندووە، 87 دەزگای چەکی قورسی تێکشکاندووە، 32 مۆڵگەی دوژمنی گرتووە، 3 جار مۆڵگەی دوژمنی وێرانکردووە، دەسکەوتی پێشمەرگەکانیش هەر لەم ماوەیەدا، 19 خومپارەهاوێژی جۆراوجۆر، 104 ئاڕ.بی.جی-7، 10 چەکی دوورهاوێژ، 2.738 تفەنگی جۆراوجۆر، 318 گوللەی چەکی قورس، 701 ڕاکێتی ئاڕ.بی.جی، 19 زنجیرە فیشەکی چەکی قورس، 1.690 نارنجۆکی دەستی، 56 دووربین، 96 مەترەلۆز، 166 دەزگای بێتەل، 396.821 فیشەک، 14 نارنجۆک ئەنداز، 8.612 یەدەک، 46 دەمانچە، 5 ئۆتۆمبیل، 106 تفەنگی میللی، 5 مووشەک ئەنداز لە جۆری سام-3. هەر لەم ماوەیەدا 1.008 پێشمەرگەی حدکا شەهیدبوون و 555 کەسیش لە خەڵکی مەدەنی شەهیدبوون و 1.044 کەسیش برینداربوون.
-ڕوودانی شەڕی براکوژی لە گوندی قەڵاسنجی سەرووی ناوچەی زرارەتی، لە نێوان هێزەکانی ینک و بەرەی جوددا، هێزەکانی جود لەبەر نەشارەزایی پەرتەوازە بوون و هەندێکیان لەبەر بێ ئاوی خۆیان دایە دەست هێزەکانی ینک و هەندێکیشیان چوونەوە پاڵ ڕژێم و هەندێکیشیان شەهید بوون، لە بناری سەفینیش 5 پم حشع یان بەدیل گرت و پاشان گوللە بارانیان کردن کە یەکێکیان نێوی ابو احرار بوو. بە هۆی ئەم دیل کوشتنەی هێزەکانی ینک وە منداڵێکی کورد لە گوندی حوجرانی نزیک شەقڵاوا لێیان تووڕە دەبێت و دەڵێت: جاش لە ئێوە باشترە. ئەم ڕووداوانە لە کاتی گەرمەی گفتوگۆی ینک دابوو لەگەڵ ڕژێم.

-بەپێی ئامارێکی سەربازیی خۆرئاوایی، خەرجیی رژێمی ئێران لە جەنگی ئێراق و خۆرهەڵاتی کوردستاندا 3 ملیار و 300 ملیۆن دۆلار بووە.

-بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە1 لە ناوچەی مێرگەپانی نزیک سلێمانی، کۆنفرانسەکە جەلال تاڵەبانی و دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ بەشداریی کاریگەریان تێدا هەبوو، نەوشیروان مستەفا کرایەوە سکرتێر و ئەمانەش بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی: مولازم عومەر عەبدوڵڵا، فەرەیدون عەبدولقادر، قادر حاجی عەلی، مەلا بەختیار، جەبار فەرمان، کۆسرەت رەسوڵ و ئازاد هەورامی، ئەمانەش بوونە جێگری سەرکردایەتی: حەسەن کوێستانی، عومەر فەتاح، حەمە تۆفیق رەحیم و دوکتۆر خەسرەو. ئەم کۆنفرانسە بووە هۆی داپڕانێکی گەورە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە1 دا، کە هەندێکیان بە نهێنی بە نێوی ئاڵای شۆڕشەوە کاریان دەکرد و پاشان لە کۆمەڵە1 جوودا بوونەوە.

-چەند رۆژێک دوای کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە1، یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان کە باڵێکی نێو ینک بوو، لە مێرگەپان کۆنفرانسیان بەست و ئەمانە بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی: فوئاد مەعسوم، نازم عومەر، پێشەوا تاڵەبانی، شەوکەت حاجی موشیر، سەربەست بامەڕنی، حاکم عومەر، کەمال فوئاد، خدر مەعسوم، شێخ دارا، شێخ عەلی حەمە ساڵح، شێخ محەمەد و حەمەی فەرەج.

-پاش کۆنفڕانسەکانی کۆمەڵە1 و یشک، ئاڵوگۆڕێکی گەورە بەسەر مەڵبەندەکانی ینک دا هات، بەم شێوەیە: مەڵبەندی یەک - جەبار فەرمان، مەڵبەندی دوو - قادر حاجی عەلی، مەڵبەندی سێ - حەمەی فەرەج و مەڵبەندی چوار - کۆسرەت رەسوڵ.

-لە یادی دووسەدەهەمین ساڵڕۆژی دروستکردنی شاری سلێمانیدا، یەکێتی نووسەرانی کوردستان، بەرنامەیەکی فراوانی بەم بۆنەیەوە بۆ ئاهەنگ گێران سازکرد، و دەنگی گەلی کوردستانیش رۆژانە وەکو یادەوەریی شاری سلێمانی گەشتی ریچی بۆ سلێمانی بڵاوکردەوە.

-کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد جگەرخوێن، لە وڵاتی سوید، پاشان لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی برایەوە شاری قامیشلۆ و لە ماڵەکەی خۆیدا نێژرا، کە نیو ملیۆن کەس بەشداریی ڤیستیڤالی ناشتنەکەیی کرد.

-جیابوونەوەی دەستەیەک لە حشع، کە بەنێوی حشع - رێکخراوە بنچینەییەکانەوە کاریان دەکرد.

-لابردنی بڕیاری لەسێدارەدان لە نێو یاسای تورکیدا، بەڵام ئەم یاسایە هەروەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

-شەهیدبوونی بارزان بە تۆپباران لە گوندی شیرەمەڕ، نێوبراو پێشمەرگەیەکی ئازای پاسۆک بوو.

-شەهیدبوونی بەیان عومەر شەریف.

-کوژرانی رەسوە سوور لەلایەن ینک.

-کۆچی دوایی مێژوونووسی بەنێوبانگ تۆفیق وەهبی لە شاری لەندەن، نێوبراو لەسەر وەسیەتی خۆی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لەسەر چیای پیرەمەگروون بە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی مەزنەوە نێژرا.

-کۆچی دوایی نووسەر ئەمین میرزا کەریم.

-کۆچی دوایی گۆرانیبێژ قادری حاجی حوسەین.

-کۆچی دوایی موزیکژەن میرزا مەحمود.

-کۆچی دوایی فارسی رەحیمە کوردە، نێوبراو پێشمەرگەیەکی سووپاکەی شێخ مەحمود بوو.

-کوژرانی خولەی حەمە بۆر لە یانەی پارێزەران لە شاری سلێمانی، نێوبراو هەوادارێکی ینک بوو.

-بەستنی میهرەجانی تیپە بێگانەکان لە هۆڵندا، کورد بە شانۆیی بیرم کەوتەوە لە نووسین و دەرهێنانی سالار عومەر قەراخی بەشداریی کرد.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2314

**00-01-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427308

-کۆمیتەی نێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بڕیاریدا، کە 8 خوێندکاری حدکا بۆ خوێندن بچن بۆ مۆسکۆ، بەڵام حدکا هیچ کەسێکی نەنارد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2315

**01-01-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121208326

-جەلال تاڵەبانی لە گوندی زیخان وتارێکی لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ د.ق خوێندەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2316

**05-01-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427309

-کۆچی دوایی مێژوونووس و رامیاری کورد پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی لە شاری لەندەن و پاشتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و چیای پیرەمەگرون بە خاک سپێردرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2317

**05-02-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427310

-دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیاکراتی کوردستان، لە شاری سلێمانی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2318

**21-03-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427311



-ینک بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و گفتوگۆوە ئاهەنگێکی مەزنیان لە ناوچەی قەشقۆڵیی نزیک سلێمانی سازکرد، کە سەدان هەزار خەڵک بەشداربوون تێیدا، جەلال تاڵەبانی لەم رۆژەدا وتارێکی داو هێرشێکی زۆری بۆسەر پارتە کوردستانییەکانی تر و بنەماڵەی بارزانی کرد، پاشان جاری ئاشتبوونەوەی گشتیی دا بۆ ئەو کەسانەی کە شەڕی ینک یان کردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2319

**22-03-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427312

-حدکا، کەریمی حیسامیی لە ریزەکانی خۆیدا دەرکرد. ناوبراو لە ساڵی 45ەوە ئەندامی حدکا بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2320

**00-04-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408969

-یاریکردنی شانۆیی کابرا سەیرەکە لە سلێمانی، دەرهێنانی عەبدولی حەمە جوان و ئەم

ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە رەشید هەرەس، شەماڵی عەبە رەش، شادان فوئاد، دلێر مستەفا...
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2321

**00-05-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427313

-هێرشی د.ا بۆسەر گوندی بەسرێ لە ناوچەی سەردەشت، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 6 کەسی خەڵکی ئەو گوندە کە ئەمە نێوەکانیانە: مەلا خدر بایەزیدی، گوڵچەرە جیهانگیری، رەحیم رەسوڵکە، خالید بانەیی، کچێکی مام ئەولا و فاتمە نێوێک.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2322

**00-06-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120427314

-بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم لەلایەن د. قاسملۆوە، ئەم پەڕتووکە بووە هۆی ئەوەی پتەوی ریزەکانی حدکا تێک بدات.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2323

**09-06-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120437315

-فڕۆکەکانی د.ق، ئۆردوگای پەنابەرانی زێوەی خۆرهەڵاتی.ک بە بۆمبای ناپاڵم بۆمبارانکرد و بووە هۆی شەهیدبوونی 42 کەس و 200 کەسیش برینداربوون.

سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2324

**29-06-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120437316

-رادیۆی بی. بی. سی، هەواڵی هێرشی ئێرانی بۆسەر ناوچەی شیمالی خۆرهەڵاتی وڵات بڵاوکردەوە و وتی کە 800 کەس لە خەڵکی ئەو نێوچانە ئاوارەی تورکیا بوون.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2325

**00-07-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120437317

-هێزێکی حسک و حشع کە ژمارەیان 200 پم دەبوون، لە بادینانەوە بەڕێکەوتن بۆ ناوچەی شەقڵاوە، هێزێکی ینک لە تیپی 91ی سەفین پێشیان لێگرتن و لە دەوروبەری گوندی زێبارۆک شەڕ دەستی پێکرد، لە ئەنجامدا 3 پێشمەرگەی ینک و 2ی حشع شەهیدبوون.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2326

**01-07-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120437318

-فڕۆکەکانی د.ق، بۆ جاری دووەم ئۆردوگای پەنابەرانی زێوەی خۆرهەڵاتی.ک بۆمبارانکرد و بووە هۆی شەهیدبوونی 2 کەس و برینداربوونی 14ی تر.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2327

**14-07-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121358921

-شەهیدکردنی ئەنوەری عەلی نەجار.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 2328

**27-07-1984**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301120437319

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4054

**28-08-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408990

-د.س چەند لاوێکی خەڵکی هەڵەبجە و شارەزووری زیندانی کرد، ئەمانە بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئەوروپا چووبوونە سووریا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4055

**29-08-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408986

-هێرشێکی تیرۆریستی پۆسەر بارەگای ینک لە شاری موسڵ و بووە هۆی تیرۆرکردنی ئەندامێکی ینک و برینداربوونی 2 هاوڵاتی و نزیکەی 10 ئەندامی تری ینک.
-ژن و مێردێکی کورد بەناوی (سۆزان ئیبراهیم و هونەر ئیبراهیم) لە بەریتانیاوە بە مەبەستی سەردانی کوردستان هاتنە ئەستەمبوڵ، بەڵام کاتێک سەیری پاسپۆرتەکانیان کراوە، بەرپرسانی

فڕۆکەخانەکە دیتوویانە لەو شوێنەی کە دەنووسرێ خەڵکی کوێن نوسراوە(کوردستان). هەر بۆیە بێ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ بێنە نێو تورکیاوە، لە فڕۆکەخانەوە بەرەو بەریتانیا بەڕێیان دەکەنەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4056

**30-08-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408991

-بەهۆی بریندارکردنی لاوێکی خەڵکی مەهاباد لەلایەن پاسدارانەوە بەهۆی گوایا دژایەتیکردنی قاچاخچێتی خواردنەوەی کهولییەوە، خەڵکی شارەکە نازەڕەزایییان دەربڕی و ماوەیەکی زۆر لەبەردەم نەخۆشخانەی "ئیمام" خومەینی مانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4057

**31-08-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408987

-کوژرانی ئیسماعیل ئیبراهیمی سەرۆکی پەروەردەی شاری کەرکوک، نێوبراو تورکمان بوو و زۆر دژایەتیی خوێندنی کوردیی دەکرد لە کەرکوکدا.
-گروپی ڕێباز کۆسرەت لە لەندەن بەیانێکیان دەربارەی دەستماچکردنەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەنعان قەساب دەرکرد، لەو بەیانەدا ئەم گروپە بەرگری لە جەلال تاڵەبانی دەکەن کە کاری واهی لەو ناوەشێتەوە و بەڵکو تەزبیحەکەی کەوتووەتە خوارەوە بۆیە نووشتاوەتەوە بۆ هەڵگرتنەوەی و لەکاتی وێنەگرتندا وادێتە پێش چاو کە دەستی سەنعان قەسابی تورکمان ماچدەکات.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4058

**00-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408989

-بابەکر زێباری بووە سوپاسالاری سوپای ئێراق.
-پارتە کوردییەکانی باکوور ناڕەزایی بەرفراوانیان دژی د.ت دەبڕی لەدژی پەلاماردانی سوپای تورک بۆ باکووری کوردستان.
-هەندێک سەرچاوەی کوردی باس لەوە دەکەن کە ئامریکییەکان دەیانەوێت هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەی ناوچەی خانەقین و مەندەلی لەکار لابدەن کە لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە دامەزراون. هەروەها سنووریشیان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ینک لە ناوچەکەدا داناوە.
-بەپێی هەندێک سەرچاوە دیکتاتۆر سەددام حسێن لەلایەن ئامریکییەکانەوە هێنراوەتە هاوینەهەواری دوکان و ماڵومنداڵەکەشی لە تورکیاوە هاتوون بۆلای بۆ بینینی.
-تیرۆریستە عەرەبەکان 3 لاوی کوردی خەڵکی زاخۆیان سەربڕی.
-یەکێتی هاتنی سەددام و خێزانەکەیی بۆ شارۆچکەی دوکان بەدرۆخستەوە.
13 -پۆلیسی کورد لە شاری بەعقوبە تیرۆرکران. شایانی باسە هەندێک سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە پارێزگاری بەعقوبە دەستی لەم کارە تیرۆریستییەدا هەبێت.
-هەفتەی رووناکبیریی سنە لە شاری سلێمانی، لەم هەفتەیەدا دەستەیەک لە رووناکبیران و هونەرمەندانی شاری سنە لە سلێمانی نمایشی کارەکانی خۆیانیان کرد. شایانی باسە هونەرمەند هەباسی کەماندیش بەشداربوو.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی نەوتێکی زۆر لە ناوچەی ئاکرێ دۆزراوەتەوە و رێژەی نەوتەکەش بەهێندەی نەوتی کەرکوک مەزندە دەکرێت.
-بەپێی راپۆرتێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە تورکیا لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا 3700 گوندی کورد رووخێنراون خەڵکەکەشی راگوێزراون.
-بەپێی راپۆرتێکی تەلەڤزیۆنیNTV ی تورکی تاوەکو ئێستا 100 هەزار کورد گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک و 60 هەزار عەرەبیش کەرکوکیان جێهێشتووە.
-بەپێی لێدوانێکی سەرۆکی ژووری بازرگانیی سلێمانی تاوەکو ئێستا 50 کۆمپانیای تورکی ئۆفیسیان لە شاری سلێمانیدا کردووەتەوە.
-بەپێی راپۆرتێکی ئەسۆشییەتیدپرێس کەرکوک لەسەر لێواری تەقینەوەیە.
-کۆتایی ئەم مانگە: بەپێی هەواڵێکی رۆژنامە کوردییەکان، د.ت رەزامەندیی خۆیی بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە کوردییەکان راگەیاندووە بۆ ئەوەی لەوێوە هاتووچۆی کوردستان بکەن بەو مەرجەی ئاڵای کوردستان بەسەر فڕۆکەکانەوە نەبێت.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی لەم مانگەدا لە ناوچەی هەڵەبجە ژمارەیەکی زۆری چەکداری پارتی چوونەتە ناو یەکێتی و هەروەها ژمارەیەکی زۆری ناوچەی بالیسانیش چوونەتە ناو پارتی.
-ئازاد جوندیانیی ئەندامی سەرکردایەتیی ینک رایگەیاند کە ئەو سیدییەی دەستماچکردنەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەنعان قەساب دروستکراوە و هەرکەسێک لە پشتی ئەو کارەوە بێت ئەوا بەتاکی کورد دەڵێت تۆ کەریت و شتی وابەسەر تۆدا تێدەپەڕێنم.
-تیرۆرکردنی 10 کەسی فەلەی خەڵکی شاری زاخۆ لەلایەن تیرۆریستانی عەرەبەوە.
-کەناڵی 1ی تەلەڤزیۆنی سویدی دەستی بەپێشکەشکردنی بەرنامەیەکی منداڵان بەزمانی کوردی کرد.
-دامەزراندنی گروپی تۆڵە، ئەم گروپە لەبەیانێکدا بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی تیرۆرکراوەکانی زاخۆی لە تیرۆریستە عەرەبەکاندا و بەپێی بەیانەکەیان هەر عەرەبێکی 17 ساڵی لە کوردستاندا تۆڵەی لێدەکرێتەوە.
-کۆتایی ئەم مانگە: بڵاوکردنەوەی مارشی نەتەوەییی کورد لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت بەتێکدراوی، شایانی باسە گەلێک سووکایەتی بەمارشەکەوە کرابوو و ئەم کردەوەیە بووە هۆی ناڕەزایی خەڵکانێکی زۆر و گەلێک نووسراویشی لەکەناڵە کوردییەکاندا لەسەر بڵاوکرایەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4059

**01-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408988

-بەپێی هەواڵی میدیاکانی تورک لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا 11 چەکداری پکک و 2 ژەندرمە لەناوچەی هەکاری کوژراون، بەڵام پکک ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستەوە و دەڵێن ئێمە کەسمان لێ نەکوژراوە و بەڵکو 2 ژەندرمەی تورکمان لەو چالاکییانەدا کوشتووە.
-ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی ئێراق لەیەکەم کۆبوونەوەیدا د. فوئاد مەعسومی بەسەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژارد.
-فوئاد مەعسوم رایگەیاند: هەموو ئەو کوردانەی لەلایەن د.ق بۆ ئێران دەرکراون دەگەڕێندرێنەوە و زیانەکانیان بۆ دەبژێردرێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4060

**14-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121418998

-خوێندکار دیار مزووری پروانامەی ماستەری لەسەر کورد لە سوید بەپلەی زۆرباش وەرگرت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4061

**18-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408996

-کوژرانی کازم ئەلهانی لەنێوان کەرکوک و دووبز. نێوبراو سەرۆک هۆزێکی عەرەبی هاووردە بوو و زەوی و زارێکی زۆری کوردی داگیرکردبوو.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4062

**20-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408992

-ژێنەڕاڵ هوانگی فەرماندەی هێزەکانی کۆریای باشوور گەیشتە هەولێر و ئەوەشی راگەیاند کەسەرجەمی ئەو هێزانەی بۆ باشووری کوردستان تەرخان کرابوون و ژمارەیان 3600 سەربازی کۆرین هەموویان گەیشتوون.
-هێنانەوەی تەرمی ئەو 3 لاوە زاخۆییەی کە لە رۆژانی رابردوودا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕدرابوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4063

**21-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408995

-تیرۆرکردنی یوسف شەبەک لە موسڵ، نێوبراو پارێزەرێکی کورد بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4064

**22-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408994

-لەپێکدادانێکی خەڵکی میاندواو و د.ا، 2 سەربازی ئێرانی کوژران و چەند کەسێکیش لەهەردوولا بریندابوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوری باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4065

**23-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112140899З

-ئەیاد عەلاویی سەرۆک وەزیرانی ئێراق لەبەردەم کۆنگرێسی ئامریکادا وتارێکیدا و تێیدا باسی فرەکوژیی کوردی لەلایەن رژێمی سەددامەوە کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4066

**24-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419001

-بەپێی هەواڵێکی رادیۆی فەردا چەند چەکدارێکی نەناسراو لەسنووری فەرمیی ئێراقەوە تەقەیان لە پاسدارانی ئێران کردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4067

**25-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121408997

-هێزەکانی پی ئێم ئێف لە باشووری کوردستان دەستیان کردە پاشەکشە.
-هونەرمەندی سینەمایی بەهمەنی قوبادی لە ڤیستیڤاڵی سان سیباستیانی ئیسپانی خەڵاتی یەکەمی زێرینی لەسەر دوا فیلمی وەرگرت. شایانی باسە ئەم رووداوە لەلایەن زۆربەی کەناڵەکانی جیهانەوە باسکرا و فیلمەکەش ناوی (کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن) بوو.
-دۆزینەوەی تەرمی لاوێکی کوردی زاخۆیی بەناوی ئەحمەد محەمەد لەسەر رێی بەغدا. نێوبراو لەلایەن عەرەبەکانەوە تیرۆرکرابوو و تەمەنی 25 ساڵە.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4068

**26-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419000

-کردنەوەی یەکەمین ناوەندی فێربوونی زمانی کوردی لە شاری ئەستەمبوڵ.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4069

**27-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121418999

-کردنەوەی هۆتێڵ هەولێر پالاس لەشاری هەولێر، شایانی باسە ئەمە هۆتێلێکی 5 ئەستێرەیە و لە ئاستی هۆتێلە گەورەکانی جیهاندایە. ئەم هۆتێلە پێشتر ناوی شیراتۆن بوو و لە جەنگی ناوخۆدا وێرانکرا و لەم دواییەدا نۆژەنکرایەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4070

**29-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419003

-فیلمی کوردی کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن لە دەرهێنانی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی لەنێو 100 فیلمی تردا بۆ ئۆسکاری ساڵی 2005 هەڵبژێردرا.
-بەستنی کۆنفرانسێکی جیهانی لە شاری مۆسکۆ لەسەر کێشەی کورد لەهەر 4 بەشەکەی کوردستان، شایانی باسە لەم کۆنفرانسەدا چەندین سیاسەتمەداری ڕووس و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا بەشدارییان تێیداکرد.

سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4071

**30-09-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419002

-دەستێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی فراوانی د.ا و د.ت لەناوچەوی خوی دژی جەنگاوەرانی پژاک.
-تیرۆرکردنی مەلایەکی عەرەب لەبەردەمی مزگەوتی عومەر زەیاب لە موسڵ، مەلای ناوبراو بەوە رازینەبووبوو کە فەتوایەک بۆ کوشتنی کورد و بیانە دەربکات.
-تیرۆرکردنی بەرپرسی پاسەوانەکانی پارێزگاری کەرکوک لە کەرکوک.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4072

**00-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419006

-نزیکەی 15.187 خوێدکار لە زانکۆ و پەیمانگاکانی باشووری کوردستاندا دەستیانکردە خوێندن.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی ژمارەی ئەو خێزانە کوردانەی لە تیرسی تیرۆری عەرەب لە فەلوجەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان لە کاتی رووخانی بەغداوە تاوەکو ئێستا هەڵهاتوون گەیشتووەتە 112 خێزان.
-سەرەتای ئەم مانگە: تیرۆریستەکان لە شاری موسڵ خێزانێکی کوردیان قەتڵوعام کرد کە 5یان لێمردن و 4یشیان برینداربوون.
-سەرەتای ئەم مانگە: دۆزینەوەی تەرمێکی سەرپردراو لە شارۆچکەی بەعشیقە کە لەلایەن تیرۆریستەکانەوە سەرپردرابوو، نێوبراو ناوی رۆژ سۆرانییە.
-ئەمساڵ نزیکەی 64 قوتابخانەی کوردی لە شاری کەرکوک کراوەتەوە، ئەم قوتابخانانە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی کوردییە لەو شارەدا.
-وەزارەتی پەروەردەی ئێراقی تورکمانێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوک، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کەرکوکەوە، ئەم بەڕێوەبەرە نوێیە نەیتوانی پەیوەندی بکات بەکارەکەیەوە.
-سەرۆکی بەرەی تورکمانی فاروق عەبدولڕەحمان رایگەیاند کە تاساڵی 1998 تەنها 11 هەزار کورد لە کەرکوک دەرکراوە. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئاماری تورکمان لە شاری هەولێر لە ساڵی 1957دا لە 86.5% بووە و ئێستا بووەتە 20%.

-باڵوێزی بەریتانیا لە بەغدا رایگەیاند: کە ئێمە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا نین.
-گروپێکی نەناسراو عێراقییەک دەکوژن کە دان بەوەدا دەنێت لەلایەن ئانکەرەوە بۆ کوشتنی تاڵەبانی راسپێردراوە.
-وەزارەتی نێوخۆی ئوردن رەزامەندیی لەسەر وەرگرتنی 375 پەنابەری رۆژهەڵاتی کوردستان دا تا بچنە خێوەتگای روێشد لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئوردن، ئەوەش بە مەبەستی ئامادەکردن و راهێنانیان لەسەر شێوازی ژیان لە سوید کە لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا بۆی دەگوازرێنەوە.
11 -حزبی کوردیی لە سوریا داوایان لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کرد کە جەور و ستەمی سەر ئەو هاووڵاتییە کوردانەی لە رەگەزنامەی سوریی بێبەش کراون هەڵگرێت و رەگەزنامەکانیان پێبداتەوە و بەچاوی هاووڵاتیی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتییانی دیکەی ئەو وڵاتەدا سەیریان بکات.
-ڤێستیڤاڵی ئاشتی و لێبووردن و مافی مرۆڤ لە شاری سلێمانی.
-دەرچوونی ژمارە 1ی رۆژنامەی چاودێر لە سلێمانی، خاوەنی ئیمتیازی ئەم رۆژنامەیە مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی سەربە پارتین، نەخۆشی سارس لە سلێمانی بڵاوبووەتەوە و چەند کەسێکیشی کوشتووە و نەخۆشخانەکانیش چۆڵکراون، بەڵام وەزارەتی تەندروستیی یەکێتی ئەمەی بەدرۆدا خستەوە و رایگەیاند کە ئەو نەخۆشییە تەنها ئەنفلۆنزایە و هیچی تر.
-نزیکەی هەزار دەنگدەری کورد لە ناشڤیلی ئامریکا ئامادەن دەنگی خۆیان بدەنە جۆرج بوش، شایانی باسە لە ناشڤیل نزیکەی 5 تا 8 هەزار کوردی لێیە.
-دۆزینەوەی دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی هەڵەبجە و عەنەب، ئەم دوو گۆڕە نزیکەی 300 کوردی تێدایە کە لە هێرشەکانی ئەنفالدا تیرۆرکراون.
-نزیکەی دە مەلای چایینیی شاری هەولێر لە لایەن لرووئی تیرۆریستی چەنساری سوننەوە هەرەشەیان لێ کرا. چەو مەلایانە لە خوتبەی رژرانی هەینیدا تیرۆرو تیرۆریستانیان مەحکووم کردووە، لەسژنڵەی چەوەوە پەکدارانی چەنساری سوننە بە نووسین هەرەشەی کوشتنیان لێ کردوون.
-مالک دوهان ئەلحەسەنی وەزیری دادی عێراق بەرۆژنامەی (الدستور)ی ئوردنی راگەیاند: مەحاڵە حکومەتێکی فیدڕالی لەعێراق بێتەکایەوە، چونکە رەوشی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکە جیایە و پێکهاتنی فیدراڵی ئەگەرچی بۆ کوردەکان باش بێت، بەڵام خەڵکی عێراق قبوڵی ناکەن چونکە عێراق پارچە پارچە دەکات.
-بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیسنای ئێرانی بڕیار وایە لەم مانگەدا لە ئەمریکا فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن)ی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی بۆ سەرۆکەکانی پێشووی ئەو وڵاتە و سیاسەتمەداران و بەرپرسانی ئێستای ئەمریکا نمایش بکرێت. تائێستاش چەندین کۆمپانیای ئەمریکی لەسەر کڕینی فیلمەکەی قوبادی لە پێش پرکێدان و لەم هەفتەیەدا بڕیار دەدرێت کە فیلمەکە بەکام لەو کۆمپانیایانە بفرۆشرێت.
-بەپێی هەواڵی رۆژنامەی (هەواڵ) سەرچاوەیەکی بەرپرس لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرۆژنامەکەی راگەیاندووە کە هەشت لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و 14 ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی یاداشتێکیان بۆ سکرتێری گشتی حزبەکەیان ناردووە، تیایدا داوای بەستنی پلینیۆمێک دەکەن بۆ پێداچوونەوە بەسیاسەتەکانی یەکێتی و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق.
-کۆبوونەوەیەکی لوتکەی سەرانی دەوڵەتی تورک لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە.
-پەخشی تەلەڤزیۆنی و رادیۆیی لە کەناڵە ناوچەییەکانی تورکیا لەلایەن د.ت رێگەی پێدرا.
-دوا بە دوای لابرانی سەید بورهان ئیبراهیمی بەڕێوەبەری کولتور و ئەدەبی کوردی لە سەر کارەکەی و وەدواکەوتنی بڵاو کردەوەی ژمارە 217 و 218ی گۆڤاری سروە کارمەندانی بەشی شکاکی ئەم گۆڤارە دەستیان لە کار کێشایەوە و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە لابردنی سەید بورهان ئیبراهیمی دەربڕی ، ئەم کارمەندانە رایانگەیاند کە تا ئەو کاتەی بەڕێز ئیبراهیمی نەگەڕێتەوە سەر کار و پیشەی خۆی ، لەم گۆڤارەدا کار ناکەن ، شایای باسە سەرجەم پرگە و بابەتەکانی گۆڤاری سروە دەبێت بکرێت بە فارسی و بەرپرسانی وەزارەتی ئیتیلاعات بە سەریاندا بچەوە و لە دواییدا بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە کە ئەوەش کاتێکی زۆر دەخایەنێت و ئاستەنگی دەخاتە بڵاو بوونەوەی گۆڤارەکە لە کاتی دیاریکراودا.

-رۆژنامەی هائارێتزی ئیسرائیلی رایگەیاند کەوا محەمەد رەشید کە گەورە راوێژکاری ئابووریی یاسر عەرەفات و بەرپرسی هەموو کاروبارە داراییەکانی یاسر عەرەفات بووە دەستی لەکارکێشایەوە. بەمەش گرۆتینی داوە بەو هەواڵانەی کە دەڵێن عەرەفات باوی نەماوە. شیاوی باسە محەمەد رەشید بەناوی خوازراوی خالد سەلام ناسراوە و خۆی کوردی باشووری کوردستانە و لەساڵانی سەرەتای هەفتاکان کاتێک لە لوبنان دەیخوێند پەیوەندیی بەبزووتنەوەی فەلەستینی کردووە.

-سەرۆکی ئەرشیفی دەوڵەتی تورکیا لەوەڵامێکدا بۆ لێدوانەکانی مەسعود بارزانی لەبارەی شاری کەرکووک رای گەیاند: بەپێی بەڵگەنامە عوسمانیەکان 90%ی دانیشتوانی شاری کەرکووک تورکمان بوون. هەر لەو بارەیەوە سەرۆکی بەشی تاپۆ لە ئەرشیفی دەوڵەتی تورکیا رای گەیاند: بەپێی هەندێ بەڵگەنامە کە بۆ سەدەی 16 دەگەڕێنەوە 7320 کەس لە دانیشتوانی کەرکووک تورکمان بوون کە رێژەکەیان گەیشتۆتە 90%ی دانیشتوانی شارەکە.

-لە ئەنجامی کێشەی نێوان جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بریاردرا جێگرێک بۆ جەلال تاڵەبانی دابنرێت. ئەم کێشەیەش لەوەوە هاتووە کە سکرتێری یەکێتی سەربەخۆ هەندێک کار دەکات کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لێی رازی نییە.

-بە پێی ئەو راپۆرتەی کە لەلایەن دەستەی راوێژکاریی مافەکانی مرۆڤی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئامادە کراوە، باری نالەباری مافی مرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەو گۆرانکارییانەی کە لەتورکیا ئەنجام دراون درێژەی هەیە و تەنانەت لە هەندێ بواردا روو لە خەراپتریشن. لەو راپۆرتەیدا کە بەشێکی لە رۆژنامەی زەمانی تورکیدا بڵاóوبۆتەوە، دەستەی راوێژکاریی مافی مرۆڤ دەڵێ کەوا تەنها لە ماوەی مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 692 کەس بە شێوازی فەلاقە، لەکارەبادان و لێدانی جەستەیی لە زیندانەکانی تورکیا ئەشکەنجەدراون.

-بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی د.ت رایگەیاند: وڵاتێک نییە بەناوی کوردستانەوە.

-کۆتایی ئەم مانگە: ئەندام پەرلەمانێکی سوید داوا لە وڵاتەکەی دەکات باڵوێزخانەی سوید لە باشووری کوردستان بکرێتەوە.

-کۆتایی ئەم مانگە: داگیرکەری ئێرانی ناوەندی کولتوور و ئەدەبی کوردیی لە ورمێوە گوێزایەوە بۆ تاران.

-بەپێی راپۆرتێکی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤی هەولێر و سلێمانی یەک ملیۆن و 300 هەزار بێسەر و شوێن لە ئێراقدا هەیە کە نیوەی رێکیان کوردن و دەکاتە نزیکەی 650 هەزار کورد.

-یەکەمین ئەنجوومەنی کلتووریی و ئەدەبیی خوێندکارانی هەورامی بە ناوی ئەنجوومەنی کلتووریی ئەدەبیی ئاهورا ، چالاکییەکانی خۆی لە زانستگاکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، دەست پێکرد.

-سەردانی پارێزگاری کەرکوک ئەورەحمان مستەفا بۆ ئامریکا.

-لەشاری عەفرینی کوردستانی بندەستی داگیرکەری سوریا، سەربازێکی کورد کە ناوی (محەمەد شێخ محەمەد)ە و خەڵکی گوندی سەنارێی سەر بە قەزای عەفرینی کوردنشینە، هەفتەی رابردوو کوژراوە، سەرچاوە کوردییەکان رایگەیاند کە ناوبراو لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتی سەربازیدا لە ناوچەی قەتیفییە کوژراوە و ئەوانەی دیویانە، دەڵێن لە پشتەوە پێکراوە. شایانی باسە تا ئێستا پێنج سەربازی کورد لەناوچە جیاجیا کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان کوژراون بەئەنقەست کوژراون و پارت و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان حکومەتی سوریا بەوە تاوانبار دەکەن کە لەپشت ئەو کارانەوەیە.

-د.ا، هونەرمەند ئیسماعیل سەردەشتیی بە 6 مانگ زیندانی و 73 قامچی و 3 ساڵ بێبەشبوون لە کاری هونەری بەتاوانی هاندانی لاوان لەدژی رژێم حوکمدا.

-دۆزینەوەی شوێنەوارێکی چاخی بەردینی نوێ لە نزیک گوندی گرێزەی سەربە سلێمانی.

-پارێزەرێکی کورد بەناوی یوسف تاج بووە سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە تورکیا.

-کۆتایی ئەم مانگە: د.ت رۆژانە 16 کاژێر کارەبای شاری دهۆک دەبڕێت.

-بەپێی راپۆرتێکی هەفتەنامەی میدیا حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەی ئێراقی لە شاری حەسەکە کۆنگرەیەکی بەستووە و 3 رۆژی خایاندووە. هەروەها تاوانبار محەمەد یونس ئەحمەد کراوەتە ئەمینداری بەعس لە ئێراقدا.

-تا کۆتایی ئەمساڵ: لە هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری نزیکەی 41 رووداوی سووتاندن و خۆسووتاندن روویانداوە کە لەمانە 34 ئافرەتن و لە کۆی هەمووی 35یان بەهۆی سەختی سووتانەکانیانەوە مردوون.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4073

**01-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112141900 8

-ئیمام و وتاربێژی عومەری کوری خەتاب لە عەین سوفنی لە وتاری هەینیی ئەمڕۆدا هەڕەشەی لە یەزیدییەکان کرد بەوەی یان دەبێت شەهادەت بێنن یان دەبێت باجێکی گران بدەن.
-ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساز کرد. پرسی گرێدانی ئەو کونگرەیەی کە رۆژی 28-09 لە تکریت لەلایەن پاشماوەکانی رژێمی پێشووی بەعس و بەرەی تورکمانی و ژمارەیەک لە عەشایەرە عەرەبەکانەوە بەرێوەچوو، تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو. لە کۆبوونەوەکەدا گروپی کوردی و بەشێک لە تورکمان و کلدانی و ئاشووریەکانیش کۆنگرەکەی تکریتیان بەکارێکی نایاسایی و دەستێوەدان لە کاروباری ناوخۆی کەرکوک وەسف کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4074

**02-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112141900 4

-لە کۆمەڵێک شارەکانی کوردستان و هەروەها هاوکات لە کۆمەڵێک لە شارەکانی ئەوروپا رێپێوانێک بۆ ریفراندۆم سازکرا.
-کوردەکانی کەرکوک خۆپیشاندانێکیان بۆ چوونەدەرەوەی عەرەبی هاوردە رێکخست.
-لە خۆپیشاندانی راپرسی لە شاری سلێمانی، هەندێک گەنجی ناوخۆپیشاندانەکە هاواریان کردبوو: لە کۆیەوە تا خانەقین هەمووی موڵکی یەکێتین، لە دێگەڵە تا زاخۆ پارتی هەرهەمووی بۆ تۆ.
-تیرۆرکردنی 6 هاوڵاتیی کورد لە سوسڵ.
-دۆزینەوەی تەرمی عەزیز لۆمانەیی لە موسڵ، ناوبراو پێش چەند رۆژێک فڕێندرابوو و لەلایەن تیرۆریستەکانەوە گوللەیەک نرابوو بەسەرییەوە.
-کوردەکانی خۆرئاوا بەیارمەتیی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی داگیرکەری سووریدا رێکخست. خۆپیشاندەران ناڕەزاییان بەرامبەر بێبەشکردنی کورد لە رەگەزنامەی سووری و خراپ مامەڵەکردنی زیندانییە کوردەکان دەربری.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4075

**03-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419005

-گیرانی 2 تیرۆریستی عەرەب لە شاری کەرکوک بە 70 کیلۆ مادەی تەقینەوەوە.
-ناڕەزایی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوید لە دژی ئەتککردنی سروودی ئەی رەقیب لەلایەن ماڵپەڕی کوردستانپۆستەوە، ئەم کۆمەڵەیە بەنیازە ماڵپەڕی ناوبراو بەشێوەیەکی یاسایی تاوانبار بکات بۆ لێپێچینەوە.
-ناوەندی هەڵسەنگاندنەکانی یەکێتی ئەوروپا لە پرۆکسل، رایگەیاندووە کە ئەگەر تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا وەربگیردرێت، ئەوا ئەو یەکێتییە ناچارە لەبەر نزمبوونی ئاستی ژیانی هاووڵاتیانی تورک و دواکەوتوویی ئەو وڵاتە لەچاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، ساڵانە 28 ملیار و 900 ملیۆن یۆرۆ بودجە خەرج بکات.
-یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی نووسەرانی کوردستان - خۆرهەڵات لە نەرویژ.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4076

**04-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419007

-پی ئێم ئێف بەتەواوەتی لە کوردستان چووە دەرەوە و کلیلی بارەگاکەش درایە دەست پارێزگاری هەولێر.
-کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا رایگەیاند: ئەگەر تورکیا رێز لە مافی مرۆڤ و کورد نەگرێت، ئەوا دانوستاندنەکان بۆ ئەندامبوونی لە یەکێتیی ئەوروپادا دەپچڕێنین.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4077

**05-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419009
-جاک سترۆی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و ئێدوارد چاپلن باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا و کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە کەرکوک و بەڕێوەبەری سیاسیی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەسەردانێکی فەرمیی گەیشتنە دوکان و هەولێر. وەفدەکە چاوی بە جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی کەوت.
-غازی ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق لە دیمانەیەکدا بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە ئەوەی راگەیاند کە بەهەموو هێزێکیانەوە لەوانە دەدەن کە دەیانەوێت لە ئێراق جوودابینەوە لە ئێراقی یەکپارچەدا. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە داواکاریی کورد بۆ ریفراندۆم خیانەتە و بەهەموو هێزێکمانەوە بەرەنگاری دەبینەوە.
-چوار هاووڵاóتی کورد کە سێیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون لەناوچەی شارەبان کەوتنە کەمینی گروپێکی چەکدارەوە و تیرۆرکران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4078
**06-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419010
-ئەمڕۆ کۆمیسیۆنی ئەوروپا راپۆرتی خۆی سەبارەت بە ئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکێتیەدا خستەڕوو و پێشنیازی ئەوەی کرد کە دانوستانی پەیوەست بە ئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکێتییەدا دەستی پێ بکرێت. بەلاóم لە هەمان کاتدا هەندێ شەرت و مەرجی زۆر توندی بۆ پێشگرتن لە پاشەکشێی تورکیا لە ریفۆرمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ولاóتەکەیدا خستۆتە روو. بە پێی هەواڵی میدیاکانی تورکیا لەو بارەیەوە کۆمیسیۆنێرەکانی یەکێتی ئەوروپا بە بێ دەنگدان و بە ئیجماع رەزامەندییان لەسەر دەستپێبوونی دانوستان لەگەڵ تورکیادا خستەڕوو.
-سەرۆک عەشیرەتێکی کورد لەنێو بازاڕی موسڵدا درایە بەر دەستڕێژی گوللە و لەئەنجامدا کوژرا. خالید عەبدولغەفور دووبەردانی کە سەرۆکی عەشیرەتی (گێش) بوو، لەنێو ئۆتومبیلەکەیدا لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە پەلاماردرا و هەر لەو هێرشەدا دوو لە پاسەوانەکانیشی بەسەختی برینداربوون.
-وەزیری دەرەوەی سوید خاتو (لەیلا فرێی ڤالدس) ئەمڕۆ گەیشتە شاری ئامەد (دیاربەکر) تا لە نزیکەوە ئەو ریفۆرمانە ببینێت کە تورکیا ئیدعا دەکات لە بارو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە و سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکان ئەنجامی داون.
-لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمانیا بە پارمەتی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشانگایەکی کتێب لە لایەن کۆمەڵەی کوردەکانی ئاڵمانیاوە کراوەتەوە. لە هۆڵی پێشانگاکە بەسەدان کتێب لە بوارەکانی سیاسەت، کەلتور، مێژوو ...هتد و چەندین نمونەی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی نمایش کراوە. دەرێ و ناوەوەی پێشانگاکەش بە چەندن ئاڵای کوردستان رازێندراوەتەوە. شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پێشانگایەدا بەشدارە و بریار وایە ئەم پێشانگایە تا 10 مانگ واتا درێژەی هەبێت.
-بەپێی نوسراوی ژمارە (11139)ی رۆژی 06-10 کە ئاراستەی پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک کراوە، دەستەی باڵای ریشەکێش کردنی بەعسییەکان لە بەغدا بریاریدا بە گەڕاندنەوەی 9 مامۆستای پەیمانگەی ناوبراو کە پێشتر سەر بە رژێمی بەعس بوون و پار بە بریارێکی دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەسەر کار لابردرابوون. لەو بارەیەوە عیرفان کەرکوکی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوک بۆ ریشەکێش

کردنی پاشماوەی بەعس رایگەیاند کە لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەرچاو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە بەغداوە ژمارەیەکی زۆر کۆنە بەعسییان گەڕاندووەتەوە سەر کارو ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نییە بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەیان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4079

## 07-10-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419011

-سەردانی وەزیری دەرەوەی بەریتانی جاک سترۆ بۆ تورکیا، شایانی باسە ئەم سەردانەی سترۆ بۆ گتفوگۆکردنی پاشەڕۆژی شاری کەرکوکە لەگەڵ تورکەکاندا.
-بەختیار ئەمین وەزیری مافی مرۆڤی عێراق و وەفدە هاورێکەی سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد کرد. لە نێو ئەو شاندەدا (حاکم رائید ئەلجوحی) تێدابوو کە ئەرکی دادگایی سەدام و سەرانی رژێمی رووخاوی بەعسی پێ سپێردراوە. شایەنی باسە ئەو سەردانە لەچوار چێوەی (ڤێستیڤاڵی ئاشتی و لێبووردن و مافی مرۆڤ)دایە، کە چەند رۆژێکە لە شاری سلێمانی دەستی بە کارەکانی کردووە.
-بەپێی ئامارێک کە لە سایتی پەیامنێر بڵاوکرایەوە 55% هاووڵاتیان رازی نین یەکێتی و پارتی بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4080

## 09-10-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419013

-بەرهەم و ساڵح و نێچرڤان بارزانی لە هەولێر لە وەڵامی غاری ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراقدا وتیان کەس بۆی نییە بە بریاردانی مافی چارەنووس بڵێت خیانەتە.
-تیرۆرکردنی 8 کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4081

**10-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419014

-سازدانی یەکەمین ڤیستڤاڵی هونەری و ئەدەبی لەلایەن ناوەندی رۆشنبیریی سۆرانەوە.
-ئیبراهیم عەرەفاتی جێگری پارێزگاری موسڵ کە تورکمانێکی ئەو شارەیە و لە تورکیاوە رایگەیاند ئەوەی بەسەر کەرکوک هات، ئێستا رووبەرووی موسڵیش بۆتەوە، ئێستا نەخشەیەک هەیە بۆ ئەوەی رێ لە تورکمان بگیرێ کە ببێ بەهێزێکی کاریگەر و کورد بە پشتیوانی ئەمریکییەکان بەرەو کەرکوک دەچن، بەشێکی ئەم هەڵمەتە موسڵیشی گرتووەتەوە کورد لە سوریاوە دەهێنن، هەوڵ دەدرێت موسڵیش وەک کەرکووک بەکوردی بکرێت.
-مەسعود بارزانی لە تورکیاوە رایگەیاند: هێشتا لەو باوەڕەدام کە کەرکوک دڵی کوردستانە.
-کۆمەڵە چەکدارێک هەڵیانکوتایە سەر ئارایشگایەکی ئافرەتان لە دەوروبەری حەمامی موسڵ. خاوەنی ئارایشگاکە کە خاتوو چیمەن محەمەدە و خەڵکی شاری سلێمانییە لەلایەن ئەو چەکدارانەوە رفێندرا.
-دۆناڵد رامسفیڵدی وەزیری بەرگریی ئامریکا سەردانی شاری کەرکوکی کرد.
-کوردێک بەناوی مەسعود حامید لەلایەن د.س بەتاوانی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی راپەڕینی قامیشلی لەسەر ئنتەرنێت بە 3 ساڵ زیندانی حوکم درا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4082

**11-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419015

-موقەدەم عەبدولستار فەقێ کە موقەدەمێکی سەربازیی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە نزیک کڵێسەی نور لە گەڕەکی تەئمیمی شاری موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆرستەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. موقەدەمی نێوبراو خەڵکی گوندی دارەتووی سەر بە دەڤەری بەردەڕەش بوو. هاوکات هەر ئەمڕۆ و لەگەڕەکی تەحریر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرش کرایە سەر موقەدەمی پۆلیس قادۆ زێباری و لە ئەنجامدا بە سەختیی بریندار بوو.
-تیرۆریستە عەرەبەکان کوردێکیان بەناوی لوقمان حسێنەوە سەربڕی بەتاوانی ئەوەی ئەندامی پارتی و وەرگێری ئامریکییەکان بووە.
-بەرپرسی کونسوڵخانەی داگیرکەری ئێران لە هەولێر رایگەیاند کە ئێران ئامادەیە بە چاودێریی بارزانی و تاڵەبانی گفتوگۆ لەگەڵ حدکادا بکات.
-بەهۆی دادگایی کردنی رۆژنامەنووسێک لەلایەن دادگای تورکیاوە، دادگای مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپا رەخنەی توندی ئاراستەی تورکیا کرد و بەوە تۆمەتباری کرد کە رێککەوتننامەی یەکێتی ئەوروپا

بۆ مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. دادگای ناوبراو روونی کردۆتەوە کە دادگایی کردنی (ئاتیلا هالیس)ی رۆژنامەنووس بەهۆی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی رۆژنامەوانی لەسەر کوردەکانی تورکیا، پێشێل کردنی مافی ئازادی رادەربڕینە.
-ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەرز بلاóویکردەوە کە ئامریکا تورکیای هاوپەیمانی لەوە ئاگادارکردۆتەوە کە چارەسەری کێشەی چەکدارە یاخیبووەکانی سەر بە پارتی کرێکاران لە (باکوور)ی عێراقدا دەکات.
-کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کاتی عێراق کە تایبەت بوو بە بەشداربوونی لایەنە کوردییەکان لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوک و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان. پەڕلەمان بڕیاریدا یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی تایبەت بەکەرکوک بۆ پەڕلەمانی ئایندەی عێراق بەجێ بهێڵدرێت.
-کۆبوونەوەی سێلایەنانەی ئامریکا و داگرکەرانی تورک و ئێراق. ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بە کوردەوە و تورکیا داوای لە ئامریکا کرد کە پارتی چارەسەری بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئێراق نەکات.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4083

**12-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419016

-تیرۆرکردنی عەبدولمەجید ئەلعەنتەر لە موسڵ، نێوبراو ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بوو.
-بەپێی بڕیارێکی دادگای هەولێر هەردوو رۆژنامەنووس خەلیل حەسەن زێوەیی سەرنووسەری رۆژنامەی دێدی نوێ و بڵند مستەفا بەڕێوەبەری نووسینی هەمان رۆژنامە دەستگیرکران، ئەوەش لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک هاتووە کە پەیوەندیی بە یەکگرتووی ئیسلامییەوە هەبووە، بۆیە یەکگرتووی ئیسلامی سکاڵای لەسەر رۆژنامەی تۆمار کردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4084

**13-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419017

-خەسرەو گۆرانی یاریدەدەری پارێزگاری موسڵ لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری بوو.
-لەژێر دروشمی (دادگایی سەرانی رژێمی پێشووی عێراق – وانەیەک بۆ دووبارەنەکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستانی عێراقدا) پەرلەمانی کوردستان کۆنگرەی تاوتوێکردنی تاوانەکانی جینۆساید کە لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە دەرهەق بە هاوولاóتیانی کورد ئەنجام درا دەست پێکرد.

-تەرمی فازڵ سەیداقایی کە لە بازاڕی باب ئەلتۆب لە شاری موسڵ دوکانی مریشکفرۆشیی هەبووە، بەسەربڕدراوی لەنزیک ماڵەکەی خۆی فڕێدرا.
-د.ت رایگەیاند کە لەسەر دەوڵەتانی دراوسێی عێراق پێویستە لە مەسەلەی کەرکوکدا قسەی خۆیان هەبێت، چونکە ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بەئاسایشی سەرجەم ناوچەکەوە هەیە.
-کۆمەڵی کوردیی کورد لە سکۆتلاند نامەیەکی ناڕەزاییی بۆ رۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی عەرەبی نارد، رۆژنامەی ناوبراو پێش چەند رۆژێک وتارێکی خالید ئەلقەشتینیی بڵاوکردبووەوە کە هەمووی سووکایەتی بوو بۆ کورد و دۆزە رەواکەی.
-لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی ئەوروپا کە لەیلا زاناش بەشداربوو تێیدا، جۆزیف بۆرلیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا بە زمانی کوردی بەخێرهاتنی لەیلا زانای کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4085

**14-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112141901 8

-پاش ئەوەی رۆژی 12-10 و لە کاتژمێر شەشی بەیانیدا عیماد سەلیم هەرکی کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دوکانی ئاسنفرۆشیی هەبوو لە موسڵ، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە رفێندرا، ئەمڕۆ تەرمی نێوبراو بە سەربڕدراوی فڕێدرابووە بەر دەرگای ماڵەکەی.
-بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی میزۆپۆتامیا لە بەغداوە، ئەمڕۆ کچە رۆژنامەنووسی کورد بەناوی (دینە محەمەدحەسەن) لە گەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا بەهۆی پەلامارێکی تیرۆریستییەوە گیانی لەدەستدا.
-بەرپرسێکی یەکێتی لە بەغدا جارێکی دیکە ئەو هەڵوێستەی دووپات کردەوە کە کورد ئامادەیە بچێتە ململانێیەکی چەکدارییەوە ئەگەر لایەنی عەرەبی سوور بێت لەسەر رەتکردنەوەی ناسنامەی کوردیی شاری کەرکوک.
-لەیلا زانا لە سەردانێکیدا بۆ بەلژیک رایگەیاند کە پێویستە مافەکانی کورد بەپێی دەستوور دابین بکرێت.
-پارێزەر ئەنوەر ئەلبوننی کە هەڵسوڕاوێکی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤە لە سوریا، بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند کە دەسەڵاتدارانی سوریا سێ هاووڵاتی کوردیان لە ناوچەی ئامووداى سەر بە پارێزگای حەسەکە دەستگیر کردووە. ئەلبوننی روونی کردەوە کە ئەو هاووڵاتیانە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتەوە دەستگیرکراون. هەروەها دووپاتیشی کردەوە کە دەستگیرکردنی ئەو سێ کەسە پەیوەندیی بە رووداوەکانی مانگی مارتی رابردووی قامشلۆوە هەیە.
-تا 15-10: بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی رزگاریی کوردستان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4086
**15-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419020
-ڕێکخراوە کوردییەکانی بەریتانیا لە لەندەن کۆڕێک بۆ هونەرمەندان جەلیل زەنگنە، مستەفا ئەحمەد و ناسر حەسەن سازدەکات.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4087
**16-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419021
-دادگای سەربازی دەریاوانی یۆنان بڕیاریدا کە 5 گاردی کەنار زیندانی بکرێن، دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە گاردەکان ئەشکەنجە و ئازاری ئەو کوردانەی کە ماوەیەکە لە بنکەیەکی پۆلیس لە دوورگەی خانیا بەندکرا بوون، دابوو.
-ئاسایشی سلێمانی بەچەکەوە دەچنە سەر مزگەوتی حاجی عوسمانی عەلـلاف لە گەڕەکی زەرگەتە و مەلاعوزێر دەستگیر دەکەن. هاوکات دەنگی ناڕەزایی سەدان کەسیش لە مزگەوتەکەدا بەرز دەبێتەوە و چەند کەسێکیش لەوان دەستگیردەرکرێت.
-گەڕانەوەی لەیلا زانا بۆ تورکیا و لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ بۆ ماوەیەک زیندانی کرا و پاشان ئازاد کرا.
-عەبدولغەفور رەحیم ئەبوبەکری بەڕێوەبەری ئیداری لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکرا و تیرۆرکرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4088
**17-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121419023
-کوژرانی بەڕێوەبەری کارگێری پەروەردەی کەرکوک، نێوبراو ناوی غەفور بوو و ئەندامی بەرەی تورکمانی بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4089

## 19-10-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112141902 4

-تیرۆرکردنی 2 کورد و بریندارکردنی یەکێکی تر لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ.
-ئەندامێکی دیکەی کورد بۆ گروپی کوردیی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ زۆرکرا. ئەندامی نێوبراو میرزا سلێمان یەزدینە و بەمەش ژمارەی گروپی کوردی لە ئەنجوومەنی موسڵدا بووە 11 کورد.
-عەبدوڵلا óگوول ریگەیاند: بەهیچ شێوەیەک ئەو قسانەمان قبوڵ نییە کە دەڵێن کێشەی کەرکوک کێشەیەکی ناوخۆییە.
-جەمیل چیچک وەزیری دادی تورکیا لە مەراسیمی کردنەوەی زانکۆی ئەدکان لە ئەستەمبوڵ رایگەیاند: با کەس چاوەڕێی دەرچوونی لێبوردنی گشتی نەبێت، چونکە هەرگیز ئەوە روونادات. ئەو لێدوانەی چیچک وەڵامی لێدوانەکەی لەیلا زانا بوو کە داوای کردبوو لێبوردنێکی گشتی رابگەیەنرێت تا کۆتایی بەشەڕی چەکداریی بێت.
-لە مەراسیمێکی تایبەتدا ئەلسکۆ سەرۆک کۆماری رۆمانیا پێشوازیی لە عادل موراد وەک باڵیۆزی عێراق لەو ولاóتە کرد. شایانی باسە مەراسیمەکە کە ژمارەیەک لە گەورەبەرپرسانی حکومی و دیپلۆماتیی رۆمانیا ئامادەی بوون، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی عادل مورادەوە لەو پۆستەدا رێکخرابوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4090

## 20-10-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112142902 5

-مەسعود بارزانی لە رۆژنامەی ئەلحەیاتی عەرەبیدا رایگەیاند: ئەگەر خەڵکی کوردستان سووربن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و واز نەهێنن، ناچارین بەقسەیان بکەین.
-فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) لە دەرهێنانی هونەرمەندی کورد بەهمەنی قوبادی خەڵاتی فستیڤاڵی فیلمی شیکاگۆی وەدەست هێنا. بەپێی بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری فستیڤاڵەکە فیلمەکەی بەهمەن زۆر جوان توانیویەتی ژیانی منداڵان لەکاتی شەڕدا بەر جەستە بکات و ئەو کارەش شایانی ستایش کردنە.
-بنەماڵەی دڵداری هۆزانەوان لەسەر زاری ئامانج دڵزارەوە نارەزایی خۆیان بەرامبەر ماڵپەڕی کوردستان پۆست دەربڕی کە سرووودی ئەی رەقیبی ئەتککردووە.
-ئۆسمان بایدەمیری سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر کە لە کۆبوونەوەی فراوانی کەسکەکانی ئەوروپا بەشدارە لە دووەم رۆژی ئەو کۆبوونەوە فراوانەدا رایگەیاند کە پێویستە دەستوری تورکیا بە شێوەیەک

گۆرانی بەسەردا بێت کە هاووڵاتیانی کورد بتوانن تەعبیر لە بوونی خۆیان بکەن و بە ئازادانە بە زمانی خۆیان قسە بکەن.
-د.ت پریاریدا قەرەبووی هەموو ئەو کوردانە بکاتەوە کە لە جەنگی نێوان خۆی و پکک دا زیانیان لێکەوتووە.
-تا 21-10، بەستنی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە کەوتووەتە نێوان هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جەلال تاڵەبانی.
هەندێک سەرچاوەی کوردی باس لەوە دەکەن کە نەوشیروان مستەفا بووەتە جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی. هەروەها ئاراسی شێخ جەنگیش کە برازای جەلال تاڵەبانییە لە سەرۆکایەتیی کاروباری دارایی لابراوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4091

## 22-10-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112141 9019

-تا 04-11 سێیەم ڤیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن.
-لەیلا زانا لە ئەنکەرە پێکهێنانی بزاڤێکی سیاسیی نوێی راگەیاند.
-کۆمەڵێک ژنی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران سەردانی لەیلا زانایان کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4092

## 23-10-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112142 9026

-گوللە هاوەنێک نرا بە بارەگای لکی 14ی پارتییەوە لە موسڵ بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
-عەقید تەها ئەحمەدی بەڕێوەبەری پۆلیسی پاسەوانیی هەولێر تیرۆرکرا. نێوبراو بەیانی زوو کە دەیویست بچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تیرۆرکرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4093
**25-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112142902 7

-رێپێوانێک لە کەرکوک کە هەزاران کەس بەشداریی تێداکرد، ئەم رێپێوانە لەلایەن پارتییەوە رێکخرا و دروشمیشی کوردستانیبوونی کەرکوک بوو.
-فڕاندنی دوو خوێندکاری کچی کورد بەناوی دنیا ئیسماعیل و نادیە عوسمان لە بەردەم ئامادەیی کەرکوکی کچاندا.
-لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان و لەکاتی ناشتنی تەرمی شەهیدێکی باکوور، پۆلیس بە بیانووی ئەوەی کە ئەو شاڵەی بەسەر تابوتی تەرمەکەدا دراوە تەعبیر لە ئاڵای پکک رەنگی سوور ، زەرد و سەوز دەکات، پەلاماری مەراسیمەکەی دا و شاڵەکەی سەر تابووتەکەی پارچە پارچە کرد و ژمارەیەکیش لە ماتەمگێران دەستگیرکران. شەهیدەکە ناوی(جیهان دوندار) بوو کە لە پێکدادانی ئەم دواییەی نێوان سوپای تورکیا لە گەڵ جەنگاوەرانی PKK دا لە ناوچەی هەککاری گیانی لەدەست دابوو. شایەنی باسە سەرەڕای ئەوەی کە پۆلیس ئاڵاکەی سەر تابوتەکەی پارچە پارچە کرد، بەڵام ماتەمگێران ئاڵاکەیان کردە کفن و بەسەر تەرمی شەهیدەکەیاندادا.
-کوژرانی پۆلیسێکی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4094
**26-10-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112142902 8

-کوژرانی 2 شۆفێری کوردی باکوور لە ناوچەی فایدەی موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.
-بەپێی راپۆرتێکی پەیامنێرانی بێسنوور داگیرکەرانی ئێران و سووریا یەکێکن لە خراپترین وڵاتەکانی جیهان لە بواری ئازادیی رۆژنامەنووسیدا.
-دادگای مافی ئەوروپا سەرلەنوێ داگیرکەری تورکیی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبارکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە - (16) چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4095
**28-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429032
-کۆچی دوایی فازیل ڕەشید کەریم ناسراو بە فازیل شەفیق بەنەخۆشیی شێرپەنجەی سی لە نەخۆشخانەی سلۆتەرفارت لە ئامستەردام، نێوبراو یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی شۆرشی ئەیلوول و لە شۆرشی لە باشووری کوردستانیشدا یەکێک بووە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و لەسەرەتای هەشتاکانەوە لە وڵاتی هۆڵاند نیشتەجێ بوو تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4096
**30-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429030

-کوژرانی ئەفسەرێکی پۆلیسی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە.
-دامەزراندنی لیژنەیەک بۆ عەرەبە ئاوارەکانی کەرکوک، ئەم عەرەبانە ئەوانەن کە د.ق لە کەرکوکدا نیشتەجێی کردوون و پاش جەنگی رزگاریی ئێراق هەندێکیان چوونەتە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک.
-نیلسۆن ماندێللا خەڵاتێکی د.ا. ی ڕەفزکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4097
**31-10-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429034
-مانگرتنی کرێکارانی کارگەی ڕستن و چنینی شاری سنە لە خواردن، دواکاریی مانگرتووان دابینکردنی مافی کرێکارانی ئەم کارگەیەیە لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە.
-پارتی وڵاتپارێزی کوردستان بەسەرۆکایەتیی عوسمان ئوجەلان لە شارۆچکەی سەنگەسەر کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست.
-ڕێپێوانێکی گەورەی کوردەکانی هۆڵندا بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ناردنەوەی نوریە کەسبیری ئەندامی باڵای پکک لەلایەن هۆڵنداوە.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4098

**00-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112142903

-دادگای مافی مرۆڤ لە ئەوروپا د.ت بە 28 هەزار یۆرۆ بەتاوانی بەکارهێنانی ئەشکەنجەی زیندانییان سزادا.
-د.ت بڕیاریدا مینەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا لابەرێت و ئەو زەوییە کشتوکاڵییە کوردییانە لە مین پاکبکاتەوە کە دەیان ساڵە لە دژی شۆڕشی کورد مینڕێژکراون.
-داخستنی بەشی کوردی و سریانی و تورکمانیی تەلەڤزیۆنی موسڵ و دەرکردنی هەموو کارمەندەکانی ئەم بەشانە.
-مارک کورتیسی مێژوونووسی بەریتانی تاوانەکانی بەریتانیای دەربارەی کورد لە رۆژنامەی ئیندیپێندەنت خستەڕوو.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە شارۆچکەی دوویز 3 ئەندامی ئاسایشی سلێمانییان تیرۆرکرد.
-یەکیەتیی ئەوروپا لەدوا راپۆرتی خۆیدا کۆنگرەی گەل - پکک بە رێکخراوێکی تیرۆریست نازانێت و ناوی نەبردووە.
-گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی بەناوی کۆمیتەی موجاهیدینی موسڵ رایگەیاند: لەبری هەر کوژراوێکی عەرەب خوێنی 50 کورد حەڵاڵە و دەبێت 50 کورد لەجیاتیی بکوژرێت.
-د.ا سانسۆری خستەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت و لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراندا ئەم ماڵپەڕە ناکرێتەوە.
-پارتی داوای لە یەکێتی کرد کە ببێتە خاوەنی 55%ی کورسییەکانی پەڕلەمان و یەکێتیش ئەو 45%ەکەی تری ببێت، بەڵام مەلا بەختیار لە هەفتەنامەی چاودێردا ئەمەی رەفز کرد و وتی ئێمە بەهیچ جۆرێک بەمە رازی نابین.
-حکومەتی سلێمانی بڕیاریدا چاخانەی شەعب نۆژەن بکاتەوە و بڕی 30 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرد و بڕیاروایە لە 06-11 دەست بکرێت بەم نۆژەنکردنەوەیە.
-سەرەتای ئەم مانگە: موراد قەرەیڵان رایگەیاند: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، ئەوا شەڕ دەگوازینەوە بۆ شارە گەورەکانی تورکیا.
-حکومەتی نوێی ئێراق بڕیاریدا 5%ی داهاتی نەوت تەرخان بکات بۆ ئەوانەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە زیانیان لێکەوتووە.
-د.ت پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان دەداتە دادگا بەتاوانی ئەوەی خۆیان لە کاروباری سیاسییەوە هەڵدەقورتێنن و لە کاروباری پارێزەرایەتی لایانداوە.
-بەهۆی نارەزاییی دەوڵەتی چینەوە، سەردانێکی نێچیرڤان بارزانی بۆ تایوان دواخرا.
-لە ناوچەی قولپی سەربە ئامەد گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایە و 11 کەسی تێدابوو، ئەمانە لەلایەن سووپای تورکەوە پێش 10 لەمەوبەر کوژرابوون.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی رێکخراوی ئەلقاعیدە جموجۆڵیان لە هەندێک ناوچەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا پەیداکردووە و هانی خەڵکی دەدەن بۆ ئیسلامەتی و یارمەتیش لە د.ا وەردەگرن.
-د.ا داوای لە پارتی و یەکێتی کرد تاوەکو لەگەڵ شیعەکانی ئێراقدا بەیەک بەرە بەشدارییی هەڵبژاردن

بکەن.
-عەرەبەکان بەهیچ شێوەیەک ڕێگانادەن قیری شل بگاتە هەولێر و هەر شۆفێرێک بەو کارە هەڵبستێت سزای مردنە.
-چەند سەرمایەدارێکی کورد بەیارمەتیی حکومەتی هەولێر لە هەوڵی کڕینی 24 فڕۆکەدان بۆ فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی.
-یەکێتیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین کۆنفڕانسی خۆیی بەست.
-کۆتایی ئەم مانگە: کوژرانی 2 ئەندامی پکک لە ناوچەی ماردین.
-گیرانی 25 ئەندامی پارتی بەعسی هەڵوەشاوەی ئێراق لە شاری سنە لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانییەوە.
-بەهۆی نائارامیی شاری ڕومادی و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە، نزیکەی هەزار پەنابەری کوردی خۆرهەڵات لە کەمپی ڕومادی رایانکرد.
-کۆمپانیای بی پلان بۆ 4هەم جار خەڵاتی باشترین 1 لە سەدی کۆمپانیا جیهانییەکانی بۆ کاروباری ئای تی وەدەستهێنا، ئەم کۆمپانیایە هی کوردە و بنکەکەی لە بەریتانیایە.
-کۆتایی ئەم مانگە: سوید مافی پەنابەریی دایە 200 کوردی خۆرهەڵات کە لەم دواییەدا چووبوونە ئوردون و هەموویانی بە فڕۆکە گواستەوە بۆ سوید.
-عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە ئێراق رایگەیاند کە ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەشێکی جیانەبووەوەی نیشتمانی عەرەبە.
-کۆتایی ئەم مانگە: لە هەردوو شارۆچکەی سۆران و ڕانیە چەند ئەندامێکی پارتی و یەکێتی لەلایەن یەکترییەوە بە تاوانی جیاواز گیران.
-سەربڕینی لاوێکی 16 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو ناوی بەندەر جەمال بوو.
-ئیسماعیل تەتەری کە کوردێکی کرماشانە و نوێنەری کرماشانە لە پەرلەمانی ئێرانیدا رایگەیاند کە دەیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران کاندید بکات.
-تورکمان و عەرەب لە کەرکوک بەرەیەک مۆردەکەن تاوەکو لە دژی کورد بەیەک لیست بۆ هەڵبژاردن دابەزن.
-کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی 13 کورد لە گەراجی تەلەعفەری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە، شایانی باسە زۆربەی ئەو کوردانە یەزیدی بوون.
-گیرانی بەختیار عەبدوڵڵا حەداد لەلایەن هێزەکانی ئامریکاوە لە فەلوجە، نێوبراو وەرگێڕێکی کوردە و هەر لەم مانگەدا ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور داوای لە ئامریکاییەکان کرد ئازادی بکەن.
-بودجەی فرۆشتنی نەوتی ئێراق بۆ ساڵی 2005 دەگاتە 19.4 ملیار دۆلار و لەو بودجەیە تەنها 1.5 ملیار دۆلاری دەدرێتە ناوچە کوردییەکان کە %8ی بودجەکەیە، شایانی باسە زۆربەی ئەو نەوتە لە ناوچەکانی کەرکوک دەردەهێنرێت.
-گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی لە شاری موسڵ کوردێکی بەناوی کامەران عەبدولستار لەسێدارەدا بەتاوانی ئەوەی دەستی لە کوشتنی شێخ محەمەد فەیزیدا هەبووە.
-بەگوێرەی سەرچاوەیەکی ڕێکخراوی قەندیل تاوەکو ئێستا نزیکەی 700 خێزانی ئاوارەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی ڕومادییەوە هاتوونەتە باشووری کوردستانەوە. ئەو خێزانانە هەر لە دوای جەنگی رزگاریی ئێراقەوە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تیرۆریستەکانی عەرەب لەو ناوچانانەدا و هەندێکیشیان لێ کوژراوە.
-دەستەی زانایانی سوننە هۆشدارییەکیان دایە مەسعود بارزانی کە چیی تر پێشمەرگەی پارتی نەنێرێتە شاری موسڵەوە و ئەمە دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەستی عەرەب لە شارەکەدا.
-وەزارەتی تەندروستیی داگیرکەری ئێران رایگەیاند کە نزیکەی 263 حاڵەتی نەخۆشیی ئایدز لە ئوستانی کوردستان تۆمارکراوە.
-تیرۆرکردنی جەودەت تەیفور عەباس لە کەرکوک، نێوبراو عەمیدێکی خانەنشین بوو.
-بەپێی راپۆرتێکی هەفتەنامەی چاودێر، لە بارەگای جەبهەی عەشایری لە جەلەولا تورکمانەکان و عەرەبە هاوردەکان بەرەیەکیان بۆ دژایەتیی کورد و پشێوی خستنە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و جەلەولا پێکهێنا.

-هێزەکانی ئاساییشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی برایم شیرازی لە شارۆچکەی زەرین تیرۆرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4099

**01-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429031

-رفاندنی مونا محەمەد جافی کارگێری لکی یەکێتیی ئافرەتانی کورد لە موسڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە.
-رۆژنامەی جمهوری ئیسلامیی داگیرکەری ئێران لە ژمارەی ئەمڕۆیدا نووسیوویەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لاوانی کوردی ئێرانی تووشی فەساد و فەحشا دەکات.
-تیرۆریستان بارەگای پارتە کوردییەکانیان لە شاری موسڵ هاوەنباران کرد و بووە هۆی برینداركردنی چەند کەسێکی کەم و کەوتنەوەی چەند زیانێکی ماڵیی کەم.
-کاتژمێر هەشتی سەرلەئێوارە، لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بۆمبێک دەخرێتە ماڵی هاووڵاótی حەمە کەریم فەرەج و دوو کوری دەکوژرێن کە یەکێکیان خێزاندارە و ناوی کاوەیە و ئەوی تریشیان ناوی کارزانە و هەروەها خوشکێکیشیان کە ناوی ئافتاوە و خێزانی شوان هەورامیی ئەندامی پلەبەرزی کۆمەڵی ئیسلامیە، بریندار دەبێت.
-دادگاییکردنی نورییە کەسبیر لە شاری لاهای، لەم دادگاییەدا هیچ بڕیارێکی ناردنەوەی نەدرا بۆ تورکیا و دادگاییەکە دواخرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4100

**02-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429035

-وەزارەتی دەرەوەی د.ت رایگەیاند: تورکیا چیدی رازی نابێت سەرانی کورد بڵێن کەرکوک کوردستانە.
-شاندێکی وەزارەتی پەروەردەی بەغدا سەردانی شاری کەرکوکی کرد و لەوێ چاوی بەلێپرسراوانی پەروەردەی شارەکە کەوت، شاندی نێوبراو سەردانی یەکێک لەقوتابخانە کوردییەکانی کرد کە تەنیا وانەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بۆتە کوردی. لیژنەکە کە دەڕوانێ پۆلی یەک هەموو وانەکانیان کوردییە و عەرەبیی تێدا نییە، بە یوسف سەعیدی بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لەپەروەردەی کەرکوک رادەگەیەنن کە دەبێت منداڵانی کورد لەو شارە لەپۆلی یەکەمەوە بە زمانی عەرەبییش بخوێنن، یوسف سەعیدیش داواکەی قبووڵ کردووە.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4101

**03-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429036

-دەستەڵاتدارانی شاری موسڵ بنکەیەکی پۆلیسی کوردییان لە شارۆچکەی زومار داخست.
-نوێنەری یەکێتی لە ئەنکەرە رایگەیاند: کەرکوک بەشێکە لە کوردستان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4102

**04-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429037

-چەند تیرۆریستێک لە موسڵ هێرشیانکردە سەر کۆمەڵە ئەندامێکی یەکێتی و 4یان لێ بریندابوو.
-ئەردۆغانی سەرەک وەزیرانی د.ت رایگەیاند کە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە مەسەلەی کەرکوکدا دووروون و هەرجارەی وتارێک دەدەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4103

**05-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429038

-هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان پری 100 ملیۆن دۆلاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکوک تەرخانکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4104

**07-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429039

-ئەیاد عەلاویی سەرۆک وەزیرانی ئێراق باری نائاسایی لە ئێراقدا بۆ 60 رۆژ راگەیاند، ئەم بارە ئاساییە بەپێی عەلاوی کوردستان ناگرێتەوە و مەبەستیشی تەنها هەر 3 شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکە.
-هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئێراق کۆبوونەوە.
-کۆمیتەی بەریتانیای بەرەو ریفراندۆم پەیوەندیی خۆیی بە لیژنەی باڵای کوردستانەوە پری.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4105

**08-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429040

-دادگای هۆڵندی بڕیاریدا نوریبە کەسبیر نەدرێتەوە بە داگیرکەری تورکیا.
-کۆبوونەوەی وەفدی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئێراق.
-کردنەوەی لکێکی بانکی کۆریا لە هەولێر.
-روودانی پێکدادانێک لە نێوان پکک و د.ا و بووە هۆی بریندارbوونی 1 پاسدار.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4106

**09-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429041

-تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لە سەربازگەی کەیوانی نزیک کەرکوک و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێک و زیانی ماڵیشی لێکەوتەوە.
-تەقینەوەی بۆمبێک لە سینەما رەشیدی شاری سلێمانی و بووە هۆی بریندابوونی دوو بینەر و زیانی ماڵیش بە سینەماکە کەوت.
-تیرۆرکردنی 2 کورد و فڕاندنی یەکێکی تر لە موسڵ.
-بەمەبەستی پەڕینەوە بۆ ناوخاکی تورکیا 18 لاوی کورد لە فیشخاپوور لە بارانێکی زۆردا لەو رووبارە پەڕینەوە و 4یان خنکان و ژمارەیەکیشیان بێسەروشوێنە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4107

**11-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429042

-پارێزگاری کەرکوک عەبدولڕەحمان مستەفا لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری بوو و 4 لە پاسەوانەکانی برینداربوون.
-نائارامی و پشێوی شاری موسڵی گرتەوە و هەموو پردەکانی شارەکە داخران.
-لە شاری سنە منداڵێکی تەمەن 14 ساڵەی خەڵکی شاری سنە، کە تۆمەتی رۆژوو نەگرتنی درابووە پاڵ، لەلایەن قازی دادگای گشتی شارەوە بە لێدانی 85 شێلاق مەحکووم کرا و چەند جەلادێکی دەوڵەت، کە دەستووری جێبەجێکردنی سزاکەیان پێ سپێردرابوو، منداڵەکە دەبەنە شوێنی سزادان و لە ژێر شێلاقدا دەیکوژن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4108

**12-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429043

-حکومەتی هۆڵندی رایگەیاند: نزیکەی 29 ئەندامی پکک ی لە کەمپێکدا لە هۆڵندا دەستگیرکردووە. هەروەها لەلایەکی ترەوە لە شاری لاهای 3 ئەندامی تر دەستگیرکران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4109

**13-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429044

-سەرپڕینی 3 کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە، ناوی یەکێکیان عەزیز مستەفا گۆرانە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4110

**16-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429056

13 -پارتی ئێراقی لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا ئیمزای دواخستنی هەڵبژاردنی ئێراقیان کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4111

**17-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429045

-کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە پیرمام، لەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا رایانگەیاند کە چیدی لە ئاست غەدری عەرەب لە دژی کوردی موسڵ و کەرکوک بێدەنگ نابن.
هەروەها ئەوەشیان راگەیاند کە لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردن لە شاری کەرکوکدا بەباش نازانن تاوەکو تەواوی ئاوارە کوردەکان نەگەڕێنەوە بۆ کەرکوک.
-تیرۆرکردنی مەحمود ئیسماعیل حەسەن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، ناوبراو یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی خەسرەو گۆران .
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4112

**18-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429046

-بەهۆی ڕووداوێکی تیرۆریستییەوە 2 کرێکاری کورد لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە کەرکوک کوژران.
-تیرۆرکردنی حەمزە حەسەن ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو تەمەنی 15 ساڵ بوو.
-د.ت ڕایگەیاند کە دژی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە کەرکوک.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4113

**19-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429047

-هەردوو سەرکردە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ڕایانگەیاند: تاوەکو مادەی 58ی دەستووری کاتی لە کەرکوکدا ئەنجام نەدرێت، هەڵبژاردن لە کەرکوکدا سەرناگرێت.
-لە پێکدادانێکی نێوان د.ت و پکک 2 ئەندامی پکک کوژران.
-بەستنی کۆنفرانسی یەکێتیی نووسەرانی کورد لکی کەرکوک. لەم کۆنفرانسەدا 19 کەس بۆ دەستەی بەڕێوەبەری لکی کەرکووک خۆیان کاندیدا کرد، لە کۆی 138 ئەندام 125 ئەندام بەشداری کۆنفراس و دەنگدانەکەیان کرد، دوای جیا کردنەوەی دەنگەکان ئەنجامەکەی بەم جۆرە بوو:
حەمەکەریم عارف 105 دەنگ، محەمەد سەعید زەنگەنە 89 دەنگ، یوسف لەتیف 80 دەنگ، عەلی بەرزنجی 65 دەنگ، ئەحمەد تاقانە 59 دەنگ، هەروەها جەلیل کاکە وەیس و فەیسەل هەمەوەندی بە ئەندامی ئیحتیات هەڵبژێردران.
-مەلای مزگەوتی گەورەی بێجی لە وتاری ڕۆژی هەینیدا خوێنی کورد و ئامریکی و تورکی حەڵاڵ کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4114

**20-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429048

-بەرەی تورکمانی لە بەیانێکدا دژی راگەیاندنەکەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی وەستایەوە و دژی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنن لە کەرکوکدا.
-گروپێکی عێراقی هەواڵی تیرۆرکردنی دوو ئەندامی پارتیی راگەیاند.
-سووتاندنی بیرە نەوتێکی کەرکوک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.
-لەهەردوو زانکۆی سنە و سلێمانی یادێک بۆ هۆزانەوان گۆران رێکخرا.
-تا 28-11: ڤیستیڤاڵی فیلمیدیاله لە شاری رۆما، فیلمی کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی خەڵاتی ئەم ڤیستڤاڵەی وەرگرت. شایانی باسە ئەم فیلمە تاوەکو ئێستا 14 خەڵاتی نێودەوڵەتیی وەرگرتووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4115

**21-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429049

-تیرۆرکردنی پۆلیسێکی کورد بەناوی ئەیاد تارق لە موسڵ.
-پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: لەسەر ئاستی ئێراق و باشووری کوردستاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکات.
-کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکانی کورد لە رۆتەردام کۆبوونەوەیەکیان کرد و رەخنەیان لە پارتە کوردستانییەکان گرت کە هیچ هاوکارییەکی نەکردوون.
-تا 22-11: سازدانی ڤیستیڤاڵی دڵدار لە هەولێر.
-پەرلەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا ژمارەی ئەندامانی لە 100 ئەندامەوە بکاتە 111 و رێژەی 7%یش بۆ هەڵبژاردن و مەرجی ئەندامەتی لاببات. هەروەها بڕیاری ئەوەشیدا رێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا 25% بێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4116

**22-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429050

-پارێزگاری کەرکوک عەبدولڕەحمان مستەفا رایگەیاند: نابێت بەبێ جێبەجێکردنی مادەی 58 دەستووری کاتیی ئێراق هەڵبژاردن لە کەرکوکدا سازبدرێت.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ بۆ ئاکرێ هەڵهاتووە و پارتیش گرتوویەتی و رەوانەی بەغدای کردووە، ئەم بەڕێوەبەرە پەیوەندیی زۆری لەگەڵ تیرۆریستە عەرەبەکاندا هەبووە.
-بەپێی ئامارێک کە لە سایتی پەیامنێردا بڵاوکراوەتەوە، 40%ی کوردی بندەستی داگیرکەری ئێران بێکارن و ئەمانە زۆربەیان خەریکی کاری قاچاخچین لەسەر سنووری ئێران و ئێراق، بەڵام بەپێی ئاماری د.ا 20% کورد بێکارن.
-بەستنی کۆنگرەی شەرەم ئەلشێخ لە میسر بۆ داڕشتنەوەی ئێراق، لەم کۆنگرەیەدا کۆڵن پاوڵ بەشداریی کرد و هەروەها هەموو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە دراوسێکانی ئێراقیش بەشدارییان کرد. وەفدی ئێراق بەسەرۆکایەتیی هوشیار زێباری بوو.
-جالیەی کوردی لە کازاخستان لەیادی تێپەڕبوونی 60 ساڵ بەسەر کۆڕەوی کوردەکان لە قەفقازەوە کە ساڵی 1944 روویدا، لە سەنتەری کەلتووریی نیشتمانیی شاری ئالمائاتا کۆبوونەوە و ئاهەنگێکیان گێرا. لە ئاهەنگەکەدا جگە لە ژمارەیەکی زۆری کورد، نزیکەی 600 میوانی بێگانەش ئامادەبوون لە نێویشیاندا ئەلێکساندەر سێرگیۆڤیچ تیرشنکۆ سەرۆکی ئێسنبلی کازاخستان و ڤیکتۆر ڤۆیسلاف خیربانۆف پارێزگاری شاری ئالمائاتا و باڵیۆزەکانی ئەرمینیا، لاتڤیا، پۆلۆنیا، رۆمانیا و ئیسرائیل و، هەریەک لەوانە لە ئاهەنگەکەدا وتەیەکیان پێشکەش کرد و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە دانیشتوانی کورد لە ئازادیدا بژین و بەمافە رەواکانی خۆیان شاد بن.
-پەڕلەمانی ئەورووپی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا کۆبوونەوەیەکی سازکرد و لەو کۆبوونەوەیەدا چەند کوردێکیش بەشداربوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4117

**23-11-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429051

-نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: ئەگەر هەڵبژاردن لە کەرکوکدا دوانەخرێت ئەوا بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەین.
-حکومەتی کۆری بڕیاریدا کە ماوەی مانەوەی هێزەکانی خۆی لە باشووری کوردستاندا بۆ کۆتایی ساڵی 2005 درێژبکاتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4118

## 24-11-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429053

-جێگری پارێزگاری موسڵ، خەسرەو گۆران لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری بوو.
-بەبەشداربوونی 56 مامۆستای کورد، لە کۆنفڕانسی سێیەمی زمانی دایک کە لە سوید بەسترا و چەند مامۆستایەکی کورد لەو کۆنفڕانسەدا باسیان پێشکەشکرد.
-دەستەی زانایانی سوننە لە ئێراق ئامریکا و کوردی بەوە تاوانبارکرد کە تیرۆر دەکەن لە ئێراقدا.
-کۆچی دوایی هۆزانەوان و نووسەر گۆران قەراخی لە سلێمانی.
-مەدالیای سەربازیی لێگن ئۆف مێریت درایە وەجیە بارزانی، نێوبراو لە کاتی جەنگی رزگاریی ئێراق بەخەستی و بەهەڵە لەلایەن فڕۆکەکانی ئامریکاوە برینداركرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4119

## 26-11-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429060

-دانانی پەیکەری هۆزانەوان ئەسیری لە گۆڕەپانی ئازادی لە کەرکوک.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4120

## 27-11-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429055

-کردنەوەی نەخۆشخانەی زەیتوون لەلایەن سوپای کۆرییەوە لە هەولێر.
-کۆنفڕانسی 4ەمی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، شایانی باسە یەکێتی لەم کۆنفڕانسەدا بەشداریی نەکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4121
**28-11-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429054
-لەماوەی 2 رۆژی رابردوودا ژمارەیەک لە کوردی شەبەک و یەزیدی و موسڵمان لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکران. بەو شێوەیە تیرۆری عەرەب بەرامبەر بە کورد لەو شارەدا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و ئەگەری دروستبوونی پشێویی گەورە لە نێوان کورد و عەرەبدا چاوەڕوان دەکرێت.
-لە شاری دیمەشق لەسەر داوای پارتە کوردییەکان رێورەسمێکی دژ بە دادگاییکردنی 15 لاوی کورد لەبەردەم دادگای باڵای ئاساییشی داگیرکەری سووریا بەڕێوەچوو.
-هوشیار زێباری لە بەغدا لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری بوو.
-تیرۆریستان نامەیەکی هەڕەشە دەکەنە سەر رۆژنامەنووس سۆران داودی لە کەرکوک و داوای لێدەکەن واز لە کارەکەی بهێنێت، ئەگەرنا ئەوا دەیکوژن. نامەکە لەلایەن کەتیبەی موجاهیدینەوە نێردراوە.
-کۆبوونەوەی دوو وەفدی پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی لە بارەگای یەکگرتوو بۆ دانوستاندن و ئەگەری بەشداریکردنی هەرسێ لایان بەیەک لیست بۆ هەڵبژاردن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4122
**29-11-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429057
-لەدرێژەی ئەو هەڵمەتی تیرۆر و رەشەکوژییەدا کە ماوەیەکە دژ بە هاووڵاتیانی کورد لەشاری موسڵ دەستی پێکردووە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێ هاووڵاتی کورد لەهەردوو گەڕەکی (تەنەک ) و (پیشەسازی) کوژران. لەگەڕەکی تەنەک دوو کەس بەناوەکانی خالید کۆچەر تەمەن 40 ساڵ و، عەزیز هاشم 51 ساڵ لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکران. لەگەڕەکی (پیشەسازی)ش هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بەناوی عەلوان ئیبراهیم گەرگەری تیرۆرکرا.
-داگیرکەری ئێرانی چەند ئەندامێکی پکک ی دایەوە دەست تورکیا و ئەمە ناوەکانیانە: نورەدین ئیبراهیم ئونەر، موراد ئونەر، نورسەن پۆلات، سلێمان ئورپار، محەمەد ئایدنار، عەبدولجەبار گونگەر، زەردەشت ئایاز، ئیبراهیم جەیلان و نورسەڤدین ئونەر.
-ڤڕاندنی خوێندکار کامەران قاسم رەفیق لەلایەن چەند عەرەبێکی تیرۆریستەوە لە کەرکوک و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر تیرۆری دەکەن و سووکایەتی بە تەرمەکەشییەوە دەکەن. نێوبراو خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایانی کەرکوک بوو و تەمەنیشی 20 ساڵ بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4123
**30-11-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429058
-نقوومبوونی کەڵەکێک لە رووباری فیشخاپووردا کە خەڵکی ناوچەکانی زومار و شەنگاری دەگواستەوە بۆ بەری زاخۆ، شایانی باسە کە کەڵەکەکە 44 کەسی تێدابوو و ژمارەیەکی زۆریان لێخنکان. ماوەیەکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەر تیرۆریستانی عەرەب بە موسڵدا هاتووچۆی دهۆک و زاخۆ ناکەن و کەڵەکی ئاو بەکاردێنن بۆ پەڕینەوەی ئەم رووبارە.
-تەقینەوەی مینێک لەبەردەم ماڵی میهرەبان کازم لە گەڕەکی ئیسکانی کەرکوک بەتاوانی ئەوەی وەرگێڕە لەگەڵ ئامریکییەکاندا و بووە هۆی برینداربوونی دایکی نێوبراو.
-دۆزینەوەی تەرمی هاوڵاتییەکی کورد بەناوی کامەران قاسم رەفیق لە نزیک پردی سێیەمی کەرکوک. نێوبراو بە گوللە تیرۆرکرابوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4124
**00-12-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439066
-د.ت پریاریدا کە لە سەرەتای ساڵی 2005دا لەشکری پێنجەمی سوپای تورک دابمەزرێنێت و بارەگاکەی لە شاری وان بێت و کاری پاسەوانیی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێران بێت.
-بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی پەیامنێر خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی حەڵەب لەژێر چاودێرییەکی توندی داگیرکەری سووریدان و هەر کۆبوونەوە و کۆڕێکی کوردی لەو زانکۆیەدا قەدەغە کراوە.
-مالک دۆهای حەسەنی وەزیری دادی ئێراقی رایگەیاند کە سەددام دوای هەموو تاوانباران دەدرێتە دادگا و یەکەم کەسیش عەلی حەسەن مەجید کیمیاویی دەبێت.
-هونەرمەند شڤان پەروەر خەڵاتی موزیکیی چاڕلز کرۆزی لە فەڕەنسا لەسەر ئەلبوومی (من بیریا تە کری) وەرگرت.
-عەرەبە تیرۆریستەکانی کەرکوک لە نامەیەکدا کە بە ماڵە عەرەبەکانی کەرکوکدا بڵاویان کردەوە، هەڕەشەیان لەو عەرەبانە کرد کە دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. شایانی باسە لەو نامەیەیاندا ئەوەیان نووسیوە کە کورد کافرن و هاوپەیمانی ئامریکان.
-بەپێی هەندێک سەرچاوە، لە موسڵ کۆنە بەعسییەکان خەریکی خۆرێکخستنەوەن و رۆژنامەی ئەلسەورە دەردەکەن و لەناو خۆیاندا دەستاودەستی پێدەکەن بۆ خوێندنەوە.
-سەرچاوە کوردییەکان باسیان لەوەکرد کە لە پەرلەمانی ئێراقدا جگە لە حەمەی حاجی مەحمود کەس بە زمانی کورد قسە ناکات.
-نزیکەی 200 کەسایەتیی کورد نامەیەک ئاراستەی یەکێتیی ئەوروپا دەکەن بۆ چارەسەرکردنی

کێشەی کورد لە تورکیا، لەیلا زانا یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە ئیمزای نامەکەی کردبوو.
-لە 3 مانگی رابردوودا نزیکەی 28 وەفدی ئەوروپایی سەردانی دیاربەکریان کردووە.
-وەزارەتی دارایی ئێراقی بودجەیەکی نوێی بۆ کوردستان پێشکەشکرد، بەپێی ئەم بودجەیە دارایی کوردستان لە 8%ەوە دەبێتە 17%.
-بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەرانەی کە بەمەبەستی بەشداریی لە هەشتەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی گەلاوێژ لە 04 تا 10ی ئەم مانگەدا، هاتبوون بۆ شاری سلێمانی، دوای گەڕانەوەیان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کۆماری داگیرکەری ئیسلامییەوە دەستگیرکران. دەستگیرکراوەکان بۆ ماوەی شەوێک لەژێر چاودێریدا بوون و دوای دەستبەسەرداگرتنی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان، تا ئەو کاتەی کە دادگایی دەکرێن، بە کەفالەت ئازاد کراون. ناوی هەندێک لە دەستگیرکراوەکان ئەمانەیە: لەمەریوانەوە شەریف مرادی، دارا ئازاد مەنیش، کەیوان حەیدەری، ژیلا حەسەنپور، هادی رەحمانزادە لەگەڵ سێ کەسی دیکە، لە بۆکانەوە شوانە و ئەمجەد غولامی، کە سەرجەم ژمارەیان 10 کەسە.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی کێشەیەکی زۆر لەناو ریزەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا هەیە و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادنەکردنی عەلی باپیر و نەبوونی کەسێک کە جێی بگرێتەوە.
-نزیکەی 4 رێکخراوی کوردی بەشداری لە لیستی شیعەدا دەکەن. لیستەکە ناوی ئیئتیلافی ئێراقیی یەکگرتووە و رێکخراوە کوردییەکانیش ئەمانەن: رێکخراوی ئیسلامیی کوردی شیعە، گردبوونەوەی فەیلی لە ئێراق، گردبوونەوەی نیشتمانیی کوردی شیعە و یەکگرتووی زانایان و وتاربێژانی کوردی شیعە. شایانی باسە ئەم لیستەیە یەزیدی و شەبەک وەک دوو رەگەزی جیاواز لە کورد سەیردەکەن.
-دەستگیرکردنی 12 ئەندامی پژاک لە ناوچەی شنۆ لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە.
-بەپێی لێکوڵینەوەیەک کە لە سەر ژیانی نووسەر و لێکۆڵەرانی کوردی رۆژهەلا٥تی کوردستان ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە 60%ی نووسەران ژیانی پیشەییان پارێزراو نییە، هەروەها 78%ی لێکۆڵەرە کوردەکانیش بەهەمان شێوە ژیانی پیشەییان لەمەترسیدایە. بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیرنای ئێرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەلایەن لێکۆڵەرێکی کورد بەناوی رەزا شافعی ئەنجام دراوە و بوارەکانی ئابووری، رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی و پیشەیی گرتۆتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بووە و دەریش کەوتووە کە زۆربەی نووسەر و لێکۆڵەرانی کورد کێشەی ئابووریی بۆتە گرفتێکی سەرەکیی ژیانیان.
-حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی داگیرکەری ئێراق سەردانی ینک و پارتیی کرد و داوای یارمەتیی لێکردن بۆ پاراستنی بیر و بۆرییە نەوتەکانی کەرکوک و موسڵ.
-پارتی و یەکێتی بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنی چەنجوومەنی پارێزگاکان دەکەن. شایانی باسە یەکێتی دەیویست لەم هەڵبژاردنەشدا لەگەڵ پارتی لیستی هاوبەشیان ببێت بەڵام پارتی رازی نەبوو.
-بەپێی راپۆرتێک کە لە باڵتیمۆر سەندا بڵاوکراوەتەوە، خاکی هەڵەبجە هێشتا ژاراوییە و بۆ ژیان دەست نادات.
-لابردنی هێمای تەرقین و تەجمید لەسەر تۆمارکردنی کوردە فەیلییەکان لە ئێراقدا. شایانی باسە ئەمە دوو هێمای داگیرکەری ئێراقی بوو بۆ سەندنەوەی رەگەزنامەی ئێراقی لە کوردە فەیلییەکان لە سەردەمی بەعسدا.
-گیرانی رۆژنامەنووس شەمزین جیهانی لە مەهاباد لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە، ناوبراو بە یارمەتیدانی پژاک و پکک تاوانبار کراوە.
-رێکخراوی مافی مرۆڤ لە سووریا رایگەیاند: ئەو 33 کوردەی کە بڕیار بوو لە زیندانەکانی داگیرکەری سوورییەوە ئازاد بکرێن بەڵام سزاکەیان درێژکرایەوە.
-گیرانی کوردێک لە ئەڵمانیا بەناوی عەتا، ناوبراو خەڵکی باشووری کوردستانە و ئەندامی ئەنسارولئیسلام بوو و یەکێک بوو لەوانەی دەستی هەبوو لە هەوڵی کوشتنی ئەیاد عەلـلاویدا.
-سازدانی ڤیستیڤاڵێکی رێزلێنان بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ سێوە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر.
-بەپێی هەندێک سەرچاوەی کوردی فەرەیدوون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ینک بەفەرمی دەستی لە کارکێشاوەتەوە.
-د. نوری تاڵەبانی رایگەیاند کە 85%ی فۆرمەکانی هەڵبژاردن لە کوردستاندا هەڵەیان تێدایە.

-بەهۆی تیرۆرکردنی 4 لاوی کورد لە شارۆچکەی حەویجە دەیان ماڵی کورد لە ترسی تیرۆری عەرەب بەرەو کەرکوک شارۆچکەکەیان بەجێهێشت.
-نزیکەی 30 فەرمانبەری پەروەردەی کەرکوک بۆ چاودێریی سندوقەکانی هەڵبژاردن دانران کە زۆرینەیان تورکمانن.
-وەزیری نەوتی داگیرکەری ئێراقی بڕیاری ئەوەیدا کە ئەو کارمەندانەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک کە پیربوون خانەنشین بکرێن و لەجێیان کەسوکاریان لە کۆمپانیاکە کاربکەن. زۆربەی ئەو کارمەندانەش عەرەبی تەعریبن و کورد ناگرێتەوە.
-وەزیری ناوخۆی داگیرکەری ئێراقی بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکی راگەیاند کە ئەو پۆلیسانەی لە سلێمانی و هەولێر خولی پۆلیسییان دیتووە بە فەرمی ناناسرێن و پێویستە خولی فەرمیی ئێراقییان دیتبێت.
-قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی روویکردە شارەکانی باشووری کوردستان و نرخی 20 لیتر بەنزین لە سلێمانی گەیشتە 18 هەزار دینار و لە هەولێر گەیشتە 26 هەزار دینار.
-بەگوێرەی راپۆرتێک لە ماڵپەڕی پەیامنێرەوە لە پارێزگاکانی رۆژئاوا و باکوری رۆژئاوای ئێرانەوە، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا شەپۆلێکی نوێ لەسەرکوتکردن و بانگکردنی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانە و چالاکانی سیاسی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و وەزارەتی ئیتیلاعاتەوە دەستی پێکردووە. لەرووونکردنەوەیەکی گشتیدا کە یەکێتی جوانانی رۆژهەڵاتی کوردستان (YJK) بڵاویکردۆتەوە، هاتووە: پارێزگای کوردستان، 71 حاڵەتی بانگکردن و گوشاری بەخۆیەوە بینیوە کە شاری سنە 38 حاڵەت، شاری مەریوان 18 حاڵەت و شاری بانە 15 حاڵەت بووە. پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا، 97 حاڵەتی بانگکردن و گوشار، کە شاری ورمێ و ناوچەکانی سەر بەو شارە 41 حاڵەتی بەخۆیەوە بینیوە. شاری مەهاباد 32 حاڵەت، شاری بۆکان 11 حاڵەت، شاری نەغەدە 7 حاڵەت و شاری خۆی 6 حاڵەت بووە. ئەو راپۆرتە دەستنیشان دەکات کە تەواوی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەکان دەکەن، لەسەر بنەمای ترساندن و تۆقاندنی بانگکراوەکان دەڕۆن و هەروەها هانیان دەدەن بۆئەوەی هاوکاری بەسیج و ئیتیلاعات بکەن. هەروەها لەدرێژەی ئەو راپۆرتەدا هاتووە گوشارەکان لەناوچە سنوورییەکانی سەڵماس و ماکۆ و ورمێ بەشێوەیەک بووە، کە دانیشتوانی ئەو گوندانەیان ناچار کردووە تا لەدژی هێزەکانی پەژاک (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) چەک هەڵبگرن و ئەگەر ێتوو خەڵکی هەر گوندێک سەرپێچی بکەن، ئەوا بە شێوازگەلێکی جیاواز سەرکوتیان دەکەن. هەروەها لە درێژەدا هاتووە زۆرێک لەو کەسانەی بانگ کراون، بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ رادیۆی کوردی مەزۆپۆتامیا و کەناڵی تەلەفزیۆنی (ROJ) و داوا کردنی گۆرانی دڵخوازیان، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە.
-بۆ یەکەمجار لە مێژوودا چەند هونەرمەندێکی شێوەکاریی ئامریکی و فەڕەنسی و بەریتانی پێشانگایەکیان لە گەرماوی قەڵای هەولێر کردەوە و دەیان کاری تابلۆ و سیرامیکیان تێدا پیشاندا.
-لکی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەیەوێت بە کۆبوونەوەیەک دەستبەکاربوونی خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام تیرۆریستە عەرەبەکان لێناگەڕێن کە هیچ هۆڵێکیان بەکرێ بدرێتێت بۆ کۆبوونەوەکەیان.
-بەپێی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی مافی مرۆڤ - ینک، ئەمساڵ 130 کورد لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕدراوە.
-کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ئێراق نیشانی هەڵبژاردنی حیزبی زەحمەتکێشان و لیستەی سەربەخۆکانی رەدکردووەتەوە چونکە ئاڵای کوردستانی تێدابووە.
-ئامریکا بڕیاریدا ئەندامێکی پکک بەناوی ئیبراهیم پارلاک لە خاکەکەی بکاتە دەرەوە، نێوبراو لە ساڵی 1992ەوە مافی پەنابەرێتیی لە ئامریکا هەیە و بەوە تاوانبار کراوە کە 2 سەربازی تورکی کوشتبێت، ئەمەش بەپێی یاسای ئامریکا تیرۆرە.
-حیزبی تورکمان ئیللی لە پرۆژەی کاری نوێیدا داوای دانانی 3 پارێزگای تورکمانی دەکات لەسەر زەویی کورد ئەوانیش تەلەعفەر، توزخورماتوو و خانەقینن.
-یەکێتیی ئیسلامیی کوردە فەیلییەکان لیستێکی 20 کەسی بۆ هەڵبژاردن رادەگەیەنێت.
-کۆچی دوایی حەمید بڵباس، نێوبراو سەرۆکی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان بوو.
-کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆریستە عەرەبەکان لە موسڵ شەهزاد محەمەد عەلییان فڕاند و پاش چەند رۆژێک تەرمەکەی دۆزرایەوە.
-بەهۆی مانگرتنی گشتیی کرێکارانی کارگەی رستنی سنە لە مانگی رابردوودا داگیرکەری ئێرانی

شێس ئەمانیی نوێنەری کرێکارانی بۆ لێکۆڵینەوە بانگکرد.
-هەردوو لیستی هەڵبژێردراوی کوردستان بۆ پەڕلەمانی ئێراق و کوردستان، کۆمەڵێک کەسانی جاش و تاوانباری تێدایە لەوانە جەوهەر محێدین جیهانگیر و زۆری تر کە پێشتر یان سەرۆک جاش بوون یان دەستیان لە ئەنفال و ژینۆسایدی کوردا هەیە.
-ڤیستیڤاڵی فیلمی جیهانی لە تاران، لەم ڤیستیڤاڵەدا 120 فیلم بەشدارییان کرد کە 20یان کوردین.
-لەم مانگەدا و لە سنووری پارێزگای کوردستانی بندەستی د.ا 5 کەس بە رووداوی مین گیانیان لەدەستداوە کە 4یان منداڵن. شایانی باسە ئەو مینانە هی سەردەمی جەنگی ئێراق - ئێرانن.
-نووسەر سیروان کاروانی لەلایەن سندووقی دارایی نووسەرانی سویدەوە خەڵاتکرا.
-تیمێکی تەلەڤزیۆنی میدیا کە بۆ بەشداریی ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم چووبووە هەڵەبجە دەستگیرکران و نەیانهێشت بەشداریی ڤیستیڤاڵەکە بکەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4125

**01-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429059

-لیژنەی باڵای ئاوارەکان بە ئامادەبوونی ئیسماعیل حەدیدی سەرۆکی لیژنە و جێگری پارێزگاری کەرکوک و د. کەمال کەرکوکی و نوێنەرانی هەردوو گروپی کورد و کلدوئاشووری، کۆبووەوە. سەرەتا سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاوارەکان رەخنەی لە هەردوو نوێنەرانی تورکمان و عەرەب گرت کە بەبێ هیچ هۆکارێک بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەم لیژنەیە ناکەن کە باس لە پرسی هەنووکەی کەرکوک ئەویش کێشەی ئاوارەکانە دەکەن. دواتر لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە خرایە روو کە شوێنێکی دیکە (شوێنی سێیەمی پێ دەڵێن) بۆ گەڕاوەکان تەرخان بکرێت.
-مۆرکردنی رێکەوتننامەیەک لە نێوان پارتی و یەکێتی لە پیرمام، لەم رێکەوتننامەیەدا هەردوولا بڕیاریاندا لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی تردا بە لیستێکی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنی ئێراق و کوردستان بکەن و ئەو لیستەیەش پارتە ئیسلامییە کوردستانییەکانی تێدا نەبێت. هەروەها بڕیاری ئەوەشیاندا کە هەردوولا بەڕێژەی 50% بەشداریی پەڕلەمانی کوردستان بکەن بەو مەرجەی پارتی بۆ هەبێت کورسییەکی بێلایەن لە پەڕلەماندا دەستنیشان بکات. هەردوولاش لەم رێکەوتننامەیەدا ئەوەیان دڵنیا کردەوە کە کەرکوک شارێکی کوردستانییە و ناکرێت هەڵبژاردنی تێدا پیادە بکرێت تاوەکو عەرەبە هاوردەکان نەنێردرێنەوە و کوردە ئاوارەکانیش لە کەرکوکدا نیشتەجێ نەبنەوە.
-ئاژانسی رۆیتەرز لە زاری بەرپرسێکی سەربازیی تورکیا رایگەیاند کە ئەوان لە شاری موسڵ پێنج لە بەرپرسانی کۆنگرا گەل - پکک یان کوشتووە. بەرپرسەکە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە ئاژانسی رۆیتەرزی راگەیاند کە رۆژی 29-11 ژمارەیەک چەکداری نەناسراو تەقەیان لە ئۆتۆمبیلێک کرد کە ژمارەیەک کادیر و سەرکردەی ئەو حزبەی لەناودا بوو و لە ئاکامدا مەیسا باکی ئەندامی سەرکردایەتیی حزب و دوو ئافرەتی دیکە (کە هەرسێکیان کوردی باشوورن) و چەند کەسێکی دیکەش کوژراون، کە دووانیان کوردی خۆرهەڵات و یەکێکیان کوردی باکوورە.
-رێبوار ئەحمەدی سکرتێری حککع بۆ رۆژنامەی میدیای ئەمڕۆی راگەیاند کە ئەو بەهیچ جۆرێک ئاڵای کوردستانی لا پیرۆز نییە و بە هێمایەکی کۆنەپەرستییانەی دەزانم.
-بەپێی کورتە راپۆرتێکی رۆژنامەی میدیا لەدوای رووخانی بەعسەوە وانەی زمانی کوردی لە بەغدا و ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێراقدا ناخوێندرێن. شایانی باسە لە کاتی بەعسدا لە هەفتەیەکدا 2 وانەی

کوردی هەبوو و هەرچەندە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو و تەنها بۆ ناو بوو و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4126

**02-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429064

-دروستکردنی لیژنەیەکی چاودێریی هەڵبژاردنی ئێراق لە دانیمارک بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا. لیژنەکە 17 کەسن، 9 عەرەب و 8 کورد.
-عەلی باپیری میری کۆمەڵەی ئیسلامی چاوی بەخێزان و کەسوکاری کەوت لە زیندانی ئامریکییەکاندا.
-کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراق بە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان راگەیاند کە ناوەکەیان جوداخواز - ئینفیسالییە و دەبێت ناوی خۆیان بگۆڕن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4127

**03-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429062




-پەنابەرانی کورد لە نەرویژ خۆپیشاندانێکیان سازدا و ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە ناڕەزایی بوو بەرامبەر دەستەڵاتی نەرویژی بۆ نەدانی مافی پەنابەری بە ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتەدا.
-تیرۆریستە عەرەبەکانی موسڵ هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی عەبدولسەلام ئەحمەدەوە رفاند، ناوبراو تەمەنی 35 ساڵە.
-جۆزیف بۆریلی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا لەگەڵ تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی داگیرکەری تورکدا کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆی پەرلەمانی ئەوروپا وشەی کوردستانی بەکارهێنا و بووە هۆی توورەبوونی ئەردۆغان. جۆزیف پاشان رایگەیاند کە دەیەوێت سەردانی دیاربەکر بکات و چاویشی بە خاتوو لەیلا زانا بکەوێت.
-ئیبراهیم جەعفەریی جێگری سەرۆک کۆماری کاتیی ئێراق لە تورکیا رایگەیاند، کە ئێراق تا ساڵی 2006 ئامادە نییە هیچ هەنگاوێک لەدژی پکک بنێت، هەروەها ئەوەشی دڵنیاکردەوە کە ئامادەنین خاکی ئێراق ببێتە جێگای هێرشکردنە سەر دراوسێکانمان.

-تیرۆریستە عەرەبەکان ئۆتومبیلێکی مینرێژکراویان لە نزیک کامپی ئەلکەرامەی پەنابەرانی کوردی خۆرهەڵات تەقاندەوە و بووە هۆی دروستکردنی پشێوییەکی زۆر لەو کامپەدا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و ماڵیی لێنەکەوتەوە.
-ئامریکییەکان نزیکەی 200 تیرۆریستیان لەناو بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لە تەلەعفەردا گرت.
-کۆمەڵەی خوێندکارانی سەربە یەکێتی رایگەیاند کە ئەمساڵ بەشداری ناکات لە هەڵبژاردنی خوێندکاراندا لە هەولێر، ئەگەر ئەو سەرپێچییانەی ساڵی پار دووبارە ببێتەوە و یەکێتیی قوتابیانی پارتیش دەبێت داوای لێبووردن لەمان بکات.
-لە بەرلین هەوڵی کوشتنی ئەیاد عەلـلاویی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی درا، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. پاشتر هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە مەلا کرێکار دەستی لەم کارەدا بێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4128
## 04-12-2004
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121429063

-لە دهۆک بەتەقاندنەوەی پرێک تی ئێن تی هەوڵی تیرۆرکردنی نێچیرڤان ئەحمەدی پارێزگاری دهۆک درا، بەڵام هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
-هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر کاروانێکی پێشمەرگەی ینک لە شاری موسڵ و بووە هۆی کوژرانی 18 پێشمەرگە و برینداربوونی 12ی تر. ئەم هێرشە پاشتر گروپی زەرقاویی تیرۆریست بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر راگەیاند.
-کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر کێشەی بڵاوکردنەوەی کتێبی تورکی بە تیپی لاتینی بەسەر قوتابخانەکانی کەرکوکدا لەلایەن بەرەی تورکمانییەوە، کۆبوونەوەکە بڕیاریدا ئەم کێشەیە بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.
-لەکاتی کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەنووسیی سەرۆکی پەڕلەمانی ئەوروپا جۆزیف بۆرێلی لە تورکیا و راگەیاندنی ئەوەی کە دەوێت بچێتە دیاربەکر و شارە کوردییەکانی تر، رەمەزان بەقاڵی سەرۆکی دەستەی باڵای رێکخراوە مەدەنییەکانی تورکیا چەندین قسەی ناشرینی بە سەرۆکی پەڕلەمانی ئەوروپا گووت و بەوەش وازی نەهێنا کەوتە لێدانی کارمەندانی ئەو هۆتێلەی کە کۆبوونەوەکەی تێدا دەکرا.
-کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند: پارتی و یەکێتی ئێمەیان لە لیستی هاوبەشی پارتە کوردستانییەکان کردە دەرەوە.
-بەستنی ڤیستیڤاڵی 8ەمی گەلاوێژ لە سلێمانی، لەم ڤیستیڤاڵەدا نزیکەی 160 ئەدیبی کورد بەشداریی کرد کە هەندێکیان لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4129

**05-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439065

-حیزبی زەحمەتکێشان رایگەیاند: لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی سەربەخۆدا بەلیستێکی جیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.
-بەپێی ئامارێکی لیژنەی لاوانی شەنگار لەماوەی مانگی رابردووەوە تا ئەمڕۆ 30 کوردی ناوچەی شەنگار لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکان کوژراوە و خەڵکی ئەو ناوچانە ناچاربوون زۆر بەکەمی هاتووچۆی موسڵ بکەن.
-مەحمود ئیبراهیم کە کوردێکی شەبەکی تەمەن 50 ساڵەیە لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە شارۆچکەی بەرتەلە فڕێندرا.
-بەبۆنەی تیرۆرکردنی 18 پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ، مەسعود بارزانی بروسکەیەکی ماتەمینیی بۆ جەلال تاڵەبانی نارد.
-تا 10-12: بەستنی 18هەمین کۆنگرەی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی جیهان لە ژاپۆن، جووتیار نووری بەناوی سەندیکای کرێکارانی کوردستانەوە وەک چاودێر بەشداریی لەم کۆنگرەیەدا کرد. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کورد لەم کۆنگرەیەدا بەشداری بکات.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4130

**06-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439067

-لە هۆڵی میدیای هەولێر کۆڕێکی رێزلێنان بۆ هونەرمەند باکووری سازکرا. هونەرمەند لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی هەولێرەوە خەڵات کرا.
-ئەمڕۆ و دوێنێ: چەند هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی لە موسڵ، بەڵام هیچ زیانێکی ماڵیی لێنەکەوتەوە.
-ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە زۆرینەی 22 دەنگ لە 32 دەنگ بڕیاری دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی لە کەرکوکدادا تاوەکو مادەی 58 دەستووری ئێراق دەچەسپێت و ئاوارە کوردەکان دەگەڕێنەوە و عەرەبەکانیش دەکرێنە دەرەوە. شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا تورکمانەکان و نوێنەری عەرەبە تەعریبەکان چوونە دەرەوە و بەشدارییان لەم دەنگدانەدا نەکرد.
-کوردی فەیلی و شەبەک لە لیستی عەرەبە شیعەکاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.
-سەرۆکی پەڕلەمانی ئەوروپا سەردانی دیاربەکری کرد و لەگەڵ والیی دیاربەکردا کۆبووەوە و رایگەیاند کە زۆر خۆشحاڵ بووە توانیویەتی شوورەی دیاربەکر ببینێت و هیوای ئەوەی خواستووە کە ئەم شوورەیە ببێتە شوێنێکی گەشتوگوزاریی گرنگ بۆ ئەوروپییەکان. پاشان سەرۆکی پەڕلەمان بەزمانی

کوردی سوپاسی والیی دیاریەکری کرد.
-خاتەمی وتارێکی بۆ خوێندکارانی زانکۆی تاران دا و خوێندکارانیش دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە و بووە خۆپیشاندان. شایانی باسە خوێندکاران هەر سووربوون لەسەر داواکاریی خۆیان و خاتەمیش بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێک بدات وتارەکەی خۆیی خوێندەوە.
-هێزەکانی ئاسایشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی خالید سۆفی عەبدولی لە ناوچەی دار پیرخانمی شاری بانەدا تیرۆرکرد.
-پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراقی ڕاگەیاند کە ناوەکەیان ناگۆڕن و پارتەکەشیان لە ساڵی 1993وە بەپێی یاسای پارتەکان لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە مۆڵەتی یاسایی پێدراوە.
-نیوەشەو: بارەگای سەرۆکایەتیی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک هێرشی کرایەسەر و لەچەندین لاوە ئاگربارانکرا، بەڵام ئەم هێرشە هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4131

**07-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439068

-پۆلیسی هۆڵەندی ڕایگەیاند کە دوێنێ تاوانبار فرانس فان ئانراتی لە شاری ئامستەردام دەستگیر کردووە، ناوبراو یەکێک بووە لەو هۆڵەندییانەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بە سەددام فرۆشتووە.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری موسڵ 2 کڵێسەی دیانەکانیان تەقاندەوە و چەند کەسێکیش بریندار بوون. شایانی باسە لەم ساڵەدا دەیان کڵێسە لە شاری موسڵدا کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستان.
-سیامەند بەنا لە هۆڵندا وەک باڵوێزی ئێراق دەستبەکاربوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4132

**08-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439070

-نزیکەی 185 پەنابەری کوردی خۆرهەڵات کە ماوەیەک بوو لە سنووری ئێراق و ئوردون بوون و ساڵانێکیش بوو لە کەمپی ئاڵتاشی شاری روومادی بوون لەلایەن سویدەوە مافی پەنابەرییان پێدرا و برانە سوید.
-سەردانی سەرۆکی کۆریا روا مۆ هیۆن بۆ هەولێر و تێیدا هێزەکانی وڵاتەکەیی بەسەر کردەوە و

سەردانی نەخۆشخانەی زەیتونی کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ سیئۆل، شایانی باسە نێوبراو هیچ بەرپرسێکی کوردی نەبینی. ئەمە یەکەم سەردانی سەرۆکێکی بێگانەیە بۆ باشووری کوردستان.
-عەرەبە تیرۆریستەکان لە موسڵ تەقەیان لە بارەگای ینک کرد و لە ئەنجامدا ئەندامێکی ینک بەسەختی بریندار بوو.
-بەپێی ئامارێک کە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاویکردەوە، ژمارەی دەنگدەرانی عەرەب لە کەرکوکدا 440 هەزارە و ژمارەی دەنگدەرانی کورد 370 هەزار کەسە و تورکمانەکانیش 104 هەزار دەنگدەریان هەیە و ئاشوریش 10 هەزار.
-پارت و رێکخراوەکانی کورد لە سنووری پارێزگای دیالە لەسەر پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردن رێکنەکەوتن.
-د.ا کوردێکی لە ناوچەی مەهاباد بەناوی کەمال پەرویزنیاوە تیرۆرکرد. نێوبراو یەکێک لە کاسبکارەکانی ناوچەکە و لەلایەن پاسدارانەوە تەقەی لێکرا و پاشان لە نەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد.
-هێزێکی پکک لەسەر سنووری سەردەشت پەلاماری هێزەکانی ئێرانیاندا و لە ئەنجامدا 3 سەرباز بریندار بوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4133

**09-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439071

-دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپی جارێکی تر داگیرکەری تورکی بەوە تاوانبار کردەوە کە پێشێلی ئازادیی رادەربڕینی کردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4134

**10-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439072

-دامەزراندنی کانونی نووسەرانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە نەرویژ.
-دۆزینەوەی تەرمی غازی سەلیم مزووری بە سەربڕدراوی لە موسڵ، نێوبراو پێش چەند رۆژێک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لەگەڵ کورەکەیدا رفێندرا بوو.
-تیرۆریستە عەرەبەکان هاوەنێکیان گرتە گەڕەکی قودسی کوردنشین لە موسڵ و بووە هۆی کوژرانی منداڵێک بەناوی عومەر بیلال و برینداركردنی چەند کەسێکی تر.
-هێرشێکی پکک بۆسەر هێزەکانی د.ا. بەڵام د.ا هیچ زیانێکی خۆیی لەم هێرشەدا ئاشکرا نەکرد.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4135

**11-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439073

-دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نزیک پردی دەباشانی شاری سلێمانی.
-لە دوانزەهەمین پاڵەوانێتی نێودەولەتی کاراتی کاسی (ئۆدن ڤاڵد) لەسەر ئاستی ئەوروپا کەلە هۆڵی (ڤیشنتستال هالە)ی شاری (مۆیرلن باخ) لە ئەڵمانیا کە ساڵانە ساز دەدرێت، کیژۆڵەی کوردی تەمەن 10 ساڵ کەناوی (ساڤین تاریق فەقێ عەبدوڵڵا)یە توانی لە هونەری شەاکردن (کیهۆن ئیپۆن کومیتی) مەدالیای پرۆنزی (پلەی سێیەم)ی پاڵەوانێتیەکە بەدەست بهێنێت، کەئەمەش بۆ یەکەم جارە لە پاڵەوانێتیەکی ئاوا نێودەوڵەتیدا و لەسەر ئاستی ئەوروپا کە تێکاای یانە ناسراوە پلە یەکەکانی جۆدۆ و کاراتی بەشداری تێدا دەکەن، منداڵێکی کورد بتوانێت یەکێک لە مەدالیاکانی ئەم پاڵەوانێتیە بەدەست بهێنێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4136

**12-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439074

-لە هەولێر هەوڵی تیرۆرکردنی ئەمین نەجاری بەرپرسی لکی 16ی پارتی درا بە تەقاندنەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەسەر رێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، ئەم تەقینەوەیە بووە هۆی برینداربوونی 2 هاوڵاتی و زیانی ماڵیی کەم. شایانی باسە ئوتومبیلەکە ژمارەی موسڵی پێوەبوو.
-کۆچی دوایی د. کەمال خۆشناو لە ئامریکا بە نەخۆشییەکی کوشندە. نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی ینک بوو و یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان. هەروەها یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی 1968 و دووبارە دروستکردنەوەشی لە ساڵی 1992دا.
-هەردوو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ئۆجاغی تورکمانی لە لیستی کوردستان بۆ هەڵبژاردن کشانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4137

**13-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439075

-تیرۆرکردنی گۆران حسێن لە کەرکوک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو وەرگێرێکی کورد بوو و لەگەڵ هێزەکانی ئامریکادا کاریدەکرد.
-پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان لیستی سەربەخۆی خۆیی بۆ هەڵبژاردن راگەیاند. بەڵام بەشداری لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا ناکات تاوەکو مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق پیادەنەکرێت.
-رێکخراویUNHCR ی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە وڵاتان کرد کە مافی پەناهاندەیی بدەنە ئەو سەدان کوردەی خۆرهەڵات کە ماوەیەکە لەسەر سنووری ئێراق و ئوردونن و هەمیشەش لەبەردەم هێرشی تیرۆریستانەی عەرەبەکاندان.
-تیرۆرکردنی ئەندازیار محەمەد کەریم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو بەڵێندەرێکی کوردی زاخۆ بوو و لە موسڵ کاریدەکرد. هەر لەم رووداوەشدا خێزانەکەی بریندداربوو.
-ئەنسارولئیسلام بەرپرسیارێتیی تەقینەوەی ئەو ئوتومبیلەی گرتە ئەستۆ کە رۆژی 12-12 لەسەر شەقامی 100 مەتریی هەولێر تەقییەوە و بووە هۆی برینداربوونی 2 کەس.
-بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان پڕیاریدا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردن بکات.
-کۆبوونەوەی هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان - یەندەک و پارتی وڵاتپارێزانی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا فەرهاد ئوجەلان رایگەیاند کە هەوڵی تیرۆرکردنی غەفور مەخموریی سکرتێری یەندەک لەلایەن پکک هەڵەیەکی گەورە بوو.
-کۆژرانی هاوسەر و کچی عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆماری پێشووی داگیرکەری ئێراق لە بەغداد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4138

**14-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439076

-لە شاری هەولێر ڤیستیڤاڵێکی گەورەی گۆرانی و موزیکی کوردی دەستپێکرد. ئەم ڤیستیڤاڵە چەند رۆژێک دەخایەنێت و چەندین تیپی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداریی تێدادەکەن، لەوانە تیپیەکانی کامگاران و عەندەلیبی.
-بزووتنەوەی میلـلیی کوردستان پڕیاریدا بچێتە ناو پارتییەوە و پارتیش بەمە رازی بوو. شایانی باسە ئەم بزووتنەوەیە لە 03-12ی ئەم مانگەدا کۆنگرەیەکیان بەست بۆ ئەوەی بچنە ناو پارتییەوە.
-ئەیاد عەلـلاویی سەرۆک وەزیرانی ئێراق رایگەیاند کە 50 ملیۆن دۆلار بۆ بووژاندنەوەی شاری

کەرکوک تەرخان کراوە و ئەوەشی راگەیاند کە لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا کۆدەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم شارە.
-شاندێکی کوردسات لە هەولێر ویستی وێنەی ڤیستیڤاڵی گۆرانی و موزیکی کوردی بگرێت، بەڵام لەلایەن پارتییەوە رێیان پێنەدرا بچنە هۆڵی ڤیستیڤاڵەکەوە، چونکە وێنەگرتن تەنها بۆ کەناڵی کوردستان تی ڤی بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4139
**15-12-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439077



-فیلمی کیسەڵەکانیش دەفرن بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر پیشاندرا و هونەرمەند بەهمەنی قوبادی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی هەولێرەوە خەڵاتکرا.
-جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا هەڕەشەی لە هەردوو داگیرکەری ئێران و سووریا کرد کە دەستنەخەنە کاروباری ئێراقەوە.
-سەردانی وەفدێکی رووسی بۆ سلێمانی و بینی جەلال تاڵەبانی.
سەرچاوەکانی ینک ئەوەیان راگەیاند کە رووسیا دەیەوێت کونسوڵخانەیەک لە سلێمانی بکاتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4140
**16-12-2004**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439079

-ئەیاد عەلـلاویی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی رایگەیاند کە ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبیی ئیسلامییە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە.
-خۆپیشاندانی فراوانی خەڵکی کەرکوک بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق و گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کە داگیرکەری بەعس لە کەرکوک دەریکردوون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4141

## 17-12-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439078

-کوژرانی 4 پاسەوانی باڵوێزخانەی تورک لە بەغدا، ئەمانە لە کاتی گەڕانەوەیان لە بەغداوە بۆ تورکیا لە موسڵ کەوتنە بەر هێرشی چەند چەکدارێکی تیرۆریستی عەرەب و پاش کوژرانیان سەریان لەشیان جیاکردنەوە.
-بەبەشداریی زانکۆی باشووری دانیمارک و سەنتەری ئۆلۆف پاڵمە لە سوید و بەشداریی حکومەتی هەولێر، کۆنفڕانسێکی فراوان بۆ ژینۆسایدی لە سوید بەسترا.
-تیرۆریستە عەرەبەکان موشەکێکی کاتووشایان نا بە ماڵێکی کوردەوە و کە تازە گەڕابوونەوە کەرکوک و بووە هۆی کوژرانی 3 هاوڵاتی و برینداربوونی منداڵێکی تەمەن 10 ساڵە.
-کەناڵی 3ی تەلەڤزیۆنی هۆڵندی لە راپۆرتێکدا رایگەیاند کە تاوانبار فڕانس فان ئانڕات ماوەیەک لەلایەن دەزگای هەواڵدەریی هۆڵندییەوە لە شوێنێکی ئەمیندا پارێزراوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی هۆڵندا هیچ لێدوانێکی فەرمیی لەم بارەیەوە نەداوە. ناوبراو بەوە تاوانبارە کە لە هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی ژەهراویی بۆ داگیرکەری ئێراقی وەدەستهێناوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4142

## 18-12-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439080

-دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانباران عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم ئەحمەدی وەزیری پێشووی بەرگریی داگیرکەری ئێراق.
-ئەحمەد عەسکەریی ئەندامی ئەنجوومەنی کەرکوک رایگەیاند کە ئۆفیسی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی کەرکوک بێلایەن نییە و نزیکەی 70 هەزار کوردی لە دەنگدان بێبەش کردووە.
-دۆزینەوەی تەرمی سەید تەها برادۆستی لە موسڵ، ناوبراو پێش چەند رۆژێک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوو.
-تیرۆرکردنی محەمەد عەدنان عەزیز ئاغای تەمەن 22 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. ناوبراو خەڵکی شێخان بوو.
-ڤیستیڤاڵی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی لە شاری سنە بەڕێوەچوو. لەم ڤیستیڤاڵەدا 11 تیپی موزیک بەشداریی تێداکرد.
-مەهدی زانا لەسەردانێکیدا بۆ باشووری کوردستان رایگەیاند کە بەمەبەستی پیرۆزبایی یەکلیستیی پارتی و ینک هاتووتە باشوور و ئەوەشی راگەیاند کە نایێت عەبدوڵڵا ئوجەلان دەستبخاتە ناو کاروباری پارتە نوێیەکەی لەیلا زاناوە.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4143

## 19-12-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439081

-د. رۆژ نوری شاوەیسی جێگری سەرۆک کۆماری ئێراق لە کەرکوک رایگەیاند: ئەگەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، هەڵبژاردن لە کەرکوک دوانەخات، ئەوا هێزە سیاسییەکان مافی خۆیانە هەر هەڵوێستێک وەربگرن.
-تەرمی د. کەمال خۆشناو لە ئامریکاوە گەیشتە سلێمانی.
-تیرۆرکردنی عەبدوللەتیف حسێن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. نێوبراو شەبەک بوو و ئەندامی ینک بوو.
-تیرۆرکردنی 4 کورد لە شاری حەویجە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.
-لە رێورەسمێکدا لە پاریس نازناوی هاوشاریی فەخری درایە لەیلا زانا و شەقامێکی ئەو شارەش بەناوی ئەوەوە ناونرا. شایانی باسە ئەو شەقامە لە ساڵی 1995ەوە بڕیار درابوو کە بکرێت بەناوی لەیلا زاناوە، بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانیی پاریس چاوەڕوانی ئازادبوونی خاتوو لەیلا بوون تاوەکو خۆی بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکات. ئەو شەقامە لە ساڵانی نەوەدەکاندا هەردوو رۆنیا و رۆندکی نەوەی لەیلا زانای تێدا دەژیان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4144

## 20-12-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439082

-لە مەراسیمی ناشتنی ئەو 5 میتە تورکەی کە هەفتەی رابردوو لە موسڵ کوژران، ژێنەڕاڵ تۆڵۆن رایگەیاند کە ئەمانە کورد کوشتوونی و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی کرد.
-گروپی کورد لە ئەنجوومەنی کەرکوک رایگەیاند کە بەرپرسانی حەویجە لە تیرۆرکردنی هاووڵاتیانی کورد بەرپرسیارن.
-لە ناوچەی تۆبزاوای نزیک کەرکوک گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، ئەم گۆڕە نزیکەی 50 کوردی تێدایە و لە ساڵی 1991دا داگیرکەری ئێراقی لێرەدا ئەنفالی کردوون. شایانی باسە نزیکەی 20 تەرمی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە ناسراوە و کەسوکاریان بردوویاننەتەوە و لە شوێنی خۆیان ناشتوویانن.
-نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دەربارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەرکرد. شایانی باسە ئەم بڕیارە بە دەستپێشخەریی وڵاتی کەنەدا بوو و لە دەنگداندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

-دۆزینەوەی تەرمی موهەنەد ئەکرەم شاکیری کارمەندی تەلەڤزیۆنی کوردسات لە بەغداد، نێوبراو لە 15-12دا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4145

**21-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439083

-یونادم یوسف کەنای سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشووری رایگەیاند: بێ گەڕانەوەی ئاوارەکان و لابردنی سیاسەتە چەوتەکانی بەعس لە کەرکوکدا هەڵبژاردن کارێکی ئەستەمە.
-دانیشتنێکی تری دادگاییکردنی نورییە کەسبیر لە هۆڵندا، بەڵام بڕیاری دادگا بۆ مانگی داهاتوو دواخرا.
-تەقینەوەی بۆمبێک لە بنکەیەکی سەربازیی ئامریکی لە شاری موسڵ و بووە هۆی کوژرانی 15 سەرباز و 5 بەڵێندەری ئەمریکی و 2 کەسی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی عێراق بوون. هەر لەو هێرشەدا 66 کەس بریندار بوون کە 42 کەسیان سەربازی ئەمریکی بوون و 10ی دیکەیان بەڵێندەری ئەمریکی بوون و یەکێکیان سەر بە هێزەکانی ئاسایشی عێراق بووە و 13ی دیکەشیان خەڵکی سیڤیلی ئێراقی بوون. شایانی باسە گروپی تیرۆریستی ئەنسارولسونە بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر بەم کارە راگەیاند.
-رفاندنی 2 هاوڵاتیی کورد لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4146

**22-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439084

-سەردانی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرەک وەزیرانی تورک بۆ سووریا، شایانی باسە تەوەری کۆبوونەوەی ئەم دوو داگیرکەرە لەسەر هەرێمی فیدراڵیی باشووری کوردستان و چالاکییەکانی پکک یە.
-خۆپیشاندانێک لە کەرکوک بۆ نارەزایی لە دژی تیرۆرکردنی ئەو 4 لاوەی کە هەفتەی رابردوو لە شارۆچکەی حەویجە.
-فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن لە سینەمای سیروانی شاری سلێمانی لە نمایشێکی تایبەتیدا پیشاندرا و هونەرمەند بەهمەنی قوبادی و چەند ئەکتەرێکی فیلمەکە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی سلێمانییەوە خەڵاتکران.

-هەڵکەوت عەبدوڵڵا و فەوزی ئەتروشی و 5 ئەندامی تری بزووتنەوەی ریفراندۆم لە نیۆرک 2 ملیۆن ئیمزای کوردیان پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.
-دەستبەکاربوونی پرۆژەی ئینیستیتوتی کەلەپووریی کورد لە سلێمانی.
-نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆرک چاوی کەوت بە شاندی بەرەو ریفراندۆم و نزیکەی 2 ملیۆن ئیمزایان پێشکەشی ئەو رێکخراوە کرد، شاندەکە بریتی بوو لە هەڵکەوت عەبدوڵڵا، فەوزی ئەتروشی، لوقمان محەمەد، د.نەجمەدین کەریم، کەمال میراودەلی، ئەردەشیر رەشیدی و د. سامان شاڵی.
-تا 23-12: کۆنفرانسی 3یەمی پرۆژەی ژنی کورد لە سلێمانی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4147

**23-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439086

-یەحیا عاسی حەدیدیی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی کەرکوک لە ژێر فشاری کوردا دەستی لەکارکێشایەوە، ناوبراو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە کورد پشکی کەمی لە هەڵبژاردنەکاندا بەربکەوێت و خەڵکانێکی زۆریش بێبەشبن لێی.
-ئامریکییەکان لە گەڕەکی رەحیماوای کەرکوک ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان رەشکردەوە، ئەم ئاڵایە لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی پارتییەوە دروستکرابوو. ئەم کردەوەیەکی ئامریکا بووە هۆی تووڕەیی خەڵکی کورد.
-هێزەکانی کۆریا لە باشووری کوردستاندا کەوتنە ئامادەباشییەوە، ئەم هێزانە ترسی بەرەنگاربوونەوەی کاری تیرۆریستییان هەیە و لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە ئاگاداری ئەگەری هێرشی تیرۆریستی کراونەتەوە.
-گیرانی 3 تیرۆریست، یەکیان لە هەولێر و 2یان لە دهۆک لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە، ئەمانە دەیانویست هێرشێکی تیرۆریستی بکەنە سەر هێزەکانی کۆریا لە باشووری کوردستان.
-وەلید شەریکەی سەرۆکی پارتی ئەخائی تورکمانیی ئێراقی لە نامەیەکی کراوەدا داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقی کرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4148

**24-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439089

-تیرۆریستە عەرەبەکان لە سەلمان پاک 3 ئەندامی یەکێتییان فڕاند و یەکێکیشیان بریندارکرد، ئەو 3

ئەندامەی یەک ئەندازیاری ئەشغال بوون و ئەمانە ناوەکانیانە: ئازاد رەزا، فەرهاد کامەران و سەردار مەحمود.
-لە گوندی باخەکۆن تەرمی شێخەکانی نەقشبەندی جارێکی تر نێژرایەوە، شایانی باسە ئەم تەرمانە کاتی خۆی لەلایەن تیرۆریستانەوە لە باخەکۆنەوە بۆ شوێنێکی نەزانراو گوێزرانەوە و مەرقەدی شێخ حیسامەدینی نەقشبەندیشیان تێکدا. بەڵام لەم دواییەدا ئاسایشی یەک لە خورماڵ لە ماڵی تیرۆریستێکدا ئەو تەرمانەی دۆزییەوە.
-دەستگیرکردنی 2 تیرۆریستی عەرەب بەناوی عەبد ئەحمەد حەسەن و عەلی خەڵەف ساڵح لە شاری کەرکوک، ئەمانە بەپێی لێدوانێکی پۆلیس دەستیان هەبووە لە تیرۆرکردنی ئەو 4 کوردەی کە پێش چەند رۆژێک لە حەویجە تیرۆرکران.
-سەرۆک وەزیرانی داگیرکەری تورک رەجەب ئەردۆغان نیگەرانیی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی کە شاندە ئەوروپییەکان بەردەوام سەردانی شاری دیاربەکر دەکەن و ناچنە ناوچە تورکییەکان، هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە سەردانیان بۆ ناوچەی دیاربەکر تەنها هەڵوێستێکی سیاسییە دژی تورک.
-شوفێرێکی کورد بەناوی (رێدار حوسێن) کە لەهێڵی هەولێر- بەغدا کار دەکات، بەخۆی و رێبوارێکی خەڵکی هەولێر بەناوی (نیاز) لەخوار چیای حەمرین لەناوچەی عوزێم تەنیا لەبەر کورد بوون لەلایەن گروپێکی چەکداری تیرۆریستی عەرەبەوە دەستگیرکران و بەرامبەر ئازادکردنیان داوای پارەیەکی یەکجار زۆریان دەکرد. لەئەنجامدا رازیبوون رێدار حوسێن و ئۆتۆمبیلەکەی بەرامبەر 13.200 دۆلار و نیازیش بەرامبەر 10.000 دۆلار ئازاد بکەن و رۆژی 27-12-2004 گەیشتنەوە هەولێر.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4149

**25-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439085

-دەستپێکردنی خوێندن لە زانکۆی ئایندەی تایبەتدا لە شاری سلێمانی، شایانی باسە ئەم زانکۆیە 3 کۆلیژی تێدایە، ئەندازیاری، یاسا و پزیشکی.
-ژمارەیەک لە تورکمانەکانی کەرکوک لە رێپێوانێکدا پرۆتستۆی کورد کوشتنیان کرد لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقییان کرد پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شاری کەرکوکدا.
-تیرۆرکردنی شوکری ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، ناوبراو تەمەنی 51 ساڵ بوو و ئەندامی پارتی بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4150

## 26-12-2004

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439090

-تا 28-12: لە شاری هەڵەبجە ڤیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی ئەنجام دەدرێت. لەم ڤیستیڤاڵەدا نزیکەی 20 کورتە فیلم بەشداری دەکات و فیلمەکانیش لە هۆڵی ئەحمەد موختار جافدا پێشکەش دەکرێت.

-لەیلا زانا لە شاری ئامەد پارتە نوێیەکەی خۆیی ڕاگەیاند، پارتەکە ناوی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتییە و ئەمانەش ئەندامانی سەرکردایەتیین: لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، ئۆرهان دۆغان، سەلیم ساداک، موراد بوزلاق، ئەحەد تورک، محەمەد عەباس ئۆغلو، سەنانیک ئۆنەر، فەرەیدون یازار، تونجەر باکرهان، ئەحمەد توران دەمیر، جەبار لایگارا و ئایسەل تۆغلوک و دۆغان ئەرباشی پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

-کاروان عەبدوڵڵا، ئەندامی بزووتنەوەی ریفراندۆم ڕایگەیاند کە بزووتنەوەکە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئێراقدا لە 30-01-2005 ریفراندۆم لە ناوچە کوردییەکاندا سازدەدات.

-ئاشکراکردنی لیستەی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەڕلەمانی ئێراقی و ئەمانە ناوەکانیانە: 1. جەلال حیسامەددین محەمەد تاڵەبانی (سلێمانی) 2. ڕۆژ نوری سدیق شاوێس (سلێمانی) 3. نەسرین مستەفا سدیق (دهۆک) 4. مەحمود عەلی عوسمان (سلێمانی) 5. فوئاد مەعسوم خدر (هەولێر) 6. کەمیلا ئیبراهیم ئەحمەد (دهوک) 7. بەرهەم ئەحمەد ساڵح (سلێمانی) 8. هوشیار مەحمود محەمەد (دهۆک) 9. نێرگز محەمەد ئەمین (هەولێر) 10. عارف تەیفور عارف (سلێمانی) 11. فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج (سلێمانی) 12. ویداد حەمەغەریب فەرەج (کەرکوک) 13. حوسێن محەمەد تەها (هەولێر) 14. فەرهاد عوسمان عەونی (هەولێر) 15. ئاڵا نووری ڕەشید (کەرکوک) 16. سەعدون یەدوڵڵا شنێ (خانەقین) 17. سالار عیسمەت سەعید (دهۆک) 18. کوردە ئەحمەد تەقی (سلێمانی) 19. سەعدی ئیسماعیل عەبدولکەریم (هەولێر) 20. خسرەو محەمەد سەعید (سلێمانی) 21. شلێر ڕەشید محەمەد ئەمین (کەرکوک) 22. نەهرۆ سەعید سۆفی (هەولێر) 23. ڕەئوف عوسمان ( سلێمانی) 24. زەهرە حاجی تەها (دهۆک) 25. دانا مستەفا محەمەد (هەولێر) 26. دارا نورەددین بەهادین (دهۆک) 27. هەیفا ئەلماس (بەغدا) 28. نەوزاد ساڵح ڕەفعەت 29. ئیسماعیل ڕەجەب ئەحمەد 30. ڕۆژیدە عەبدولقادر شەریف (هەولێر) 31. دیندار نەجمان شەفیق (دهۆک) 32. ئەحمەد وەهاب مەجید (هەولێر) 33. پاکیزە مستەفا ئەحمەد 34. وەلید ساڵح محەمەد 35. سامی ئەحمەد عەلی (هەولێر) 36. ئینتیسار بەکر ساڵح (هەولێر) 37. یەشار محەمەد شاکر 38. دڵشاد بەکر مەولود 39. منیرە عەبدول 40. سەردار ئەنوەر سلێمان (هەولێر) 41. کورئیل ئیشۆ خامس (دهۆک) 42. ئەزهار ڕەمەزان عەبدولڕەحیم (بەغدا) 43. سەلیم بترس ئەلیاس 44. ئەبلحەد ئەفرام ساوا (دهۆک) 45. جاکلین قوسن زومایا 46. فازڵ حەیدەر کاکە ئەحمەد (سلێمانی) 47. ئیبراهیم جەلال مەجید (دهۆک) 48. ئەسمەر حوسێن ئەحمەد (سلێمانی) 49. کامەران خەیری سەعید (دهۆک) 50. عادل ناسر حاجی (دهۆک) 51. نازلین حوسێن فەیزوڵڵا (بەغدا) 52. فارس ناسر (موسڵ) 53. فەرەج میرزا لەتیف (بەغدا) 54. سوهەیلە جەعفەر (بەغدا) 55. حەیدەر قاسم شەشۆ (موسڵ) 56. ئەحمەد ئیبراهیم فارس 57. قسمەت هادی بەهرام 58. عەبدولخالق محەمەد ڕەشید (هەولێر) 59. سەرتیپ محەمەمد حوسێن (کەرکوک) 60. نەرمین سدیق مەعروف (هەولێر) 61. عومران یاوەر قادر (دیالە) 62. تەڵعەت محەمەد عەلی 63. د.پیرۆز کاکەزیاد حەمەئاغا (هەولێر) 64. فایەق ئەحمەد شەعبان (دهۆک) 65. مونزیر عەبدولحوسێن خەلیل ئەلفەزڵ (هەولێر) 66. فائیزە جەبار محەمەد باخان (بەغدا) 67. فریاد محەمەد فەقێ (هەولێر) 68. عومەر عەلی حوسێن 69. نەوال حوسێن دەروێش (دهۆک) 70. عادل تۆفیق ڕەشید (دهۆک) 71. موحسن سەعدون نوح (موسڵ) 72. د.ژیان ئەحمەد عەبدوڵڵا (سلێمانی) 73. ئیسماعیل ڕەجەب ئەحمەد حەدیدی (کەرکوک) 74. فارس یونس گردە برۆ (دهۆک) 75. ئەنهار محەمەد سەعید (موسڵ) 76. عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد کوردە (هەولێر) 77. نەسروڵڵا نەجمەددین سەیفەددین (بەغدا) 78. ویداد خاڵس ڕەشید قازی (هەولێر) 79. عەبدولمەجید عەبدولحەمید عەبدولعەزیز (کەرکوک) 80. بەهرام محەمەد ئەمین 81. سۆلاف عەبدوڵڵا محەمەمد (کەرکوک) 82. مەحمود ئەسعەد فەتاح (هەولێر) 83. جەوهەر محێدین جیهانگیر (موسڵ) 84. مهاباد محەمەد ئەمین (سلێمانی) 85. فەیسەڵ کەریم خان مەحمود (هەولێر) 86. عەبدولباری محەمەد

فارس (موسڵ) 87. ناسکە عەبدوڵڵا رەسول (سلێمانی) 88. نامیق رەقیب محەمەد سورچی (موسڵ) 89. جوکو محەمەد کلحی (موسڵ) 90. شەرمین محەمەدبەگ خۆشناو 91. محێدین رەشید رەمەزان 92. عادل نووری محەمەد 93. بەیان ئەحمەد حەسەن 94. عەلی محەمەد کەریم 95. جەلال ئیبراهیم حەسەن 96. شلێر عەبدولمەجید رەشید (سلێمانی) 97. سەیفەددین نووری مەحمود (هەولێر) 98. موەفەق جەوهەر (کەرکوک) 99. پەیام ئەحمەد (دیالە) 100. سەید تاڵب سەید وەهاب (موسڵ) 101. شێرزاد عەزیز ئاغالی (هەولێر) 102. د.ژیان ئەنوەر رەشید (هەولێر) 103. عەبدولجەلیل رەزا فەیلی 104. عەدنان عەبدولکەریم فەیلی 105. ئیلهام سەعید حەمەئاغا (سلێمانی) 106. دەخیل سەیدۆ حەمۆ (موسڵ) 107. عەتۆ سلێمان خدر (موسڵ) 108. ڤیان سدیق مستەفا 109. زادوق ئادەم باوید (هەولێر) 110. پۆلس مەلەک خۆشابا 111. لەیلا سلێمان حەمەسوور (سلێمانی) 112. عەبدوڵلا کەریم سەعید (هەولێر) 113. محەمەد سدیق عەبدولعەزیز (سلێمانی) 114. بەدریە تۆفیق عەبدولرەحیم (سلێمانی) 115. بایزید عەبدوڵلا 116. جەواد وادی سەعید 117. هودا ئەحمەد سەبری (دهۆک) 118. سەردار ئەنوەر رەشید (سلێمانی) 119. عومەر خدر حەمەد (هەولێر) 120. لانە محەمەمەد عەلی حافز (سلێمانی) 121. عەلی رەئوف غەفور رەئوف (سلێمانی) 122. شەریف عەزیز سۆفی شەریف (سلێمانی) 123. خەدیجە خەدیدی بەخش 124. عەبدول لەتیف عەبدولمەجید گوڵی (کەرکوک) 125. فەوزی عەزیز میرزا (دهۆک) 126. نەرمین قادر مەحمود 127. فاروق سابیر محەمەد 128. حەبیب محەمەد دەروێش 129. نەورۆز عیززەددین قەرەمحەمەد (کەرکوک) 130. عیماد جەمیل قاسم (دهۆک) 131. د.فوئاد حەمە خورشید (بەغدا) 132. زێرین ئەحمەد تەحسین 133. عەلی ئەمین مزوری 134. مستەفا عەرەب حەمەد حەسۆ 135. حەیات ئەحمەد عەبدولرەحیم (موسڵ) 136. د.عەلی حوسێن بلۆ (دهۆک) 137. د.جەعفەر حوسێن خدر (هەولێر) 138. سروە یونس محەمەمد (هەولێر) 139. یوسف ئەحمەد مستەفا (هەولێر) 140. ساڵح عەبدوڵلا مەحمود (کەرکوک) 141. گولیزار شەفیق عەبدوڵلا (هەولێر) 142. عەبد جوبرەئیل رزوقی (موسڵ) 143. نەوزاد نافیز جەلال (هەولێر) 144. لەیلا محەمەد غەریب (کەرکوک) 145. خدر ئەکبەر حەسەن (کەرکوک) 146. کامیل عەبدوڵلا کاکەحەمە (کەرکوک) 147. لەیلا بایز مەحمود (کەرکوک) 148. لەتیف عەبدولقادر نەجمەددین (کەرکوک) 149. محەمەد عەبدولرەحمان نەجمەددین (کەرکوک) 150. منیرە ئەبوبەکر مستەفا 151. بەشار ئیسماعیل ئەحمەد 152. عیسمەت ئەمین ناسر (دهۆک) 153. غەزالە محەمەد (سلێمانی) 154. یەحیا بابەرەسوڵ عەبدولعەزیز 155. مەلا رەشید کوردۆ رەشید (هەولێر) 156. شیلان خسرەو تۆفیق 157. عەبدولڕەحمان ئەمین گۆمەشین (هەولێر) 158. سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم (سلێمانی) 159. زانا حەمەد ئەمین (هەولێر) 160. ئیبراهیم میرانی 161. عەبدوڵلا رەزا عەبدوڵلا رەسوڵ 162. سەبریە بابەکر ئەحمەد (سلێمانی) 163. نەزیرە ئیسماعیل کەریم 164. عەرەب محەمەد ئەمین (سلێمانی) 165. عەبدوڵلا محەمەد سەعید (دهۆک(

-دەزگای ئاراس لە هەولێر لە هۆڵی شیراتۆن و بەئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی ئەم نووسەرانەی کرد: دکتۆر مارف خەزنەدار، ئەحلام مەنسور، حەمەسەعید حەسەن، فەلەکەدین کاکەیی و د. مونزر ئەلفەزل.

-نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند کە بەهیچ جۆرێک رازی نابین لە %20 کەمتری بودجەی ئێراقمان بدرێتێ، ئەگەرنا ئەوا رەنگ بێت بڕیاری تر بدەین.

-مۆزەخانەی شارستانیی هەولێر لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تاڵانکرا.

-کۆبوونەوەی جیمس جێفریی نوێنەری تایبەتیی جۆرج بوش لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوک نێوبراو لە زمانی بوشەوە رایگەیاند کە خۆشحاڵە بە هاوپەیمانێتیی پارتی و ینک لە هەڵبژاردندا.

-دامەزراندنی بزووتنەوەی نا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئێراق.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4151

**27-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112143909З

-سەرۆک وەزیرانی داگیرکەری سووری رایگەیاند کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ ئێمە تێپەڕاندنی هێڵی سوورە.
-سەدان شۆفێر لە هەولێر خۆپیشاندانێکیان لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین سازکرد.
-تەجەموعی عەرەبی لە کەرکوک کە رێکخراوێکی شۆڤێنیی عەرەبە هاوردەکانە هەڕەشەی لە وەلید شەریکەی سەرۆکی پارتی ئەخائی تورکمانیی ئێراقی کرد چونکە ناوبراو پێش چەند رۆژێک و لە نامەیەکی کراوەدا داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقی کرد.
-هەردوو هاووڵاتی (مزەفەر تۆفیق خالید) لەدایکبووی 1975 و (بارزان یەحیا وسو) لەدایکبووی 1974، کە هەردووکیان (خەڵکی ناحیەی قەراج)ی سەر بەقەزای مەخموورن، لەچوارڕیانی (حاجی عەلی-گەیارە) لەلایەن باندێکی عەرەبە تیرۆریستەکانی ناوچەکە دەگیرێن و دواتر هەردوو گەنجەکە سەردەبڕن و تەرمەکانیان لەنێوان گوندی سەیداوە و کەبەرۆک (کە دوو گوندی عەرەبنشینن) فڕێ دەدەن.
-دوو هاووڵاتیی کوردی شاری مەخموور بەناوی (حەسەن بەکر عومەر) و (دەخیل حەسەن) لەلایەن گروپێکی تیرۆریستە عەرەبەکان رفێنراون و براون بۆ گوندی (ستێرات) و بەرەبەیانی 29-12-2004 عەرەبە تیرۆریستەکان (دەخیل حەسەن)یان هێناوەتە نزیک مەخموور و ئازادیان کردووە و گوتوویانە تا کاتژمێر 4ی ئێوارەی ئەمڕۆ (10000) دە هەزار دۆلارمان بۆ نەهێنن سەری (حەسەن بەکر عومەر) دەبڕین.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4152

**28-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112143909Ꮞ

-هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئامریکا رایگەیاند کە ئامریکا نابێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعە لە باشووری ئێراقدا رازی ببێت، ئەوەشی راگەیاند کە پاش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەبێت ئێراق بەش بکرێت بۆ 3 دەوڵەت ئەوانیش کورد، سوننە و شیعەن.
-کچێکی عەبدولسەلام عارف لە ئوردونەوە رایگەیاند کە ئامریکا و پێشمەرگەی کورد بوونەتە هۆی تیرۆرکردنی خوشکەکەیی و مێردەکەیی و کورەکەیان.
-لوید مایلزی سەرۆکی هێزەکانی ئامریکا لە کەرکوک رایگەیاند کە نابێت لە کەرکوک ئاڵای هیچ نەتەوەیەک لە شوێنە گشتی و فەرمانگە فەرمییەکاندا هەڵبدرێت.
-یەکەمین ڤیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبیی سەنتەری لاوانی کوردستان - ینک لە کەرکوک.

-شاندێکی ئەمریکی لەگەڵ سەرکردایەتی PKK کۆنگرەی گەل) پێکەوە دانیشتن و کۆبوونەوە.
شاندی ئەمریکییەکان کەبە سێ هەلیکۆپتەر لەبناری قەندیل نیشتنەوە لەناوچەی (رەزگە و مارەدوو)ی سەر بەقەڵادزێ لەگەڵ سەرکردایەتی PKK کۆبوونەوە. بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەوە سێیەمین جارە کۆبوونەوە لەنێوان ئەمریکییەکان و سەرکردایەتی PKK دا ئەنجامدەدرێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4153

**29-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439095

-ئاژانسی دەنگوباسی ئێراقی رایگەیاند: کوردەکان هاووڵاتیانی خۆیان لە حەویجە دەکوژن بۆ ئەوەی بەرەو کەرکوک رابکەن و لەوێ دەنگی زۆرتر بهێنن لە هەڵبژاردندا.
-دادگایەکی داگیرکەری سووری 15 کوردی بەتاوانی بەشداریکردن لە راپەرینەکەی ئەمساڵدا دادگایی کرد. دادگاکە بریارەکانی خۆیی بۆ مانگی 02-2005 دواخست و پارێزەرانی ئەو زیندانییانەش ئەوەیان راگەیاند کە باری تەندروستیی زیندانییەکان زۆر خراپە.
-پاش ئەوەی لە ناوەراستی ئەم مانگەدا دوو گۆری بەکۆمەڵ لەناوچەی دەباشانی نزیک شاری سلێمانی دۆزرانەوە، سەلاح رەشید وەزیری مافی مرۆڤ لە ئیدارەی سلێمانی رایگەیاند کە مێژووی ئەو دوو گۆرە بۆ کۆرەوەکەی ساڵی 1991 دەگەرێتەوە و لەیەکێک لەو گۆرانەدا ئێسک و پروسکی شەش قوربانیی دۆزراونەتەوە کە بەپێی توێژینەوەکان دووانیان ئافرەت و چواریشیان هی پیاون. لەو لێدوانەیەدا بۆ ژمارەیەک لە دەزگا نێوخۆییەکانی راگەیاندن لەشوێنی گۆرە بەکۆمەڵەکان، وەزیری مافی مرۆڤ گوتی: دەربارەی ژمارەی قوربانییەکانی ئەو گۆرە بەکۆمەلاóنە زانیاریی جۆراوجۆرمان بەدەست گەیشتووە کە بەپێی هەندێکیان 40 – 50 تەرم لەو گۆرانەدا هەیە و هەندێکی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن کە رەنگە ژمارەکە بگاتە 400 تەرم.
-لە دانیشتنی ژمارە 33ی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق کە تەرخان کرابوو بۆ پەسەندکردنی بودجەی پێشنیارکراوی ساڵی 2005، لە دوا رەشنوسی بودجەکەدا 17%ی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کرابوو، بەلاóم کورد بەو بودجەیە رازی نەبوون، بۆیە داوایان کرد بودجەی هەرێمی کوردستان ببێتە 25%ی بودجەی تەواوی عێراق، لە کۆتایدا نەگەیشتنە ئەنجام و پرۆژەی بودجەکەش پەسەند نەکرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4154

**30-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439096

-ینک رایگەیاند کە لە کەرکوک بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکات تاوەکو مادەی 58 دەستووری کاتی جێبەجێنەکرێت.
-چەند تیرۆریستێک ویستیان بۆمبێک لەبەردەم بۆرییەکی نەوتی کەرکوکدا دابنێن بەڵام بۆمبەکە زوو تەقییەوە دووان لە تیرۆریستان کوژران و یەکێکیشیان برینداربوو.
-تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشێکیان کردە سەر لیژنەی ناوچەی پارتی لە زوممار. بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
-کۆتایی ئەم مانگە: پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان پریاریدا لە هەڵبژاردنەکانی ئێراق بکشێتەوە. چونکە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن بە پارتی ناوبراوی راگەیاندبوو کە ناوەکەیان جووداخواز - ئینفیسالییە و دەبێت ناوی خۆیان بگۆڕن.
-سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە موسڵ دەستی لەکار کێشایەوە.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری بەغدا هاووڵاتیی کورد ئەرسەلان کاکەییان فڕاند و پاشان سەریانبڕی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4155

**31-12-2004**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830121439099

-پەرلەمانی کۆریای باشوور بەزۆرینەی دەنگ بریاری درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی خۆیی لە باشووری کوردستان تا ساڵی 2006دا.
-تیرۆریستە عەرەبەکان راکێتێکی کاتیۆشایان نا بە گەرەکێکی کورد لە باکووری کەرکوکدا و بووە هۆی برینداربوونی کوردێک.
-لە کاتێکدا یانەی وەرزشی کەرکوک لە موسڵەوە دیویست بچێت بۆ دهۆک عەرەبە تیرۆریستەکان رێیان پێدەگرن و سووکایەتییان پێدەکەن، بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە دەکەن کە کوردیان لەگەڵدایێت و بەو جۆرە رزگاردەبن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4156

**2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830121489236

-لە ماوەی خوێندنی ئەمساڵدا 9 مامۆستا و 32 خوێندکاری زانکۆی موسڵ کوژراون.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4157

**00-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439101

-لەبەر هەڕەشەی تیرۆریستە عەرەبەکان چەند خێزانێکی کورد شاری موسڵیان جێهێشت و بەرەو دهۆک و هەولێر کەوتنە رێ.
-کۆمەڵەی بەرگری لە پەنابەرانی ئێراقی رایگەیاند کە دەستەڵاتدارانی ئوردونی دەدادە دادگایەکی نێودەوڵەتی، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی ئەم وڵاتە دەستیان لە کوشتنی کورد و شیعەدا هەیە لە ساڵی 1991دا.
-هونەرمەند بەهمەنی قوبادی دەبێتە راوێژکاری وەزیری رۆشنبیریی ئێراق بۆ زیندووکردنەوەی سینەمانی ئێراقی.
-تەقینەوەی مینێک لە ناوچەی مەریوان و بووە هۆی برینداركردنی هاووڵاتییەک، ئەو مینە هی سەردەمانی جەنگی ئێراق - ئێرانە.
-ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی مانگی پێشوو لە هەولێر دەستگیرکران.
-وەزیری ژینگەی ئێراقی رایگەیاند کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە حیزبی بەعس بەشداریی هەڵبژاردن بکات.
-پاش سەردانی باشووری کوردستان، ئارمیتاژ سەردانی تورکیای کرد و هەردوولا لەسەر کەرکوک ناڕێک بوون. ئارمیتاژ رایگەیاند کەکێشەی ئەو شارە بەپێی دەستووری ئێراق چارەسەر دەکرێت.
-سەرەتای ئەم مانگە: پێکدادانێک لە نێوان کاسبکارانی ناوچەی سەوڵاوای سنە و د.ا و بووە هۆی برینداركردنی 4 کەس.
-کوژرانی لاوێک لە سنە بەناوی ئەفشینەوە، لەلایەن د.ا.
-بڵاوکردنەوەی لیستی بێلایەنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمانە ناوەکانیانە: 1. د.فەرهاد پیرباڵ 2. د.دڵشاد گەنجۆ 3. سالðóح برێخت 4. تەڵعەت نادر 5. د.فەرەیدون رەفیق حیلمی 6. د.جەمال عەبدولکەریم فوئاد 7. د.ئیحسان فوئاد 8. د.ئومێد نوری 9. د.ئیبراهیم خورشید 10. کەریم جومعەجوبرائیل 11. جەمال بەکر قەساب 12. سەربەست تۆفیق قەزاز 13. فەوزی رەفیق حیلمی 14. ساڵح موراد عیدۆ 15. لوقمان حەکیم رەحیم 16. حسێن ئیبراهیم حەمو 17. محەمەد باقی سەعید 18. جەبار ئەحمەد سابیر 19. بەهادین نوری 20. کەریم غەفور (کەریمۆک) 21. کەمال رەئوف رەحیم 22. تەحسین سابیر عەلی شەونم 23. عەلی شەونم 24. رزگار کەریم محەمەد 25. پەروین عەبدلمەجید گلی 26. تەرزە فایق ئەحمەد 27. پەروین محەمەد ئەمین عەلی 28. هەڵاڵە سەڵاح ئەحمەد 29. نیان عەلی ئەحمەد 30. فەزیلە ئیبراهیم ساڵح31. ئاشتی عەزیز ساڵح 32. رۆشنا ئەحمەد رەسوڵ 33. دڵسۆز مەحمود تاهیر 34. روناک عەبدولمەجید بەرزنجی 35. ساکار محەمەد عەبدولسەلام 36. ئەنوەر غەریب ساڵح 37. کامیل محەمەد مستەفا 38. غەنی رەشید نانەوا 39. جەمال رەئوف.
-گیرانی 9 تیرۆریستی عەرەب لە حەویجە کە پێدەچێت دەستیان لە کوشتنی ئەو 4 کوردەدا هەبێت کە مانگی پێشوو لە حەویجە تیرۆرکران.
-د.ا لە ناوچەی بانە 2 کوردی بە تاوانی قاچاخچێتی گوللەبارانکرد و هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.
-لە کەرکوک 5 پارتی کوردستانی و تورکمانی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی کەرکوک کشانەوە، ئەوانیش: پارتی برایەتیی تورکمان، حیزبی سۆسیالیستی دیوکراتی ک وردستان، حیزبی شیوعیی

ئێراق، حیزبی شیوعیی کوردستان و پارتی ئەفسەرانی ئازاد بوون.
-بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکمان لە بەیانێکدا رایانگەیاند کە کورد دەیانەوێت شارۆچکەی تەلەعفەری تورکمان بکەنە کورد و فەرمانگەی ناسنامە و تاپۆی شارەکەیان سووتاندووە.
-د.ا ماڵپەڕی پەیامنێری فیلتەر کرد، تاوەکو کوردی خۆرهەڵات نەتوانێت بیکاتەوە، شایانی باسە لە ساڵی رابردوودا د.ا گەلێک لە ماڵپەڕە کوردییەکانی فیلتەر کردووە و خەڵکی ناتوانن بیکەنەوە.
-بەگوێرەی راپۆرتی هەواڵنێری پەیامنێر لە شاری سنەوە، ئاستی فەسادی ئەخلاقی تا تەمەنی 13 ساڵیش دابەزیوەتە خوار و کچان لەم تەمەنەدا پەنا بۆ کاری لەشفرۆشی دەبەن و ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا سێ ساڵ لەمەوبەر لە تەمەنی 17 ساڵاندا بوو.
-پاش چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، 170 هەزار هاووڵاتی لە کەرکوک کە پتر لە 145 هەزاریان کوردن مافی دەنگدانیان دەبێت.
-حکوومەتی هەولێر بڕیاریدا کە ئەو 512 ماڵەی کە لە تەقینەوەکەی رۆژی 09-09-2003ی گەڕەکی شۆڕشدا لە هەولێر زیانی جۆراوجۆریان بەرکەوتبوو، قەرەبوو دەکرێنەوە.
-لە راپرسییەکی رۆژنامەی خەباتدا لە زانکۆی سەلاحەدین : 17% ی قوتابیان کارە تیرۆرستییەکانی عێراق بە بەرگریی نیشتمانی و 4%یش بە جیهادی دەزانن.
-تەقینەوەی ئوتومبیلێکی پەیکان بەهۆی بۆمبایەکەوە لە شاری سەردەشت، بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە.
-کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سیستەمەکانی راگەیاندنی ئەلکترۆنیکی، خەڵاتی زانستی خۆیان بەهۆی بەرهەمهێنانیD.C.M.S ، لەنێوان دە میلیۆن بەشدار بوو لە 145 وڵاتی جیهاندا دایە سەلاحی شاسواری. ئەو بەرهەمە توانای ئەوەی هەیە پشتیوانی لەتەواوی زمانەکانی جیهان بکات ودەتوانێت لەهەرکاتدا، هەر کەسایەتییەکی هەواڵگری، بەشێوەی ژێروی وێب، هاوشێوە سازی بکات. نێوبراو خەڵکی شاری سنەیە.
-حجت الاسلام حەزرەتی، بەرپرسی لقی عەقیدەتی سیاسی هێزەکانی ئینتیزامی پارێزگای کوردستان لەکاتی چوونی بۆ مەریوان، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە چەند کیلۆمەتری شاری سنە، لەئۆتۆمبێلەکەی دەهێنرێتە خوارەوە و بەتوندی لێی دەدرێت و پاشان رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت.
-لە درێژەی بلاóو کردنەوەی پرۆگرامی لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەرەی تورکمانی لە خاڵی (7)ی بەرنامەکەی خۆیدا داوای ئەوەی کردووە کە کەرکوک بکرێت بەهەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ و سەرۆکی حکومەتەکەی تورکمان بێ و جێگرەکەی کورد و سەرۆکی پەرلەمانیش عەرەب بێت. لەخاڵی (8)ەهەمیش داوا دەکرێت زمانی تورکی هەروەک زمانی عەرەبی ببێت بەزمانی رەسمی ناوچە تورکمانییەکان. هەروەها داواکراوە تەلەعفەر و دووز خورماتوو ببن بە پارێزگا.
-لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی دوو قۆڵیدا لە نێوان تورکیا و عێراق، لایەنی تورکی فایلێکی رەنگ سوری پێشکەش بەلایەنی عێراقی کرد کە ناوی 148 ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکەی تێدایە. لەو لیستەدا ناوی عوسمان ئوجەلان و موراد قەرەیلان و کانی یەلماز و جەمیل بایک و دۆران کاڵکان هەبووە. هەمان لیستیش پێشکەش بە جۆن ئەبی زێد کراوە و داواکراوە کار بۆ دەستگیر کردنیان بکرێت.
-نزیکەی 4000 حاجیی کورد لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بە 2 فڕۆکەی ئێراقی و 2ی ئوردونی گەیشتنە جدە، شایانی باسە زۆربەی ئەم حاجییانە ئالای کوردستانیان پێبوو و لە فڕۆکەخانەی جدەش ئالای کوردستان لە تەنیشت ئالای ئێراق بەرزکرایەوە.
-نامیق رەقیب سورچی و جەوکۆ محەمەد کەلحی رێکانی کە هەردووکیان ماڵیان لەشاری موسڵە و سەر بەدوو بنەماڵەی سەرۆک جاشی پێشووی سەددامن و لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەڕلەمانی عێراق وەک پاڵێوراو ناویان بڵاوکرایەوە، لەسەرەتای ئەو مانگەدا کشانەوەی خۆیان لەهەڵبژاردن راگەیاند.
-د. عەلی سەعید بووە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی.
-بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لەکەرکوک بۆ رۆژنامەی میدیای راگەیاند: 3150 مامۆستای کوردی قوتابخانە کوردییەکانی کەرکوک لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە مووچەیان پێنادرێت.
-پارتی و یەکێتی لیژنەیەکی هاوبەشیان بۆ پەرەپێدانی کەرکوک دامەزراند بەناوی لیژنەی پەرەپێدانی کەرکوک و پری 100 ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخانکردووە، کە لەبوارە جۆراوجۆرەکان و گێرانەوەی سیمای

راستەقینەی کەرکوکدا خەرج دەکرێت.
-جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا گرنتییەکی نووسراویان لە غازی یاوەر و ئەیاد عەلاوی و نوێنەرانی بەریتانیا و ئامریکا وەرگرت بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق سەبارەت بە کەرکوک بەرامبەر بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا.
-زۆرینەی شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە باری نائاساییدان بەهۆی فشاری داگیرکەری ئێرانەوە.
-د.س رایگەیاند کە نابێت زمانی کوردی لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی ئێراق لە سووریادا بەکاربهێنرێت بۆ ئەو 250 هەزار ئێراقییەی کە لە سووریادا دەژین.
-لە شاری هەولێر زۆربەی ئەو پۆستەرە پروپاگەندەییانەی هەڵبژاردن کە ئاڵای کوردستانی لەسەربوو دڕێنراون بەڵام ئەوانەی نەخشە و ئاڵای ئێراقیان بەسەرەوەیە وەک خۆی ماونەتەوە.
-بەپێی راپرسییەک کە سایتی پەیامنێر لە سلێمانی ئەنجامیداوە، زۆرینەی ژنانی کورد ئەو ژنانە ناناسن کە پاڵێوراوی پەرلەمانی کوردستان و ئێراقن و زۆربەیان پاڵێوراوی حیزبەکانن و لە بەرژەوەندیی حیزبەکانیان کاردەکەن.
-ژەنەراڵ جۆن باتیستی فەرماندەی تیپی یەکی مارینز لە سنووری ناوچەکانی کەرکوک و تکریت و بێجی لە بارەی سەرژمێری کردەوە تیرۆرستییەکان، رایگەیاند: لە مانگی فێبریوەریی ساڵی رابردووەوە 00-02-2004 تاکو ئێستا 00-01-2005، 87 ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو لە باکوورو ناوەراستی عێراق لە ناوچەکانی کەرکوک و تکریت و بێجی تەقیونەتەوە، تەنها لەم سێ ناوچەیەدا 45 ئوتومبیل بە هۆی کاری خۆکوژی تەقیوەتەوە ، 42 ئوتومبیلیش بە هۆی کۆنترۆڵەوە تەقیوەتەوە. شایانی باسە بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییانەی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ژمارەیەکی زۆری کورد کوژراون.
-بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان نامەیەکی بۆ کۆفی ئەنانی سکرتێری رێکخراوی ن.ی نارد و تیایدا کوردی بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەیانەوێت ساختە کاری لە هەڵبژاردنەکان بکەن و ژمارەی دانیشتوانی کورد بۆ 400 هەزار کەس بەرز بووەتەوە کە هەندێکیان خەڵکی ئوردوگای مەخمورن و بەڵگەنامەی ساختەیان دروست کردووە.
-حکومەتی ئێراقی لیژنەیەکی بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتی پێکهێنا کە تا کۆتایی ئەمساڵ سەرپەرشتیی ئەو جێبەجێکردنە دەکات.
-ناوەڕاستی ئەم مانگە: د.ت رایگەیاند کە لە ناوچەی شرناخ لە پێکدادانێکدا 5 پێشمەرگەی پکک ی کوشتووە، بەڵام هیچی لەبارەی زیانەکانی خۆی رانەگەیاند.
-ناوەڕاستی ئەم مانگە: حکومەتی هۆڵندی 2 ئەندامی بەرزی پکک ی لە هۆڵندا دەستگیرکرد.
-منداڵێکی نەخۆشی کورد لەبەرئەوەی ناوی وڵات بوو لە نەخۆشخانەی رها لەلایەن دکتۆرێکی تۆرانییەوە دەرماننەکرا.
-بەهۆی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە نرخی دیناری ئێراقی لە بازاڕەکان بەرزبووەوە. شایانی باسە نرخی ئەم دراوە ساڵانێکی زۆر هەر لە دابەزیندا بووە.
-هونەرمەندی شێوەکار عوسمان قادر لە شارەکانی سنە و سەقز پێشانگایەکی کردەوە و خەڵکێکی زۆر سەردانی ئەم پێشانگایەی کرد کە 116 تابلۆی لەخۆگرتبوو.
-عەبدوڵڵا گوڵ نامەیەکی نارەزایی بۆ کوفی ئانان نارد سەبارە بە رەوشی کەرکوک و گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان و وەرگرتنی مافی دەنگدان.
-شەپۆلێکی سەرما و بەفر هەردوو بەشی باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە رێگاوبانەکان گیران و چەند کەسێکیش بوون بەژێر هەرەسی بەفرەوە.
-ئەم مانگە وا نیاز بوو کە ئیبراهیم تاتلیس لە خۆرهەڵاتی کوردستان کۆنسێرتێکی کوردی پێشکەش بکات، بەڵام د.ا رێگەی نەدا.
-نزیکەی 105 کەسایەتی ناسراو، هونەرمەند، رۆشنبیر، نووسەر، رۆژنامەنووس و چەند رێکخراوێکی پیشەیی و کەلتوری لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە نامەیەکی کراوەیان بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور نارد و تێیدا پشتگیریی خۆیان بۆ لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان دەردەبڕن. لە نامەکەیاندا دەڵێن کەوا هەرچەندە ناتوانن لەو دەنگدانە بەشدار بن، بەڵام رایدەگەیەنن کە لەگەڵ سەرکەوتنی ویست و ئیرادەی گەلی کوردستاندان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.
-سەرداری سەیفی قازی کە رۆژی دووی رێبەندان لە چالاکیی ساڵیادی کۆماری کوردستاندا، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی شاری مەهاباد بەشداریی کردبوو، لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری ئیسلامیی

ئیرانەوە دەستگیر کرا.
-کۆتایی ئەم مانگە: لەو 280.303 کەسەی کە لەدەرەوەی ئێراق ناوی خۆیانیان بۆ هەڵبژاردن تۆمارکردووە 210 هەزاریان کوردن.
-فەهمی کاکەیی بۆ جاری دووەم لە سوید لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کتێبی خوێندنگەوە خەڵاتکرا، نێوبراو سەرپەرشتیی دانانی کتێبی خوێندنگە دەکات بۆ پۆلە کوردییەکان لە وڵاتی سوید.
-قەدەغەکردنی تابلۆ کوردییەکانی سەر دوکانەکانی شاری سنە لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە. بەوپێیە خاوەن دوکانەکان دەبێت تەنها بەزمانی فارسی تابلۆی دوکانەکانیان بنووسن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4158
**01-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439100

-سەردانی ریچارد ئارمیتاژی جێگری وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ هەولێر و لەگەڵ مەسعود بارزانیدا کۆبووەوە، سەرچاوەکان وازادەگەیەنن کە تەوەری گفتوگۆی نێوانیان هەڵبژاردنی کەرکوک بووە. نێوبراو نامەیەکی جۆرج بوشی دایە مەسعود بارزانی.
-تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای ینک لە موسڵ بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە.
-بەشێک لە حاجییەکانی کورد لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەئاڵای کوردستانەوە بەرەو مەککە بەڕێکەوتن.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە موسڵ ئەحمەد محەمەد یونسیان فڕاند، نێوبراو کوردە و تەمەنی 32 ساڵە و سەربە هیچ لایەنێکی سیاسی نییە.
-بەهۆی تەقینەوەی پڕێک تی. ئێن. تی.یەوە 2 کارمەندی ئاسایشی هەولێر کوژران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4159
**02-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439102

-بەشێک لە ئەندامانی پەڕلەمانی ئێراق لە شاری هەولێر لە باڵەخانەی پەڕلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان کۆبوونەوە. واپڕیار بوو زۆرینەی ئەندامانی پەڕلەمانی ئێراق لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربن بۆ گفتوگۆکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتی ئێراق و بەرزکردنەوەی بودجەی کوردستان، بەڵام ژمارەیەکی کەم نەبێت لە ئەندامانی پەڕلەمانی ئێراق بەشدارییان نەکرد.
-دۆزینەوەی 2 تەرم لە موسڵ کە یەکێکیان کوردە و ئەوی تریان هێشتا نەناسراوە. ئەمانە لەلایەن

تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەرپراوون.
-کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی ینک و پارتی لەگەڵ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی کەرکوک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو زۆرتر لەو 100 هەزار کوردەی کە بێبەشن لە فۆرمی هەڵبژاردن.
-تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشێکیان کردە لکی 14ی پارتی لە موسڵ و بووە هۆی بریندارکردنی 3 ئەندامی پارتی و زیانی ماڵیشی لێکەوتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4160
**03-01-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439107
-گروپی کوردیی ئەنجوومەنی شاری کەرکوک بۆ چوارەم جار لە یاداشتێکدا داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکوکی کرد.
-بەهۆی هەڕەشەی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە خێزانێکی کورد شاری رووماديی جێهێشت و لە جەلەولا جێگیربوون.
-دۆزینەوەی 2 تەرمی کورد لە دووریانی قەرەقۆش - گوێر. ئەمانە پێش چەند رۆژێک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوون و پاشان گوللەبارانکراون.
-یەکێتیی قوتابیانی کوردستان - پارتی، جارێکی تر لە دەروازەی رەحیماوای کەرکوک ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان نەخشاندەوە، ئەم ئاڵایە مانگی پێشوو لەلایەن ئامریکییەکانەوە کوژێنرایەوە.
-گروپێک کە ناوی خۆیی ناوە بازەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی 10 خولەک بورجی چاودێریی فڕۆکەخانەی سنەی ئاگربارانکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4161
**04-01-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439103
-تیرۆرکردنی پارێزگاری بەغدا. نێوبراو ناوی عەلی رازی ئەلحەیدەری بوو.
-ئیتلاعاتی د.ا، رۆژنامەنووس شەمزین جیهانی بانگکرد بۆ لێکۆڵینەوە. د.ا نێوبراوی بەوە تاوانبار کردووە کە لە نووسینەکانیدا دەڵێت خورهەڵاتی کوردستان و راپۆرتی بۆ تەلەڤزیۆنەکانی میزوپۆتامیا و رۆژ ئامادەکردووە. شایانی باسە کۆتایی ساڵی رابردووش نێوبراو بانگکرا بۆ لێکۆڵینەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4162

**05-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439106

-کاتژمێر 1ی سەرلەبەیانی 4 کۆپتەری ئامریکی بەبیانووی بوونی تیرۆریستێک لە گەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر بەشی نێوخۆیی خەیروڵڵا عەبدولکەریمیان ئاگرباران کرد و لە ئەنجامدا 4 خوێندکاری زانکۆی سەڵاحەدین و ئافرەتێک بریندار بوو. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کارێکی واهی لە ئامریکییەکان بوەشێتەوە و سەربەخۆ و بێ ئەوەی دەستەڵاتی کوردی ئاگاداربکەنەوە هێز لە شاری هەولێردا بەکاربهێنن. ئەم رووداوە بووە هۆی ناڕەزایی دەستەڵاتی هەولێر و خەڵکیش زۆر ناڕەزایی دەردەبڕن.
-کەریم سنجاریی وەزیری ناوخۆی پارتی ناڕەزایی بەرامبەر بۆردوومانی هێزەکانی ئامریکا لە هەولێر دەربڕی و ئەوەشی راگەیاند کە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی پارتی ئاگایان لەم کارەی ئامریکییەکان نەبووە و ئەوان ویستوویانە یارمەتییان بدەن بەڵام نەیانهێشتووە.
-ئەمڕۆ بڕیار وابوو کە دکتۆر و برینپێچەکانی شاری سلێمانی بۆ زۆرکردنی مانگانەکانیان مانبگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزیری تەندروستیی سلێمانی رازیبوو بە زۆرکردنی مانگانەکانیان، مانگرتنەکە هەڵوەشایەوە.
-وەفدێکی باڵای ریفراندۆم کە پێکهاتبوو لە هەڵکەوت عەبدوڵڵا، فەوزی ئەتروشی، بەرزان حەمەسور و خۆشی شەوقی سەردانی کۆمیسۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤیان لە ژنێڤ کرد. وەفدەکە نامەیەک و تەواوی ئیمزاکانی بزووتنەوەی ریفراندۆمیان دایە دەست کۆمیسۆنەکە.
-تیرۆرکردنی وەرگێری ئامریکییەکان سەرکار ئەحمەد لە دوزخورماتو لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە.
-ئۆجەلان لە زیندانەکەیەوە و لەڕێی پارێزەرانییەوە رایگەیاند: پێویستەPKK ، لەگەڵ پارتی و یەکێتی رێک بکەون بۆ ئەوەی ناوچەیەکی دیموکراتی نمونەیی لە برادۆست دابمەزرێنن.
-دوو لاوی کوردی شاری مهاباد بەناوی هەژاری مامەندی و فاروقی سامانی بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و پەیوەندی بەستن لەگەڵ لاوانی کوردی شارەکانی دیکەی رۆژهەلاóتی کوردستان هەر یەکەو بە ساڵێک و هەشت مانگ زیندان لەلایەن دادگای د.ا حوکم دران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4163

**06-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439108

-یاسای باری نائاسایی لە ئێراقدا بۆ ماوەی مانگێک درێژکرایەوە، بەڵام ئەم بارە نائاساییە کوردستانی

نەگرتەوە.
-تەنیا دوێنێ و ئەمڕۆ 5 هاووڵاتی کورد لەنێو شاری موسڵدا و لەلایەن گروپە تیرۆرستەکانەوە تیرۆرکراون. ئەو هاووڵاتیانە کە لێرەدا ناوەکانیان هاتووە، بەجیا جیا و لەماوەی دوێنێ و ئەمڕۆدا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکراون و تاکو ئێستاش هیچ دەستە و تاقمێک بەرپرسیارێتی خۆیان لە تیرۆرکردنیان رانەگەیاندووە، هەروەک چۆن هۆکاری تیرۆرکردنیشیان نەزانراوە. سیپان محەمەد عەلی، تەمەن 20 ساڵ، لەگەڕەکی رەشیدییە لەماڵ دەرهێنراوە و لە (حی النور) تەرمەکەی فڕێدراوە. عەبدولجەبار سلێڤانەیی، کادێری پارتی، تەمەن 53 ساڵ، ئەمڕۆ لە (حی البکر) تیرۆرکراوە. عەباس مەجید، ناسراو بە عەباس باوە، کاکەییە و ئێوارەی دوێنێ لەسەر رێگای گوێر – موسڵ تیرۆرکراوە. مەروان عەبدولهادی، پزیشکی یاریدەدەر، تەمەن 35 ساڵ و کارمەندی نەخۆشخانەی (السلام) لە گەڕەکی (الوحدە). ئێوارەی دوێنێ لەکاتی گەڕانەوەی لەسەر کار، تیرۆرکراوە. باسم ئەحمەد کەمونەیی، پۆلیسی هاتوچۆ، خەڵکی سیمێل کە بۆ کارێک هاتبووە موسڵ و لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکرا.
-کارتە هام فەرماندەی هێزەکانی ئامریکا لە موسڵ سەردانی مەسعود بارزانیی کرد و داوای لێبووردنی کرد لەوەی کە فڕۆکەکانی ئامریکا موشەکبارانی هەولێریانکردووە.
-چەند پارتێکی کوردستانی سیمینارێکیان لە نەرویژ دژی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەست.
-سەردانی جۆن کێری بۆ کەرکوک و لەگەڵ نوێنەرانی کورد و تورکماندا کۆبووەوە. نێوبراو پاڵەوانی دۆڕاوی هەڵبژاردنی ساڵی پاری ئامریکا بوو لەگەڵ جۆرج بوشدا. شایانی باسە نوێنەرانی تورکمانەکان بە جۆن کێریی وت کە جێبەجێکردنی مادەی 58 ساڵانێک دەخایەنێت و ناکرێت لەبەر ئەمە هەڵبژاردنی کەرکوک دوابخرێت.
-هێزێکی پارتی هێرشی کردە سەر چەند گوندێکی مەنتکایەتیی هەولێر. خەڵکی چەند گوندێک لەترسی ئەم هێرشە گوندەکانیان چۆڵکرد. هۆی ئەم هێرشە ئەوە بوو کە خەڵکی ئەو گوندانە بوونەتە ینک. لەم هێرشەدا کابرایەک دارکاری کرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4164
**07-01-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112143911‌3
-روودانی تەقینەوەیەک لە شاری هەولێر لە گەڕەکی موفتی، ئامانجی ئەم هەوڵە تیرۆرکردنی سەید کاکە بووە، تەقینەوەکە بووە هۆی بریندار بوونی سەید کاکە و چەند کەسێک.
-کۆمەڵێک چەکدار تەقەیان لە ماڵی سەید کاکە کرد، نێوبراو رۆژی دوێنێ بۆمبایەک لەبەردەمیدا تەقێنرایەوە و بە سووکی بریندار بوو.
-خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی لەبەردەم هۆتێلی سلێمانی پالاس خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆ باشترکردنی گوزەرانیان، بەڵام ئاسایشی سلێمانی تەقەی بەسەردا کردن و خۆپیشاندانەکەیان بڵاوە پێکرد.
-کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی سەندیکا ئازادەکانی کریکاری (ICFTU)پشتگیری خۆی بۆ کرێکارانی مانگرتووی سنە نیشاندا.
-فیلمی کیسەڵەکانی بەهمەنی قوبادی لە سینەماکانی سەرتاسەری بەریتانیا پیشاندرا.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4165

**08-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121439114

-تیرۆریستە عەرەبەکان محەمەد ئەمین خدریان لە شارۆچکەی ریازی سەربە کەرکوک فڕاند، نێوبراو 33 ساڵە و چالاکێکی رێکخراوێکی مافی مرۆڤە.
-باڵوێزی ئامریکا لە تورکیا ئێریک ئێڵدمان لە ئەنقەرە رایگەیاند کە ئامریکا هەمان هەڵوێستی تورکیای هەیە بەرامبەر کەرکوک و نابێت کەس گوێ لە سەرکردە کوردەکان بگرێت.
-حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی ئێراق رایگەیاند کە بەڵگەمان لایە سووریا و ئێران یارمەتیی تیرۆریستان دەدەن و ئێمەش ئامادەین شەڕەکە بگوێزینەوە بۆ سووریا و ئێران.
-خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی یاداشتنامەیەکیان پێشکەشی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کرد و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەو بەعسی و کۆنە جاشانەی کە لە لیستی هەڵبژاردنی یەکێتی و پارتیدا هەیە.
-جەمال نەبەز و جەواد مەلا لە شاری بەرلین سیمینارێکی 3 کاژێرییان لەسەر هەڵبژاردنی ئێراق سازدا. سیمینارەکە لەژێر ناوی (بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی ئێراقدا، بزمارێکی ترە بۆ تابووتی کورد) بوو.
-ئەیاد عەلـلاویی سەرۆک وەزیرانی داگیرکەری ئێراقی نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی نارد و بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقییدا. هەروەها لە نامەکەیدا باسی ئەوەشی کردووە کە دەکرێت 11 مانگ پاش هەڵبژاردن دیسانەوە هەڵبژاردنێکی تری تایبەت بە کەرکوک ئەنجامبدرێتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4166

**09-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449115

-لە هەولێر لیژنەیەک بۆ بژاردنی زیانلێکەوتووانی هێرشەی ئامریکا بۆسەر هەولێر لە هەفتەی رابردوودا پێکهات، ئەم لیژنەیە پاش کۆبوونەوەی کۆڵۆنێڵ سوومی سەرۆکی هێزەکانی ئامریکا لە هەولێر لەگەڵ پارێزگاری هەولێردا پێکهات.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە گەڕەکی وەحدەی شاری موسڵ کوردێکیان تیرۆرکرد، ئەو تیرۆرکراوە کەس نازانێت کێیە و جلی کوردیی لەبەردایە.

سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4167

**10-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144911 6

-جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی بۆ گفتووگۆی دانانی بودجەی تایبەت بە کوردستان چوون بۆ بەغدا.
-نووسینگەی د. بەرهەم ساڵح رایگەیاند کە لیژنەیەکی پسپۆر بەهاوکاریی وەزارەتی دادی ئێراقی پێکهاتووە بۆ دەرکردنی رۆژنامەی وەقائیعی ئێراق بەزمانی کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی یاسا و بڕیار و فەرمانەکانی حکومەتی ئێراقی.
-لیژنەی ناوچەی زوماری پارتی کەوتە بەر هێرشێکی تیرۆریستیی عەرەبەکان.
-دادگای داگیرکەری ئێران لە شاری مەهاباد دادگایی رۆژنامەنووس خاتوو شەمزینی جیهانیی کرد و بە 3 ساڵ و 91 رۆژ بڕیاری زیندانیی دەرکرد، 3 ساڵی زیندانییەکەی بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە و 91 رۆژیش زیندانی دەکرێت.
-ئامریکا هەر 5 پردەکەی سەر رووباری دیجلەی ناو شاری موسڵی داخست و خۆی ئامادەدەکات بۆ هێرشکردنە سەر تیرۆریستە عەرەبەکان.
-دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گەڕەکی واسیتی شاری کەرکوک، ئەم گۆڕە نزیکەی تەرمی 12 کوردی تێدایە.
-کارمەندێکی رۆژ تی ڤی بەناوی بەهائەدین کاراکوتوک لە شاری گلاسکۆی سکۆتلاند خۆیی کوشت. نێوبراو رۆژنامەنووسێکی چالاکی ئۆزگور پۆلیتیکاش بوو. لە ساڵی 1995ەوە لە هەندەران دەژیا.
-پێکدادانی هێزەکانی پکک پژاک و د.ا لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت و زەڵێ. 7 پاسدار کوژران و 2 ئەندامی پکک ش بریندار بوو.
-عەدنان موفتی رایگەیاند: یەکێتی و پارتی رێککەوتوون کە دوای هەڵبژاردن یەک حکومەت دروست بکەن بەڵام لەوانەیە لەرووی فەنییەوە هەندێک گفتوگۆی بوێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4168

**11-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144911 7

-سێ بەتالیۆنی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوکیان گرتە ئەستۆ.
-وەزارەتی دارایی هەولێر رایگەیاند کە رۆژنامەی هەواڵ دەداتە دادگا، لەبەرئەوەی ئەم رۆژنامەیە

نووسیویەتی حکومەتی هەولێر ئەو پارەیەی بەریکەوتووە گواستوویەتییەوە بۆ هەندەران.
-بەرەی تورکمانی و ژمارەیەک حیزبی تورکمان و عەرەبی لە کەرکوک بەیاننامەیەکیان دژی تۆمارکردنی ناوی راگوێزراوەکانی کەرکوک لە سنووری پارێزگاکەدا دەرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4169

**12-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449121

-د. بەرهەم سالّح بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆی ئەلعراقییەی راگەیاند کە گەلی کورد مافی جیابوونەوەی لە ئێراقدا هەیە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4170

**13-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449118

-عەبدوڵڵای حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالست رایگەیاند ئەو هاووڵاتیەی کە هەر دەنگ نادات و بیر لە چارەنووسی کورد ناکاتەوە، هەق نییە لە کوردستاندا بژی.
-عارف تەیفور رایگەیاند هەندێک خوێندەواری تازە پێگەشتوو کە بە بیری سەرلێشێواویەوە هاتوونەتە مەیدانەوە هانی خەڵک دەدەن نەچن بۆ دەنگدان.
-دۆزینەوەی تەرمی پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە شارۆچکەی قەرەقۆش، نێوبراو پێش چەند رۆژێک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوو.
-تیرۆریستە عەرەبەکان 3 پێشمەرگەی پارتییان لە موسڵ تیرۆرکرد، ئەمانە ناوەکانیانە: حەسەن عومەر حوسێن، رەزوان جەمیل سدیق و سەگڤان یاسین.
-تیرۆریستە عەرەبەکان 4 لاوی کوردیان لە کەرکوک رفاند.
-لە شاری سنە فیستیڤاڵی رێزلێنان لە هونەرمەندانی کوردستان بەڕێوەچوو، ئەو فستیڤاڵە لەلایەن دەزگای رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی و پارێزگاری سنە بەڕێوە چوو و تیایدا 42 هونەرمەند و کەسایەتی کورد خەڵات کران، دکتۆر قوتبەدین سادقی، محەمەد جەلیل عەندەلیبی، فوئاد بابان، بەهمەن قوبادی، عەباس کەمەندی لەو هونەرمەندانەبوون کە خەڵاتیان وەرگرت.
-وەزارەتی پەروەردەی داگیرکەری تورک جەژنی نەورۆزی کردە رۆژێکی نیشتمانیی تورکیا. بەو پێیە خەڵکی دەتوانن بەئازادی لەو جەژنەدا ئاهەنگ بگێڕن.
-کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژی بەرەگەز ئەرمەنی کاراپێتی خاچۆ لە ناوچەی ئیچمەزدینی

ئەرمەنستان لە تەمەنی 103 ساڵیدا. نێوبراو نزیکەی 55 ساڵ لە رادیۆی کوردیی یەریڤان کاری کردووە و خزمەتێکی زۆری گۆرانی و لاوکی کوردیی کردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4171

**14-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144911 9

-وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە روونکردنەوەیەکدا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق کرد و ئەوەشی راگەیاند کە کێشەی کەرکوک کێشەیەکی ناوخۆییە و نابێت وڵاتانی دراوسێ دەست لەم کێشەیە وەربدەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4172

**15-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144912 0

-لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی پارتە کوردستانییەکان لە پەڕلەمانی کوردستان و بەئامادەبوونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بڕیاردرا کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوکدا.
-تەرمی هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی خدر ساڵح عەبدولحەمید لە گەرەکی پیشەسازی شاری موسڵ دۆزرایەوە، ناوبراو خەڵکی گوندی چەمەڕەشی سەر بە قەزای شێخانە و تەمەنی 52 ساڵە و مامۆستایەکی خانەنشینە و لە کۆمەڵگای کەڵەکچی دادەنیشێت، خزم و کەسانی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی 10000 دۆلاریان داوە. شایەنی باسە هاووڵاتیی ناوبراو مانگێک بەر لە ئێستا لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە رفێندرابوو.
-لە روونکردنەوەیەکی رۆژنامەنووسیدا، والیی دەرسیم رایگەیاند کەوا لە پێکدادانی هێزەکانی سوپای تورکیا لەگەڵ جەنگاوەرانی کۆنگرەی گەل، تەرمی 5 جەنگاوەر کەوتنە دەست سەربازانی تورکیا. بە پێی هەواڵی رۆژنامەی زەمانی تورکی لەو پێکدادانەدا کە لە گوندی شیشیک-ی سەر بەدەرسیم روویدا، دوو جەندەرمەی تورک کوژران و سێی دیکەش بریندار بوون. لەدرێژەی هەواڵەکەدا رۆژنامەکە رایگەیاند کەوا بە پێی لێدوانی والیی دەرسیم، 2 لەو پێنج کەسەی کە لە گەریلاکانی کۆنگرەی گەل کوژراون، ژن بوون.
-جەماوەری شاری مەخموور خۆپیشاندانێکیان بۆ گەڕانەوەی شارۆچکەکەیان بۆ سنووری کارگێڕیی هەولێر رێکخست.
-تیرۆریستە عەرەبەکان رۆکێتێکیان ئاراستەی لکی دووی پارتی کرد لە هەولێر، بەڵام بەر ماڵێک کەوت

و زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.
-بەپێی هەواڵێک کە لە رۆژنامەی هەواڵدا بڵاوکراوەتەوە غازی ئەلیاوەر و نەسرین بەرواری جیابوونەتەوە.
-پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیارێکدا بەزۆرینەی 104 دەنگ، بەتوندی رەخنەی لەئێران گرت کە پەیوەندی سێکسی بەتاوان داناوە و لەسەر ئەو کارە خەڵک سزا دەدات. پەرلەمانی ئەوروپا رایگەیاندووە کە ئەنجامدانی کاری سێکسی لەنێوان پێگەیشتوواندا بەشێکە لە مافی مرۆڤ و دەبێ ئێران رێزی لێ بگرێت و بەتاوانی دانەنێت و ئەنجامدەرانیشی نابێت سزا بدرێن. ئەو بڕیارەش پەرلەمانی ئەوروپاش دوای ئەوە هات کە لەماوەی رابردوودا چەندین کەس بەتۆمەتی ئەنجامدانی زینا بەردباران کراون.
-باڵوێزی ئامریکا لە بەغدا نیگرۆپۆنتی نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی نووسی سەبارەت بە رەوشی کەرکوک و تێیدا بەڵێنی جێبەجێکردنی بڕگەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقییدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4173

**16-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449122

-لیژنەیەکی نوێی چوارکەسی بۆ هەڵبژاردنەکانی شاری کەرکوک دامەزرا کە پێکهاتووە لە کوردێک، تورکمان، ئاشووری و عەرەبێکی کۆنی دانیشتووی کەرکوک و لیژنە کۆنەکەی کەرکوک هەڵوەشایەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4174

**17-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449123

-زیاد ئەلخەساونە سەرۆکی تیمی داکۆکیکردن لە سەدام حوسێن رایگەیاند کە تیمەکەیان شایەت و بەڵگەی پێیە کە سەدام حسێن و رژێمەکەی هەڵەبجەیان کیمیاباران نەکردووە.
-بە پێی هەواڵی رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە عەممانی پایتەختی ئوردن بەختیار ئەمین وەزیری مافی مرۆڤی عێراق رایگەیاند کە ناوەندێکی تایبەت بۆ بێ سەر و شوێنانی عێراقی دادەمەزرێت، ئەوناوەندە سێ لکی لە باشوور و ناوەراست و کوردستان دەبێت، ئەم کارەش وەک سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق کە 5%ی داهاتی نەوت بەسەر کەس و کاری ئەو قوربانیانە دابەش دەکات.
-دەستپێکردنی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردن لە دەرەوەی ئێراق.
-ئافرەتێکی کوردی تەمەن 64 ساڵ بەناوی نەسیمە بارزانی وەک یەکەم کەس ناوی بۆ

هەڵبژاردنەکانی ئێراق لە دەرەوە تۆمارکرا.
-ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دواهەمین کۆبوونەوەی خۆیی سازدا.
-د.ا لە ناوچەی جوانڕۆ کوردێکیان بەناوی عەلی مورادییەوە کوشت. نێوبراو کۆڵی قاچاخی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد و خاوەنی 7 سەر خێزان بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4175

**18-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449124

-د.ا، نووسەر و هۆزانەوان ژ. خ. ئاگرینی بانگکرد بۆ لێکۆڵینەوە.
-ئەڵمانیا لە شاری هانۆڤەر ئەندامێکی بەرزی پکک ی دەستگیرکرد بەڵام ناوەکەیان بڵاونەکردەوە کە کێیە و چ لێپرسراوێتییەکی هەبووە لە پکک دا.
-حکومەتی ژاپۆن 2 پەنابەری کوردی بۆ تورکیا گەڕاندەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4176

**19-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449125

-تەقینەوەی بۆمبایەک لە گەڕەکی ئازادیی هەولێر و بووە هۆی کوژرانی هاووڵاتییەک و برینداربوونی یەکێکی دی.
-هەوڵی تیرۆرکردنی پارێزگاری دهۆک نێچیرڤان ئەحمەد درا. شایانی باسە ئەمە 3یەم جارە لەماوەی چەند مانگێکدا هەوڵی تیرۆرکردنی نێوبراو بدرێت.
-جۆن کیری هۆشداریی دایە کۆندۆلیزا رایس و رایگەیاند: ئەگەری تەقینەوەی بارودۆخی کەرکوک لەدوای هەڵبژاردنەکان هەیە.
-نەتەوەیەکگرتووەکان دیپۆرتکردنەوەی دوو کوردی لەلایەن حکومەتی ژاپۆنەوە بۆ تورکیا مەحکوم کرد.
-محەمەدی کەریمیان، نوێنەری شاری سەردەشت و خانێ لە پەرلەمانی ئێرانی، لە وتەیەکدا لەبەردەم پەرلەمانتارانی ئێرانی رەخنەی توندی لە هەڵسوکەوتی دامودەزگا حکومی و سەبازی و ئەمنییەکانی ئەو ولاتە گرت کە لەگەڵ خەڵکی کورد لەو ولاتە دەیکەن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4177

**20-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449126

-نوورییە کەسبیر لەلایەن دادگای هۆڵندییەوە بڕیاری ئازادکردنی دەرچوو.
-بزووتنەوەی ریفراندۆم لەگەڵ بەئامادەبوونی 60 کورد لەگەڵ پەڕلەمانی بەریتانیا کۆبووەوە.
کۆبوونەوەکە لەلایەن روودی ڤیسی ئەندامی پەڕلەمانی بەریتانیاوە بەڕێوەبرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4178

**21-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449127

-دۆزینەوەی تەرمی نەقیب فەهمی مەحمود خالید لە کەرکوک، ناوبراو ئەندامێکی پارتی بوو.
-حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی ئێراق لەسەر کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبییەوە رایگەیاند کە ئەحمەد چەلەبی دەستی هەبووە لە شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتیدا و هەر ئەویش بووە بووەتە هۆی هێنانی سوپای بەعس بۆ شاری هەولێر لە ساڵی 31-08-1996دا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4179

**22-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449128

-هەوڵی تیرۆرکردنی عەقید خۆشەوی دزەیی لە هەولێر درا، بەڵام بریندابوو. ناوبراو بەڕێوەبەری پۆلیسی کارەبای حکومەتی هەولێر بوو.
-تا 23-01: بزووتنەوەی ریفراندۆم لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید، بە ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیتەکانی (کوردستان، ئەڵمانیا، بەریتانیا، هۆڵەندا، فنلەندا، سوید، ئەمریکای باکور و کەنەدا، نەمسا، ئوستراليا و

سویسرا) یەکەم کۆنفرانسی خۆیان بەست.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4180

**23-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449129

-پۆلیسی ئەڵمانی لە شاری نۆرنبێرگ رەمزی کارتاڵی جێگری سەرۆکی کۆنگرەی گەل پکک ی دەستگیرکرد.
-داگیرکەری تورکیا رێگەی نەدا تەرمی نێرگز ئازەر و سیبەل سارتک کە لە هێرشێکی سوپای تورکدا لەشەرناخ کوژرابوون، بچێتە ناو شاری سێرتەوە. کاروانی تەرمی کوژراوەکان سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بەرەو سێرت بەڕێخرا، بەڵام لەنزیک شارەکە لەلایەن 10 زرێپۆشەوە رێگەی لێگیرا و نەیانهێشت تەرمەکان ببردرێنە ناو شاری سێرتەوە. دواتر لەکاتی شاردنەوەی تەرمەکاندا هێزەکانی سوپای تورک بەچەک و گازی فرمێسکڕێژ هێرشیان کردە سەر خەڵک و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بریندار بوون و ئاڵۆزییەکان تاوەکو درەنگانێکی شەو بەردەوام بوون.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4181

**24-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449130

-وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی سلێمانی بڕیاریدا لە رۆژی 27-01 تا کۆتایی ئەم مانگە هاتووچۆ لە سنوورەکانی هەرێم قەدەغە بکرێت، تاوەکو لە کاتی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا هیچ کارەساتێک روونەدات.
-ئەحمەد چەلەبی رایگەیاند کە پێویستە شارەکانی بەسرە و عەممارە و ناسریە فیدراڵییەکی لەو شێوەیەکی کوردستان پێکبهێنن و ئەوەشی راگەیاند کە ئەو بودجەیەی بۆ ئەم شارانە تەرخانکراوە زۆر لەوەی کوردستان کەمترە و لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارانە لە کوردستان زۆرترن.
-نامیق تان گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی داگیرکەری تورکیا نیگەرانیی تورکیای لە بەرامبەر رەوشی کەرکوک راگەیاند. هەروەها گووتی کوردەکان هەوڵدەدەن دیموگرافیای کەرکوک بگۆڕن و بۆ ئەوەش لە لیستەکانی دەنگداندا ساختەکاری دەکەن و ناوی زیادەش دەنووسن.
-پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی عوسمان ئۆجەلان لە بەیاننامەیەکدا پشتگیریی خۆی بۆ رێککەوتنی حزبەکانی باشووری کوردستان و لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق دەربڕی. لەبەیاننامەکەدا بەناوی پارتی وڵاتپارێز و پارتی سۆسیالیستی

کوردستان - باکوور داوا لە پارتەکانی باکووری کوردستانیش کراوە هەمان ڕێگا بگرنەبەر و ڕێککەوتنێکی لەوجۆرە ئەنجام بدەن تا پێکەوە ڕووبەڕووی پیلانی دوژمنان ببنەوە.
-بەرەی عەرەبیی یەکگرتوو کە ژمارەیەک پارت و لایەنی عەرەبی سوننی و شیعیی نێو کەرکوک لەخۆ دەگرێت، وەک ناڕەزایی دەربڕینێک بەرامبەر بەشداریی کوردە ئاوارەکان لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی کەرکوکدا، بڕیاری دا پاشەکشە لەو هەڵبژاردنانە بکات. شێخ وەسفی ئەلعاسی ئەمینداری گشتیی بەرەی نێوبراو لەو بارەیەوە بە فرانس پرێسی راگەیاند کە بڕیاری پاشەکشەی ئەوان پاش رازیبوونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دێت بەرێگەدان بەو کوردانەی بەم دواییە گەڕاونەتەوە کەرکوک، تا بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەو پارێزگایە بکەن.
-تازەترین فیلمی سینەمای تورکیا بە ناو (Hirsiz var) چۆتە سەر پەردەی سینەماکانی تورکیا. ئەم فیلمە باس لە ژیانی خەڵکی گوندێکی کوردستانی باکور و پەیوەندییەکانیان لە گەڵ دنیای دەرەوە دەکات، لە ناو فیلمەکەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی سینەمای تورکیادا گۆرانیەکی کوردی بەناوی (کچاکوردان) لە گوتنی گۆرانیبێژی دەنگخۆشی کوردستان (ئاینور)، بەتەواوەتی و بێ ئەوەی بپچڕێندرێت لە سەرەتاوە تاکۆتایی لێ دەدرێت و لەکاتی گوتنی گۆرانیەکەدا ئەوانەی لە فیلمەکەدا گوێ لەگۆرانییەکە دەگرن، دەگرین. ئەمڕۆ لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکە لە چەند سینەمایەکی تورکیا، ژمارەیەک لەو ئامادەبوانەی کە لە سینەما سەیری فیلمەکەیان دەکرد، وەک ڕۆتێست کردنی ئەم رووداوە ساڵۆنی سینەماکەیان جێ هێشت و داوایان دەکرد ئەم پارچە گۆرانییە کوردییە لە فیلمەکە بهێندرێتە دەر. بەرهەمهێنەری فیلمەکە لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤزیۆنی ATVی تورکی رایگەیاند کە ئەم گۆرانییە بە پێی سیناریۆی فیلمەکە هەڵبژێردراوە و هیچ شتێک نایێتە هۆی ئەوەی کە ئەو گۆرانییە لە فلیمەکە بهێندرێتەدەر.
-خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری سیرت و بووە هۆی برینداربوونی دەیان کەس و گیرانی نزیکەی 100 کەسێک لەلایەن داگیرکەری تورکەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4182

## 25-01-2005

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449131

-ڕێکخراوی عەرەبیی مافی مرۆڤ رایگەیاند کە رازی نییە ئێراق دابەشبکرێت.
-ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ راپۆرتێکی دەربارەی حکومەتی ئێراقی نوێ بڵاوکردەوە و تێیدا چەندین پێشێلکاریی مافی مرۆڤی بەرامبەر زیندانییەکانی ئێراقی بڵاوکردووەتەوە.
-نزیکەی 10 ئەندامی عەرەب و تورکمانی لیژنەی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک دەستیان لەکارکێشایەوە.
-د. بەرهەم ساڵح رایگەیاند کە زانکۆی کۆیە لەسەر ئاستی زانکۆکانی ئێراقدا بەشێوەیەکی فەڕمی دانپێدانراوە.
-کەمال کەرکوکیی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند کە سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا مسۆگەرە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4183

**26-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449132

-نەوشیروان مستەفا لە لێدوانێکیدا بۆ فرانس پرێس وتی 3 هێڵی سووری کورد هەیە کە عەرەب بۆی نییە بیبەزێنێت ئەوانیش، رازینەبوونیانە بە فیدراڵی، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی و نەگەڕاندنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆ سنووری کوردستان.
-تەقینەوەی 2 ئۆتومبیلی مینکراو لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە کەرکوک و بووە هۆی کوژران و بریندار‌بوونی دەیان کەس.
-هوشیار زێباری رایگەیاند نە تورکیا و نەهیچ دەوڵەتێکی تر بۆیان نییە باسی کەرکوک بکەن.
-ڕوودانی چەند بوومەلەرزەیەک لە ناوچەی هەکاری و وان و بووە هۆی کوژرانی 2 کەس و زیانی ماڵیی لێکەوتەوە و دەیان خانووی رووخاند. هێزی بوومەلەرزەکان لەسەروو ژمارە 4ی پێوەری ڕێختەر بوون.
-ڕوودانی تەقینەوەیەکی گەورە لە بارەگای لیژنەی ناوچەی پارتی لە شنگار و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی زۆرتر لە 45 کەس و زیانێکی ماڵیی زۆریشی لێکەوتەوە. شایانی باسە چاودێران دەڵێن ئەم تەقینەوەیە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ئەنجامدراوە.
-لە شاری کەرکوک 8 ناوەندی هەڵبژاردن تەقێنرایەوە.
-داگیرکەری تورک باڵوێزی ئامریکای لە ئەنکەرە بۆ وەزارەتی دەرەوە بانگکرد تاوەکو پێی بڵێت کە تورکیا ناڕازییە لە گێرانەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ کەرکوک.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4184

**27-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449133

-هێزەکانی ئامریکا لە کەرکوک چوونە سەر بارەگای قوتابیانی بەرەی تورکمانی و 5 کەسیان گرت و پڕێک چەکیشیان دەستبەسەر کرد.
-دەسپێکردنی پرۆسەی دەنگدانی ئەنجوومەنی ئێراقی لە دەرەوەی ئێراق. شایانی باسە زۆرینەی ئەوانەی بەشداریی دەنگدانیان کرد کورد بوون.
-بەستنی کۆنگرەیەک لەسەر ئەدەبیاتی لەک و لور و فەیلی لە شاری کرماشان.
سەرچاوە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4185

**28-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449134

-تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێک لە شاری دهۆک لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و بووە هۆی برینداربوونی 4 کەس.
-تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێک لە شاری هەولێرلەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4186

**29-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449135

-وەزارەتی دەرەوەی د.ت رایگەیاند: دان بە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوکدا نانێین لەبەرئەوەی کوردە ئاوارەکان مافی دەنگدانیان پێدراوە.
-فرانس فان ئانرات لەلایەن دادگای هۆڵەندییەوە ئازادکرا و دادگاییکردنەکەی تا مانگی مارت دواخرا.
-تەقینەوەی ئوتومبیلێک لە خانەقین و بووە هۆی کوژرانی 7 کەس.
-جەلال تاڵەبانی هۆشداریی دایە تورکیا کە ئەگەر لە بەرامبەر کەرکوک بێدەنگ نەبێت ئەوا کوردیش داوای دیاربەکر دەکات.
-لە کەرکوک بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان و پارتی نیشتمانیی تورکمان تەقەیان لە چەند منداڵێکی کورد کرد کە ئاڵای کوردستانیان بەدەستەوە بوو. لە ئەنجامدا چەند منداڵێک برینداربوون و هێزەکانی ئامریکاش چەند کەسێکی لەو دوو بارەگایە گرت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4187

**30-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144913б

-هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی كوردستاندا بزووتنەوەی ریفراندۆم ملیۆنان ئیمزای بۆ سەربەخۆیی كوردستان لە ریفراندۆمێكی نافەرمیدا كۆكردەوە.
-پرۆسەی هەڵبژاردنی كوردستان و ئێراق ئەنجامدرا و بەپێی رای چاودێران نزیكەی 60%ی خەڵكی دەنگی خۆیی داوە. زۆرینەی خەڵكی كورد لە هەڵبژاردنەكاندا بەشداریی كرد و چەندین تەقینەوە و كاری خۆكوژی و تیرۆریستی لە ناوچە عەرەبنشینەكانی ئێراقدا روویدا كە بووە هۆی كوژران و برینداربوونی دەیان كەس.
-لایەنە كوردییەكان بەرەی توركمانییان بەوە تاوانبار كرد كە چەندین پێشێلكاریی لە هەڵبژاردنەكانی كەركوك و ناوچەكانی دەوروبەری ئەنجامداوە.
-لە شاری كەركوك 4 بنكەی دەنگدان تەقێنرایەوە، بەڵام زیانی گیانیی لێنەكەوتەوە.
-تیرۆركردنی پۆلیسێكی كورد بەناوی یوسف نەجەدین لە كەركوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە.
-فیلمی كیسەڵەكانیش دەتوانن بفڕنی دەرهێنەر بەهمەنی قوبادی لە ڤیستڤاڵی ترۆمسۆی نەرویژدا خەڵاتی ئەورووپای پێبەخشرا.
-بەهۆی نەگەیشتنی سندوقی هەڵبژاردنەكان بۆ هەندێك شوێنی كوردستان ناڕەزایی لەو شوێنانەدا دروست بوو و بەتایبەتی لە شارۆچكەی شێخان ئاڵای ئێراق داگیرا و لە شوێنیدا ئاڵای كوردستان هەڵكرا.
-مەسعود بارزانی لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا رایگەیاند كە نە توركیا و نە هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە دەست بخاتە ناو كاروباری كەركوكەوە.
-زۆرینەی كوردە فەیلییەكان لە هەڵبژاردنەكانی ئێراقدا دەنگیان بۆ لیستی شیعەدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی كوردستان و كورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەكەم – بنكەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4188

**31-01-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144913 7

-هەوڵی تیرۆركردنی بەدرەدین ئەلهیلالی درا لە موسڵ، بەڵام هەوڵەكە سەركەوتوو نەبوو. نێوبراو زانایەكی ئایینیی عەرەبە و خەڵكی هاندابوو بۆئەوەی دەنگ بۆ لیستی كوردستان بدەن، تیرۆریستە عەرەبەكانیش وەك تۆڵەیەك ویستیان تیرۆری بكەن.
-تەواوی سەرچاوەكان و چاودێرانی هەڵبژاردنەكان ئەوەیان راگەیاند كە لیستی كورد لە كەركوكدا لەپێش هەموو لیستەكانەوەیە.
-كۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی ئێراق ناچاربوو ماوەی دەنگدان بۆ ئەمڕۆش بۆ ناوچە كوردنشینەكانی موسڵ درێژبكاتەوە. ئەو ناوچانە تا رۆژی دوێنێ سندوقی دەنگدانیان بۆ نەچووبوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی كوردستان و كورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەكەم – بنكەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

كویک ریسپۆنس كۆد:

بابەتی ژمارە: 4189

**00-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144914O

-فیلمەکانی (پەنجەرەیەک روو بە هەتاو) لە دەرهێنانی بێژەنی زەمان پیر و فیلمی (دوا ئێوارە) لە دەرهێنانی ناهیدی قوبادی لە سنەوە توانیان بگەنە پێشپرکێی 23یەمی فیستیڤاڵی فیلمی فەجر کە ساڵانە لە ئێران رێکدەخرێت.
-بەپێی هەواڵێکی هەفتەنامەی هەواڵ هەردوو حیزبی حسک و یەکگرتووی ئیسلامی دەنگی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا داوەتە کۆمەڵی ئیسلامی.
-یەکەمین پێشانگای هونەری شێوەکاری لە هۆڵی سینەما بەهمەن لە شاری سنە بەرێوە چوو. پێشانگاکە چەند بەرهەمیکی خوێندکارانی زانکۆ و قوتابیانی سنەی بەخۆیەوە گرتووە. لەم پێشانگایەدا کە زیاتر لە 100 هونەرمەندی کوردی خەڵکی ناوچەکە بەشداریان تێدا کردووە، 90 بەرهەمی هونەری نمایش کراون کە بریتین لە گرافیک، تابلۆی شێوەکاری و کەلوپەلی دەستکرد.
-بریار وابوو کە هونەرمەند حەمە جەزا لە شاری سنە کۆنسێرتێکی گۆرانی پێشکەش بکات، بەڵام داگیرکەری ئێرانی رێگای بەم کۆنسێرتە نەدا.
-لە ساڵرۆژی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران، قوتابیانی کورد ناچار کراون بە پارەی خۆیان ژووری پۆلەکانیان برازێننەوە.
-پارتی و یەکێتی لیژنەیەکیان بۆ تێکەڵکردنەوەی هەردوو حکومەتەکەیان پێکهێنا.
-دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپی رایگەیاند کەوا ئەو کەسانەی کە داکۆکی لە دەوڵەتی کوردی دەکەن نابێ تاوانبار بکرێن و بگرە ئەمە مافێکە کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئازادیی دەربرینی بیرورا.
-بەپێی رای هەندێک چاودێر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق، لایەنە عارەبیەکان و حکومەتی عێراقی لە هەوڵی ئەوەدان کە لە رێژەی دەنگەکانی کورد لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کەم بکەنەوە.
-هێرشی تیرۆریستە عەرەبەکان بۆسەر کەمپی ئاڵتاش و لە ئەنجامدا کوردێکیان بەناوی دەروێش عەلی رەزاوە سەربری و یەکێکی تریشیان بەناوی شاهۆ عەباسییەوە فراند.
-زمانی کوردی بەفەرمی لە دادگاکانی باکووری کوردستان هاتە ناساندن.
-زیندانییەکی کورد بە ناوی ئەحمەد حەسەن بەهۆی ئەشکەنجەوە لە زیندانەکانی داگیرکەری سووریدا گیانی لەدەستدا.
-گیرانی ژمارەیەکی زۆری تیرۆریست لە کەرکوک، یەکێک لەو تیرۆریستانە دەستی هەبووە لە تەقینەوەکانی 1ی فێبریوەریی ساڵی پار.
-تیرۆریستە عەرەبەکان هاوڵاتییەکی هەولێرییان بەناوی زوبێر خالید چێوەیی لە رێگای کەرکوک تکریت فراند و پاش چەند رۆژێک بە 25 هەزار دۆلار ئازادیانکرد.
-داگیرکەری ئێرانی لە شاری مەریوان زۆربەی ئامێری ساتەلایتەکانی کۆکردەوە و ئەو کەسانەش زیندانی دەکات کە خەریکی فرۆشتنی ساتەلیتن.
-کوردەکانی بندەستی د.س تاوانبار سەبعاویی برای سەددامیان دەستگیرکرد و دایانە دەست کوردەکانی باشوور.
-تیرۆریستە عەرەبەکان چەندین دەستدرێژییان کردە سەر ئافرەتە کوردەکانی کەمپی ئاڵتاش لە شاری رومادی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4190

**01-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449138

-جەلال تاڵەبانی رایگەیاند: لیستی برایەتیی کەرکوک لە 68%ی بەدەستهێناوە.
-دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی شوانی سەربە پارێزگای کەرکوک، ئەم گۆڕە تەرمی 20 قوربانیی تێدایە.
-دادوەرێکی کورد بەناوی پەروێز محەمەد مەحمود و کورەکەی بەناوی ئاریان لە بەغدا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە کوژران.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4191

**02-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459162

-رەمزی کارتاڵ لەلایەن ئاڵمانیاوە ئازاد کرا.
-پارتی دەهەپ رایگەیاند کە کەرکوک کوردستانە و تورکیا دەیەوێت ئاژاوە لەنێوان کورد و تورکماندا بنێتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4192

**03-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449139

-عەبدوڵلا گوڵ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە نابێت ئامریکا رێگا بدات دەوڵەتێکی کوردی دروست ببێت.
-مەکتەبی سیاسیی پارتی لە بەیانێکدا یەکێتیی بە پێشێلکار تاوانبارکرد و ئەوەشی راگەیاند کە ئەو ئەنجامانەی هەڵبژاردن کە یەکێتی بڵاویکردووەتەوە دوورن لە راستییەوە.
-کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هەردوو پارتی و یەکێتی لە پیرمام. لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەدا هەردوولا ئەوەیان راگەیاند کە لە داهاتوودا مەسعود بارزانی دەبێتە سەرۆکی هەرێم و جەلال تاڵەبانیش خۆی کاندید دەکات بۆ سەرەک کۆماری ئێراق یان بۆ سەرۆک وەزیران و نێچیرڤان بارزانیش کابینەی 5می حکومەتی کوردستان پێکدێنێت.

-نوێنەرانی شارۆچکەکانی دەوروبەری موسڵ لە شارۆچکەی شێخان بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن کۆبوونەوە. ئەم نوێنەرانە داوای ئەوەیانکرد کە ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ ببێتە پارێزگایەک و بخرێنەسەر هەرێمی کوردستان.
-وەزیری بەرگریی د.ت رایگەیاند کە تاوەکو ئێستا 1357 سەربازی تورک لە باشووری کوردستانە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4193

**04-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449141

-کۆبوونەوەی شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی د.ت لەگەڵ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنکەرە دەربارەی رەوشی کەرکوک. شاندەکە ئەوەی راگەیاند کە تورکیا بەهیچ جۆرێک بەوە ناسازێت کە کەرکوک بخرێتەوە سەر کوردستان.
-ڤیستیڤاڵی پێشەوا قازی محەمەد لە هەولێر لەلایەن حکومەتی هەولێرەوە رێکخرا، لەم ڤیستیڤاڵەدا نێچیرڤان بارزانی ئەو ئاڵایەی نیشانی ئامادەبووواندا کە ساڵی 1947 پێشەوا داویەتییە مستەفا بارزانی.
-سابیر حەمە ساڵح ناسراو بە سابیر فەقیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حسک بە نووسراوێک وازی لە حسک هێنا. ناوبراو لە ساڵی 1978ەوە پەیوەندیی کردووە بە حکسکەوە و لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4194

**05-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449142

-سەردانی وەزیری دەرەوەی ئامریکا کۆندۆلیزا رایس بۆ تورکیا، چاودێران سەرئەنجامی ئەم سەردانە بەوە لێکدەدەنەوە کە ناوبراو هیچ بەڵێنێکی دەربارەی کەرکوک و گۆرانکارییەکانی ناوچەکە نەداوە بەتورک.
-بزووتنەوەی ریفراندۆم رایگەیاند کە لە 98%ی خەڵکی کورد لە ریفراندۆمە نافەرمییەکەی رۆژی 30-01دا دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4195

**07-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449143

-سەرۆکی پەرلەمانی ئێران رایگەیاند کە ئێران زۆر دڵنیایە لەوەی کە ئێراق دابەشناکرێت.
-کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراق رایگەیاند کە لیستی کوردستان لە هەردوو پارێزگای دهۆک و سلێمانی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لەسەر رێی موسڵ - هەولێر 2 ئەندامی پارتییان تیرۆرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4196

**08-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449144

-یەکەم گەشتی ئەزمونیی ئاسمانیی بە شێوەیەکی رەسمی لە نێوان فرۆکەخانەی هەولێر و جیهانی دەرەوەدا دەستی پێکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4197

**09-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449145

-نێچیرڤان بارزانی لەسەر پیشاندانی ئاڵای کوردستان لە ڤیستیڤاڵی پێشەوادا بە سەرەوخواری لە نامەیەکدا داوای لێبووردنی کرد.
-باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا رایگەیاند کەوا عێراقیەکان تاکە کەسن کە بریار لە ئایندەی وڵاتەکەی خۆیان و بەتایبەتیش ئاییندەی کەرکوک دەدەن.
-ژمارەیەک لە ئەندامانی پکک لەلایەن دادگایەکی هۆڵندییەوە دادگاییکران. ئەو ئەندامانە لە کۆتایی

ساڵی رابردوو لەلایەن هۆڵنداوە لە کامپێکدا دەستگیرکران.
-کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراق راگەیاندنی ئەنجامەکانی دواخست. شایانی باسە دەبووایە رۆژی 10-02 ئەنجامەکە رابگەیەنرایە.
-دەستپێکردنی ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم لە هەولێر بەناوی ئاڵای زێرین، لەم ڤیستیڤاڵەدا 40 فیلمی کورتی کوردی پیشاندەدرێت و لە کۆتاییدا خەڵاتی باشترین فیلم دەکرێت. بەشداران لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هاتوون.
-شاندی لیستی برایەتیی کەرکوک لە شەقامی حیفای شاری بەغداد کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و بووە هۆی کوژرانی دوو پاسەوانی شاندەکە و بریندار بوونی دکتۆر عەلی کەرکوکیی نوێنەری لیستی ناوبراو. شایانی باسە پاشتر گروپی زەرقاوی لێپرسراوێتیی خۆیی بەرامبەر بەم کارە راگەیاند.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4198

**10-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449146

-وەزارەتی دەرەوەی داگیرکەری تورک رایگەیاند کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئێراق رێژەی راستەقینە لە پەرلەمانی ئێراقدا نوێنەرایەتی ناکەن چونکە ساختەکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە بەتایبەتی لەلایەن کوردەوە و لە شاری کەرکوک.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4199

**11-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449147

-عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوک خۆپیشاندانێکیان لە کەرکوک لە دژی فیدڕاڵیبوونی ئێراق سازدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4200

**15-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144915O

-بەبۆنەی ساڵیادی گیرانی ئوجەلان لە شاری دەرسیم خۆپیشاندانێک سازدرا و لە ئەنجامدا تورکەکان لاوێکی کوردیان بەناوی ئومێد گونولتاش کوشت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریٚ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4201

**16-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144914 8

-مەشعان جبوری رایگەیاند: قبوڵی ناکەین هیچ عەرەبێک لە کەرکوک دەربکرێت. شایانی باسە نێوبراو ماوەیەکی زۆر لە کوردستان ژیاوە و خۆشی بەدۆستی کورد دەزانێت.
-د.ت رێی لە پارێزەرەکانی ئوجەلان گرت بۆئەوەی لە ئیمرالی چاویان بە ئوجەلان بکەوێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریٚ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4202

**17-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112144914 9

-خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین خۆپیشاندانێکیان لە هەولێر سازکرد، خوێندکاران لەم خۆپیشاندانەدا داوای باشترکردنی گوزەرانی خوێندکارنیان دەکرد. لە ئەنجامدا نوێنەری خوێندکاران لەگەڵ سەرۆکی زانکۆدا کۆبووەوە و سەرۆک بەڵێنی باشترکردنی بارودۆخی خوێندارانیدا.
-سەباح عومران جەمیلی باڵوێزی ئێراق لە تورکیا رایگەیاند کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەیاڵە.
-بەپێی دوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لیستی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی و هەندێک پارتی تر 104 کورسیی پەرلەمانیان بەرکەوتووە و کۆمەڵی ئیسلامیش 6 کورسی و زەحمەتکێشان 1 کورسی. کۆی هەموو کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان 111 کورسییە.
-ئەمڕۆ دەبووایە 18 زیندانیی کورد لەلایەن داگیرکەری سوورییەوە دادگایی برانایە بەتاوانی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکانی قامیشلیدا، بەڵام دادگاییکردنەکەیان دواخرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریٚ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی

چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4203

**18-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449151

-ئامریکا هەڕەشەی سزای زۆرتری لە سووریا کرد ئەگەر لە دۆزینەوەی بکوژانی حەریری یارمەتیی ئامریکا نەدات.
-تیرۆرکردنی کەمال شاهین ناسراو بە کەمالە سوور لە کۆمەڵگەی باینجانی نێوان کەرکوک و سلێمانی، نێوبراو سەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کوردەکانی سووریا بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4204

**19-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449152

-پارتی رایگەیاند کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای هەولێر راست نین بەڵام قبوڵمانە.
-تیرۆرکردنی مەلا محەمەد رۆستەم کاکلی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاییینی کەرکوک.
-سووتانی تۆمارگای بابی مەروان لە زاخۆ. لەم تۆمارگایەدا ئارشیڤی گۆرانییەکانی محەمەد عارف جەزیری سووتا و هەروەها ئەو سازەشی کە هونەرمەند بەکاریدەهێنا و تەمەنی 50 ساڵ بوو سووتا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4205

**20-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449154

-کۆمەڵێک تورکمان و ئاشووری لە شاری نیۆرک لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆپیشاندانێکیان لە دژی کورد سازکرد. بیانووی خۆپیشاندەران ئەوەبوو کە کورد لە هەڵبژاردنەکاندا

غەدری لێکردوون.
-لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا 2 کوردی ئاوارە لە کەرکوک کوژران.
-کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە دوکان، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە هەردوو مەکتەب هەر 15 رۆژ جارێک کۆبوونەوە بکەن تاوەکو هەردوو کارگێڕییەکە یەکدەگرنەوە.
-بەهۆی پێکدادانێکی هێزەکانی ئامریکا و تیرۆریستە عەرەبەکان کۆگای دەرمانی شاری موسڵ سووتا و زیانێکی گەورە گەیەندرایە کەرتی تەندروستیی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4206

**21-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449155

-لە بەیاننامەیەکدا کە 56 شارەوانیی باکووری کوردستان ئیمزایانکردووە دوای باشترکردنی بارودۆخی کوردی باکوور دەکەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا.
-گیرانی کۆڕێکی 2 رۆژی لە هوتێلی تاوەری هەولێر بۆ هەژار موکریانی، لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ئەدیبان بەشداربوون.
-ژمارەیەکی زۆری کورد لەبەردەم باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەلژیک پێشوازییان لە جۆرج بوش کرد، بەڵام نێوبراو بەهۆی باری ئاسایشەوە نەیویست چاوی بەو کوردانە بکەوێت کە بە سروود و چەپکە گوڵەوە بەپێشوازییەوە چووبوون.
-تیرۆریستە عەرەبەکانی لەسەر رێی کەرکوک تکریت هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی ئیدریس خەلیل ئیسماعیلەوە فڕاند.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4207

**22-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449156

-بەرەی تورکمانی رایگەیاند کە لە هەڵبژاردنەکاندا یەک ملیۆن دەنگییان دیار نییە و ئەوەشیان راگەیاند کە بارودۆخی کەرکوک بەرەو خراپی دەچێت چونکە لەو شارەدا زۆرینەی تورکمانە کەچی دەستەڵات بەدەست کوردەوەیە.
-عەبدولقادر بازرگانی سەرۆکی لکی هەولێری بەرەی تورکمانی رایگەیاند کە بەرەی تورکمانی هەموو شتێکی دۆڕاندووە.
-کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بڕیاریدا کە لە پەرلەمانی ئێراقدا بچێتە پاڵ لیستی هاوپەیمانیی

کوردستان، بەمەش ژمارەی کورسییەکانی کورد دەبێتە 77.
-ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراقی لیژنەیەکی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک پێکهێنا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4208

**23-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459157

-تیرۆریستە عەرەبەکان تەقەیان لە 2 هاوڵاتیی کورد کرد لە کەرکوک بەناوی رێبوار ئەمین حسەن و عەبدولڕەحمان عادل ئەمین و لە ئەنجامدا هەردووکیان کوژران.
-لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا لە کەرکوک 2 هاوڵاتی بریندار بوون.
-د.ت رایگەیاند کە جەلال تاڵەبانی کەسێکی شارەزا و لێهاتووە و ئێمە پشتگیریی لێدەکەین تاوەکو ببێتە سەرەک کۆماری ئێراق.
-ئۆدیشۆ مەلکۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشوورییەکانی ئێراق رایگەیاند کە کورد غەدری لێکردووین لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4209

**24-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459158

-تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشیانکردە سەر بارەگای ینک لە موسڵ و لە ئەنجامدا تیرۆریستێک کوژرا و هیچ زیانێکیش بەر ینک نەکەوت.
-دووەم ڤیستیڤاڵی موزیکی رەسەنی کوردی لە شاری سلێمانی بەبەشداریی 15 تیپی کوردی دەستپێکرد، ئەم ڤیستیڤاڵە 4 رۆژ دەخایەنێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4210

**26-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145916

-لە هۆڵی بیستێی پاریس ڤیستیڤاڵێکی فراوانی گۆرانی و موزیکی کوردی پێشکەشکرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4211

**27-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145915

-د.ت فیدڕاڵیزمی ئێراقی ئاییندەی بەفەڕمی قبوڵکرد.
-باڵوێزی ئیسرائیل لە ئەنکەرە رایگەیاند کە دەوڵەتی کوردی هەڕەشەیە بۆ ئاساییشی ئیسرائیل.
-نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند کە پارتی بایی نزیکەی 1 ملیار دۆلار کۆنتراکتی داوەتە کۆمپانیا تورکەکان.
-مانگرتنی نزیکەی 2 هەزار خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بۆ داواکردنی داخستنی زانکۆی ئاییندە. چونکە ئەم زانکۆیە خوێندکارانی پلە نزم بۆ کۆلیژی پزیشکی وەردەگرێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4212

**28-02-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145916

-ئیبراهیم جەعفەریی سەرۆکی حیزبی دەعوە رایگەیاند کە رێگا بەمانەوەی پکک نادەین.
-ئەندامانی نوێی ئەنجوومەنی شارەوانیی نوێی کەرکوک کە زۆربەیان کوردن سوێندی یاساییان خوارد، ئەم ئەنجوومەنە بۆماوەی 9 مانگ دەستبەکاردەبێت.
-ئەنجوومەنی ئاساییشی تورک بڕیاریدا کە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ینک بەرەوپێش ببات.
-حیزبی تورکمان ئیلی لە نامەیەکدا بۆ ئەیاد عەلـلاوی ئەوەی راگەیاند کە دان بە بڕگەی 58ی دەستووردا نانێن و ئامادەن بەخوێنی خۆیان کەرکوک بکەنەوە بە شارێکی ئێراقی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4213

**00-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459166

-ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەی لە تورکیا گرت، چونکە تاوەکو ئێستا داگیرکەری تورک هەوڵی گەڕانەوەی ئەو سەدان هەزار کوردەی نەداوە کە کاتی خۆی بەزۆر ڕایگواستوون.
-ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ ڕەخنەی لە د.ت تورکیا گرت لەبەرئەوەی ڕێگا بە ئاوارە کوردەکان نادات بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان.
-محەمەد مەلا قادری ئەندامی بیرۆی ڕامیاریی پارتی ڕایگەیاند کە 95%ی عەرەب نەک هەر دژی فیدڕاڵین بۆ کوردستان بەڵکو دژی ئۆتۆنۆمیشن.
-دەرچوونی چەند بڕیارێک لە لایەن وەزارەتەکانی ئێراقەوە، بەپێی ئەو بڕیارانە ئەوانەی لە سەردەمی بەعسدا جاش بوون لە فەوجی خەفیفەدا بوون مانگانەیان دەدرێتێت.
-لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە. شایانی باسە د.ا تا ئێستا نەیتوانیوە ئەوانە بدۆزێتەوە کە ئەم کارەیان کردووە.
-سەرەتای ئەم مانگە: د. ڕۆژ نووری شاوەیس لە بەغدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئاڵای کوردستانی لەسەر مێزەکەی دانا و بووە هۆی نانەوەی ناڕەزاییەکی زۆر لەناو عەرەبەکاندا.
-جۆرج بەغدادی لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەی ڕاگەیاند کە کوردی خۆرئاوای کوردستان بەرەبەرە داوای ئەوەدەکەن کە وەک کوردی باشوور وەک نەتەوە دانیان پێدابنرێت و زۆر بەوردیش چاودێریی بارودۆخی باشووری کوردستان دەکەن. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە کوردی خۆرئاوا ژمارەیان 1.7 ملیۆنە.
-ئەنیستیتوی واشەنتۆن لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە دەبێت ئامریکا بۆ لەدەستنەدانی تورکیا، کۆنگرەی گەل پکک لەناوبەرێت و هەروەها ناشبێت کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان.
-بەلژیک، ڕەمزی کارتاڵی وەک پەنابەر وەرگرت. ناوبراو کەسی دووەمی کۆنگرەی گەلە.
-داگیرکەری تورک بە فەرمی ناوی زانستیی ئەو گیاندارە کێوییانەی گۆڕی کە بەناوی کوردی و ئەرمەنییەوەن.
-ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە یادی ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستان، داگیرکەری سووریی لە پێشێلکردنی مافی کورد ئاگادارکردەوە.
-بەهۆی لافاوێکەوە لە ناوچەی مەریوان پردی گوندی نەنە تێکچوو و بووە هۆی خنکاندنی منداڵێک بەناوی ئیحسان کەیوانپور.
-دەرچوونی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا سەبارەت بە مافی مرۆڤ لەساڵی 2004دا. لەم ڕاپۆرتەدا باس لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکرێت لە ئێراندا و ئاماژە بەوە دەکات کە ڕادەی زیندانی و کوشتن و ئەشکەنجە لەم وڵاتەدا بەشێوەیەکی ترسناک بەرزبووەتەوە.
-عەرەبی سوننە و شیعە لە سنووری پارێزگای دیالەدا لە دژی کورد بەرەیەکیان پێکهێنا و پارێزگار و جێگرەکەیان کردە عەرەب.
-کوردناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی، لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە پێویستە کورد سووربێت لەسەر گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سنووری کوردستان و بەفیدڕاڵیکردنی کوردستان.
-ناوەڕاستی ئەم مانگە: لە شارەدێی سەروچاوەی سەربە ڕانیە، نزیکەی 600 کەسێک تووشی نەخۆشییەک بوون کە وەک پەتا وایە و لە کولێرا دەچێت، شایانی باسە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە نەیانتوانی بەربەم نەخۆشییە بگرن و لە کاتی خۆیدا چارەسەری بکەن.
-وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕەخنەی لە داگیرکەری تورکیا گرت.

-ئەرمەنییەکان داوای 60 ملیار دۆلار قەرەبوو لە داگیرکەری تورکیا دەکەن.
-یەکێتیی ئەوروپا بۆ جارێکی دیکە هۆشداریی دایە داگیرکەری تورک سەبارەت بەمافی مرۆڤ.
-داگیرکەری ئێرانی د. رۆئیا تلوعیی بانگکردە دادگا، نێوبراو یەکێکە لە چالاکەکانی مافی ئافرەت.
13 -ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی هاک - پار لە تورکیا بەرەورووی دادگاییکردن بوونەوە، لەبەرئەوەی بەزمانی کوردی قسەیان کردووە.
-ئامریکا لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی سووریدا دانوستاندنی کرد.
-بەهۆی مانگرتنەکانی خوێندکاران لە دژی زانکۆی ئایندە، نزیکەی 170 خوێندکاری ئەو زانکۆیە کە پروانامەکانیان نزمە یان هەر نییانە مافی خوێندنیان لەو زانکۆیە لێدەستێندرێتەوە.
-لە شاری سلێمانی دیاردەی سواڵکردن قەدەغەکرا و هەرکەسێک سواڵ بکات دەدرێتە دادگا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4214
**02-03-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459169
-لابردنی سەرۆکی شارەوانیی سۆران، ئارام ئەحمەد حەسەن بەهۆی گەندەڵیی کارگێرییەوە و لە شوێنیدا سنۆبەر شاکیر سدیق دانرا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4215
**03-03-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121449153
-ئەیاد عەلـلاویی سەرەک وەزیرانی ئێراق باری نائاسایی لە ئێراقدا جگە لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی نادیار درێژکردەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4216

**04-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145917

-لە کەرکوک هەوڵی تیرۆرکردنی گرفتار کاکەیی درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ناوبراو لە دەزگای شەفەق کاردەکات و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری باوەگورگوری منداڵانە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4217

**05-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145916

-نوێنەری داگیرکەری ئێران عەبدوڵڵا رەمەزان زادە رایگەیاند کە ئەگەر بەشی کورد لە هەڵبژاردنی ئێراندا دیارینەکرێت، ئەوا کورد بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن. ئەم راگەیاندنە بووە هۆی وروژاندنی مەلاکانی ئێران و پێیان وایە کە ئەمە دژی سەربەخۆیی ئێرانە.
-داگیرکەری سووری رایگەیاند کە بەدوو هەنگاو هێزەکانی خۆی لە لوبنان دەکێشێتەوە. شایانی باسە لە رۆژانی رابردوودا چەندین خۆپیشاندان لە لوبنان لەدژی مانەوەی هێزەکانی داگیرکەری سووری رێکخرا.
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە نزیک کەمپی ئاوارەکانی خۆرهەڵات لەسەر سنووری ئوردون چەند گوللە هاوەنێکیان تەقاندەوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4218

**06-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145916

-ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوک لە کەرکوکدا خۆپیشاندانێکیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58 و نێکنەدانی خانووە نایاسابییەکانیان سازدا.
-تورکە رەگەزپەرستەکانی گورگەبۆر لە ئەستەمبوڵ خۆپیشاندانێکیان لەدژی گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر کوردستان رێکخست.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4219
**07-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100830112145916

-خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین لەبەردەم مۆزەخانەی هەولێر خۆپیشاندانێکیان سازدا، ئەم خۆپیشاندانە وەک نارەزاییەک بوو بۆ نەدۆزرانەوەی ئەو کەرەستە کۆنانەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لە مۆزەخانەکە دزرابوو. خوێندکاران لە یاداشتێکدا رایانگەیاند کە پێویستە هەوڵی زۆرتر بدرێت بۆ دۆزینەوەی کەرەستەکان و دەستگیرکردنی تاوانبارانی ئەو دزییە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4220
**08-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459168

-دەوڵەتی دانیمارک بڕیاریدا کە مەلا کرێکار بەیەکجاری رادەستی ئێراق بکاتەوە. ناوبراو لە ساڵی 2003وە لەلایەن دادگای دانیمارکییەوە لە لێپرسینەوەدایە چونکە پەیوەندیی بە رێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستەوە هەیە.
-یەکێتیی ئەوروپا رەخنەی توندی لە د.ت گرت لەبەرئەوەی لە چاکسازییەکانیدا بەرەودواوە گەڕاوەتەوە.
-تەقینەوەی بۆمبێک لەبەردەم بارەگای شارەوانیی ئامەد و بووە هۆی برینداربوونی 3 کەس.
-دامەزراندنی رادیۆی زین لە هەولێر لەلایەن سەنتەری خاتووزینەوە، ئەم رادیۆیە تایبەتە بە ئافرەتان و تەنها ئافرەتان کاری تێدادەکەن.
-نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی گوڵە وەنەوشەی لە هوتێلی شیراتۆنی هەولێر بەخشییە 7 ئافرەتی کورد و بێگانە. ئەمانە ناوی ئەو ئافرەتانەیە: رووناک فەرەج، هاوژین حەمە سەعید، مەهاباد قەراخی، نەجیبە مەحمود، سەبیحە ئەحمەد، زەکییە ساڵح و سینیا کارین. ئەمەی دووایان ئەڵمانییە و هەموویان چالاکن لە بوارەکانی ئافرەتان و مافی مرۆڤ و رۆژنامەوانیدا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4221

**10-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459172

-خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ یارمەتیدانی مانگرتنەکەی زانکۆی سلێمانی لە دژی زانکۆی ئاییندە بەرەو سلێمانی کەوتنەڕێ.
-تیرۆرکردنی لایەق ئیبراهیم و بریندارکردنی شۆفێرەکەی بەسەختی لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو بەرپرسی لکی کەرکوکی تەلەڤزیۆنی ساتەلایتی کوردستانی سەربە پارتی بوو.
-ئەو لیژنە ئامریکییەی کە بۆ پشکنینی سەردانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر هاتبوونە هەولێر، ئەمڕۆ رایانگەیاند کە فڕۆکەخانەکە ئاساییش نییە بۆ فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکە. هەربۆیە نابێت بەکاربهێنرێت. شایانی باسە ئەم فڕۆکەخانەیە نزیکەی 120 ملیۆن دۆلاری تێچووە و بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی نادیار دواخرا. هەروەها هەر لە هەولێر فڕۆکەخانەیەکی تر لە دروستکردندایە کە نزیکەی 150 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت.
-تیرۆریستێکی خۆکوژ لەناو پرسەیەکی کوردی شەبەک لە موسڵ خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی 50 کەس و بریندارکردنی دەیانی تر.
-بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە هەفتەنامەی جەماوەردا، سەرنووسەرەکەی میقداد شاسواری بۆ ماوەی 3 رۆژ لە هەولێر دەگیرێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4222

**11-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469173

-دەرچوونی ژمارە 1ی رۆژنامەی میدیای کوردی لە سلێمانی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4223

**12-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121459171

-بەبۆنەیساڵیادی راپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستانەوە، پارت و لایەنەکانی خۆرئاوا ئەمڕۆیان کردە رۆژی ماتەمینی.

-ڕوودانی بوومەلەرزەیەک لە ناوچەی کانی ڕەش لە باکووری کوردستان و بووە هۆی بریندارکردنی 7 کەس. بوومەلەرزەکە بەهێزی 5.7ی پێوەری ڕێختەر بوو.
-کوردە شەبەکەکانی موسڵ خۆپیشاندانێکیان لە دژی تیرۆری عەرەب لە موسڵ سازکرد.
-تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕاپەڕینەکەی قامیشلۆ، بەهۆیەوە لە کوردستان و لە هەندەران لە زۆر جێگا یادی ئەو ڕاپەڕینە کرایەوە.
-کوژرانی فارس مستەفای سەرۆکی هۆزی سلیڤانی لە بەغدا، نێوبراو لەسەردەمی بەعسدا سەرۆک جاش بوو.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4224

**13-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469174

-لیستی برایەتیی کەرکوک جارێکی تر پارێزەر عەبدولڕەحمان مستەفای بۆ پارێزگاری کەرکوک هەڵبژاردەوە.
-بەهۆی ئەوەی چەند پێشمەرگەیەکی زەحمەتکێشان لە مەخموور دەچنە ڕیزەکانی یەکێتییەوە، کێشەیەک لەنێوان هەردوولا دروستدەبێت و یەکێتی بارەگای زەحمەتکێشان داگیردەکات و ئەندام لکێکی زەحمەتکێشانیش بریندار دەکرێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4225

**14-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469175

-تیرۆرکردنی حیسام هیلال سەرسەم لەلایەن عەرەبەکانەوە لە موسڵ، نێوبراو وێنەگری تەلەڤزیۆنی ساتەلایتی کوردستان بوو.
-لە ناوچەی زوممار پێکدانێک لە نێوان پێشمەرگە و عەرەبەکاندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەک بریندابوو و تیرۆریستێکیش کوژرا و یەکێکی دیکەشیان بەبریندارى بەدیلگیرا.
-جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە لەگەڵ لیستی شیعەدا لەسەر 2 خاڵ ناکۆکیمان هەیە، ئەویش هێزی پێشمەرگە و کەرکوکە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4226

**15-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469176

-دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەنزیک کۆمپانیای گازی باکوور لە کەرکوک، لەم گۆڕەدا نزیکەی 20 تەرمی تێدایە.
-کورد و شیعەی ئێراقی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە سەرۆکی پەڕلەمانی ئێراق ببێتە عەرەبێکی سوننە.
-پارتی دەهەپ بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە دیاربەکر - ئامەد، هەردوو جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیی بانگهێشتن کرد. شایانی باسە هەر بۆ ئاهەنگی نەورۆز سەرۆک کۆمار، سەرەک وەزیران و سەرۆکی پەڕلەمانی داگیرکەری تورکیش بانگهێشتن کراون.
-داگیرکەری تورک ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆزی لە فایلی تیرۆر دەرهێنا و بەپێی فەرمانێک کە ئاڕاستەی فەرمانگەکان کراوە نابێت بەم بۆنەیەوە ڕێگیریی ئاهەنگ و کۆبوونەوەکان بکرێت.
-دۆزینەوەی 3 گۆڕی بەکۆڵ لە نزیک چواڕیانی کەرکوک - دوبز، لەم گۆڕانەدا نزیکەی تەرمی 81 کوردی تێدابوو کە ساڵی 1991 لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە گوللەباران کرابوون.
-ڕوودانی تەقینەوەیەک لە کەمپی پەنابەرانی کورد لە نزیک شاری ئەسینا لە یۆنان و بووە هۆی کوژرانی پەنابەرێک و بریندارکردنی 3یانی تر، پۆلیسی یۆنان ڕایگەیاند کە تەقینەوەکە لە ئەنجامی دووبەرەکیی خودی پەنابەران خۆیانەوە بووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4227

**16-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469177

-دانانی بەردی بناغەی مۆنومێنتی شەهیدان لە شاری هەولێر، ئەم پرۆژەیە لە ماوەی ساڵێکدا تەواو دەبێت.
-د. ئەختەر نەجمەدینی وەزیری خوێندنی باڵا - سلێمانی، دەربارەی مانگرتنی خوێندکاران ڕایگەیاند کە نەک زانکۆی ئایندە داناخەین بەڵکو زانکۆی ئەهلیی تریش دەکەینەوە.
-یەکەمین دانیشتنی پەڕلەمانی ئێراقی بەڕێوەچوو، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە تاوانەکەی هەڵەبجە کرا و جەلال تاڵەبانی بەناوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە وتارێکی خوێندەوە، شایانی باسە تەواوی کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی زیندوو وەردەگێردرایە سەر زمانی کوردی. هەروەها لە کاتی سوێندخواردندا پەڕلەمانتارانی کورد ڕازینەبوون بەتەنها بە عەرەبی سوێند بخۆن، بەڵکو جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە بەکوردی سوێند بخۆن، لە ئەنجامدا بە هەردوو زمان سوێندیان خوارد.
-بەبۆنەی ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لە کوردستان TV فیلمی ژیان لە دەرهێنانی ج. ڕۆژبەیانی

پیشاندرا.
-بەپێی ئامارێک کە لە تەلەڤزیۆنی کوردسات بڵاوکرایەوە، لە ساڵی هەشتاکاندا نزیکەی 280 ناوچەی کوردستان بۆردومانی گازی کیمیاویی کراوە.
-جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لەو وڵاتانە کرد کە بەهۆی نەورۆزەوە جەژن دەگێڕن، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناوی کوردی نەهێنا.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریٚ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4228

**17-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469179

-بۆیەکەمجار لە تەلەڤزیۆنی کوردسات فیلمی گێژاو پیشاندرا، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هاوریٚ مستەفایە و یەکەم فیلمی کوردییە کە کامێرای ژێرئاوی تێدا بەکارهاتبێت. فیلمەکە باسی کارەساتی رەوی کورد دەکات بۆ یۆنان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریٚ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4229

**18-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469178

-دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانباری هۆڵندی فرانس فان ئانراد لە دادگای رۆتەردام، نێوبراو لە هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بۆ داگیرکەری ئێراقی پەیداکردووە، لە دادگاییکردنەکەدا چەند کوردێک وەک گەواە ئامادەبوون، لەوانە کاروانی جیهاز کە پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی بووە و یەکێکە لە قوربانییەکانی گازی کیمیاوی.
-یەکێتی رایگەیاند کە ئامادەیە عوسمان عومەر عوسمان کە خاوەنی رەگەزنامەی دانیمارکییە بە مەلا کرێکار بگۆڕێتەوە، عوسمان بکوژی ژنێکی دانیمارکییە و لە سلێمانی زیندانییە و بریاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە.
-پارێزەری تاوانبار فرانس فان ئانرات رایگەیاند کە نێوبراو نوێنەری حکومەتی هۆڵندی بووە و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هۆڵنداوە پارێزگاریی لێدەکرێت.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوریٚ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4230

**19-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469180

-بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە کەرکوک 3 پۆلیس کوژران و 7یش بریندار‌بوون.
-کوژرانی نەجات کورانیی بەرپرسی ئاسایشی هەریر لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا.
-ڕێکخراوێکی کوردی مافی مرۆڤ لە سووریا لە نامەیەکیدا بۆ بەشەکانی ئاسایشی داگیرکەری سووری داوای دیاریکردنی چارەنووسی بڵند عاسم محەمەدی کرد. ناوبراو بۆ ماوەی ساڵێک و 4 مانگە زیندانییەکی بێسەروشوێنە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4231

**20-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469182

-هێزێکی ئامریکی لە شاری توزخورماتو چەند ئەندامێکی بەرەی تورکمانییان بەتاوانی تیرۆر دەستگیرکرد.
-لە شاری مێسین بەبۆنەی ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە کوڕێک کرایە ئاڵای تورکیا و میتی تورکی بە سووتاندنی ئاڵای تورکیای لەقەڵەمدا.
-بەهۆی ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە گفتوگۆکانی کورد و شیعە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ئێراقی بۆ چەند ڕۆژێک دواخرا.
-شۆڤێنییە عەرەبەکان لە شاری قامیشلۆ ئاهەنگی نەورۆزی کوردەکانیان بەردبارانکرد.
-بەهۆی ڕێڕۆیشتنێکەوە بەبۆنەی نەورۆزەوە لە شاری حەڵەب، داگیرکەری سووری 40 لاوی کوردی گرت کە 7یان کچن.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4232

**21-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469181

-داگیرکەری ئێرانی لە سنە و مەهاباد و هەندێک شوێنی تر ئاهەنگەکانی نەورۆزی تێکدا و ئاگرەکانی کوژاندەوە و ژمارەیەکی زۆریشی لە بەشداربووانی ئاهەنگەکان دەستگیرکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4233

**22-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469183

-عەممار ئەلحەکیمی کوری عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا رایگەیاند کە ئێمەش وەک تورکیا نیگەرانین سەبارەت بە رەوتی کەرکوک و ئێمەش هەمان رای تورکیامان هەیە. شایانی باسە نێوبراو داپیرەی تورکە.
-دەستەیەکی تیرۆریستی عەرەب لە شاری موسڵ پەلاماری بنکەیەکی یەکێتییاندا، لە ئەنجامدا هاووڵاتییەک کوژرا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی بۆ بنکەکە لێنەکەوتەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4234

**23-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469184

-نزیکەی 300 کرێکاری هیندی لە فرۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتنە کوردستان، بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکانی کوردستاندا. شایانی باسە بەهۆی زۆریی پرۆژەکانی کوردستانەوە دەستی کرێکار کێشەیەکی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان دروستکردووە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4235
**25-03-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469185
-بەرەی تورکمانی لە کەرکوک لە دژی فیدراڵی و ئازادکردنی زیندانییە تورکمانەکان لە کەرکوک خۆپیشاندانێکیان سازکرد.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4236
**26-03-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469186
-نەجات حەسەنی بەرپرسی لکی 3ی پارتی لە کەرکوک لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری بوو.
-دەستپێکردنی یەکەمین ڤیستیڤاڵی موزیکی کوردی لە سلێمانی.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4237
**27-03-2005**
http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469187
-تیرۆریستە عەرەبەکان لە کەرکوک هێرشیان کردە سەر چێشتخانەیەک و لە ئەنجامدا کوردێک کوژرا و 3یش بریندارببوون.
-جەلال تاڵەبانی رایگەیاند کە گۆرانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی ئێمەیە و ئەم چەرخە چەرخی رزگاریی کوردە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4238

**28-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469189

-د. بەرهەم سالح رایگەیاند: ئەگەر شیعە هێڵی سوورمان بۆ دابنێت، ئەوا ئێمەش لەگەڵ پەرلەمانی خۆماندا چارەیەک لە بارودۆخی خۆمان دەکەین.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4239

**29-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469188

-ئوتومبیلێک لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوک تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 1 کەس و بریندابوونی 17 کەس.
-یەکەمین ڤیستیڤاڵی منداڵانی کوردستان لە شاری هەولێر دەستپێکرد.
-ئەندامە تورکمان و عەرەبەکانی ئەنجوومەنی شاری کەرکوک لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەناڕەزایی هاتنە دەرەوە. شایانی باسە ئەمە چەندەمین جارە کە ئەم ئەندامانە لە دژی خواستەکانی کورد کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بایکۆت دەکەن.
-موقتەدا سەدر لە بەیاننامەیەکدا داوای کرد کە کورد دەبێت واز لە کەرکوک بهێنێت. چونکە ئێراق دەکەوێتە بەر مەترسیی پارچە پارچە بوون.
-دانا ئەحمەد مەجید بووە پارێزگاری سلێمانی.
-کامەران گەڵاڵیی موختاری گەڕەکی 92 لە شاری هەولێر تیرۆرکرا.
-عەممار ئەلحەکیم رایگەیاند کە لەگەڵ تورکیا کێشەکانی کەرکوک و پێشمەرگەمان تاوتوێکرد و گرنتیمان دانێ.
-ژمارەیەک زیندانیی تیرۆریست کە زۆربەیان عەرەب بوون لە کاتی گواستنەوەیان لە هەولێرەوە بۆ ئاکرێ ویستیان رابکەن، بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو و هەموویان سەرلەنوێ گیرانەوە.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4240

**30-03-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469190

-دیکتاتۆر بەشار ئەسەد لێبووردنێکی گشتیی بۆ زیندانە کوردەکان دەرکرد و ژمارەیەکیان دەستبەجێ ئازادکران، شایانی باسە ئەم لێبووردنە هەموو زیندانییە کوردەکانی نەگرتەوە و ژمارەیەکی زۆریان

هێشتا لە زینداندان.
سەرچاوە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4241

**00-04-2005**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301121469196

-د.ت بە تاوانی داگرتنی ئاڵای تورک لەسەر قوتابخانەیەک 7 قوتابیی کوردی دەستگیرکرد.
ل روژا 2-12-2011 پشتی نڤێژا ئەینیێ ب هاندانا گوتاربێژەکی ل باژارێ زاخو ب سەدان گەنجین دناڤبەرا 14-20 سالیێ دا دەست ب سەر سالونەکا مەساجا چینی دا گرتن و سالون ژناڤبر، ل پاشتر دا ئەڤ رویدانە بەربەلاڤ بوو تا گەهشتە وی رادەی چەندین جهێن مەی فروتنێ و گازینوێن گەشت و گوزاری هاتنە سوتن و بەرهەمێن وانا هاتنە ژناڤبرن، رویدان تا درەنگی شەڤ بەردەوام بوون و هێزێن ئەمنێ نەشیان ڤی سەروبەری کونترول بکەن، دیسان بارا پتریا جهێن مەسیحی و ئێزدیا هاتنە ژناڤبرن رویدان گەهشتنە سێمێل و زاویتە و دهوکێ، رەنگڤەدانێن وێ ل سەرانسەر کوردستانێ و جیهانێ هەبوون، بارەگایێن ئێکگرتوو ئیسلامی کوردستان هاتنە سوتن ل زاخو، سێمێل و دهوکێ، د شەڤا بویەرێ دا سەروکێ هەرێما کوردستانێ لێژنەیەک پێکئینا دا کو دویڤچوونا ڤان رویدانا بکەت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4323

**28-12-2011**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011122911103663580



لەهێرشێکی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر گوندێکی سەر بەناوچە سنورییەکانی شێرناخ، لانی کەم (30) کەس کوژراونو (50) دیکەش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4324

**05-02-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012020520483364176



بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا کۆپتەری حکومەتی کوردی هەستا. کە کۆپتەرێکی مەدەنی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ بوو لە شاری هەولێر.
سەرچاوە؛ لاپەرەی فەیسبووکی بەهمەن عومەر

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4325

**20-03-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012032021470164429



پۆلیسی تورکییە بەڕێز ئەحمەد تورک یان بریندار کرد!
هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی سەڵاحەدینی دەمیر تاش لە حیسابی تویترەکەی دا خەبەری بریندار بوونی بەڕێز تورک ی بڵاو کردووەتەوە دەنووسێ:" ئاکەپە هار بووە، لە گەڵ بەڕێز ئەحمەد تورک لە وانەوە بەرەو باتمان وەرێ کەوتین. بەو هێرشەی کە ئاکەپەی رەفتارفاشیست و ئیدریس نەعیم (وەزیری کاروباری نێوی خۆی تورکییەیە) کردی
انە سەر بەڕێز تورک هار بوونی خۆیان نیشان دا. میدیا دەڵێن گاز تەئسیری لە سەلامەتی وی کردووە. راستی ئەوەیە دوای ئەوەی ئوتوبۆسەکە گازباران کرا بە 15 پۆلیسان لە بەڕێز تورکیان دا. ئەو کە دڵی بە باتری کار دەکا لە لایەن ئەندامانی پارتیمانەوە گەیێندرا نەخۆشخانە، لە بەر تەئسیری گازی زۆری پشووپر و لێدان لە سەروچاوی بە مستەکوڵە بریندار بوو و ئێستا بەڕێز ئەحمەد تورک لە نەخۆشخانەی دونیای شاری باتمان لە ژێر تەداوی دایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4326

**28-05-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012052922255064957



لەمانگی حوزەیرانی ساڵی 2011، لەبیابانەکانی مەهاری پارێزگای دیوانیەی باشوری عێراق شەش گۆری بەکۆمەڵی قوربانیانی ئەنفال دۆزرایەوە کە ئێسکوپروسکی 730 ئەنفالکراوی لەخۆگرتبو.
ئەمرۆ ئێسکوپروسکی ئەو 730 کەسە هێنرانەوە بۆ کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4327

**31-05-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012060201464064983



لە مەراسیمێکی گرنگ و مێژوویدا، ئاڵای کوردستان لە بەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا هەڵکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4328

**07-06-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012060810543565076



ئێوارەی ئەمڕۆ نیازکێک لەسەر ئاسمانی باشووری کوردستان بۆ ماوەی دوو کاژێر بینرا. ئەم دیاردە گەردوونییە ترسێکی زۆری خستە نێو هاووڵاتییانەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4329

**24-07-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120523155792708

-مەحمود سەنگاوی بەتەلەفۆن هەڕەشەی لەکاوە گەرمیانی کرد.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4330

**26-08-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012082922204752668



سێ ئەندامی خێزانێک لەگەڕەکی کانی سپیکەی شاری سلێمانی بەسەرپردراوی لەماڵ ەکەی خۆیاندا دۆزرانەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4331

**28-08-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012082917210372416

کوردێکی باشوری کوردستان کە دانیشتوی شاری ئۆسلۆیەو ڕەگەزنامەی نەرویجی هەیە، هاوسەری پێشوی و کوڕێکی حەوت ساڵانەی خۆی دەداتە بەرچەقۆ، ژنەکە لەبەر سەختی برینەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا و کورەکەش لەژێر چاودێری پزیشکیەو برینەکەی سەختە.

پۆلیسی نەرویجی ڕایگەیاند کە لەدوای حەوت خولەک گەیشتونەتە شوێنی ڕوداوەکەو ئێستا بکوژەکە دەستگیرکراوە بەڵام هۆکاری کوشتنەکەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسنەکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4332

**00-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090812175572956



-لەزانکۆی سلێمانی گفتوگۆ کرا لەسەر تێزی دکتۆرای تاڤگە ئەحمەد میرزا بەناونیشانی (تەوسیفی وەزیفی و ئیداری کاری پەرستاران) کە یەکەمین نامەی دکتۆرایە تەرخان کرابێت بۆ بابەتێکی لەو جۆرە لەزانکۆی سلێمانی و کوردستان و عیراقدا.
-بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر ڕایگەیاند لەچوارەم وەرزی هەلکۆڵین لەشوێنەواری گەڕەکی عەرەب لەشاری هەولێر بەسەدان پارچە شوێنەواری گرنگ دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 3 هەزار ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4333

**02-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090310593434568

لەکاتی کارکردن لەپرۆژەی فامیلی مۆڵی 2 لەشاری سلێمانی، چوار کرێکار بوون بەژێر گڵەوەو دوانیان کە بران گیانیان لەدەستداو دوانەکەی تریش بریندابرون. ئەو دوو کەسەش کە بریندابرون باوک و کورن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4334

**04-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090415414333761

-لە ناوچەی پیشەسازی کەرکوک بۆمبێکی چێنراو تەقیەوە بەئۆتۆمبیلێکی پێشمەرگەی سەر بە لیوای سێ ناوچەی خانەقین کەبووە هۆی بریندار بوونی سێ پێشمەرگە.
-هەر ئەو سەرچاوەیە وتیشی، لەناوچەی عوزیم بۆمبێکی چێنراو بەکاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سوپای 16ی سلێمانیدا تەقیەوەو بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێنج پێشمەرگەو ئەفسەرێک بە پلەی مولازمی یەک.
-تەقە لە بەڕێوەبەری کاروباری ئەمنی پارێزگاری کەرکوک، لیوا عەدنان، کراو دەستبەجێ خۆی کوژراو پاسەوانەکانیشی برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4335

**06-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090615161972942

-کەشتیەک بە 120 پەنابەرەوە کەزۆربەیان کوردن ژێر ئاو دەکەوێت. کەشتیەکە لە دووری یەک کیلۆمەتر لە کەنارەکانی شاری "ئەحمەد بەی" لە پارێزگای ئیزمیر ژێر ئاوکەوتوە و زانراوە کە لە ناو ئەم کەشتیەدا ژمارەیەکی زۆر کوردیش هەبووە تا ئێستاش ناسنامەی ١٤ لەو کوردانە ئاشکرا بووە.
-لە ئەنجامی بۆردومانکردنی گەڕەکی شێخ مەقسوودی شاری حەلەب، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، 16کەس کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4336

**07-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090713105072946

-لە شاری کەرکوک ئۆتۆمبێلێکو دوو بۆمبی چێندراو بە دوو حوسەینیەی شیعەکاندا تەقینەوەو ژمارەیەک قوربانیان لێکەوتوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4337

**08-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090811261833468



-بەبەشداری زیاتر لەسەد هەزار کەس، تەرمی ئەو 20 کوردەکەی شاری حەلەب بەخاک سپێردران کە لەئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای سوریا کوژرابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4338

**09-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090911051872991



-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لەشاری کەرکوک، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و لەئاکامدا زیاتر لە 50 کەس بونە قوربانی.
-دوو تەقینەوەی دیکە لەشاری کەرکوک رویانداو بەپێی ئاماره سەرەتاییەکان 31 کەس بونەقوربانی.
-تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە قەزای دوزخورماتو و تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەقەزای حەویجەو لەریاز ژمارەیەک قوربانیان لێدەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4339

**10-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091213163673051

-سەرچاوەیەک لەوەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرایکرد کە لەشەوی دووشەممەی رابردووەوە کوردستان بەرهەمی هەناردەی نەوتی خاوی کێڵگەکانی خورماڵەی راگرتووە کە بەرهەمی ئەو کێڵگەیە نزیکەی 80 هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4340

**11-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091121381673025

-نزار محەمەد یەکێک لەرێکخەرانی خۆپیشاندانەکەی 17ی شوبات بەپێی مادەی 10 لەیاسای خۆپیشاندانەکان لەبنکەی پۆلیسی سەرا بەندکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4341

**12-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091308464773053



-لە چیای کاتۆ تەرمی حەوت گەریلای پارتی کرێکاران کە لە شەڕەکانی ئەم دوایەی ناوچەی شرناخ ژیانیان لەدەستدا رادەستی کەسوکاریان کرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4342

**13-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091322110473062

-لە دەڤەری سیدەکان، بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی سوپای تورکیا لە بناری چیای شەکێو لە دەڤەری سیدەکانی پارێزگای هەولێر 100 سەر مەڕی هاووڵاتییەکی دڤەرەکە لەناو چوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4343

**14-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091417490573083



-لە بەرامبەر دەستگیر کردنەوەی (حەمەد امین سارتکی) باوکی باوکی مامۆستا ساکار، کەس و کاری ناوبراو ڕێگای رانیە -سەرکەپکان دادەخەنو هەڕەشەی پەلاماردانی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵی مەدەنیو داکۆکیکاری مافی ژنان دەکەن کە دۆسیەکەی مامۆستا ساکاریان جوڵاندووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4344
**15-09-2012**
http://www.kurdipedia.org/?q=2012091517235373105

-بەهۆی جیاکردنەوەی خوێندکارانی کچو کوڕ لە قوتابخانەی سەگرمە لە شاری سلێمانی، پاشنیوڕۆی ئەمڕۆ شەڕەتەقە لەنێوان مامۆستایەکو ژمارەیەک لە خوێندکاراندا دروست بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4345
**16-09-2012**
http://www.kurdipedia.org/?q=2012091612080773131



-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ئەنجێلینا جولی، ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی و باڵیۆزی نیازپاکی سەربە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران، گەییشتە شاری هەولێر. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لێکرد.
-دوای ئەوەی هەرسێ لایەنی یەکگرتوو کۆمەڵو بزوتنەوەی ئیسلامی لە شاری هەولێر گردبونەوەیەکیان ئەنجامدابۆ نیشاندانی هاوسۆزیان بۆ پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) و ئیدانەکردنی ئەو فیلمەی سوکایەتی پێکردبوو، لە کۆتایی گردبونەوەکەدا ئاڵای ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سوتێندرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4346

**17-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091721452373194



-پاش مانەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیا بۆ چارەسەری نەخۆشی، ئەمڕۆ جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4347

**20-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012092111225473219




-مەحمود والی ناسراو بە ئەبو جاندی لەبەردەم بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە رەئس ئەلعەین لەپارێزگای حەسەکە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە تیرۆرکرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4348

**23-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012092408555973267

-رزگار گەنمانی، تەمەنی (32) ساڵ و خەڵکی گوندی (گەنمان)ی ناوچەی سەردەشتە بە هۆی دەسرێژی گولەی هێزەکانی ئێرانەوە ئەمڕۆ، یەک شەممە، کوژرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4349

**24-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20120924164533252‌07



-نەوشیروان مستەفا، سەردانی جەلال تاڵەبانیی کرد.
-لە خانەقین ژمارەیەک چەکداری نەناسراو سێ پۆلیسیان کوشتو سێ پێشمەرگەشیان بریندار کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4350

**29-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20120929203343733‌63


-لیوا نەبەز ئەحمەد کوردە لێپرسراوی بەشی چاودێری و پشکنینی هێزەکانی 70ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لە ئەنجامی رووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4351

**30-09-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20120930153430733‌65



-پێشنیوەڕۆی ئەمرۆ، یەکشەممە، چوارەمین کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێدان دەستیبەکارەکانیکردو لەهەرێمی کوردستانەوە هەر یەک لەمەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمو بەرهەم ساڵح وەک نوێنەری جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیو ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەشداری لەکۆنگرەکەدا دەکەن.
لەمیانەی وتارەکەیدا ئەردۆغان وتیشی، "داوا لەبرا کوردەکان دەکەم هاوکارمان بن لەنەخشەرێی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی تورکیا."
لەوتاری دەستپێکی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دادوگەشەپێداندا، رەجەب تەیب ئەردۆغان سڵاوی بۆ هەولێرو سلێمانی نارد، هاوکات داواشی لەکورد کرد هاوکاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکیا.
-لەبەرامبەر دانەمەزراندیان، دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکانی دەڤەری گەرمیان بروانامەکانیانو ئەو پرۆگرامانەی لەماوەی چوار ساڵی خوێندندا خوێندیانە، لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیاندا سوتاندیان.
-لە شاری قامیشلۆ تەقینەوەیەکی بەهێز لە نزیک بنکەی هەواڵگری سەرباز

و پۆلیسەکانی سوریا روویدا و 54 کوژراو بریندار لێکەوتەوەو زیانێکی زۆریشی بە بازاڕای ناوچەکە گەیاند.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4352

**02-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121002151318733378



-بەهۆی خراپی رەوشی ئەمنی قەزای خورماتووەوە، بریارە لەئەمرۆ، سێشەممەوە دەوامی سەرجەم قوتابخانەکان رابگیرێت، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراقیش داوادەکات لەهیچ شوێنێکی شارەکە رێگە بە کۆبونەوەی بەکۆمەڵی هاوڵاتییان نەدرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە
-وەفدێکی بزوتنەوەی گۆران لەماڵی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبونەوەو بەپێی لێدوانێکی رۆژنامەوانی هەردوولاش بێت لە کۆبونەوەکەدا لە کەشوهەوایەکی راشکاوانەدا باس لە پەیوەندیی دووقۆڵی و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەکەونە رێگەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆران کراون. ئاماژە بەوەشکراوە هەردوولا هاورا بوون لە سەر ئامادەکردنی زەمینەسازی بۆ چارەسەرکردن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و عیراق.
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4353

**03-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121003125330733383

-وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمرۆ، چوارشەمە، سەردانی دەڤەری گەرمیانی کردو بەهۆی ئەوەی بەڵێنێکی دڵخۆشکەری پێنەبوو بۆ دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکانی ئەو دەڤەرە، لەلایەن ئەو دەرچوانەوە رێگەی چونەدەرەوەی لەگەرمیان لێگیراو بەناچاری لەپشتی ئیدارەی گەرمیان و ناوچەی پیشەسازی قەزای کەلارەوە هەڵهات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4354

**13-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121014085555673420



-دیواری نێوان دوو قوتابخانە لە شارەزور، هەڵەبجەی تازە، دەڕوخێت و دوو خوێندکاریش دەبن بەژێر هەرەسەکەیەوە. و بەسەختی بریندار دەبن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4355

**15-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012101510102373423

-زنجیرەیەک تەقینەوە شاری کەرکوکی هەژاندو بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانیش تەقینەوەکان حەوت کوژراو چوار برینداری لێکەوتۆتەوە کە ژمارەیەک لەقوربانییەکان پۆلیسن.
-لەدوو روداوی تیرۆریستیی جیاوازدا لەقەزای دووزخورماتوو شەش کەس بونەقوربانی.
سەرچاوەە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4356

**19-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012102210020773443

-گەریلاکانی هێزی پاراستنی گەل -باڵی سەربازی پەکەکە- لەناوچەکانی چەلێ، شەمزینانو گەڤەری سەر بەجولەمێرگ کۆپتەرێکی سوپای تورکیا دەخەنە خوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4357

**24-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121025112952735\13

-زنجیرەیەک تەقینەوە شاری کەرکوکی گرتەوەو بەهۆیەوە سێ کەس گیانیان لەدەستداو پێنج کەسیش بریداربوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4358

**27-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121028004654735\51

-تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە خورماتوو بریندار‌بوونی 6 هاووڵاتیی لێکەوتەوە.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4359

**30-10-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121030131842735\64



-بەمەبەستی پشتگیری مانگرتووانی زیندانیانی کوردانی باکور کە پێی ناوەتە 49 هەمین ڕۆژەوە، ئەمڕۆ، مانگرتنی سەرتاسەری لەشاری ئامەد دەستی پێکرد.

-بەهۆی کێشەی زەوی و زاری نێوان دوو بنەماڵەی ناوچەی زرارەتی – هەولێر، دوو کەس کوژران و کەسێکیش رفێنرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4360

**04-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012110411015673588



-تانکەرێکی گواستنەوەی سوتەمەنی خۆی دەکێشێت بەپردی دێگەڵەی نێوان کۆیە و هەولێردا و لەئەنجامدا پردەکە دەروخێت و شۆفێری تەنکەرەکەش گیان لەدەستدەدات. بەهۆی ئەم رووداوەوە رێگای نێوان کۆیە و هەولێر داخرا.
-بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە باکووری شاری کەرکوک لەلایەن چەکدارێکی نەناسراوەوە بەبەرچاوی قوتابییەکانییەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4361

**05-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012110510324273592




-بەدروشمی "ئێمە خەڵکی باشورین، پشتیوانی باکورین" سەرلەبەیانی ئەمرۆ، خۆپیشاندانی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەمەبەستی پشتیوانیکردن لەمانگرتوانی کوردانی باکور دەستیپێکرد. پاشان لەلایەن چەند گەنجێکەوە ئاڵای تورکیا سوتێنرا.
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4362

**07-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012110709112473620




-فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بۆردومانی ناحیەی ژاراوەی سەر بەقەزای پشدەریان کردەوەو لەئەنجامدا لەگوندێکی سەر بەناحیەی ژاراوە دوو کەس کوژرانو دوانی دیکەش برینداربوون.
-لەناو بینای سەرای سلێمانی بە ئامادەبوونی پارێزگاری سلێمانی و ژمارەیەک لەکەسایەتی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، پرۆتۆکۆڵی ئینسایکلۆپیدیای سلێمانی لەنێوان شاری سلێمانی و ڕێکخراوی یونسکۆدا واژۆکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4363

**08-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012110822144873625

-بەهۆی روخانی دیواری خۆڵینی پردێکی شاری سلێمانی، دوو کرێکاری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان گیانیان لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4364

**09-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111010245773636

-لەزنجیرە چیاکانی "هەرەکۆڵ"ی سەر بەشارۆچکەی بەرواری شاری سێرتی باکوری کوردستان، کۆپتەرێکی جۆری سکۆرسکی سوپای تورکیا دەکەوێتە خوارەوەو لەئەنجامدا کوژرانی 17 سەربازی سوپای ئەو وڵاتەی لێدەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4365

**12-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111512020473712



-ڕوودانی لافاوێک لە کەلار و ناوچەکانی دەوروبەری، بەهۆیەوە زیانی ماڵیی زۆری لێکەوتەوە.
سەرچاوەی وێنە: ئاودێر محەمەد - ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4366

**13-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111312512773703

-بەهۆی باران و لافاوەوە، ئەمڕۆ ڕێگای نێوان کەلار - ڕزگاری و کەلار - خانەقین داخرا.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4367

**14-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111416440273708



-چەند تەقینەوەیەک لە شاری کەرکوک ڕوویاندا و ژمارەی قوربانیانی گەیشتە 9 کوژراو 41 بریندار.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4368

**15-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111621222573728

-هەموو لیژنەکانی دەرەوەی پارتەکانی پەرلەمانی سوید جەختیانکردوەتەوە بەپێی ڕۆشنیایی لێکۆلینەوە زانستیەکان، ڕیکخراوە نێونەتەوەییەکان، هەروەها بریارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی

عێراق، هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەنفالی کوردان لەساڵی ١٩٨٨ دا جینۆسایدە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4369

## 16-11-2012

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111614152673723



-شەڕ لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیسی عێراقی لە شارۆچکەی خورماتوو دروست دەبێت و لەئاکامی تەقەکردنی نێوان هەردوولادا هاوڵاتیەکی بەرەگەز تورکمان کوژراو 10 کەسیش بریندار بوون.
-کۆچی دوایی راگەیاندکار و هۆزانەوان، شوکروڵڵای بابان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4370

## 19-11-2012

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111913315773810

-لەشاری سەرێکانی رۆژئاوای کوردستان، دوو گروپی چەکداری سەر بەسوپای سوریای ئازاد، هێرشیان کردە سەر رێپێوانێکی ئەو شارەو لەئەنجامدا عابید خالید، سەرۆکی ئەنجومەنی گەلی رۆژئاوای کوردستان، گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4371

## 22-11-2012

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112308044473830

-بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە کەرکوک عەمید سەرحەد قادر بە سووکی برینداربوو.
-لە شەڕی نێوان هێزەکانی YPG و ئەو گرووپەچەکدارانەی تورکیا پشتیوانیان دەکات، لە شاری سەرێکانی رۆژئاوای کوردستان (25) ئەندامی گرووپەکان کوژران و (24) تریش بریندار بوون، کوژراوێکو بریندارێکیش لە ریزەکانی YPG هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4372

**25-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121125090249738881



-گروپی 25 نۆڤەمبەر کە گروپێکی ژنانەیە و تایبەتە بەکار و چالاکییەکانی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندیژی بەرامبەر ژنان، کەمێک لەمەوبەر شاڕێی سالمیان داخست و بریارە لەبەردەم باخی گشتی سلێمانیدا چەند چالاکییەک چەنجام بدەن.
-سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە لە ناوچەی کەرکوک هێزەکانی سوپای عێراقی خستە دۆخی ئامادەباشی باڵاوە (ئینزاری جیم.)
-هێزێکی گەورەی پێشمەرگە بەچەکی قورسەوە گەیشتە سنووری دووبز.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4373

**27-11-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121127125456773973

-زنجیرەیەک تەقینەوەی یەک لەدوای یەک شاری کەرکوکی هەژاند و بەهۆیەوە ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە.
-دوو خێزان لە گەڕەکی حەمرینی کەلار بەهۆی منداڵەوە دەبێتە شەڕیانو بەوهۆیەوە حەوت کەس لە هەردوولایان بە چەقۆ برینداربوون کە یەکێکیان ئافرەتە. (سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە(
-بەبیانووی خراپبوونی کەشتی ئیمراڵیەوە جارێکی تر ڕێگە نەدرا پارێزەرانی چاویان بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەوێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4374

**01-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121201090202740066

-کاتژمێر 11.30 تا 12.30 ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیی تورکی بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕاستەوخۆ

دەوروبەری گوندەکانی بۆڵێ، کۆرتەک، قۆمتانای بناری قەندیلی کردە ئامانج ناوچەکەی بۆردومان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4375

**03-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120411412274131



-جەلال تاڵەبانی سەردانی نەوشیروان مستەفا دەکات و لەماوەی کاتژمێرێکی کۆبونەوەکەدا چارەکێک بەتەنها هەردوکیان دادەنیشن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4376

**05-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120515562774147



-سەرلەبەیانیی ئەمرۆ، پۆلێک لە قوتابخانەی کچانی سەرەتایی شیناوێی سەر بە شاری پیرانشار، بە هۆی ئاگرگرتنی سۆبەی نەوتیی ژوورەکەیان، 36 قوتابیی پۆلێکی چواری سەرەتایی بەر ئاگر کەوتن .
بەپێی زانیارییەکان، قوتابییە سووتاوەکانی ئەم رووداوە رەوانەی نەخۆشخانەکانی پیرانشار(خانێ)، نەغەدە، ورمێ و سەردەشت کراون .
بەپێی ئەم هەواڵە باری ژیانی 12 قوتابی ناجێگیرە و تا ئێستا رێژەی کوژراوانی ئەم رووداوە دەرنەکەوتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنێر

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4377

**06-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120611373174203



-سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن، بۆ تاوتوێکردنی قەیرانی نێوان هەولێر و حکومەتی ناوەندی ئەمڕۆ گەیشتە بەغدا.
-بە مۆبایل هەڕەشەی سوتان لە بەهار مونزر کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4378

**07-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120720462974220

-لە گوندی بەنی وەیسی سە ربە شارۆچکەی سەعدیە، بەهۆی تەقینەوەیەکەوە پێنج کەس بریندار بوون.
-نوری مالیکیی سەرۆکوەزیرانی داگیرکەری ئێراق رایگەیاند کە ناوچە جێناکۆکەکان، ناوچەی عەرەب و تورکومانەکانن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4379

**08-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120816271374240

-لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی دەستیگیردندا بەهۆی کەیسیKCK وە، داگیرکەری تورکیا، سەرۆکی شارەوانی سیرت و نزیکەی 80 چالاکوانی کورد دەستگیردەکات.
-بەهۆی باران بارین ئاوی رووباری گوندی بەستەستێن بەرزبووەتەوە و بەهۆیەوە رێگا گیراوە و ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیل لەمبەر و ئەوبەری رووبارەکە وەستاون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4380

**10-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121010492574276



-مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەردانێکی ڕانەگەیەندراودا، سەردانی شاری کەرکوکی کردو هێزەکانی پێشمەرگەی لەناحییەی قەرەهەنجیری بەسەرکردەوە.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4381

**00-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121210441274312

-کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسان(cpj) ، ئاشکرای دەکات کە زیندانیکردنی ڕۆژنامەنوسان لەجیهاندا ڕووی لەزیادبوون کردووە لەو چوارچێوەیدا تورکیا لەپلەی یەکەمی ئەو وڵاتانەدایە کە زۆرترین ڕۆژنامەنووسی تێدا زیندانیکراوە، بەو هۆیەوە کۆمیتەی ناوبراو تورکیا بەخراپترین زیندان بۆ ڕۆژنامەنوسانی کورد وەسف دەکات.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4382

**12-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121214191374313



-لەبەرامبەر پێنەدانی زەوی بە پیشەوەران، ئەمڕۆ، پیشەوەرانی شاری سلێمانی لەبەردەم چواریانی ئاسۆی دەلاک خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو بۆ ماوەیەک شەقامەکەیان داخست.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4383

**13-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121310113674328



-کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، مەراسیمی بەرێکردنی روفاتی 158 ئەنفالکراویی گەرمیان لەشاری سلێمانییەوە بەرەو زێدی خۆیان دەستپێکرد و نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئەو روفاتانە لەگوندی (دێبنە)ی گەرمیان بەخاکبسپێردران.
سەرچاوەی وێنە: کاوە گەرمیانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4384

**04-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120509361774140



-داگیرکەری ئێراق هێزێکی گەورەی بۆ پاڵپشتی هێزەکانی بە ئاڵای شیعەکانەوە نارده ناوچەی خوورماتو.
-بۆ زیاتر رێزگرتن لەهەوڵ و ماندووبوون و ئەزموونەکانی لەبەردەم هۆڵی رۆشنبیری لەهەولێر لەمەراسیمێکدا پەردە لەسەر پەیکەری شانۆکاری گەورەی کورد ئەحمەد سالار لادرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4385

**15-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121619280174364

-سێ بەندکراوی کورد کە بەوتەی کاربەدەستانی داگیرکەری ئێرانی "تاوانی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان"-یان لەسەر بووە لە گرتوخانەی ناوەندی، ورمێ، لەسێدارە دراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4386

**16-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121619263774363

-زنجیرەیەک تەقینەوەی یەک لەدوای یەک شاری کەرکوکی گرتەوە و بەهۆیەوە 8 هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و 35ی تریش برینداربوون.

-تەقینەوەیەک لە جەلەولا بارەگایەکی یەکێتی دەکاتە ئامانج و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەکی پاسەوانی کۆمیتەکە شەهید بوو و چواری دیکەش بریندار.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4387

**17-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121708563074368

-لەئەنجامی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەناوچەیەکی تورکمان نشینی قەزای دووزخورماتوو، زیاتر لە 30 کەس کوژرانو برینداربوون.
-دوو تەقینەوەی بەدوای یەک دوو گوندی شەبەکیان لەموسڵ کردە ئامانج و لەئەنجامدا 7 کەس کوژراون و 15ی دیکەش برینداربوون.
-بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستییەوە، جەلال تاڵەبانی گەیەنرایە نەخۆشخانەی بەغدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4388

**18-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121813394074371



-هێزەکانی پێشمەرگە لە خۆرئاوای شاری کەرکوک تەقە لە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی هێزی ئاسمانی عێراقی دەکەن.
-زۆرێک لە کەناڵە ئێراقی و عەرەبییەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە کە جەلال تاڵەبانی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام هەندێک سەرچاوەی نزیک لە جەلال تاڵەبانییەوە ئەمەیان بەدرۆخستەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4389

**19-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121909322274393



-چەکدارانی نەناسراو لە کەرکوک پێشمەرگەیەک و کاسبکارێک دەکوژن.
-بەهۆی تەندروستی تاڵەبانییەوە فیستیڤاڵی مەقام لەکفری راگیرا.
-هێزەکانی پارتی لە هەولێر بەزۆر بڵاوەیان بە مانگرتنی کەمئەندامان کرد لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4390

**20-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012122016162774402

-جەلال تاڵەبانی بە فرۆکەیەکی تایبەت بۆ ئەڵمانیا گوازرایەوە، هەر ئەمڕۆ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەرلینی پایتەخت خرایە ژێر چاودێری پزیشکیەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4391

**21-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012122111191774409



-بەهۆی بارانبارینەوە، ئێوارەی ئەمشەو بەشێک لە چیای هەیبەت سوڵتان داڕماو بۆ ماوەیەک رێ لە هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل گیرا.
سەرچاوەی وێنە: ئاری سابیر - ماڵپەری سبەی
-موقدەمی هێزی 451 پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارام بابەکر، لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوە لە کۆیە دەستدرێژی گوللەی لێکراو کوژرا.
-لە شاری هەولێر بەهۆی باران بارینی زۆرەوە سەدان ماڵ زیانیان بەرکەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4392

**22-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012122219222574424



-مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بەبێ ئامادەبوونی سکرتێری گشتی، کۆبونەوەیەکی سازدا.
-محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆک و دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، پاش زیاتر لە ٢٠٠٠ رۆژ زیندانی ئازادکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4393

**23-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121224101616694 83



-کردنەوەی پێشانگای هونەرمەند عەباسی کەماندی لە مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4394

**25-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121225104721744 53



-مەسعود بارزانی گەیشتە شاری سلێمانی و دواتریش کۆبونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد.
سەرچاوەی وێنە: ئارام کەریم - ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4395

**29-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012123011480974540

-لەمزگەوتی (نەوەرەس) لەگەڕەکی زەرگەتە، پیاوێکی تەمەن 39 بەناوی بێستون محەمەد، بە فیشەکێک دوایی بەژیانی خۆی هێنا، ئەوە یەکەمین رووداوی خۆکوشتنە لەنێو مزگەوتدا لەشاری سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4396

**30-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012123020493274555

-نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، تورکیای تۆمەتبارکرد بەوەی هەوڵدەدات عێراق دابەش بکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4397

**31-12-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012123111060874556

-زنجیرەیەک تەقینەوە شاری کەرکوک و قەزای دوزخورماتوی گرتەوە و لەئەنجامداو بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان، سێ پۆلیسی کوژران و 10ی دیکەش برینداربوون.
-لە سەعدییە، لەئەنجامی تەقاندنەوەی خانوەکەیان لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە، چوار ئەندامی یەک خێزان گیانیان لەدەستدا.
-لە هەرێمی داراهێنێ سەر بە ناوچەی لیجەی شاری ئامەد، لە کاتی ئامادەکارییەکانی زستاندا، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورک و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی، شەڕو پێکدادان روویدابوو و لە ئەنجامی ئەو شەڕو پێکدادانانەدا (10) گەریلای HPG گیانیان لە دەست دا کە لەناویاندا ئەندامی کۆنسەی سەربازی HPG ئەرتەم کارابوڵوت) ناسراو بە (نومان ئامەد) هەبوو .بۆ یادکرانەوەی ئەو (10) گەریلایەی HPG ئەمڕۆ لە شوینێ شەڕو پێکدادانەکەدا چالاکییەکی جەماوەری بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو گەریلایانە بەرێوەدەچێت.
ناوی ئەو گەریلایانەی گیانیان لەدەستدا بەو شێوەیەیە :" ئەندامی کۆنسەی سەربازی HPG ئەرتەم کارابوڵوت ناسراو بە (نومان ئامەد)، فاروق دۆڵو ناسراو بە (عەگید ئامەد) لە دایکبوی شاری ئامەد، عومەر شەکەر ناسراو بە (عوزەر دێرسیم) لە دایکبوی شاری مەلاتیا، محەمەد بیچەجەک ناسراو بە (رێناس ئامەد) لە دایکبوی شاری ئامەد، پەرویز خەلیلی ناسراو بە (شۆرش سەلماس) لە شاری سەلماسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، مەسعود یڵدرم ناسراو بە (دەمهات) لە دایکبوی ناوچەی قۆسەری ماردین، رۆحوڵلا سەیدینەجات ناسراو بە (فرات ماڕگی) لە دایکبوی شری ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان، محەمەد زولفیقاێ کاچماز ناسراو بە (خەبات خانچەپەک) لە دایکبوی شاری ئامەد، محەمەد جاڵپ ناسراو بە (شەڤان کۆچەر) لە دایکبوی شاری مێرسین و هاکان تەزەڵ ناسراو

بە (ماسیرۆ (لە دایکبوی شاری ئێلیح".

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4398

**01-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130101150530745663

-لەیەکەم رۆژی ساڵی نوێدا لە سلێمانی 18 منداڵ لەدایک بوون. منداڵەکان 14 یان کچو 4 یان کورن.
-سێ تەقینەوە شارۆچکەی خورماتووی هەژاند و ٧ بریندارى لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4399

**03-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130103224549746612

-کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ئەحمەد تورک سەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی و ئایلا ئاکات ئاتا پەرلەمانتاری(بەدەپە)، بەرەو دورگەی ئیمڕاڵی بەڕێکەوتن. میدیاکانی تورکیا ئەوەیان ئاشکراکردوە کە پاش گەیشتینان بە زیندانی ئیمڕاڵی چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەنجامدراوە، پاشان لە کاتژمێر 3 پاش نیوەڕۆ لە زیندان دەرچوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4400

**04-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130104162840746699

-ژمارەیەک لە عارەبەکانی کەرکوک ئەمڕۆ دژی حکومەتەکەی نوری مالیکی خۆپیشاندانیان کردەوە.
-لە رووبەڕووبوونەوەی نێوان هێزە ئەمنیەکان و خۆپیشاندەراندا، لە ناحیەی جەلەولا نزیکەی 20 خۆپیشاندەر بریندار بوون.
-ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو بە کاروانی ئۆتۆمبیلەکەی سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە، عەبدولئەمیر زەیدی دا تەقیەوە.
-سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە رایگەیاند کە لەگەڵ تورکیا وتوێژ لەئارادایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4401

**06-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130106222640747 41

-نهۆمی دووەمی نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی گڕی گرت و زیانێکی زۆری لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4402

**07-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130107201928747 75

-نەوشیروان مستەفا سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی کرد لە شاری سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4403

**08-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130108115647747 79

-فراکسیۆنی عێراقییە بە فەرمی لێسەندنەوەی متمانە لە مالکی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی د.ع کرد.
-لە گوندی، یوسف بەگ،ی خانەقین کە ئێستا بۆتە گەڕەکێک لە خانەقین ,تەرمی دایکو کچێک دۆزرانەوە کە شوێنەواری فیشەکیش بە جەستەیانەوە بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4404

**10-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130110144619747784



- Three Kurdish women activists - including a co-founder of the militant nationalist PKK - have been found dead with gunshot wounds in a Kurdish information centre in Paris.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4405

**10-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130110145042747785



-شەوی رابردو لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا لەئەنجامی هێرشێکدا سێ ژنە سیاسەتمەداری کورد کوژران، کە پێکهاتبون لەساکینە جانسز، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان -پەکەکە- فیدان دۆغان، نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان -کەنەکە- لەپاریس، کچە چالاکوانێک بەناوی لەیلا سۆیلەمەز.

-ئەحلام مەنسور، بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4406

**11-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130111133846747790

-سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند کوشتنی سێ ژنە سیاسەتمەدارەکە لە پاریس کارێکی تێکدەرانەیەو وتیشی نابێت تا ئاشکرابوونی راستییەکان هیچ کەس و لایەنیک تۆمەتبار بکرێن.

-مەسعود بارزانی گەیشتە سلێمانی بەمەبەستی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو دواتریش سەرپەرشتیکردنی کۆبونەوەی هاوبەشی پارتیو یەکێتی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4407

**12-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011310175874797




-پرۆتستۆکردنی تیرۆری سێ ژنە سیاسەتمەدارەکەی باکوری کوردستان، بەردەوامەو لەو چوارچێوەیەدا خۆپیشاندانی کوردان لەهەر یەک لەوڵاتانی کەنەدا، دانیمارک، هۆڵندا، فەرەنسا و نەرویج درێژەی هەیە..

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4408

**13-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011313495974819



-شەرمەزارکردنی کۆمەڵکوژییەکەی پاریس بەردەوامە و لەو چوارچێوەیەدا ئەمرۆ، گردبونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان لەبەردەم کونسوڵخانەی فەرەنسا لەشاری هەولێر ئەنجامدرا و لەلایەن ئامادەبوانی گردبونەوەکەوە یاداشتێکی نارەزایی پێشکەشی کونسوڵخانەی ناوبراو کرا.
-نیوەڕۆی ئەمرۆ رادیۆی کۆمەڵ لە سلێمانی بەهۆی شۆرتی کارەباوە ئاگردەگرێت و بە وتەی بەڕێوەبەری رادیۆکە، زیانێکی مادیی زۆریشی بە ئیزگەکە گەیاندووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4409

**14-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011417350374833



-بەدروشمی "ئەی دەوڵەتی فەرەنسا تیرۆر مەکە بۆ تورکیا" پاش نیوەرۆی ئەمڕۆ، دووشەممە، خۆپیشاندانێک لەبەردەم باخی گشتی سلێمانییەوە بەرەو مزگەوتی گەورە ئەنجامدرا، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی "تیرۆرکردنی" سێ ژنە سیاسەتمەدارەکەی باکوری کوردستان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە
-بەهۆی دەمەقاڵێ و دروستبوونی کێشە لەسەر بەکارهێنانی زەوی کێشە لەنێوان دوو خێزانی شاری کەرکوک روودەدات و بەهۆیەوە 12 کەس دەبنە قوربانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4410
**15-01-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013011521482374846



-بەڕێکردنی تەرمی ساکینە جانسز، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان -پەکەکە- فیدان دۆغان، نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان -کەنەکە- لەپاریس، کچە چالاکوانێک بەناوی لەیلا سۆیلەمەز لە پاریسەوە بۆ کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4411
**16-01-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013011609345874850



-چەند تەقینەوەیەک لە کەرکوک و خورماتوو روویدا و زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێکەوتەوە.
-تەرمی سێ ژنە سیاسەتمەدارەکەی باکوری کوردستان گەیشتەوە شاری ئامەد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4412

**17-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130118115356749O8



-کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆکی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4413

**22-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012212211675128

-نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک بە 10 کیلۆمەتر خۆرئاوای قەزای دوزی گرتەوەو بەهۆیەوە سێ پۆلیسی کورد بریندار بوون.

-مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی کرد لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت لەئەڵمانیا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4414

**23-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012321012375186



-لەسەر پرۆژەیاسایەک بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەدادگاکاندا شەڕ لە نێوان پەرلەمانتارانی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا و پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەو وڵاتەدا دروست بوو.

-تەقینەوەیەک لە دانیشتنێکی پرسەدا لە حوسەینیەی، الشهدا و کە دەکەوێتە نزیک عەلوەی کۆنی خورماتوو روویدا و بەهۆیەوە زۆرتر لە ١٠٠ کەس کوژران و برینداربوون، لەناو کوژراوەکاندا پەرلەمانتار و سەرۆکی پێشوی بەرەی تورکمانی (سەعدەدین ئەرگیچ)ی تیایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4415

**24-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130124122320751190

-پارێزگاری کەرکوک رایدەگەیەنێت، تەندروستی، جەلال تاڵەبانی، زۆرباش بووە دەتوانێت قسەبکاتو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، هەروەها بۆ ماوەی دوو هەفتەیە مەشق لەسەر رۆیشتن دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4416

**28-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130128192615753396

-بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلی موختار (ئەحمەد تەقی بەیاتی) بەسەختی بریندداربوو و لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوک گیانی لەدەستدا.
-بە هۆی لافاوەوە بیست ماڵ لەسنووری شارۆچکەی سۆران ژێرئاو دەکەونو چوار خانووش رووخان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4417

**29-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130129130809075411

-هۆشیار جەلال لەگەڕەکی (ئاوباریک) لەشارۆچکەی رزگاری، لەنزیکی ماڵی خۆیان کەوتە ناو ئاوی لافاوەوە و خنکا، هۆشیار لەگەڵ خوشکەکەی دەستی بەدەستی دایکییەوە بوو کاتێ ئاوە بەخوڕەکە رایماڵی، دایکی فریای خوشکەکەی کەوت بیگرێتەوە بەڵام هۆشیاری لەدەست دەرچوو.
-بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر و دروستبونی لافاوەوە، رێگای نێوان پارێزگای دهۆک و موسڵ داخرا.
-لافاو لەشەقڵاوە و رانیە چوار پردی روخاند و کارەبای حەوت گوندی بری.
-بەرپرسی یەکەمی سەلەفیەکانی کەرکوک، (رەمەزان شکور) کەپێشتر لەگرتە ڤیدیۆییەکدا، فتوایەکی دەرکردو ووتی" وێنە گرتن حەرامە و خودا نەهی لێ کردووە. ئەو کەسەشی وێنە دەگرێت، مەلعونە". لەنزیک قەرەهەنجیر و لەلایەن گروپێکی نەناسراوەوە تیرۆر کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4418

**30-01-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013013017373975439

-بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە کارگەیەکدا لە شاری دیلۆک-غازی عەنتاب، هەشت کەس کوژران و 15 کەسی تریش بریندابوون.
-لە گوندێکی سەر بەشارۆچکەی چوارقورنەی قەزای رانیە دوو خێزانی یەک بنەماڵە دەبێت بەشەڕیان و لە ئەنجامدا بە چەقۆ گوێی پیاوێک دەبڕدرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4419

**01-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020110252175471

-لە ئەنجامی هێرشەکانی رژێمی بەعسی سوریا بۆسەر گەڕەکی ئەشرەفییەی کوردنشین تا ئێستا (14) هاوڵاتی کورد گیانیان لەدەستداوە و (42) کەسی تریش بریندابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4420

**02-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020300433875551

-بەپاساوی "ناپاکی هاوسەرگیری"، لە شاردێی هەریری سنووری پارێزگای هەولێر، دایکی دوو منداڵ لەلایەن خەزوری و دوو شوبرایەوە دەکوژرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4421

## 03-02-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020310221175552




-دوو تەقینەوە کە یەکێکیان خۆکوژی بوو، لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی کەرکوکدا رویدا و ژمارەی قوربانیانی تەقینەوەکان گەیشتە 22 کوژراو و 100 بریندار.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4422

## 04-02-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020410331175571



-بەشە ناوخۆیی فیردەوس لەگەرەکی سەرچناری شاری سلێمانی کە تایبەتە بەخوێندکارەکانی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی -کوران- لەسێ لاوە ئاگری گرتو بەو هۆیەوە سێ کەس گیانیان لەدەستدا کە دوانیان خوێندکاربونو 57 خوێندکاری دیکەش برینداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4423

## 05-02-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020512093675587

-بەمەبەستی نیشاندانی ناڕەزایی بەرامبەر روداوی سوتانی یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکان و داواکردنی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی خۆپیشاندان بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی ئەنجام دەدەن.
-ژمارەیەک لە خوێندکارانی قۆناغەکانی ئامادەیی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و خوێندکارێکیش لەلایەن پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانەوە لێی دەدرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4424

**06-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130206133041755618

-لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لەسەر رێگای کەرکوک-دوزخورماتو، موقەدەم هێمن غازی ئامر فەوجی سێی لیوای (16)ی سلێمانی سوپای عێراق کوژراو و دو ئەفسەر تر و سەربازێک بریندار بون و برینەکانیان زۆر سەختە.
-کاروانێکی کۆڵبەران بە دەیان ئەسپی بارکراوەوە لە ناوچەی شەهابەدینی بانەوە دەکەونە بۆسەی هێزێکی چەکداری سەر بە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەو هێرشەدا چوار کەس دەبنە ئامانجی راستەوخۆی ئەو هێزانە.
بەپێی زانیارییەکان، دوای ئەوەی ئەو هێزانەی رژێم دەکەونە کۆمەڵکوشتنی ئەسپەکان و پەرتەوازەکردنی بارەکانیان دەکەونە دوای چوار لە کاسبکارەکان و لە ئەنجامدا دوو برا بەناوەکانی (حوسێن رۆستەم نژاد) تەمەن ١٦ ساڵ و ( هوشیار رۆستەم نژاد ) تەمەن ٢٠ ساڵ کوری محەممەد چاوشین و گەنجێکی تری تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی ( رزگار کەمال کەتانی ) لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستبەسەر دەکرێن و دەست و پێیان دەبەسترێتەوە بەرەو کێوی ( سورکێو ) دەبرێن، کە نزیکە لە شوێنی رووداوەکەوە.
چوارەم گەنج کە ناوی ( عەلی مام نادر ) خۆی لە دەستی ئەو هێزانە رزگار دەکات و روو لە شوێنێکی مینرێژکراو دەکات، لە کوژران خۆی رزگار دەکات بەڵام پێ دەنێ بە مینێکدا و قاچێکی لەدەست دەدات
.
ئەو هێزانە کە دەست و قاچی ( حوسێن و هوشیار رۆستەم نژاد و رزگار کەمال کەتانیان بەستووە، لە سەر کێوی ( سورکێو )ەوە فڕیان دەدەنە خوارەوە . دوای ئەوەی ( عەلی مام نادر ) لەژێر چاودێری توندی هێزەکانی رژێمدا دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە دەست بە تیمارکردنی دەکرێت، دوای سێ رۆژ لە رووداوەکە و گوندنشینانی ناوچەکە لە بناری کەندەکانی کێوی سورکێو بەدوای تەرمەکاندا دەگەڕێن.
کاتێک تەرمەکان دەدۆزنەوە دەبینن هێشتا گرێکانی دەست و پێیان نەپچراوە و تەرمەکان دەبەنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووسەکان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4425

**07-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130207105139756339

-لەئەنجامی هێرشی ژمارەیەک چەکداری نەناسراو بۆسەر خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی سەحوە لەقەزای دوبزی سەر بەشاری کەرکوک سێ ئەندامی ئەو هێزە کوژرانو بریندار بون.
-ئەمشەو روداوێکی ئاگرکەوتنەوە لەبەشەناوخۆییەکی خوێندکاران لە شاری سلێمانی روویدا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4426

**08-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020816151675655

-بەهۆی ژەهراویبوونەوە پێنج ئەندامی خێزانێک لە گەرمیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکرێن و هۆکارەکەشی بۆ ماددەی بەسەرچوو دەگەڕێتەوە.
-فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا بەسەختی چەند ناوچەیەکیان لەبناری قەندیل بۆردومانکرد و بەو هۆیەوە کارەبای نیشتمانی چەند گوندێکی ناوچەکە پچرا و ڕێگەی هاتوچۆی دانیشتوانی ناوچەکەش پەکیکەوت.
-تالیب عەلی، خوێندکارە بریندارەکەی بەشی ناوخۆیی فیردەوس لەتاران گیانی لەدەستداو بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لەرووداوی سوتانی ئەو بەشە ناوخۆییەدا گیانیان لەدەستدا گەیشتە چوار کەس.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4427

**09-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020919061975674

-لەپەخشێکی ڕاستەوخۆدا کەناڵی NRT ڕایگەیاند، بەبۆمب هێرشکراوەتە سەر کەناڵەکەیان. ەم ڕوداوە پاش ئەوە دێت کە ئێوارەی ئەمرۆ زیاتر لە100 کەس لەئەندامانو لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەردەم کەناڵی NRT کۆبونەوەو نیگەرانیان بەرامبەر جنێوێکی بینەرێکی کەناڵەکە بۆ مستەفا بارزانی لەپەخشێکی ڕاستەوخۆدا دەربری. دواتر بەهەوڵی بەرپرسی لقی چواری پارتی کۆتایی بەگردبونەوەکە هێنرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4428

**11-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021617401475804

-بەئامادەبوونی 400 ئەندام لەدەرچووانی زانکۆ، لەهۆڵی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، کۆمەڵەی پەرستارانی کوردستان ڕاگەیەندرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4429
**12-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013021210171175752
-باڵەخانەی مێرگەسور لەشاری هەولێر ئاگری گرت و زیانی ماڵیی زۆری لێکەوتەوە.
-لەئەنجامی وەرگەرانی بارهەڵگرێک لەشاری سلێمانی، بارهەڵگرەکە گڕدەگرێت و شۆفیرەکەی گیانی لەدەستدا.
-پۆلیسی فەرەنسا لە شارەکانی تۆلۆز و بۆردۆ دەستیان بە ئۆپەراسیۆنی "رەشبگیری" کوردان کرد و (17) کوردیان دەستبەسەرکردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4430
**13-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013021809364880678
-کوڕێک دایکی و خوشکێکی خۆی لە شارەدێی دارەتوو بەچەقۆ دەکوژێت، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێشتا هۆکاری رووداوەکە نەزانراوە.
لەبارەی ناسنامەی بکوژو کوژراوەکان، سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی دارەتو رونیکردەوە کە "تۆمەتباری سەرەکی تاوانەکە ناوی (ک، ئ، پ)و تەمەن 27 ساڵە. دایکی ناوی (ش، ح، و)وەو تەمەنی 60 ساڵە، هەروەها خوشکەکەی ناوی (ش، ئ، پ)و تەمەنی20 ساڵە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4431
**14-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013021508563475786



-سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی، سۆزان خاڵە شیهاب، بەدابەشکردنی گوڵی سور بەسەر پەرلەمانتاراندا ئەمرۆ پەرلەمانتارانی لیستی ئۆپۆزسیۆنی ئاشتکردەوە.
-لەگەڕەکی (سەرچنار) لەشاری سلێمانی، لەئاکامی دەستدرێژی گوللە بەناو خێزانەکەیدا، پیاوێکی ئێزیدی ژنی خۆی و کورێکی دەکوژێ و دواتر خۆی رادەستی پۆلیسی سلێمانی دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4432

**16-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021614491675802

-لە سەر رێگای دووزخورماتوو- کەرکووک، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی لکێندراوەوە دادوەرێک بەناوی ئەحمەد عەباس ئەلبەیاتی کوژرا و کورێکیشی بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4433

**17-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021710255782307

-لەساڵیادی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتدا، ژمارەیەک لەپۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانو ئۆتۆمبێلێکی ئاوپرژێن، لەنزیک لقی 4ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی جێگیرکران.
-حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، رایگەیاند لەنزیک بارەگای سلێمانیان ژمارەیەک هێزی پۆلیس جێگیرکراوە.
-یەکێک لەو کەسانەی هێرشیکردە سەر ئاسۆس هەردی بە 8 ساڵ زیندانیکردن حوکمدرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4434

**18-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021819265480670



-لەکاتی کارکردن لەپرۆژەیەکی ئاوەڕۆدا لەگەڕەکی شێخ سمایلی هەڵەبجە، تەرمی دوو برا دۆزرانەوە کە لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە شەهیدبوون. ئەنوەر محەمەد ساڵح وەک شایەتحاڵێک بە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستانی راگەیاند: بەدەستی خۆی ئەو تەرمەی ناشتووەو، تەرمەکانیش بەناوەکانی حەسەن ئەحمەد ساڵح لەدایکبووی ساڵی 1955 و عەلی ئەحمەد ساڵح لەدایکبووی 1950 یە. لای خۆشیەوە، شاهۆ عوسمان قایمقامی هەڵەبجە بەوەکالەت لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەبەر ئەوەی تەواوی بەڵگەکان لەبارەی ئەو دوو قوربانییەوە لەبەردەستدان و دەناسرێنەوە، دەستبەجێ لەگۆڕستانی شێخ سمایل بەخاک دەسپێردرێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی گەلی کوردستان
-ئەنجومەنی رۆژنامەنوسانی رۆژهەلات رایدەگەیەنێت 12 رۆژنامەنوس لەلایەن هیزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە دەستگیرکراون کە سەرجەمیان لە بڵاوکراوەکانی پارێزگای ئیلام، کاریان دەکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4435
**19-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130219200829823 28

-دوای ئەوەی چەندجارێک بە مۆبایل هەڕەشەی لێکراو دۆسیەکەی گەیشتە دادگا، ئەمڕۆ بۆ جارێکی ترهەڕەشە لەچالاکوانی بواری ژنان و بەرپرسی کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان، بەهار مونزیر، دەکرێتەوە.
-مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەری وەفدێکی حکومی کە پێکهاتبوون لە مەسروور بارزانی، راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و فواد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم و کامەران ئەحمەد عەبدوڵڵا، وەزیری ئاوەدانکرنەوە و نیشتەجێکردن و فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک لە راوێژکاران، بە سەردانێک بەرەو روسیا بەڕێکەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4436
**20-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130220160624823 35

-پەرلەمانی ئەوروپا رەزامەندی نیشاندا لەسەر سازدانی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمان لە ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەدا، هەروەک رەزامەندی دەربڕی لەسەر کردنەوەی پێشانگایەکی وێنەیی سەبارەت بەجینۆسایدی کورد.

-ئاژانسی ئینتەرفاکسی روسی رایگەیاند سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی نوێ لەگەڵ کۆمپانیای گازپرۆمی روسی راگەیاند کە لەچەند رۆژی رابردوودا ئەنجامدراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4437

**21-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022213174782346

-لەمیانەی کۆبونەوەی نێوان سەرکردەی کوتلە سیاسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بەپرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2013ی عێراق روبەروبونەوە و لێدوانی توند لەنێوان پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی کوردستانی لەبارەی خەرجکردنی کرێی کۆمپانیا نەوتیەکانی هەرێم هاتوەتە ئاراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4438

**22-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022212361082344

-ناوەندی زەمین لەرزەی ئەورپا و دەریای ناوەڕاست، ئەمڕۆ، هەینی، رایگەیاند، زەمین لەرزەیەک بەگوری 3.7 پلە بەپێی پێوەری رێختەر شاری سلێمانی گرتوەتەوە و کاریگەرییەکەشی گەیشتوەتە شاری موسڵ و هیچ زیانێکی لێنەکەوتووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4439

**23-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022311115182350



-لەسەر داوای سەرۆک ئۆجەلان، ئەمڕۆ سەرکردایەتی حزبە کوردیەکان (سڕری سورەیا ئۆندەر، پەروین بۆلدان و ئاڵتان تان) لە تورکیا بەرەو ئیمرالی بەڕێکەوتن، پاش چاوپێکەوتنیان بە ئۆجەلان گەڕانەوە.
-لەمەراسیمێکدا لە شارۆچکەی جندیرسی رۆژئاوای کوردستان، بۆ یەکەمین جار هێزێکی ژنان لە ناوچەکەدا و کوردستانی رۆژئاوا پێکهێنرا.
-لە شاری سلێمانی و لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا تەقە لە لە خالیدی خولە سوور سەرۆکی عەشیرەتی غەوارە کرا و پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4440

**24-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130224113549823 67



-چیای سارا، لە سنوری قەزای دوکان بەهۆی بارانبارینەوە هەرەسی هێنا و رێگای دوکان و ناحیەی بنگرد و دۆڵی جافایەتی داخست.
-واسق بەتات، سەرکردەی سوپای موختار و ئەمینداری گشتی حزبوڵای عیراق، هۆشداریی دایە هەرێمی کوردستان پەل بۆ پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵ و دیالە و سەلاحەدین نەهاوێژێ، راشیگەیاند: "پێویستە کوردەکان سنووری هەرێمەکەی خۆیان قبوڵ بکەن، چونکە هەر پەلهاویشتنێک بۆ دەرەوەی ئەو سنوورە، وا دەکات ئەو سێ پارێزگایەش لەدەست بدەن کە هەرێمێکیان بۆ پێکهێناوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4441

**25-02-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130225150514823 75

-جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، عارف تەیفور، رەخنە لەنوێنەرە عەرەبەکانی شاری کەرکوک دەگرێت لەپەرلەمانی عێراق و تۆمەتباریان دەکات بەشکستخواردوو، بەبۆچونی ناوبراو ئەو پەرلەمانتارانە دوورن لەخواستی شەقام و تەنها کار بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4442
**26-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013022620524882388

-لە گەڕەکی واستی کەرکوک ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4443
**27-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013022720434082399

-ئێوارەی ئەمڕۆ بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بۆ سەر گوندەکانی بناری قەندیل (زارگەلێ و یەندزێ) دەستی پێکردووە، بەڕێوەبەری شارەدێی سەنگەسەریش رایگەیاند، پێدەچێت تورکیا ئەمشەو بۆمبی ناپاڵمی بەکار هێنابێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4444
**28-02-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013022812512782400

-بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ بەرپرسانی پەکەکە، بەرەبەیانی ئەمرۆ، وەفدێکی بەدەپە کە پێکهاتوون لەهەریەک لە ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی جڤاکی دیموکراتیک و -کەجەدە- سەلاحەدین دەمیرتاش و گوڵتان کشناک هاوسەرۆکانی بەدەپە گەیشتنە شاری سلێمانی.
-بەهۆی دەستکاریکردنی گولە تۆپێکەوە، ئەمرۆ، پێشمەرگەیەک لە شارەدێی گەلاڵە لەسنوری شارۆچکەی چۆمان گیانی لەدەستدا. قوربانییەکە ناوی (هیوا مەحمود)ە و تەمەن 35 ساڵە و پێشمەرگە بووە و خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.
-دانیشتنی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی گەلی کورد لەعێراق بەرێوەچوو.
-پۆلیسی ژینگە راوچییەکی بەناوی (شێرزاد حارس) لە ناوچەی سیدەکان کوشت.
-لە هۆڵی لقی 11 پارتی لە رانیە هەڵبژاردنی لقی قوتابیان ئەنجامدرا، بەڵام پێش هەڵبژاردنەکە شەر روودەدات و بۆماوەی دوو سەعات لەبەردەمی لقی پارتی شەردەبێت و رێگە بەچەند ئەندامێک نادرێت دەنگ بدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4445

**01-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030122033882406

-ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەڕەکەکانی (حەی نەسر و عروبە)وە ژمارەیەک موشەک بەئاراستەی ناوشاری کەرکوک هاویژراوە لە نزیک بنکەی پۆلیسی قۆریە و دەوروبەری مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتونەتە خوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4446

**01-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030209575882409

-ژ ئەنجامێ شەرو پێکدادانێن دناڤبەرا لەشکەرێ ئازاد و هێزێن رژێما سوری ل سنورێ عیراقێ ل دەڤەرا رەبیعە موشەکەک ل ئێک ژ گوندێن قەزا شنگال دکەڤیت لێ چ زیانێن گیانی نەبون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4447

**02-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030613140882482

-رزگارکردنی ناوچەی رومێلانی رۆژئاوای کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4448

**03-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130311100282426

-لەیەکێک لەباڵەخانەکانی گوندی ئەڵمانی کچێکی 16 ساڵ کەوتە خوارەوە و پاش گەیاندنی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.
-لە قەزای خەباتی سەر بە شاری هەولێر، شەڕکەوتە نێوان خەڵکی دوو گوندەوە، کەسێک کوژراو دوو کەسیش بریندار بوون، قایمقامی خەبات لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ یەک شەممە) شەڕەکە لەنێوان دانیشتوانی گوندەکانی گردەڕەشە و کەڵەکی کۆن بووە کە سەر بە عەشرەتی هەرکین. هاوکات سەرچاوەیەکی تایبەتی ئاوێنەنیوز رایگەیاند، لە شەڕکەدا، چەکی قورس بەکارهاتووە."، لە ئێستادا هێزەکانی ئاسایش لە ناوچەکەدان و شەڕەکە وەستاوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4449

**05-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130305110134824 54

-بۆمبێکی لکێندراو بە ئۆتۆمبێلێکدا لە ناحیەی کەسنەزانی سەر بەپارێزگای هەولێر تەقییەوە و لەئەنجامدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە قاچێکی لەدەستدا.
-دوو ئۆتۆمبیل لە شاری کەرکوک تەقیەوە و بووە هۆی کوژرانی سێ کەس و بریندار بوونی 17 کەسی تر.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4450

**06-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130306210006824 86

-کۆمیتەی رێکخستنی چەمچەماڵی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان هێرشی دەکرێتە سەرو لێپرسراوی کۆمیتەکەش لایەنە ئەمنییەکانی قەزاکە بە بەرپرس دەزانێت لەبەرامبەر پاراستنیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4451

**07-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130307145750824 91

-چەند چەکدارێک تەقەیان لە بنکەی پۆلیسی (عەدالەت)ی ناوشاری کەرکوک کرد و بەهۆیەوە پۆلیسێک کوژرا و سیانی تریش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4452

**08-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130308232003825O7



-لەکاتی کارکردندا لەپرۆژەی شاری دایک لە بناری گۆیژەی شاری سلێمانی لەئەنجامی کەوتنی کرێنێک، سێ کرێکار گیانیان لەدەستدا و کرێکارێکی دیکەش برینداربوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4453

**09-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130309133907825l5




-لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بڕیار درا بەرپرسە کوردەکانی ناو حکومەت عیراق بانگبکرێنەوە بۆ هەرێم.
-لە شارۆچکەی مێرگەسوور لەرووداوێکی هاتوچۆدا، ئۆتۆمبیلێک لەسەر رێرەوی خۆی لادەدات و دەکەوێتە سەربانی ماڵێکەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4454

**10-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130310090304825 26



-شەوی رابردوو لە گەڕەکی واستی شاری کەرکوک لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە ژووری مامۆستایانی قوتابخانەی (سرور)ی سەرەتایی دەسوتێندرێت.
-بونیان سابیر عوبەیدی، سەرپەرشتیاری خۆپێشاندانەکانی عەرەبی سوننە لە کەرکووک کوژرا.
-رۆژی لەبەرکردنی پۆشاکی کوردی لە هەموو دامودەزگاکانی باشووری کوردستان.
-بوومەلەرزەیەک شاری وانی لە باکووری کوردستانی هەژاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4455

## 11-03-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031107500982530



-لە بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، لە مەراسیمێکی تایبەتیدا و بەئامادەبوونی باڵیۆزی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان و زیاتر لە 50 باڵیۆز و نوێنەری وڵاتان، پیشانگەیەکی فۆتۆ و ڤیدیۆ بەبۆنەی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەوە کرایەوە.
-تەقینەوەیەک لە سەنتەری دوبز روویدا، تەقینەوەکە بنکەی پۆلیسی دوبز (دادگای کۆن)ی کردبووە ئامانج. بە گوێرەی ئامارەکان، 14 بریندار و 8 کوژراوی لێکەوتووەتەوە.
-بوومەلەرزەیەکی بەهێز کاتژمێر 5:57 دەقیقەی ئێوارە لە سەنتەری شاری دهۆک دەدات. بەپێوەری رێختەر بومەلەرزەکە 4.8 پلە بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4456

## 12-03-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031212262782550

-لە ژێر ناوی (جوگرافیای سیاسی گۆڕاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، ئەمڕۆ کۆڕبەندی ساڵانەی دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی دەستپێکرد. لە دیدارەکەدا هەریەک لە د.بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمو هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عیراقو قوباد تاڵەبانی، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگیو بەدواداچون لە ئەنجومەنی وەزیرانو د. نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکوک، بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی، لەگەڵ چەندین بەرپرسی بیانی و ناوخۆیی ئامادەبوون. لە سەرەتای دیدارەکەشدا هەریەک لە د. بەرهەم ساڵح و هۆشیار زێباری لە دوو وتاری جیاوازیاندا باسیان لە رەوشی سیاسی عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4457

**13-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031312170282563



-پارتی کرێکارانی کوردستان -پەکەکە- هەشت دیلی سوپا و لێپرسراوی حکومەتی تورکیای ئازادکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4458

**14-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031414214082570

-لە شاری هەولێر لە یادی رۆژی شەهیدانی خۆپیشاندانەکەی قامیشلۆ کە لەساڵی 2004 ئەنجام درا کۆنفرانسی کوردانی سوریا بۆ بەهێز کردنی دەستەی حزبەکانی سوریا بەڕێوەچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4459

**15-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031508461482573

-بە بەشداری باڵوێزانی جیهان و نوێنەرانی پارت وکۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکانی هۆڵەندا، لە شاری دەنهاخ پایتەختی سیاسی هۆڵەندا لە بارەگای رێکخراوی دژی چەکی کیمیاوی(OPCW) ، یادی هەڵەبجە بەرز و شکۆدار راگیرا.
-ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شێخان ماڵەکانیان لەترسی بومەلەرزە ماڵەکانیان بەجێهێشت.
-بەمەبەستی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی جەلەولا، کۆمەڵێک هاوڵاتی گوندەکانی سەر بە شارەدێی قەرەتەپە بەڕێدەکەون بۆ شارۆچکەی جەلەولا، بەڵام سوپای عیراق رێگرییان لێدەکەن و

تەقەیان لێدەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4460

**18-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130318190759825 83

-وەفدێکی بەدەپە سەردانی عەبدوڵڵا ئوجەلانیان لە زیندای ئیمرالی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4461

**19-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130319202555825 88


-گەورەترین و درێژترین هەڵپەڕکێ لە مێژووی کوردستاندا لە هەولێر کرا.
-لە کەرکووک 2 تەقینەوە 3 کوژراو و 32 بریندارى لێدەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4462

**21-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130321161509825 93



-عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن پەرلەمانتاری پارتی ئاشتی و دیموکراتی - بەدەپە- پەروین بوڵدان-ەوە خوێندرایەوە، لە نامەکەدا ئوجەلان پیرۆزبایی نەورۆزی کرد و داوای بێدەنگبوونی چەکەکانی کرد، تاوەکو کێشەی کورد لە رێی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت.
-رەجەب تەیب ئەردۆغان لەمیانەی وتەیەکی تەلەفزیۆنیدا پەیامەکەی ئۆجەلانی بە ئەرێی"پۆزەتیف" ناوبرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4463

**25-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032514421982615

-لە هۆڵی نەخۆشخانەی پارک تایبەت لە شاری هەولێر ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو بۆ چاککردنەوەی هەردوو زمانەی دوانی و سیانی دڵ راگەیەنرا کە بۆ یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان و عیراق ئەنجامدەدرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4464

**26-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032608045482616

-یەکەکانی هێزی جەندرمەی تورکیا، بەرەسمی دەستیان کرد بە کشانەوە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.
-لەئاکامی تەقینەوەیەکەوە دوو بەرپرسی کوردی ناوچە دابراوەکان گیان لەدەست دەدەن و قایمقامی خورماتووش بەسەختی برینداردەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4465

**27-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032710182182619

-لە نزیک قەزای حەویجە بۆمبێک بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی جێگری پارێزگاری کەرکوکدا دەتەقێتەوە و ناوبراو رزگاری دەبێت، لە کەرکوکیش بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە پۆلیسێک بریندارەدەبێت، هێزەکانی پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکوکیش دەستیان گرت بە سەر حەشارگەیەکی چەک و تەقەمەنیدا.
-لە مەراسیمێکدا لە شاری هەولێر بەرێوبەرایەتی شێونەوار بە هاوکاری کۆمسیۆنی بوژانەوەی قەلای هەولێر و بەشی شوێنەوارناسی لە زانکۆی سەلاحەدین دەست پێکی یەکەم قۆناغی هەڵکۆڵین بەدوای شوینەوار لە قەلای هەولێر دەستی پێ کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4466

**28-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130328155342826



-کۆمپانیای نەوتی کۆریای باشوور، رایگەیاند: لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای (ئۆریکس)ی سویسری بۆ دۆزینەوەی نەوت، کێڵگەیەکی نەوتی لە شاری هەولێر دۆزیوەتەوە کە رێژەیەکی زۆر نەوتی تێدایە.

-جارێکی دیکە لەپەیمانگای تەکنیکی کەرکوک، شەڕ و پێکدادان لەنێوان خوێندکارانی کورد و تورکماندا سەریهەڵدایەوە و بەوهۆیەوە دو خوێندکاری کورد برینداربوون و خوێندکارێکی دیکەش دەستگیرکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4467

**29-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130329130515826



-لە شاری کەرکوک ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەبەرامبەر مزگەوتێکدا تەقیەوە و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان چوار کەسی کوشتووە و 70 کەسیشی بریندار کردووە.

فۆتۆ: محەمەد شوانی

-کۆچی دوایی مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی لە ستۆکهۆڵم.

13 -سیاسەتمەداری کورد لە باکووری کوردستان ئازادکران، سەرۆکی شارەوانی شاری وان لەناو ئازادکراوەکاندایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4468

**30-03-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130330114549826



-لەبەرامبەر دابەشنەکردنی بەنزین بەسەریان دا، شوفێرانی قەزای چۆمان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ڕێگای گشتی شارۆچکەی چۆمان و سۆران و شارەدێی حاجی ئۆمەرانیان داخست.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردسات
-سەرۆکایەتی دەستەی بەڕێوەبەری KCK ڕایگەیاند کە دەستەبەرکردنی زەمینەی یاسایی بۆ کشانەوەی گەریلاکان لە باکووری کوردستانو هەڵگرتنی هەندێک هەنگاوی کرداریی نەبێت، گەریلا پاشەکشێ ناکات، KCK دوپاتیشیدەکاتەوە کە ئەو شێوازی پاشەکشێیەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات بەهیچ شێوەیەک لەمژاری تەڤگەڕەکەیاندا نییە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4469

**03-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130403095754826660

-لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە پاسێکدا لەنزیک قەڵای کەرکوک هەشت کەس بوونە قوربانی.
-تەرمی پێشمەرگەیەک لەسەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک - سلێمانی دۆزرایەوە.
-تەقە لە بارەگای یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە شارۆچکەی پیرەمەگرون کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4470

**09-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130409214005826671



-ئایسەل توغلوک هاوسەرۆکی کەجەدە لەزانکۆی دیجلەی ئامەد لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە بریندارکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4471
**14-04-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130414215412826800

-فڕۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی ئەسەد دوو گوندی کوردنیشینی سوریا بۆردومان دەکەن و 26 کوژراو و دەیان برینداری لێدەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4472
**15-04-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130415104110826830

-ڕۆژنامەنوس مەحمود یاسین کوردی ڕۆژنامەنوسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و نزیک لەئەمینداری پێشووی ئەو حیزبە لەشاری هەولێر دەستگیرکرا.
-تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو لەگوندێکی تورکمان نشی نو سەنتەری شارۆچکەی دوزخورماتو 42 قوربانی لێدەکەوێتەوە.
-لە ئەنجامی 4 تەقینەوەدا لە شاری کەرکوک، دەیان قەربانیی لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4473
**17-04-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130417204943826870



-دەسەڵاتدارانی ئێران (وەک سزایەکی یاسایی) جلی کوردی ژنانەیان کردە بەر کەسێکی "تاوانبار"و لەناو شاری مەریواندا سوریاندا، ئەمەش ناڕەزایەتی لای ژنانی شارەکە دروست کردو سەدان کەسیان، بەجلی کوردی سورەوە، خۆپیشاندانیان سازدا.
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە
-خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) بە یاوەری شاندێک سەردانی قەندیلی کرد و لەگەڵ موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆما جڤاکین کوردستان و بەرپرسانی KCK کۆبووەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4474

**18-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013041821500282697

-پێگەی ئەلیکترۆنی تایمی ئەمریکی لیستی (کاریگەرترین 100 کەسایەتی جیهان)ی بۆ ساڵی 2013 بڵاوکردەوە و تێیدا ناوی چەندین کەسایەتی بەناوبانگی جیهان لەهەر چوار لایەنی (کەسایەتییە گەورەکان و پێشەوا و سەرکردە سیاسییەکان و سیما دیارەکان و هونەرمەندان) خراونەتە روو. یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەو لیستە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) سەرۆکی زیندانیکیراوی (پەکەکە)یە و لەناو لیستی (کەسایەتییە سیاسییەکان)دا کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر جیهان دروستکردووە، ناوی هاتووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4475

**20-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042009223182702

-لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، 9 بۆمبی چێنراو لە شارۆچکەی دوزخورماتوو تەقییەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4476

**22-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042212191682708




-رۆژنامەنوسانی سلێمانی لەبەردەم نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستاندا گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا و رایانگەیاند کە "ئەمڕۆ بەفیکەکانمان لەساڵیادی 115 ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا داوادەیکەین پێشێلکاییەکان بووەستێت."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4477

**23-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042313214682711



-ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەوروپا راپۆرتێکی تورکیای قبول کرد، لەبارەی دەرکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە لیستی "گروپ و هێزە تیرۆریستەکان ".

-پشێوییەکی زۆر ناوچە عەرەبنشینەکانی باشووری کەرکوکی گرتەوە و لە شارۆچکەی حەویجە بەهۆی پێکدادانی عەرەبە سوننەکان و سوپای داگیرکەری ئێراقەوە دەیان کەس کوژران و زۆرتر لە سەد کەسیش بریندار‌بوون.

-لە بەندیخانەی "دێزەڵ ئابادی"شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان چوار کەس لە لایەن کاربەدەستانی داگیرکەری ئێرانەوە لە سێدارە دران کە دووانیان ئافرەتن.

-لە شەقامی 40 مەتری ناوشاری هەولێر، بەهۆی هەورە بروسکەوە باڵەخانەیەک گڕی گرت و زیانی مادیی لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4478

**24-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042422405882721

-شەڕ و پێکدادان لە موسڵ دەستی پێکرد و دەست بەسەر چەند بنکەیەکی پۆلیسدا دەگیرێت و مەفرەزەیەکی سوپای عیراقیش تەسلیم دەبێت

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4479

**25-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042513493382731




-لەئەنجامی رووبەرووبوونەوەکانی گروپی نەقشبەندی و سوپای عێراق، لەگوندی حوزەیفەی ناحییەی قەرەتەپە هەلیکۆپتەرێکی سوپای عێراق خرایە خوارەوە.
-کۆما چڤاکێن کوردستان رایگەیاند، کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لەناوچەکانی باکوری کوردستان دەست پێدەکات.
-لەبەرامبەر ئەو سوکایەتیەی بەژنانو جلوبەرگی کوردی کرا لە شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان کوردانی رۆژهەڵات و چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی لە سلێمانی گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4480

**26-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130426134933827737

-لە شارەدێی جەلەولای سەربە شارۆچکەی خانەقین، نوێژی بەکۆمەڵ و خۆپیشاندان ئەنجامدرا و هاوکات 3 ئەندامی قاعیدە کوژران و بریندارکران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4481

**27-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130427213957827743



-مەسعود بارزانی پێشوازی کرد لە نووسەر و مێژوونووسی ناوداری تورکیا (ئیسماعیل بێشکچی) کە لە دوای ئازادبوونی لە زینداندا کوردستان یەکەمین وڵاتە سەردانی بکات.
-چەند کەسێک لە زاخۆ بە هێلکە و تەماتە و تەحین هێرش دەکەنە سەر سەرۆکی بزوتنەوەی گەلی کوردستان (جەمیل بەرواری) و ئاگاداری دەکەنەوە کە قسە لە سەر پارتی نەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4482

**28-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042822314082746

-لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا بەهۆی پەلاماری چەکدارانی نەناسراوەوە 7 کەس کوژران و بریندابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4483

**29-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042916114882751

-ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار گەشتی یەکەم شەمەندەفەری نێوان مەهاباد تاران مەشەد گەیشتە شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان.
-وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ نوری مالیکی لەسەر کێشەکانی هەرێم و بەغدا کۆبوونەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4484

**30-04-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013043013010082754

-سەدان شۆفێری بێ هێڵ لە شارۆچکەی کەلار بەهۆی ئەوەی رێگەی کاریان پێنادرێت خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4485

**00-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052809263078422

-گروپێکی سەربەسوپای سوریای ئازاد (700) هاوڵاتی کوردیان لەسەر رێگای حەلەب عەفرین رفاند

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4486

**02-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130502113117827756



-بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک، لیوا جەمال تاهیر، لەهەوڵێکی کوشتن رزگاری بوو، بەڵام چوار لەپاسەوانەکانی بریندواربوون.
-رۆژنامەنوسانی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مانگرتنیان لەناو باخچەی شارەوانی سلێمانیدا دەستپێکرد. 169 رۆژنامەنووسی لقی سلێمانی داوای وەرگرتنی زەوی دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4487

**03-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130505210920827788

-دۆزینەوەی تەرمی عومەر عەبدولڕەحمان - عومەری مەکتەبە لە شاری هیتۆبۆری لە سوید. نێوبراو پاش سەردانێکی بۆ سوید بەشێوەیەکی تەمومژاوی دیارنەما.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4488

**07-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130507210829827792



-شەپۆلێکی باران و تەرزە باشووری کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە لەشاری سلێمانیش لافاو دروستبوو و زیانی ماددیی لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4489

**08-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013050810200982796

-لەئەنجامی سێ تەقینەوەی خۆکوژی لەشاری کەرکوک و قەزای دوزخورماتو زیاتر لە 40 کوژراو و بریندار لێکەوتەوە، یەکێک لە تەقینەوەکانیش کۆمیتەی 1ی ڕێکخستنی یەکێتی لەگەڕەکی ڕەحیم ئاوای کردۆتە ئامانج.
-فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی پاراستنی گەل باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە، لەبەیاننامەیەکدا رایدەگەیەنێت کە لە ئەمرۆ، چوارشەممەوە پرۆسەی کشانەوەی گەریلاکانیان لەناو خاکی تورکیا و باکوری کوردستانەوە دەستپێدەکات.
-مزگەوتی یەکێک لە گەڕەکە کوردیەکانی قەرەتەپە بۆمبڕێژدەکرێت و بەهۆیەوە سێ کەس کوژران و بریندابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4490

**09-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013050921393782802

-تەقینەوەی بۆمبێک لەناو بازاڕێکی شارۆچکەی دوزخورماتوو ژمارەیەک برینداری لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4491

**14-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051418184078603

-یەکەمین گروپی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (HPG) لە ناوچەی (وان) دوای دوو هەفتە ڕێپێوان گەیشتنەوە ناوچەی بادینان.
-سێ باخ لە سنووری خانەقین سووتا.



کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4492

**15-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130515135700785558



-لەچوارچێوەی کشانەوەی گەریلاکانی پارتی کرێکاری کوردستان -پەکەکە- بۆ هەرێمی کوردستان، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، گروپی دووەمی گەریلا کە پێکهاتبوون لە 17 گەریلا لە بۆتانەوە گەیشتنە هەرێمی کوردستان.
-پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گەڕەکی، تسعین، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەجۆری، مازدا، تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە 10 کەس گیانیان لەدەستداوە و 8ی تریش بریندارب‌وون، تەقینەوەی دووەم ئوتومبیلێکی جۆری، ئۆپڵ/ ڕەنگی سپی، بوو کە لە پشت بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک روویدا و بووە هۆی گیان لەدەستدانی 4 کەسو برینداربوونی ژمارەیەکی تر. سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4493

**16-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130516151146785552

-لە گەڕەکی (دۆمیز)ی شاری موسڵ، خۆکوژێک ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی بە بازگەیەکی سوپای عیراقدا تەقاندەوە و لە ئەنجامدا 2 سەرباز گیانیان لەدەستدا و 3 هاووڵاتیش بەسەختی بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4494

**17-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051708471078551

-پاش تێپەربوونی پێنج مانگ بەسەر نەخۆشکەوتنیدا ئەمڕۆ ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی چەند وێنەیەکی نوێی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقی بڵاوکردەوە کە لە باخچەی ئەو نەخۆشخانەیەی تاڵەبانی تیادا چارەسەردەکرێت لە ئەڵمانیا گیراوە.، بەهۆی ئەمەوە لە سلێمانی و هەندێک ناوچەی تردا بووە تەقەی خۆشی و نزیکەی 4 کەس برینداربوون. هەندێک لە هەوادارانی پارتی ڕایانگەیاند کە ئەو وێنانە هی پارن و جەلال تاڵەبانی دەمێکە کۆچی دوایی کردووە.
-تەقینەوەیەکی خۆکوژ لە حسەینیێ-یەکی شاری کەرکوک 8 کوژراو و 38 برینداری لێدەکەوێتەوە.
-بۆ یەکەمجار لە مێژووی باشووری کوردستاندا لە سلێمانی لە مزگەوتێک بە زمانی ئینگلیزی گوتاری هەینی دەخوێندرێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4495

**18-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052010144678513



-ماڵی شیلان شۆڕش، جالاکوانی مافی ژنان لە نەرویج سووتا و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4496

**19-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051922033578517

-کۆمەڵەی کتێب دۆستانی کوردستان هەڵمەتی بەخشینی 1000 کتێبخانە بە کتێبەوە بۆ شوێنە گشتیەکان ڕاگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4497

## 20-05-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20130520202426830O8

-لەنزیک باڵەخانەی پارێزگای سلێمانی، لەکاتێکدا پەیامنێری تۆڕی هەواڵی سلێمانی (جەعفەر حسێن) ئامادە دەبێت بۆ رومالکردنی هەواڵی گردبوونەوەی شۆفێری پاسەکانی هێڵەکانی ناوشار و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. پەیامنێری ناوبراو لەلایەن ئەندامێکی هێزەکانی چالاکیە مەدەنیەکان زللەیەکی لێدەدرێت و پاڵی پێوە دەنرێت.

-لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراو، 10:30ی ئێوارە لە گەڕەکی واستی کەرکوک، 4 کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4498

## 21-05-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20130521204839785O6

-لە گوندی ماویلیانی سەر بە قەزای رواندز، هاووڵاتییەک بە ناوی (کارۆخ نوری حەسەن) کە تەمەنی 26 ساڵە و دانیشتووی گوندی ماویلیانە، لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکەی دەچێتە ناوچەیەکی مین رێژکراو، لە ئاکامدا مینێکی پێدا دەتەقێتەوەو قاچێکی لەدەست دەدات.

-پارێزگاری سەلاحەدین ئەحمەد عەبدوڵلا عەبد، لەکاتی گەڕانەوەی خۆی لە هەولێرەوە بەرەو تکریت و لەرێگای خێرای سنوری ناحیەی ریازی سەر بە کەرکوکدا بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبەوە هەوڵی کوشتنی درا بەڵام هیچ زیانێکی گیانی بەدوادانەهات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4499

## 22-05-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20130522184927784S9



-نەوشیروان مستەفا واژووی لەسەر ئازادکردنی عەبدوڵلا ئوجەلان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4500

**23-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052407584978480

-ئاگرێکی گەورە لە بازاڕێکی دهۆک کەوتەوە و زیانی ماددی گەورەی بەدواوە بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4501

**25-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052600121378455

-سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، واژۆیان بۆ ئازادکردنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە) کرد.
-بەهۆی زریانێکەوە لە ناوچەکانی پارێزگای دهۆک نزیکەی 17 کەس بریندداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4502

**26-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052619544578441

-لەوتەیەکیدا لەمیانەی ئاهەنگی ساڵیادی هەڵگیرسانی "شۆڕشی گوڵان" مەسعود بارزانی ڕایگەیاند، داواکاری گەڕانەوەی پرۆژەی دەستوور بۆ پەرلەمان ناياساييیە، ئەم وتارەی بارزانی ناڕەزایيیەکی زۆری یەکێتی و لایەنەکانی تری لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4503

**27-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052722381278429

-پاش هەڵگرتنی بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردنی بۆ دەرەوەی وڵات لەلایەن دادگای باڵای دەوڵەتی تورکیاوە عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئامەد گەیشتە شاری سلێمانی.

-بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەی کوردستانی سەوز لە سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4504

**29-05-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052916002178414

-چەند بەشێکی قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە شارۆچکەی کەلار سوتێنراو زیانێکی زۆریش بە بەڵگە و تۆماری ناوی قوتابیان کەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4505

**01-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060213512278372

-جێگری سەرۆکی ئەمریکا رایدەگەیەنێت پێکهێنانی سێ هەرێمی (شیعە و سوننەو کورد) بووەتە بژاردەیەکی پێویست بۆ کۆتاییهێنان بەگرفتەکانی عێراق.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4506

**02-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060219580278368

-مەلا بەختیار،لە ئاهەنگی 38 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیدا،لە شاری دهۆک وتارێکی پێشکەشکردو لەبارەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە پەیامێکی ئاراستەی مەسعود بارزانی کردو رایگەیاند "پەیامی من بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە گوێ لە رەخنەی خەڵک بگرێت و بە گفتوگۆ و سازانی نیشتیمانی کار بکات بۆ تێپەڕاندنی دەستوور، ئەوکات سەروەری بۆ خۆت تۆماردەکەی و سووربوونیشت لەسەر تێپەڕاندنی دەستوور بەبێ تەوافوقی نیشتیمانی قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان قوڵتردەکاتەوە."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4507

**04-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060422265578360

-لە گۆرستانی کارکەی قیری هەولێر پروسەی هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ کە لە نیویاندا شەهید محەمەد سەرسپی تێدا بووە لەگەڵ 5 شەهیدی تر کە بە پێی بەڵگە کانی دائیرەی ئەمن ئیستخباراتی شمالی لە ساڵی 1988 لە سێدارە دراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4508

**05-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060514151178354



-دادگای تاوانەکانی عەممان، وەلید کوردی، زاوای شا عەبدوڵڵای بە 15 ساڵ زیندانی حوکمدا لەگەڵ خستنەژێرباری کاری قورس بۆ ماوەی 22 ساڵ بەهۆی بەکارهێنانی پێگەکەیەوە لەگرێبەستی فرۆشتنی فۆسفات لەوڵاتی ئوردن.

-سەرچاوەیەکی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، کچە خوێندکارێکی قۆناغی 12ی ئامادەیی، لە خوێندنگەی تۆپزاوای ناحیەی رزگاری-هەولێر، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و هاتنەدەرەوەی لە خوێندنگاکە لەلایەن گەنجێکەوە دراوەتەبەر دەستڕێژی گوللە و بە و هۆیەوە کوژراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4509

**08-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060822062478326



-پەرواز حسێن لە بەرنامەی ئەرەب ئادڵ بە پلەی پێنجەم چووە دەرەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4510

**09-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130609174604783l5



-لە ساڵیادی رۆژی جیهانی منداڵدا، بە بەشداری ئەدیبان و چالاکوانانی بواری منداڵان یەکەم کۆنفرانسی زانستی لە بارەی ئەدەبی منداڵان لە ژێر دروشمی (هێڤیێن ئەڤرۆ ئارمانجێن پارشەرۆژێ نە) لە دهۆک سازکرا.
-سەردانی نوری مالکی بۆ هەولێر و لەگەڵ مەسعود بارزانیدا کۆبووەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4511

**11-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130611212129830 57

-پارێزگای کەرکوک لەکۆبونەوەی ئەمڕۆیدا بڕیاریدا بەگۆڕینی ناوی ناحیەی (ئوم ئەلمەعارک) بۆ ناحیەی قەرەحەسەن، ناحیەی رەبیع بۆ قەرەهەنجیر، ناحیەی قودس بۆ سەرگەڕان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4512

**15-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130615220500783 06



-حەسەن ڕۆحانی، کاندیدی ریفۆرمخوازان، بووە سەرۆککۆماری داگیرکەری ئێران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4513

**20-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062107485283059

-ئێوارەی ئەمڕۆ لەگوندی شەرائیحی سەربە ناحیەی گوێر لایەنگرانی پارتی و یەکێتی ڕووبەڕووبوونەوە و چەکیان بەڕووی یەک بەرز کردەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4514

**22-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062323165478278

-دوو ئەندامی سوپای پاسداران بەناوەکانی "ئەسعەد حوسێنی" خەڵکی گوندی "قوجک"ی سەر بەشاری دیواندەرەو "ناسر بەیگی" خەڵکی گوندی "شەریف ئاوا"ی سەر بەشاری دیواندەر و دانیشتوی شاری سەقز لەئەنجامی تێکهەڵچون لەگەڵ دەستەیەک چەکداری نەناسراو کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4515

**23-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062308293678280

-دوو تەقینەوە لەدوو ناوچەی جیاوازی شارۆچکەی خورماتوو ڕوویدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4516
**24-06-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013062412441878271
-نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەقەزای بنەسڵاوەی سەر بەشاری هەولێر باڵەخانەیەک روخاو بەپێی دوایین ئامار ژمارەی قوربانیانی رووداوەکە گەیشتە پێنج قوربانی. بەوتەی بەرپرسی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکای کرێکارانی کوردستانیش هۆکاری روخانی باڵەخانەکە نەبونی مەرجەکانی سەلامەتی بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4517
**25-06-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013062514064678268
-دوو خۆکوژ لەنێو خۆپیشاندەرانی تورکمانی قەزای دوزخورماتو خۆیان تەقاندەوە و بەهۆیەوە 65 کەس بونە قوربانی کە لەنێوانیاندا جێگری پارێزگاری سەلاحەدین و سەرۆکی بەرەی تورکمانی هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4518
**26-06-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013062613501478261
-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای راگەیاند و بەپێی ئەو ئەنجامانە لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان 11 کورسی بەدەستهێناوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4519

**27-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130628075843897780



-بەهۆکارێکی نادیار ئاگرێک لەپالاوگەی نەوتی بازیان دەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4520

**28-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130628135517897777



-بەمەبەستی ئیدانەکردنی شەڕوناکۆکی هێزو لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان لە عامودا، ژمارەیەک لە گەنجانی رۆژئاوا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
-لە قەزای کەلار سەربانی ژمارەیەک دووکان گڕی گرت.
-لە قەزای خانەقینیش ژمارەیەک باخ و چەندین دۆنم زەوی سووتان. فۆتۆ: ئاودێر محەمەد - ماڵپەڕی ئاوێنە
-بەهۆی خۆپیشاندانێکی گوندنشینانی شاری ئامەد لە باکوری کوردستان، سوپای تورکیا بە دەسڕێژی گوللە هەڵدەکوتێتە سەریان و لەئەنجامدا هاوڵاتییەک دەکوژرێت و دەی دیکەش بریندارەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4521

**29-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130629085002897771

-وتەبێژی بەرگری شارستانی سلێمانی ئاشکرای دەکات کە بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بازاڕی بەختیاری کە بەبازاڕی کۆنەکە" ناسراوە گڕی گرت و بەوهۆیەوە نزیکەی 60 دوکانی ئەو بازاڕە سوتاوە.




کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4522

**30-06-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063012204989757



-لەسەرەتای دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان کەتایبەت بوو بە گفتووگۆکردن لەسەر ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، شەڕو پێکدادان لەنێوان چەند پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا دروستبوو.
-دژی تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی خۆپیشاندان لە قەزای سەیدسادقی ناوچەی شارەزور دەستی پێکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4523

**02-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063014072389731

-بەسەدان شۆفێر لە کەلار بە هۆی نەبوونی هێڵی کارکردنەوە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و هەڕەشەی سوتاندنی ئۆتۆمبیلەکانییان دەکەن گەر حکومەت هێڵی کارکردنیان بۆ دابین نەکات.
-ژمارەیەک چەکداری نەناسراو تەقەیان لە چەند هاووڵاتیەکی کوردی شارەدێی سەعدییە کرد و بە و هۆیەوە 2 کەسیان گیانی لەدەستدا دوو کەسەکەی تریش برینداربوون. یەک لە کوژراوەکان پێشمەرگەی یەکێتییە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4524

**03-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130703204145897 33

-دادگای باڵای کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک سەبارەت بە دۆزی تەلەڤزیونیROJ TV ، MMCو NUÇE TVبڕیاری دا بە ڕاگرتنی پەشخی هەرسێ کەناڵەکە.
-چوار لاوی کورد لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4525

**04-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130705080144896 95

-لە عەلوەی دووز-خورماتوو ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و بووە هۆی کوژرانی دوو پۆلیس و بریندار بوونی 20 کەسی تر کە 15یان پۆلیسن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4526

**05-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130705155732896 90

-کارگێری لقی 22ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەرمیان، عومەر شەریف، لەبەنداوی باوەشاسوار لەکفری گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4527

**06-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130707132429896 69

-لەگۆرەپانی مالمستۆری شاری ستۆکهۆلم، کوردانی سویدی دانیشتوی شارەکانی ستۆکهۆلم، ڤیستەروس، ئۆپسالاو ئۆریبرو، بەشداریان لەنارەزایەتی دەربرین دژ بەو بڕیارەی پەرلەمانی باشووری کوردستان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4528

**08-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130708162506896 41



-وەزارەتی دادی عێراق، ئەمڕۆ، گیان لەدەستدانی تاوانبار، سەبعاوی ئیبراهیم حەسەنی گەورە بەرپرسی رژێمی پێشوی عێراق و زرپرای، سەدام حسێن، لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی بەغدادی پایتەخت راگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4529

**11-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130711104538896 09

-ل گور ئاگاهیێن رێڤەبەریا بەرگری شارستانی ل قەزا ئاکرێ د ماوی 24 دەم ژمێرێن بوریدا 9 بویەرێن ئاگربەربوونێ ل پەی بوونە و پتری دوو هزار دار بەری هاتینە سوتن و زەرەرێن ماددی یێن ب وێ سەدەمێ ب وەلاتیێن وێ دەڤەرێ گەهشتی نزیکێ 40 ملیون دینارا بوینە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4530

**11-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130711104232896 10

-زنجیرەیەک تەقینەوە قەزاکانی دوبزی سەر بەپارێزگای کەرکوک و دوزخورماتوی سەر بەپارێزگای سەڵاحەدینی گرتەوە و لەئەنجامدا ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە.
-سەرچاوەیەک لە jcc ی چەمچەماڵ، بە (خەندان)ی راگەیاند: کەمێک لەمەوبەر تەرمی کچ و کورێک لە نزیک گوندی دێلێژەی سەر بە ناحیەی بازیان دۆزراونەتەوە. وتیشی: "ئە و کچ و کورە خەڵکی ناحیەی شۆرشن و بەیەکەوە لە ترسی کەسوکاریان رایان کردووە، کە کچەکە ناوی (ش.ح.ش)تەمەنی 14 ساڵە و کورەکەش ناوی (ە.ع.ت)ەو تەمەنی 16 ساڵە و بەفیشەک کوژراون."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4531

**12-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130712221604895 89

-لە ناو یەکێک لە گازینۆکانی گەڕەکی 1حوزەیرانی شاری کەکوک تەقینەوەیەک رویداو بووە هۆی کوژرانی 10 کەس و بریندار بوونی 40 کەسی تر، بەپێی سەرچاوەیەکی پۆلیسی کەرکوک.
-تەقینەوەی بۆمبێک لەقەزای دووزی سەربەپارێزگای سەڵاحەدین، کوژران و برینداربوونی 10 هاوڵاتی لێکەوتەوە کە چواریان ژن بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4532

**13-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130714095539895 76

-کاتژمێر 10:14 خولەکی ئەمشە و زەمین لەرزەیەک بە هێزی 3.9 پلە بەپێوەری رێختەر، شارۆچکەی چەمچەماڵ و دەورووبەری هەژاند و هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4533

**14-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130715110425895 65



-لەلایەن هێزەکانی ژینگەپارێزی هەرێمی کوردستانەوە لاشەی پڵنگێک لەچیای کەپکی حەمەد ئاغا لەسنوری قەزای شەقڵاوەی سنوری پارێزگای هەولێر دەدۆزرێتەوە.
-ئەندامێکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان -پەچەدەکە- لەلایەن ژمارەیەک کارمەندی ئاسایشی بازگەی دەربەندی رانیەوە دارکاری دەکرێت و بەهۆیەوە بێشهۆش دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4534
**15-07-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013071512015689564
-لە گەڕەکی واستی شاری کەرکوک بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە کە دەورییەیەکی هێزەکانی پۆلیسی ئامادەی کردبووە ئامانج حەوت پۆلیسی دەورییەکە و حەوت هاوڵاتی بریندداربوون.
-لەناو دەریاچەی دەستکردی پارکی سامی عەبدولرەحمان لەشاری هەولێر ژن و پیاوێک دەخنکێن.
-لەمیانەی هەڵبژاردنی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی داهاتوی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان شەڕە بۆکس لەنێوان پارێزەرانی یەکێتی و پارتیدا روویدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4535
**16-07-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013071617153789548
-لە ناوچەی باغلاری ئامەد لە نزیک پارکی کۆشویۆلی تەقینەوەیەک رویدا و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان (3) کەس بریندداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4536
**17-07-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013071713120389544

-سەڵاح باڵابەرز، هونەرمەندی بواری شانۆ و دراما لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4537

**18-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071817111789538

-ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو بە فەوجێکی پێشمەرگەدا لە کەرکوک تەقیەوە و بریندارێکی لێکەوتەوە.
-کرێکارێکی کوردی رۆژئاوا لەنهۆمی پێنجەمی یەکێک لەپرۆژەکانی شاری هەولێرەوە کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەستدا.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4538

**19-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071921032289535



-کەمالی سەیدقادر کە پێشتر خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم پاڵاوتبوو، ئێوارەی ئەمڕۆ لە لایەن ژمارەیەک هاووڵاتییەوە لە بەردەم قاوەخانەی مەچکۆ لە هەولێر لێیدەدرێ و هێلکە باران دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4539

**20-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072110253389524

-لە شارەدێی سەعدییە، بۆمبێکی لکێنراو بە ماتۆری پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا تەقییەوە و بەهۆیەوە قاچێکی پەڕی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4540

**21-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130721172413914366

-لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە هێرشکرایەسەر خاڵێکی پشکنینی نزیک بەشاری کەرکوک و بەهۆیەوە پێنج کارمەندی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا.
-لە گەڕەکی موفتی ناو شاری هەولێر شەڕەتەقە دروست دەبێت بەهۆی یاریەکی تۆپی پێوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4541

**22-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130722160059895100



-ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەناوی شێخ عەبدوڵڵا سامی لە باشووری شارەکە لە گەڵ دوو پاسەوانی کوژران.
-سێ گەنج لە زێی گەورەدا دەخنکێن.
-لە بەیاننامەیەکدا روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویانکردۆتەوە، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام، 300 هاوڵاتی کورد کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ و شەوی رابردوو دەستگیرکرابوون ئازاد کرد. بە پێی بەیاننامەکە، ئەو 300 کەسە لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق ئەبو مەسعەب کە شەوی رابردوو دەستگیرکرابوو، ئازادکراون، پرۆسەی دیل بە دیل کردنەکە لە رێگەی هێزەکانی سوپای ئازادی سوریاوە ئەنجامدراوە.
-چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق، بیلادی شام و بەرەی ئەلنوسرە، بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکانیان لەگەڵ کوردانی خۆرئاوا، لە مزگەوتەکانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن"هەرکەسێک کورد بکوژێت ماڵەکەی و ژنەکەی پێ حەڵاڵە و دەچێتە بەهەشتەوە."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4542

**23-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130723211133894900




-لە ئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراو لە گەڕەکی یەکی ئازار، باشوری ناوشاری کەرکوک، 42 کەس کوژران و بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4543

**24-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130724134247914 53

-لە یەکێک لە گەڕەکە تورکمان نشینەکانی شاری دوزخورماتوو، ماتۆرسکیلێک دەتەقێنرێتەوە، بە وتەی سەرچاوەیەکیش لە فریاکەوتنی شارەکە، تەقینەوەکە بووە هۆی برینداربوونی نزیکەی (30) هاوڵاتی.
-لە ناوچەی پیشەسازی شاری کەرکوک، ئۆتۆمبیلێکی مین ڕێژکراو بە کاروانی هێزە ئەمنیەکانی عیراق تەقییەوە و بە هۆییەوە چەندین کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.
-لە درەنگانێکی شەودا لەسەر دەستی چەکدارە توندڕەوەکان، کە هێرشیان کردە سەر شارەدێی سلێمان بێک و ڕێگای بەغدا - کەرکوکییان داخست، 14 شۆفێری ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان لە دووری 10 کیلۆمەتر لە شارۆچکەکە کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4544

**25-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130725103701894 70

-لە شەقامی فرۆکەخانەی کەرکوک و لە کاتی تێپەربوونی دەورییەیەکی هێزەکانی پۆلیسی ئامادەدا، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو دەتەقێتەوە و بە هۆیەوە پۆلیسێک گیان لە دەست دەدات و پێنجی دیکە بریندار دەبن.
-لەئەنجامی شەڕی چەکدارێک و ژمارەیەک ئاسایش لەبەردەم وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەسێک گیانی لەدەستداو چواری دیکەش برینداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4545

**26-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072620221489459

-بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن، رایدەگەیەنێت کە ئاگرێکی زۆر بەهێز لە ناوچەکەیان کەوتۆتەوە و بە سەدان دۆنم پوش و پاوەن و داری سروشتی سووتاون.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4546

**27-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072813582789416



-شەڕی نێوان دوو خێزان لەسەر کێشەی زەوی لە گوندێکی نێوان شارۆچکەی بسمیل و ئامەدی باکوری کوردستان 8 کەس لە یەک خێزان کوژران و 4 کەسی تر بریندداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4547

**28-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072810493189428



-لە ئەنجامدانی کردەوەیەکی خۆکوژی لە شارۆچکەی دوزخورماتوی سەر بەپارێزگای سەلاحەدین، 12 پۆلیسی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بونەقوربانی.

-خۆپێشاندان لەبەردەم چاخانەی مەچکۆ لە هەولێر دەستی پێکرد و خۆپێشاندەران بە گوتنەوەی کۆمەڵێک دروشم بەرەو پارێزگای هەولێر بەڕێکەوتن.

ژمارەی خۆپیشاندەران نزیکەی 40 کەس دەبێت و ئەو دروشمانەی کە لە لایەن ئەوانەوە دەگوترێتەوە زیاتر ئاماژە بە ئازادی رۆژنامەنووسی دەکەن.

خۆپێشاندانەکە لە لایەن سەنتەری مێترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان و ژمارەیەک رۆژنامەنووس و چالاکڤانی مەدەنی رێک خراوە.

-ژمارەیەک گەنجی قەزای کەلار کتێبەکانی بەختیار عەلی رۆمان نوس و رۆشنبیری دیاری کورد لەلایەن چەند گەنجێکی ئەو قەزایەوە خرایە ناو ئاوی سیروانەوە،، هۆکاری ئەو هەوڵە لەلایەن گەنجاکانەوە بۆ گەڕاێنرایەوە کەناوبراو هێرشی کردۆتە سەر ئەو کەسانەی کتێبی جەمال غەمباریان

سوتاند لەهەفتەی رابردودا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4548

**30-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013073012351589377

-لەئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی لکێنراو بەدو ئۆتۆمبێلدا لەشاری کەرکوک، پۆلیسێک گیانی لەدەستدا و دوانی تریش بریندداربوون.
-هێزەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان، لە سنوری قەزای سۆران، توانیان دەستبەسەر پری سێ کیلۆگرام مادەی هۆشبەر لە جۆری (تریاک) دابگرن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4549

**31-07-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013073112452189368



-لە ئاکامی تەقینەوەی دوو بۆمب لە سنوری قەزای دوبز 4 کەس بریندار بوون و لە گوندێکی سەر بە ناحیەی ریازیش بۆمبێک تەقیەوە و بووەهۆی برینداربوونی موختاری گوندەکە.
-لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێی پارێزگای نەینەوا، ئەندامێکی کورد بەناوی "بەشار کیکی" لە لیستی برایەتی و پێوە ژیان وەکو سەرۆکی ئەنجومەن و نورەدین یونس (تورکمان) لەسەر لیستی موتەحیدون وەکو جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، هەڵبژێردران.
-فەلەکەدین کاکەیی، کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4550

**02-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080309493889330

-بە بڕیارێکی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی پارێزگای کەرکوک، لە 12ی ئەمشە و تا دوانیوەڕۆی رۆژی

داهاتوو، هاتوچۆی ئۆتۆمبیل و پیادە لەناو شاری کەرکوک قەدەغە کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4551

**03-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080401195389308

-لە ئەنجامی پێکدادانی 7 ئوتومبیل لە جادەی نێوان هەریر و شەقڵاوا، 4 کەس مردن و 18 کەسیش برینداربوون.
-ئاگرێک لە گوندی گەبە)ی سەر بە ناحیەی پیرەمەگرون کەوتەوە و نزیکەی 200 دۆنم پوش و پاوانی ناوچەکەی سوتاند لەگەڵ دوو خەرمانی گەنم و جۆ.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4552

**04-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080410441489307

-ناوەندی راگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل -YPG- رایدەگەیەنێت کە لەشەڕ وپێکدادانی 24 کاتژمێری رابردوداو تا ئێستا کە شەڕ بەردەوامە، 63 چەکدار کوژراون. هەروەها YPG ئاشکراشی دەکات کە سوپای ئازادی سوریا پشتگیری چەکدارەکانی بەرەی نوسرە دەکات و هێزەکانی خۆی لەدێرەزورو رەقا هێناوەتە رۆژئاوای کوردستان و شەڕی دژی کوردانیان پێدەکەن.
-شێرکۆ بێکەس کۆچی دوایی کرد.
-دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ پۆلیس و سەربازانی تورکیا هێرشیان کردە سەر ئەو کاروانەی کە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی (پشتیوانیکردن لە رۆژئاوای کوردستان) بەرە و شاری رۆحای هاوسنور لەگەڵ سەرێکانی رێکخرابوو. سەربازان پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ لەشاری ئامەد رێوشوێنی توندی ئەمنییان گرتبوە بەر دژ بە و خۆپیشاندانە. محەمەد ئۆجەلان، برای عەبدوڵلا ئۆجەلان، یەکێک بو لە و هاوڵاتیانەی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەستگیریان کردن.
-ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە گەڕەکی نەسری کەرکوک چوار کەسیان لێ کوشت و یەکێکیشیان بریندار کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4553

**07-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080716330789244

-تەقینەوەیەکی بەهێز گەڕەکی قادسییەی یەک-ی کەرکوکی هەژاندو دەیان قوربانی لێکەوتەوە.
-ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەگەڕەکی ئەسرا و مەفقودینی شاری کەرکوک تەقییەوە و ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە.
-بەهۆی دو تەقینەوە لە قەزای دوزخورماتو چوار کەس برینداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4554

**08-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080815385989232

-ئاگرێک لە چیای گۆیژەی سلێمانی کەوتەوە و زیانی بە دارەکانی ئەو چیایە گەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4555

**09-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080916264089217

-ئاگرێک لە گوندی (کانی خان)ی سەر بەقەزای پێنجوێن کەوتەوە و بەهۆیەوە زیاتر لە 500 دۆنم پوش و پەڵاش و داری سرووشتی سووتان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4556

**10-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081100162389200



-بەڕێکردنی تەرمی شێرکۆ بێکەس لە سویدەوە بۆ کوردستان.
-ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەنزیک یەکێک لەحوسەینیەکانی کەرکوک تەقییەوە و سەرچاوەکان ئاماژە بەبریندارbونی ژمارەیەک هاوڵاتی دەکەن.
-ئۆتۆمبیلێکی جۆری کەیا لەلایەن خۆکوژێکەوە لە گەڕێکێکی تورکمانننشین لە خورماتوو تەقێنرایەوە و بە پێی ئامارە سەرەتاییەکان، دەستبەجێ (9) کەس کوژران و (48)ی دیکەش بریندارbوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4557

**11-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130811160908893




-تەرمی شێرکۆ بێکەس گەیشتە هەولێر.
-ڤیستیڤاڵی یەکەمی شەڕە ئاو لە سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4558

**12-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081211541489177



-گەیشتنەوەی تەرمی شێرکۆ بێکەس بۆ شاری سلێمانی و بەڕێوەچونی مەراسیمێکی تایبەت بۆی لەبەردەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، دواتر تەرمی شاعیری کۆچکردو بەرێکرا بۆ دوا مەنزڵگاکەی لەپارکی ئازادی شاری سلێمانی و دواجار بەسرودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" ئەو شاعیرە گەوریە، بەخاکسپێردرا.
-تەقینەوەی پرێک تەقەمەنی لەماڵێکدا لەگوندی سیرینی سەر بەناحیەی باسنێی قەزای شارباژێری سەر بەپارێزگای سلێمانی، ژمارەیەک کوژرار و بریندار لێکەوتەوە.
-سوپای پاسدارانی ئێران دەستی بەسەر رانە مەرەکەی مەردارێکی کوێستانی وێزەی ناوچەی باڵەکایەتیدا گرت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4559

**13-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081311565289172

-نزیکەی 150 پێشمەرگە لەبەردەم وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانیان دەست پێکرد و بەوهۆیەوە ڕێگای (هەولێر-شەقلاوە)یان داخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4560

**14-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081420405189161

-ئاگرێکی گەورە لە شاخی باڵامبۆ لە هەڵەبجە دەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4561

**15-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081516315589158



-عومەر ئۆنهۆن یاریدەدەری ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا لەگەڵ ساڵح موسلیمی سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) و عەبدولحەکیم بەشار سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا وموستەفا جومعە سەرۆکی پارتی ئازادی ونەشئەت زازا سەرۆکی پارتی یەکێتی سوریا و ئیبراهیم برۆ سەرۆکی پارتی یەکێتییە کلتورییەکانی سوریادا کۆبووەتەوە و ئەم کۆبوونەوەیەیان وەکو درێژە پێدانێک بووە بە کۆبوونەوەکەی 23-ی تەموز کە لەگەڵ ساڵح موسلیمدا کۆبووبوونەوە.

-لە هۆڵی تەلاری وەحدەتی تاران، ڕێورەسمێک لەژێر ناوی (شەوی شێرکۆ) بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی مامۆستای گەورەی کورد، شێرکۆ بێکەس بەڕێوە چوو. ئەم ڕێورەسمە کە بە سەرپەرشتیی د.قوتبەدین سادقی و بە هاوکاریی ڕێکخراوی فەرهەنگی، هونەریی شارەوانیی تاران و ناوەندی ڕوودەکی و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، بەڕێوە چوو، لەلایەن

ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و رۆشنبیرانی ئێرانی و کوردەوە پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4562

**16-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081620022389139



-پەڕەشوتوانێکی کورد لەسەر چیای گۆیژە کەوتە خوارەوە و پاشتر دەرکەوت کە باری تەندروستیی باشە. بەوتەی ئەو کەسانەی لەناوچەکە بوون، ئەو پەڕەشوتوانە هەموو رۆژانێکی هەینی بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لەسەر چیای گۆیژە دێتەخوارەوە و تا درەنگانێک بە پەڕەشوتەکەی لە ئەسماندا دەمێنێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4563

**19-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081910582589126

-تەقینەوەیەک لە ناو بازاڕی شارۆچکەی دوزخورماتوو بووە هۆی برینداربوونی پێنج هاوڵاتی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4564

**21-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082208420089117

-لە قەزای دووز-خورماتوو تەقینەوەیەک رویدا و بووە هۆی بریندار بوونی 9 کەس.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4565
**24-08-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013082422555489111
-تەقینەوەی چەند بۆمبێک لە ناحیەی سەعدیە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی 18کەس.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4566
**26-08-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013082613154689099
-دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بریاری هەڵوەشاندنەوەی ماددەی 23ی هەڵبژاردنەکانی تایبەت بەپارێزگای کەرکوک دەرکرد بەمەش کەرکوک وەک هەر پارێزگایەکی تری عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا ئەنجامدەدرێت.
-ژمارەیەک لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەبەردەم پەروەردەی گەرمیان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو هەندێکیان هێلکەیان گرتە باڵەخانەی پەروەردە.
-ئاگرێکی بەهێز لە هەردوو گوندی (سیامێوە و خورنووک)ی سەر بە ناحیەی ناڵپارێزی قەزای پێنجوێن کەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4567
**27-08-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013082709562589084
-بەهۆی شۆرتی کارەباوە، ئاگر لە تەلاری (بلو سکای) لە بازاڕی شاری کەلار بەردەبێت و بەهۆیەوە کۆگایەک و ژێرخانی تەلارەکە دەسووتێت و دواتر ئاگرەکە کۆنترۆڵ دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4568

**28-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082809012689063

-لە لایەن چەند کدارێکی نەناسراوەوە لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە دەستریژی گوللە لە مەفرەزەیەکی پۆلیسی ئامادە دەکرێت و لە ئەنجامدا گیان لەدەستدەدات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4569

**30-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013083108223089005

-لەئەنجامی دوو تەقینەوە لەنزیک گەڕەکی برایەتی شاری دووز 12 کەس شەهیدبوون و 10 کەسی تر برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4570

**31-08-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090113112088995

-لە شارۆچکەی سۆران ژمارەیەک لەلایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشدەکەنە سەر لایەنگرانی بزوتنەوەی گۆڕان و بە و هۆیەوە لایەنگرێکی گۆڕان بریندارده‌بێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4571

**01-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090119505888991

-بۆیەکەم جار ئاژانسی ئەنادۆڵ بە کوردی دەستی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کرد و بەمەش زمانی کوردی بوو بە پێنجەمین زمانی ئاژانسەکە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4572

**02-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130902170230889982

-پری 100 تۆن پێداویستی فریاگوزاری خێرا گەیشتە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستا کە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی(UNICEF) ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نێردرابوون و پێداویستییەکانیش دەسبەجێ گەیەندرانە دەستی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان لە کەمپەکانی هەرێم.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4573

**03-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130903150936888970

-لە ئەنجامی پێکدادانی دوو بارهەڵگر کە یەکێکیان تانکەری گواستنەوەی سوتەمەنی بوو لە بەنزینخانەی نەورۆز لەسەر ڕێگەی گەلی زاخۆ لە دهۆک، 25 تانکەری گواستنەوەی سوتەمەنی دیگە گڕ دەگرن و چوار کەسیش بریندار دەبن کە برینی دوانیان سەختە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4574

**04-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130904204656888932

-لە شەقامی سالمی ناو شاری سلێمانیدا لە نێوان لایەنکرانی یەکێت ینیشتمانی و بزوتنەوەی

گۆڕأندا شەڕ دروست بوو و بەهۆیەوە تەقەیەکی زۆر کرا و چەند بریندارێکی لێکەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4575

**05-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090512154988917

-دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەگەڕەکەکانی نەسر و واستی شاری کەرکوک تەقینەوە و لەئەنجامدا ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە.
-ئۆتۆمبێلێک لە سلێمانی تەقەی لە مەکۆی تووی مەلیکی بزووتنەوەی گۆڕان کرد و دوو کەسیش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4576

**06-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090613592688905



-لەچیای باگۆک سەربە شارەدێی نوسەیبین، سەربازەکانی سەربە هێزە داگیرکەرەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر گۆڕستانی شەهیدان و ژمارەیەکی زۆر گۆڕی شەهیدەکانیان تێکدا و تەرمی چەند شەهیدێکیان لەگۆڕەکەیان دەرکردوو رفاندیان.
-ئۆتۆمبیلی ئەندام کۆمیتەیەکی سەر بە یەکێتی لە شاری کەلار دەسووتێنرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4577

**08-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090812091888877

-لە ناحیەی جەلەولا-ی سەربە قەزای خانەقین، کەسێکی خۆکوژ لەناو بەڕێوەبەرایەتیی ناحیەی جەلەولا خۆی تەقاندووەتەوەو بووە هۆی کوژران و بریندابوونی نۆ کەس. چوار لە بریندارەکان کادیری یەکێتین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4578

**09-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130909114156888838

-بەڕێوەبەرایەتی کۆماجشاکین کوردستان، کەجەکە، رایدەگەیەنێت بەهۆی وەڵامنەدانەوەی پرۆسەی ئاشتی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکە بۆناو خاکی هەرێمی کوردستان رادەگرێت.
-لە شارەدێی بەکرەجۆی سەر بە پارێزگای سلێمانی چەند گورگێک هێرشدەکەنە سەر مێگەلە مەڕ و بزنی هاوڵاتیان و بەهۆیەوە 50 سەر مەڕ و بزن لەناو دەچن و 12ی دیکەش دیار نامێنن و 10 سەر مەڕ و بزنی تریش بریندار دەبن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-09-2013
-لەنێوان لایەنگرانی یەکێتی و گۆران لەرانیە پێکداهەڵپژان رودەدات و لەئەنجامدا کەسێک بەسەختی بریندار دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4579

**10-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091020191391830



-لە گەڕەکی (تسعین)ی ناو شاری کەرکوک مزگەوتێکی حسەینیە) تەقێنرایەوە. و چوار کەس بریندار بوون و برینی یەکێکیان زۆر سەختە.
-لە شەقامی تووی مەلیکی شاری سلێمانی لە ئەنجامی تەقەکردن، هاوڵاتیەک بە ناوی دڵپاک عومەر، تەمەن پەنجا ساڵ کوژرا، نێوبراو خوشکی کامەران عومەری هونەرمەندە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4580

**11-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091113143988818

-لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە لە ناوچەی پیشەسازی کەرکوک و لە یەکێک لە کارگەکانی بلۆک،

دەستڕێژی گوللە لە کرێکارێک دەکرێت و بە سەختی برینداری دەکەن دواتر بە هۆی سەختی برینەکەیەوە لە نەخۆشخانە گیان لە دەست دەدات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-09-2013
-ژمارەیەک چەکدار تەقەیان کرد لە عەمید (ئایدن مستەفا) یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاسایشی نیشتمانی لە کەرکوک و کوشتیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4581
**12-09-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130912115931888807
-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەناوچەی کەیوانی شاری کەرکوک تەقییەوە و لەئەنجامداو بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان دو کوژراوو زیاتر لە 12 برینداری لێکەوتوەتەوە.
-لە گەڕەکی حاجی ئاوای ناوشاری سلێمانی(نزیک گەراجی شارەزور) لەناو ئۆتۆمبیلێکی جۆری مۆنیکاوە تەقە لە بنکەی 102ی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی نیتشمانی کوردستان کراو بەهۆیەوە کەسێک کوژرا و 2 کەسی تریش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4582
**13-09-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130913190632888794
-بۆمبێکی چێنراو بە نوێژخوێنانی مزگەوتێکدا لە شارۆچکەی قەرەتەپە دەتەقێتەوە و بەوهۆیەشەوە، پێنج کەس بریندار دەبن، کە چواریان کوردن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4583
**14-09-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130914100633888786
-بە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە پیاوێک ژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی و خۆیشی کوشت لە شارەدێی هەریری سەر بە پارێزگای هەولێر.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4584

**15-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091514074188776

-لەیەکێک لەگەڕەکەکانی شاری هەولێر، منداڵێکی تەمەن 11 ساڵ بەگوریس خۆی خنکاندووە و باوکی منداڵەکەش دەڵێت، منداڵەکەی پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێت سەیری درامای لاکشمیبای کردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4585

**16-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091621130388751

-هەلیکۆپتەرێکی سوپای سوریا لە سنوری نێوان سوریا و تورکیا کەوتە خوراوە، تورکیا رایگەیاند کە خستنە خوارەوەی ئەو فرۆکەیە لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4586

**18-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091809495688734

-دو تەقینەوەی یەک لەدوای یەک قەزای دوزخورماتوی سەر بەشاری تکریتی هەژاندو لەئەنجامدا دو کوژراوو 29 بریندارى لێکەوتەوە.
-لە شاری هەولێر دوای تەواوبوونی ئاهەنگێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی، تەقە لە ژمارەیەک لایەنگریان کرا.
-یەعقوب رەسوڵ پەیامنێری تەلەڤزیۆنی کوردسات لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی خۆیان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لەناو ئۆتۆمبیلێکەوە درایە بەر دەستریژی گوللە و گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4587

**19-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091909295688705



-لە رۆژی دەنگدانی تایبەتدا، لە سەید سادق، شەڕ کەوتە نێوان چەند کارمەندێک و هێزێکی سەربە لیستەکەی حەمەی حاجی مەحمودەوە و بەهۆشیەوە بۆماوەی یەک کاتژمێر، بنکەکە داخرا.
-لە گوندی (سەعدونییە)ی سەر بە ناحییەی ریاز ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو تەقییەوە بە هۆیەوە دوو کەس بریندار بوون.
-لەبەردەم گرتوخانەیەکی شاری ماردین لەباکوری کوردستان، بەهۆی دەستپرێژی گولە لەلایەن دوو چەکداری نەناسراوەوە، دوو ئافرەت و سێ مندال گیانیان لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4588

**20-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092022531788618

-داگیرکەری سووریا یەکەم لیستی جبەخانە کیمیاییەکەی رادەستی رێکخراوی نەهێشتنی چەکی کیمیایی کرد، لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ لە ناوبردنی بەرنامەی چەکە ئەتۆمییەکەی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4589

**21-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092110401188617



-لە هەرێمی کوردستان دەنگدانی گشتی بۆ پڕکردنەوەی 111 کورسی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد.
-بەهۆی تەقەکردنەوە لە بنکەیەکی دەنگدانی شاری هەولێر ژمارەیەک ئەندامی یەکێتی بریندار بوون، یەکێک لە بریندارەکان گیانی لەدەستدا.
-دوای ئەوەی لایەنگرانی پارتی لە ناحیەی بیارە ئاهەنگیان دەست پێکرد، لە لایەن ئۆتۆمبیلێکی نەناسراوەوە تەلە لە بارەگای پارتی کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4590

**22-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092214492188555

-تەقینەوەیەک لەپشت بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوای شاری کەرکوک ڕوویدا، بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان لەو تەقینەوەیەدا 40 کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4591

**23-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092310322888537




-حەمەی نێرگز لە شاری سلێمانی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد.
-ئێوارە درەنگ، کتوپڕ سلێمانی بارگرژییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەشێکی زۆری لایەنگرانی یەکێتی بەچەکەوە ڕژانە نێو شەقامەکانی سلێمانی بەگشتی و شەقامی سالم بەتایبەتی و دەستیانکرد بەتەقەکردن و ئاهەنگێڕان، گوایە ڕێژەی دەنگەکانیان زیادی کردوە، بەڵام سەرۆکی لیستی گۆڕان دەڵێت "یەکێتی شکستی هێناوە و دەیەوێ دۆخی شڵەژاوی خۆی بگوازێتەوە بۆ نێو شەقامەکانی شار."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 24-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4592

**24-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092513011488514



-کۆپتەرێکی جەنگی هێزەکانی ئاسمانی عیراق لە ناوچەیەکی نزیک شەڕو پێکدادانی نێوان سوپاو هێزە چەکدارەکانی سەر بەرێکخراوی قاعیدە لە ناوچەی حەمرین کەوتە خوارەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4593

**25-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092513514288513



18 -گیراوی PKK لە زیندانی بینگۆڵ هەڵاتن. زیندانییەکان لەڕێی هەڵکەندنی ژێر زەوی و دروستکردنی کەناڵێکی پەڕینەوە رایانکردووە.
-کۆچی دوایی هونەرمەند بەلقیس لە هەولێر.
-کۆچی دوایی هونەرمەند جیهاد دڵپاک لە ئەڵمانیا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4594

**26-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092610201988507

-ئەو 18 زیندانییەی پارتی کرێکارنی کوردستان -پەکەکە- کە رۆژی 25-09-2013، لەگرتوخانەیی بینگۆڵ هەڵهاتن، لەبەرزاییەکانی گوندی ۆرتاچاناکی سەر بەشاری بینگۆڵ دەستگیرکرانەوە.
-لە شارۆچکەی کفری بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵەدا دروست دەبێت و لە ئەنجامدا دوو برا کوژران و دووانی تریشیان بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4595

**27-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092713400688491



-بەهۆی شەڕ و روبەروبونەوەی نێوان چاودێرانی یەکێتی و گۆڕان لە ناوەندی وەرگرتن و وردبینی دەنگەکان (ئەلبیسەکە)ی سلێمانی ماوەی نزیکەی یەک کاتژمێر پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان وەستا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4596

**28-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092816393788476

-لەبڕیارێکیدا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سوریا ئیدانە دەکات و داوا لەحکومەتی ئەو وڵاتە دەکات لەناویببات.
-کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی بەرایی (95%)ی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی بڵاوکردەوە و بەپێی ئەو ئەنجامانەش بزوتنەوەی گۆڕان (446095) دەنگ و پارتی دیموکراتی کوردستان (719004) دەنگ و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (323867) دەنگی بەدەستهێناوە. یەکگرتوی ئیسلامی (178681) دەنگ و کۆمەڵی ئیسلامیش (113260) دەنگی هەڵبژاردنەکەی بەدەستهێناوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4597

**29-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092914064388451



-پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ زنجیرەیەک تەقینەوە ناوچەیەکی هەستیاری شاری هەولێری هەژاند. کەدەکەوێتە نزیک وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاسایشی هەولێر و ئاسایشی گشتی هەرێم. تەقینەوەکان لەڕێی چەند کەسێکی خۆکوژەوە بوون و ئامارە سەرەتاییەکان ئەوەیان راگەیاند کە 6 کارمەندی ئاسایش کوژراون و نزیکەی 62 کەسیش برینداربوون.
بەهۆی تەقینەوەکانەوە، رێگاکانی چوونەناوەوە و چوونەدەرەوە بۆ هەولێر داخران. هەروەها ئاسایشی سلێمانیش کەوتە ئامادەباشییەوە تاوەکو رێ لەهەر کارێکی تیرۆریستی بگرێت.
-هێڤیدار ئەحمەدی پەیامنێری رووداو لەکاتی رووماڵکردنی رووداوەکانی تەقینەوەکانی هەولێر، لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە لێیدراو بریندارکرا.

-له‌ رونكردنه‌وه‌یه‌كدا له‌ په‌یجی تایبه‌تی خۆیان له‌ تۆری كۆمه‌ڵایه‌تی فه‌یس بووك گروپی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی له‌ ئێراق و شام به‌رپرسیارییه‌تی ته‌قینه‌وه‌كانی هه‌ولێریان گرتوه‌ته‌ ئه‌ستۆ و ئاماژه‌ به‌ ته‌قینه‌وه‌ی 5 سه‌یاره‌كه‌ ده‌كه‌ن له‌ به‌رامبه‌ر ئاسایشی هه‌ولێردا.
-داگیركه‌ری تورك بڕیاری ئه‌وه‌یدا كه‌ هه‌رچی ناوی شار، شارۆچكه‌، گونده‌كانی باكووری كوردستان هه‌یه‌ كه‌ پێشتر كرابوونه‌ توركی، بكرێنه‌وه‌ ناوه‌ كوردییه‌ ڕه‌سه‌نه‌كانیان.

كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابه‌تی ژماره‌: 4598

**30-09-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013093011281588445

-ته‌رمی هونه‌رمه‌ندی ناسراوی كوردستان، جیهاد دڵپاك له‌ گۆرستانی سه‌یوانی شاری سلێمانی به‌خاك سپێردرا.
-دوو فڕۆكه‌ی جه‌نگی توركیا به‌سه‌ر چیای مه‌تین و ناوچه‌ی نێروه‌ و ڕێكاندا له‌ سنووری پارێزگای دهۆك سووڕانه‌وه‌.
-یه‌كێك له‌بریندراه‌كانی ته‌قینه‌وه‌كه‌ی دوێنێی هه‌ولێر به‌هۆی سه‌خته‌ی برینه‌كه‌یه‌وه‌ گیانی له‌ده‌ستدا.
-هێرۆ ئیبراهیم ئه‌حمه‌د ده‌ستی له‌ پۆسته‌كه‌ی كێشایه‌وه‌.

كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابه‌تی ژماره‌: 4599

**01-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100121010788435

-له‌ ناوشاری كه‌ركوك بۆمبێكی چێندراو به‌ كاروانێكی هێزه‌كانی پۆلیسی عه‌ره‌فه‌دا ته‌قیه‌وه‌ و سێ پۆلیس بریندار بوون.

كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابه‌تی ژماره‌: 4600

**03-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131003152526884 21

-ئەفسەرێک و پێنج سەربازی کوردی سوپای عێراق دەکەونە بۆسەی ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە لەشاری ڕومادی و لەئەنجامدا سەربازێکیان دەکوژرێ و پێنجەکەی دیکەشیان برینداردەبن، برینی ئەفسەرەکەش سەختە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4601

**05-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131005174209884 05

-لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە هێرشی چەکداری دەکرێتەسەر دوو ئوتومبیلی هێزەکانی سەحوەی ناوچەی زاب لە کەرکوک و بەهۆیەوە بەرپرسی هێزەکە بریندار دەبێت و سێ چەکداری سەحوەش دەکوژرێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4602

**06-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131005175257884 04

-لە قوتابخانەی گوندی قتک-ی ناحیەی زووماری قەزای تەلەعفەر تەقینەوەیەک روویدا، بەهۆیەوە 50 خوێندکار گیانیان لەدەستدا و 100 خوێندکاریش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4603

**07-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131007123024883 93

-لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دەمەقاڵە لەنێوان پەرلەمانتارە کوردەکان و پەرلەمانتارە عەرەب و تورکمانەکان دروست دەبێت.
-بەهۆی جێگرکردنی مادەیەکی تایبەت بەشاری کەرکوک لەپرۆژە یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەرانی کورد لەکۆبونەوەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق کشانەوە.

-لەناوبردنی چەکە کیمیاییەکانی سوریا دەستپێکرد.
-سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری دا لە 10-10-2013 پلینیۆم ساز بکات. هاوکات ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاری دا لە ڕۆژی 31-01-2014ی کۆنگرە ببەستێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4604

**08-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131009094548837

-لە گەڕەکی (کەلاری کۆن)ی قەزای کەلاری بە چەکی بێ دەنگ هەڵسوراوێکی گۆڕان بەناوی عوسمان قادر بریندار دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4605

**09-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100910351288366

-لەسنوری قەزای حەویجە و ناحیەکانی دەوروبەری، لەماوەی کەمتر لەچوار کاتژمێر، 18 بۆمبی چێنراو تەقیەوە و بەوهۆیەوە سێ کەس بریندار بوون.
-لە ناوچەی پیشەسازیی شاری کەرکوک و لە نزیک غەسلی ئەحمەدی لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە دەستڕێژی گوللە پۆلیسێک کراو لەجێدا کوشتیان.
-لە نزیک عەلوەی کەرکوک چەند چەکدارێکی نەناسراو لە نێو ئۆتۆمبێلێکی جۆری تویتا بیکابەوە دەستڕێژی گوللەیان لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان نقاران کرد و دوو کەس لەسەر نشینەکانیان بریندار کرد.
-لەن شارەدێی سەعدیەی سەربە شارۆچکەی خانەقین تەقە لە پۆلیسێکی کورد کراو دەست بەجێ گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4606

**10-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101013174488353



-پێنجەمین پلینیۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستپێکردو بەکۆی دەنگی بەشداربوانی پلنیۆمەکە، وادەی یاسایی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی تابەستنی کۆنگرەی داهاتو درێژکرایەوە وپلینیۆمەکە کۆتاییهات.
-لە سلێمانی پیاوێکی رۆژهەڵاتی بە نیازی خۆکوشتن چووە سەر تاوەرێکی کارەبا، بەڵام پاش مانەوەی بۆ چەند کاتژمێرێک بەسەلامەتی هاتە خوارەوە.
-پەرلەمانی تورکیا مۆڵەتی ساڵێکی تری درێژکردەوە بۆ سوپای وڵاتەکەی تا لەناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژبە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجام بدات.
-لەناوچەکانی نزیک شاری بانە روبەروبونەوەیەکی چەکداری لەنێوان هێزەکانی پژاک و چەکدارانی سوپای پاسدارانی ئێران رویدا و بەهۆیەوە پێنج کەس لەهێزەکانی پاسداران کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4607

**11-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101121300288349

-بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکە لەقەزای خورماتو ژمارەیەک هاوڵاتی برینداربون کە لەنێوانیاندا منداڵ هەیە و برینی ژمارەیەک لەبرینداربوانیش کاریگەرە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4608

**14-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101508491188312

-بومەلەرزەیەک ناوچەکانی هەڵەبجە و سیروانی هەژاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4609

**15-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101508453688313



-لە یەکەمڕۆژی جەژنی قورباندا، بۆمبێکی چێنراو لەبەردەم مزگەوتی قودس لەشاری کەرکوک تەقییەوە و 9 کەس کوژراون و 19ی دیکەش بریندداربون.
-لە دەوروبەری گوندی قەستەل جندۆی شاری عەفرین، شەڕ لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG و گروپە چەکدارەکانی بەرەی نوسرا، دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و بیلادئەلشامی سەربە قاعیدە دەستی پێکرد.
-کێلی گۆری شێرکۆ بێکەس لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی شکێنرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4610
**17-10-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131017114353882<br>96



-تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە ناوچەیەکی شەبەک نشیندا لە پارێزگای نەینەوا، 12 کوژراو و دەیان بریندداری لێدەکەوێتەوە و نزیکەی 50 خانووش دەڕووخێنێت.
-لەقەزای خورماتو خۆکوژێک لەنێو چایخانەیەکدا خۆی تەقاندەوە و بەهۆیەوە 30 کەس کوژران و برینداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4611
**18-10-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131018144903882<br>80

-کۆمەڵە چەکدارێکی نەناسراو هەڵیان کوتایە سەرماڵێکی ئێزدی لە گوندی (تل قوتبی کۆن) لە ناحییەی شەنگار و سەری دایک و دوو کچ و کوڕێکیان پڕیووە.
-لەگوندی نشکاشی مەریوان لەنزیک کۆنە بنکەیەکی سەربازی مینێک تەقییەوە و لەئەنجامدا حەوت منداڵ بەسەختی برینداربون کە تەمەنیان لەنێوان 6 11 ساڵیدایە و لە و کاتەدا منداڵەکان لە و شوێنەدا سەرقاڵی یاریکردن بون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4612
**23-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131023091156882336



-لەبەرامبەر دابیننەکردنی هۆکاری هاتوچۆ و نەبونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، خوێندکارانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی لەگەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی لەبەردەم زانکۆکەیان خۆپیشاندانیان دەستپێکردو ڕێگای سەرەکی سلێمانی تاسلۆجەیان داخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4613

**24-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131024175021924331

-ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبری نوسینگەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە خانەقین لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەگەڕەکی شەهیدانی کەلار تەقێنرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4614

**25-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131025111721922523

-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ماراسۆنی نێودەوڵەتیی هەولێر بە بەشداری شەش هەزار کەس لە 24 وڵاتەوە لە شەقامی 60 مەتری ئەو شارە لەبەردەم پارکی سامی عەبدولڕەحمان دەستی پێکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4615

**26-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131026134052881887



-بە بەشداری 236 ئەندام یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کۆنفڕانسی ئاسایی خۆی لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر ئەنجامدا.
-لە سلێمانی تەقە لە شاسوار عەبدولواحید بەڕێوەبەری کۆمپانیای نالیا کرا و بەهۆیەوە قاچێکی بریندار بوو.
-لە گەڕەکی ئازادی ناوشاری هەولێر دوو تانکەری پڕ لە بەنزین و ئۆتۆمبیلێکی بچوک لە ناوچەیەکی نیشتەجێبووندا سوتان و دووای دوو کاتژمێر ئاگرەکە کۆنترۆڵکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4616

**27-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102710552088157

-دژی هەژمارکردنی نمرەکانی پۆلی 10 و 11 ی ئامادەیی بۆ پۆلی 12، بەشێکی زۆری خوێندکارانی ئامادەیی شارۆچکەی کۆیە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەو شارەیان گرتووە و ناڕەزایی دەردەبڕن و داواکارن نمرەی ئەو دوو پۆلە بۆ پۆلی 12ی ئامادەیی هەژمار نەکرێت.
-لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێک لە نزیک گوندێکی سەر بە ناحییەی تازە سێ کەس بریندار بوون، لە سەر رێگای فرۆکەخانەی کەرکوکیش بە دەستڕێژی گوللە سەربازێکی عیراقی بریندار کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4617

**28-10-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102812220388147

-دەستەی دادوەری هەرێمی کوردستان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی پەسەندکرد و بەوپێیەش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت.
-لەپێکدادانی دوو ئوتومبیل لەسەر رێگای دەربەندیخان وارماوا 6 کەس گیانیان لەدەست دا کە سەرجەمیان ئەندامی یەک خێزانن.
-لە ئاکامی تەقینەوەی چوار بۆمبی چێنراودا لە گەڕەکە جیاجیاکانی کەرکوک دوو کەس بریندار دەبێت.
-لەهۆڵی دەزگای مێرگ لەهەولێر بە بەشداریی 12 هونەرمەندی شێوەکار و فۆتۆگرافەری شارەکانی کوردستان پیشانگەیەکی تایبەت لەژێر ناوی (ئاڵتونی رەش) کرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4618
**29-10-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013102909101188135
-نزیکەی 60 دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان، دژی دانەمەزراندنیان، لە بەردەم قایمقامیەتی رانیە خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم ئیدارەی راپەڕین ئەنجامدا.
-بە ئامادەبونی بەرێوەبەری نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و نوێنەری پارێزگار و بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر یەک تەن مادەی هۆشبەر کە لە تریاک و حەشیشە و کریستال و دەرمان پێکهاتبوو لە دەرەوەی شاری هەولێر سوتێندران و لەناوبران.
-ئەمشە و لەلایەن نزیکەی (200) گەنجی دانیشتووی شارۆچکەکەوە، رێگای سەرەکی دەربەندیخان-سلێمانی لە نزیک تونێلی دەربەندیخان گیرا، هۆکاری گردبوونەوەکەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ئاوی دەربەندیخان پسە و لە چەند گەڕەکێکدا زالوو و چەند جۆرە کرمێکی دیکەیان تێدا بینیوە.
-پۆلیس و ئاسایش لە شاری زاخۆ دەچنە بەردەم نوسینگەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و ئاڵای سەرنوسینگەکەی دادەخەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4619
**30-10-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013103012043588129
-لە سنوری شارۆچکەی پێنجوێن لەگوندی (کۆلیتان) گەلە گورگ هێرشی کردۆتە سەر مەڕوماڵاتی یەکێک لەجوتیارەکانی ئەو گوندە و بە و هۆیەوە (40) سەرمەڕوبزن لەناوچوون."
-فەرمانداری هێزەکانی پارتی ژیانی ئازاد PJAK دەڵێت، لە نێوانی گوندی (مەڵاحەسەن) و (پایەگای بۆزتەپە)ی سەر بە شاری ماکۆ، لەگەڵ هێزەکانی سوپای پاسداران بەشەڕهاتوون و لەئەنجامدا پێنج چەکداری پاسداران دەکوژرێن و ژمارەیەکی تریش بریندار دەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4620
**31-10-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013110108460488102
-دو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوو بۆمبێکی چێنراو بەدوای یەکدا لەقەزای دوزخورماتو تەقینەوە و لەئاکامدا سێ ئەندامی یەک خێزان کوژران و 40 کەسی دیکەش برینداربون. بەهۆی تەقینەوەکانەوە زیانێکی زۆری مادیش بەر دوکان و خانو ئۆتۆمبێلەکانی نزیک لەشوێنی تەقینەوەکان کەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4621

**02-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131103103625925542

-حەوت هاوڵاتی کوردی خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری، لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی بازرگانی کردن بەمادەی هۆشبەرەوە لەسێدارە دران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4622

**04-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131104121449880048



-بەرەبەیانی ئەمرۆ لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە شێرکۆ مەعارفی، زیندانیی سیاسیی کورد لەسێدارە درا.
-ژمارەیەک تەقینەوە ناوچە جیاوازەکانی کەرکوکیان هەژاند و لە شەڕی نێوان گروپە چەکدارەکان و پۆلیسی کەرکوکیشدا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک عەمید سەرحەد قادر بریندار بوو.
-مۆستایان و فەرمانبەرانی سنوری شارباژێر لەنزیک تونێلی پێشڕەو (تونێلی ئەزمەڕ) خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر داخرانی تونێلەکە.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG رایگەیاند کە لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی شۆڕشگێری لە سەرێکانی (19) گوند لەدەستی گروپە چەتەکان رزگارکران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4623

**05-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131105075921880036



-لە شاری مەریوان لەدژی لەسێدارەدانی شێرکۆ مەعاریفی خۆپیشاندان کرا.
-ئەمشەو سێ تەقینەوە لە شاری کەرکوک روویانداو بە پێی ئامارە سەرەتاییەکان 10 هاوڵاتی بریندار بوون.
-دانیشتوانی گەڕەکی چەرمووسیتی لەقەزای چەمچەماڵ خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو داوای جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریان دەکرد بۆ گەرەکەکەیان کە لەلایەن کۆمپانیایەکەوە خانووەکانیان دروستکراوە. لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا خۆپیشاندەران بۆماوەیەک ڕێگەی سەرەکی کەرکوک - سلێمانیان داخست، دواتر لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بە بەزەبی هێز ڕێگەکەیان پێچۆڵکراو ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوک - سلێمانی کرایەوە.
-لە پاڵاوگەی نەوتی شیواشۆک چوار تەنکەری نەوت سوتان و سێ کەسیش بریندار بوون و زیانێکی زۆریشی بە ناوچەکە گەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4624

**06-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110610471688025



-سوێند خواردنی پەرلەمانتارانی خولی چوارەم لە باشووری کوردستان. لە مەراسیمی سوێند خواردنەکەدا پەڕلەمانتارە ئیسلامییەکان بێڕێزییان بە سرووودی ئەیرەقیب کرد و لەبەری هەڵنەستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4625

**07-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110721034888018

-ئێوارەی ئەمڕۆ چوار تەقینەوە لەناو شارۆچکەی دوزخورماتوو روویاندا، کە تیایدا ماڵی سێ ئەفسەر و پۆلیسێک کرابوونە ئامانج، هەروەها لە گوندی حلێوەی سەر بە هەمان شارۆچکە، ماڵی دوو پۆلیس تەقێنرانەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4626

**08-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110908225188012



-لە هەولێر بڕیاردرا لە پارکی (شانەدەر)ەوە بۆ بەردەم کونسوڵخانەی ئێران ڕێپێوانێک ڕێکبخرێت دژ بە لە سێدارەدانی گەنجانی کورد لە ئێران، بەڵام دواتر دەسەڵاتدارانی هەولێر ڕێگریان کرد لەوەی خۆپیشاندەران بچنە بەردەم کونسوڵخانەکە، دواتر ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش گردبونەوەیان لە بەردەم پارکی شانەدەر، بەرە و کونسوڵخانەی ئێران کەوتنە ڕێ و بیناکەیان بەردباران کرد. پاشان ئاسایشی پارتی چەند کەسێکی لە هێرشبەران دەستگیرکرد لەوانە: مستەفا شێخە. ڕامان پیرۆتی، چیا مەلاک، پیشەوا عەلی پور، عەلی ئیسماعیل نژاد، محەمەد فەرهاد زادە و ئامانجی سەڵەواتی، کە هەریەک لە، مستەفا شیخە و پیشەوا عەلیپور ئەندامی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسانی کوردستانن.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4627

**10-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111016364487965



-بەنداوی دێوانە لە سنووری قەزای دەربەندیخان بەهۆی باران و لافاوەوە، ئەمڕۆ ئاو بردی، ئەندازیارێکی سەرپەرشتیاریش، ڕایگەیاند، پێشتر لە مەترسی هەرەسهێنانی بەنداوەکە، بەڵێندەرەکە ئاگادار کراوەتەوە.

-لە ئاکامی تەقینەوەی چوار بۆمبی چێنراوی یەک لە دوای یەکدا لە گەڕەکە جیاجیاکانی کەرکوک سێ کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4628

**11-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111115191387905

-بەهۆی ڕێگرییەکانی بەڕێوەبەر و لایەنی کارگێری بەشەکەیانەوە، مامۆستا و خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەهەولێر بایکۆتی خوێندن دەکەن و بەشەکەیان دادەخەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4629

**12-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111213362060946



-لەکۆبونەوەی ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کاتی لەرۆژئاوای کوردستان کە بەبەشداری پێکهاتەکانی، کورد، عەرەب، چیچان و کریستیان، سازکرا، پاش گفتوگۆیەکی سێ رۆژە، ئەمرۆ، بەڕێوەبەری کاتی رۆژئاوای کوردستان راگەیەندرا و بەپێی ناوەرۆکەکەی رۆژئاوای کوردستان لەسێ کانتۆن -هەرێمی خۆبەڕێوەبەر- پێکدێت کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە ئامادەکاری یاسایی بۆ هەڵبژاردن دەکەن.

-ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری پۆلەکانی (10 و 11 و 12) لە کەلار خۆپیشانیان کرد و چوونە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە و جێبەجێکردنی چەند داواکارییەک.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4630

**13-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111314100987859

-لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراودا بە هێزێکی سوپای عیراق لە سەر رێگای گشتی کەرکوک - ریاز سەربازێک کوژراو چواری دیکەش بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4631

**14-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111413520387841

-خۆکوژێک لە گوندی زرگۆشی سەر بە ناحیەی سەعدیبە خۆی بە و شیعە مەزهەبانەدا تەقاندەوە

کە سەرقاڵی مەراسیمی عاشووورابوون و بەهۆیەوە 45 کەس کوژران و زیاتر لە 100ی دیکەش برینداربوون.
-لە ئاکامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراوی یەک لە دوای یەکدا لە شاری کەرکوک، هەشت کەس بریندار دەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4632

**15-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111511391787834

-لە شاری رانیە بەهۆی تەقینەوەی گوللەهاوەنێک، پیاوێک لە ناو ماڵەکەی خۆی گیانی لەدەست دا و هاوسەرەکەشی برینداربوو.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4633

**16-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111610542387822



-چوونی مەسعود بارزانی بۆ ئامەد لەسەر بانگهێشتنی تەیب ئەردۆگان. هەردوو سەرۆک لە ئاهەنگێکی جەماوەریی گەورەدا وتاریاندا و باسی ئاشتییانکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4634

**17-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111711471587810



-مەسعوود بارزانی، لە دووهەمین رۆژی سەفەرەکەیدا، سەردانی شارەداریی ئامەدی کرد و لە لایەن "عوسمان بایدەمیر"، شارەدار و پارلەمانتاران و بەرپرسانی باڵای پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی (BDP) و کۆنگرەی جڤاکی دیمۆکراتیک (KCD) وەک ئەحمەد تورک، لەیلا زانا، سڕری ساکیک، ئەسەد جانان، ئاڵتان تان، عەبدوڵڵا دەمیرباش و کۆمەڵێکی تر لە نوێنەرانی کوردەوە پێشوازی لێکرا. شارەداری ئامەد لەم دیدارەدا بە پلاکاردێکی مەزن کە ئاڵای کوردستان و تورکیای لەسەر بوو و بە کوردی پەیامی بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێمی لێ نووسرابوو، پێشوازی لە بارزانی کرد.

-لەگەڕەکی کۆماری شارۆچکەی خورماتوو ژمارەیەک تیرۆریست بەئوتومبیلێکی پر لەتەقەمەنییەوە، کە بەنیازبون کردەوەیەکی تیرۆرستی ئەنجام بدەن، بەر لەگەیشتنیان بۆ شوێنی مەبەست تەقییەوە و بەهۆیەوە سەرجەمیان کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4635

**18-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131118145633877763



-کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی و پارتی و گۆران لە سلێمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ و دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4636

**19-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131119134710877756

-لە سەر رێگای هەولێر مەخموور لەکاتی پشکنینی نەوت لە پاڵاوگەی نەوتی دۆست سێ کرێکار گیان لە دەست دەدەن و دوانی دیکەش بریندار دەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4637

**20-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131120093352877422

-چەند چەکدارێک، هەڵیان کوتایە سەر ماڵی سەروەت حاجی رەشید، بەرپرسی پاسەوانەکانی جەلال تاڵەبانی، لەگەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە شاری سلێمانی، دوو فیشەکیاننا بەسەرییەوە و کوشتیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4638

**21-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131121103047877133

-لە سەعدییە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەناوەراستی بازاردا تەقییەوە. بەپێی ئامارەکان تەقینەوەکە 25 کوژراو 50 بریندار لێکەوتۆتەوە و زۆربەی قوربانییەکانیش لەنەتەوەی کوردن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4639

**22-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131122093026876955

-زەمینلەرزەیەک لە ناوچەی گەرمیان رویدا و بۆ ماوەی (3-4) چرکە بەردەوام بوو و لە کەلارو و ناوچەکانی دەوروبەری هەستی پێکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4640

**23-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112412090487662

-دوو تەقینەوەی یەک لە دوای یەک گەڕەکێکی شارۆچکەی دووزخورماتووییان هەژاند بەو هۆیەشەوە دەیان کەس بوونە قوربانی. بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان، بەهۆی هەردوو تەقینەوەکەوە (15) کەس کوژراونو زیاتر لە (30) دیکەش برینداربوون."

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4641

**24-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112412101287661



-بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر سندوقی هاوکاریکردنی کەلتوری کە بۆ هونەمەندان و نوسەرانە، بەشێک لە "هونەرمەندان" لەبەردەم وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستیان بەمانگرتنکردو وەزیری رۆشنبیریش بینای وەزارەت جێدەهێڵێت.

-بە گوری (5.2) پلە بە پێوەری ریختەر، بومەلەرزەیەکی دیکە لە سنووری قەزای خانەقینی دا.

-ئەنجومەنی قەزای خورماتوو بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دا بە داپڕینی قەزاکەیان لە پارێزگای سەڵاحەدین و گواستنەوەی بۆ سەر پارێزگای کەرکوک.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4642

**25-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112515002187637



-لەسەر بانگهێشتی رەسمی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمرۆ دوشەممە، نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆران سەردانی هاوینەهەواری پیرمامی کردو لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە. پاش کۆتاییهاتنی کۆبونەوەکەی لەگەڵ سەرۆکی پارتی، نەوشیروان مستەفا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی و راسپێردراوی ئەو حزبە بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم کۆبووەوە.

-تەقینەوەیەک لە نزیک ئامادەیی پیشەسازی قەزای دووزخورماتوو روویدا و تیایدا دوو ژن و پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان بریندار بوون، کە پۆلیسەکە بە رەگەز عەرەبە و خەڵکی گوندێکی سەر بە قەزاکەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4643

**27-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131127105452684

-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، چەند ڕێکخراوێکی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لەشاری هەولێر گردبونەوە و وەک نارەزاییەک بەرامبەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان، دارشەق و عەرەبانەکانیان شکاند.
-لە ناحیەی جەبارەی سەر بەقەزای کفری ئۆتۆمبێلێکی مین ڕێژکراو بەهێزێکی پێشمەرگەدا تەقییەوە و 2 کوژار و چەندین بریندار هەیە.
-لەسەر کێشەی زەوی وزار، ژمارەیەک هاوڵاتی سەربەعەشرەتی هەرکی پەلاماری قایمقامی قەزای خەباتیاندا و بەو هۆیەوە ژمارەکیان لێ دەستگییر کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4644

**28-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112817242487558

-بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکێکی شارۆچکەی دووز تەقییەوەو بووەهۆی کوژران و برینداربوونی پێنچ کەس.
-لەکاتی ناشتنی تەرمی یەکێک لە کوژراوەکانی تەقینەوەکەی ئەم ئێوارەیەی شارۆچکەی دوزخورماتوو، تەقینەوەیەکی دیکە ڕوودەداتو بەو هۆیەوە سێ کەس کوژران و (20)ی دیکەش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4645

**30-11-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013113022594492677

-لە ناحیەی ریازی سەر بە قەزای حەویجە، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە دەستڕێژی گوللە لە مەفرەزەیەکی پیادەی پۆلیسی ناحیەکە کرا و بەوهۆیەوە، دوو پۆلیس کوژران و پۆلیسێکیش بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4646

**01-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131201122244587521



-لە شارەبان: تەقینەوەیەک لەمەراسیمێکی بەخاکسپاردندا 54 قوربانی لێکەوتەوە.
-ژمارەیەک هاوڵاتی بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین، لەبەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گردبونەوەیەکیان ئەنجامداو ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا چەندین شۆفێری خزم و کەسو کاریان کە لەسەر هێڵی کەرکوک- سلێمانی کاردەکەن دیارنەماون. خزمو کەسو کاری ئەو شۆفێرانە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە ژمارەی ئەو کەسانەی دیارنەماون 22 کەسن.
-لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلەکانی ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک، یەکێک لەپاسەوانەکانی بریندار بوو، ئەو بەرپرسەش لەو هەوڵە رزگاری دەبێت.
-کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە کەرتی نەوت و غاز لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد.
-لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە تەقە لە بارەگای ناوچەی دەربەندیخانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، بەڵام تەقەکان زیانی گیانییان نەبووە، بەرپرسی ناوچەکەش تەقەکردنەکە بە دەستێکی تێکدەرانە دەزانێت و گومانیان لە کەس نییە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4647

**02-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120208475187499



-بەیانی ئەمرۆ لە سلێمانی، دو بۆمی لکێنراو بەئۆتۆمبێلی دو ئەفسەری وەزارەتی پێشمەرگەدا تەقییەوەو لەئەنجامدا دو ئەفسەرو پێشمەرگەیەک بریندار بون.
-لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی و ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک پیشانگەیەکی هاوبەش بۆ 84 شێوەکار کردەوە. لەم پیشانگەیەدا چەندین بەرهەمی نیگارکێشان و پەیکەر و سیرامیک و گرافیک نمایشدەکرێت کە سەرجەمیان بەرهەمی شێوەکارە بەشداربووەکانی ئەم پیشانگەیەن.
-هێزەکانی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان بۆمبێکی تەوقیتکراویان لەناو بورجێکی کۆمپانیای (کۆرەک تیلیکۆم) لە نزیک گوندی (قاهیرە) لەنێوان هەردو قەزای کفری و خورماتو پوچەڵکردەوە.
-سەعات سێی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی کورانی عەینکاوە لە شاری هەولێر، بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە، باوکێک کچەکەی بە سێ فیشەک دەیکوژێت و دواتر خۆی رادەستی پۆلیس دەکات. تۆمەتبارەکە بەناوی ش، م. خ، پێشمەرگەی خانەنشینە، دوای کردەوەکەی خۆی رادەستی پۆلیس کردوە، کچەکە ناوی شیلانە، لە دایکبووی ساڵی 1995 و کچی ماڵەوەیە، گوللەکانیش بەرسنگ و سکی کەوتووە."
-ئەمڕۆ فەرهاد پیربالی نووسەر بۆناڕەزایی دەربڕین دژی دەستگیرکردنی 7 چالاکوانی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی شاری هەولێرەوە، لە شەقامیکی ئەو شارەدا و دەستیکرد بە هەڕەشەکردن لە هێزە ئەمنییەکان و جنێودان بە خەڵکی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4648

**03-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120310545287473

-بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ئە و هێرشانەی دەکرێنەسەر رۆژنامەنوسانی عیراق، ئەمرۆ، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنوسان بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووس و دەزگاکانی راگەیاندن گردبونەوەیەکی ناڕەزایی لەبەردەم نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە سلێمانی، رێکخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4649

**04-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120409355887448



-نیوەڕۆی ئەمرۆ تەقینەوەیەک لەبەردەم بارەگای هەواڵگری کەرکوک رویداو لەگەڵیشیدا کۆمەڵێک چەکدار کەتاوەکو ئێستا نەزانراوە سەر بە چ لایەنێکی توندڕەون هێرشیانکردە سەر بارەگاکەو بۆ ماوەیەک کۆنترۆڵیانکرد. دواتر لەشەرێکی سێ کاتژمێریدا هێزەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی کەرکوک توانیویان بیناکە کۆنترۆڵ بکەنەوەو سێ خۆکوژیش بکوژن. بەڕێوبەری فەرمانگەی تەندروستی شاری کەرکوک، ڕایگەیاند ژمارەی کوژراوەکانی شەڕو پێکدادانو تەقینەوەکەی ئەمرۆی شاری کەرکوک 5 کوژراوەو بریندارەکانیش 60 کەسن.
-لە شاری کەرکوک و نزیک بازاڕی ئۆرزی، بە هۆیی تەقینەوەی بۆمبێک لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا کەسێک کوژراو دووانی دیکەش بریندار بوون، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش رایدەگەیەنێت، کە سەرجەمیان "تیرۆریست"ن.
-دەیەمین کۆنفرانسی (تورکیا و کورد و پرۆسەی ئاشتی ئیمرالی، هەلێکی مێژوویی) لە پەرلەمانی ئەوروپا و لەبرۆکسل- ی پایتەختی بەلجیکاو یەکێتیی ئەوروپا، بەئامادەبووی چەندین سیاسەتمەدار، بیرمەند، بەرەندی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی و چالاکوانی سیاسی، لەسەرانسەری جیهانەوە، بەشداریان تێدا کردووە، دەستپێکرد .
-بەهۆی خۆ تەقاندنەوەی خۆکوژێکەوە، بەشێک لە جەواهیر مۆڵ لە کەرکوک سوتا.
-تەرمی ئەدیب حەمید بارزانی، یاریدەدرێکی مەسرور بارزانی لەناوماڵەکەی خۆیدا لە شوقەکانی پار ستی شاری هەولێر دۆزرایەوە.
-بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە ناو ماڵێکدا لە گەڕکی عەسکەری لە شارۆچکەی خورماتوو کە کوڕ و باوکێکی تێدا بون کورەکە کوژراوە و باوکەکەش بە سەختی برینداربوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4650

**05-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131205102922287433



-کاوە گەرمیانی، سەرنووسەری گۆڤاری رایەڵ و پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنە لە شاری کەلار کوژرا.
-لەشاری هەولێر، کۆبوونەوەی نێوان هەردوو وەفدی دانوستانکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح و پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی دەستپێکرد.
-کۆچی دوایی نێڵسۆن ماندێللا، دۆستی کورد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4651

**06-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120609263587398



-تەرمی کاوە گەرمیانی سەرنووسەری گۆڤاری رایەڵ و پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنە بە خۆپیشاندان بەرەو گۆرستانی کەلاری کۆن بەڕێکرا.
-ئاگر لە بینای پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر دەکەوێتەوە.
-لەبەردەم پارکی شانەدەری ناوشاری هەولێر ژمارەیەک لە رۆژنامەنوسان و پەرلەمانتاران و چالاکوانانی شارەکە دژ بە تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا.
-رووبەڕووبوونەوە لە نێوان دانیشتوانی شارۆچکەی یوکسیکۆفا لە هەرێمی هەکاری لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس روویدا بەهۆی هەواڵی تێکدانی گۆرستانی ئەندامانی پەکەکە، هیچزەکانی پۆلیسیش بەبەکارهێنانی بۆمبی فرمێسکڕێژ و ئاو هەوڵی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانیان دا و بە گولەی هێزە ئەمنییەکان دوو خۆپیشاندەری کورد کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4652

**07-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120713315987375



-لەدرێژەی کاردانەوە و نارەزایەتییەکان دژی "تیرۆرکردنی" رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی، بڕیارە ئەمڕۆ شەممە، لەهەریەک لەشارەکانی سلێمانی، دهۆک، سۆران، ڕانیە، شارەزورو کفری گردبونەوە و خۆپیشاندانی ناڕەزایی ئەنجامبدرێت. ڕۆژنامەنوسێکیش دەڵێت، سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن و رۆشنبیران لەهەوڵی فشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێمن بەمەبەستی دۆزینەوەی بکەرانی ئەو تاوانە.
-لە گردبوونەوەکەی ئەمڕۆی بەردەم نوسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی، لەکاتی خوێندنەوەی وتاری فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە لایەن گەشە دارا حەفید و وتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن پەرلەمانتارێکیانەوە، خۆپیشاندەران بە (نامانەوێ، نامانەوێ، نامانەوێ) و هات و هاوارەوە، نەیان هێشت کەس گوێی لە وتاری ئە و دوو حزبە بێت.
-بە هۆی دووری بەشە ناوخۆییەکەیانەوە، ژمارەیەک خوێندکاری کوری زانکۆی راپەڕین بایکۆتی وانە خوێندن دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4653
**08-12-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131208114130873\64

-بۆ نارەزایی نیشاندان بەرامبەر پێنەدانی موچەی خانەنشینی، ژمارەیەک لەخانەنشینان بۆ ماوەیەک شەقامی سالم لەسلێمانی دادەخەن.
-لە شاری کەرکوک تەقە لە ماڵی رۆژنامەنوسێکی کورد بەناوی (کاویز مەلا پەروێز) دەکرێت و نارنجۆکێکیش فڕێدەدرێتە ماڵەکەیان.
-لە شاری کەرکوک پێنج تەقینەوە روویدا، کوژراو و برینداریشی لێکەوتەوە.
-بەگومانی تێرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی، سێ کەس لەقەزای کەلار لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیردەکرێن. هاوکات ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە لەڕێی ئۆتۆمبێلێکی جۆری تاهۆی رەنگ رەش تاوانی تێرۆری گەرمیانی ئەنجامدراێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4654
**09-12-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131209100851873\56



-ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووس و رووناکبیر و رۆشنبیرانی شاری هەولێر گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان دژبە تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانیی رۆژنامەنووس ئەنجامدا.
-کەسوکاری رۆژنامەنوسی تێرۆرکراو کاوە گەرمیانی لەدادگای کەلار سکاڵا یاساییان لەسەر یەکێتی نیستمانی کوردستان و دامودەزگا ئەمنییەکانی گەرمیان و دادوەرێک تۆمارکرد.
-بەهۆی ناوهێنانی وشەی " کوردستانی تورکیا" لە راپۆرتێکیBDPدا لەبارەی بودجەی ساڵی 2014، شەڕ دەکەوێتە نێوان پەرلەمانتارانیBDP و MHPلە ناو هۆڵی پەرلەمان و سەرەنجام وشەی کوردستان لادەبرێت.
-کۆچی دوایی هونەرمەند جەلال سەعید لە هەولێر.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4655
**10-12-2013**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131210170015873\36



-بە دروشمەکانی "یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بەرپرسە لە کوشتنی کاوە گەرمیانی" و "دەبێ یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بکوژانی تیرۆری کاوەگەرمیانی ئاشکرا بکەن" لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا خۆپیشاندان سازدەکرێت لەبەردەم لەبەردەم ئۆفیسی حکومەتی هەریمی کوردستان.
-پارتی لە لیستی کەرکوکی کوردستانی کشایەوە.
-بەشێک لە رۆشنبیرانی ناحیەی قەسرێ-ی ناوچەی باڵەکایەتی دژی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی گردبوونەوەیەکی نارەزایەتیان لەناوبازاڕی گشتی قەسرێ ئەنجامدا لەگردبوونەوەکەشدا دەمەقاڵێ لەنێوان کادیرانی پارتی و گۆران دروستبوو.
-کەناڵی کوردساتی سەربە یەکێتی کۆمەڵێک وێنەی نوێی جەلال تاڵەبانیی بڵاوکردەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4656

**11-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131211121294087308



-کیومەرس حسێن بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4657

**12-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131212111251487302



-رۆژنامەنووس کیومەرس حسێن لە گردی سەیوانی سلێمانی نێژرا.
-لە مەراسیمی حەفتەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانیدا، جەماوەرێکی بەرفروان لەبەردەم ماڵەکەی کۆدەبنەوە.
-خەسرەو گوڵ محەمەد، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی کوردستان بڵاویکردەوە : " ئەمشەو تۆمەتباری بکوژی کاوە گەرمیانی لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەی ئاسایشی گەرمیان دانی بە تاوانەکەیدا ناوە."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4658

**13-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131213095956877277



-چەند چەکدارێک لە خانەقین دەسڕێژی گوللەیان کردووەتە سەر دو پاسی نەفەر هەڵگر کە سەرجەم سەرنشینەکان کرێکاری بواری نەوت بوون و لەئاکامدا، 19 کرێکار کوژران و 7 دیکەش بریندارببوون.
-هەڵبژاردنی نوێنەرانی یەکەم کۆنگرەی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان.
-خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی شەوکەت شێخ یەزدین کە دەکەوێتە دەروازەی شاری هەولێر و سەر ڕێگای سەرەکیی هەولێر – کەرکوک، گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا و بەهۆیەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات ڕێگا سەرەکیەکە پەکی کەوت.
-دوو برا، لە ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای خەبات دەبێتە شەڕیان و بەهۆیەوە، برایەکیان، براکەی تری بە فیشەک دەکوژێت.
-رەقبوونەوەی 3 کۆڵبەری کورد لەنێوان سنووری باشوور و رۆژهەڵاتدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4659

**00-00-2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121213104255743311

-لە سنووری شاری سلێمانی زیاتر لە 20 کرێکار گیانیان لەدەست داوە.
-لە2012دا 1170 پێشێلکاری یاسایی لەهەرێمی کوردستان تۆمارکراوە.
-لەماوەی ساڵی (2012) دا بەهۆی کەمتەرخەمی و سەرپێچیەوە، (192) چێشتخانەو نانەواخانە و فرۆشگا لەکۆیە بە نزیکەی (10) ملیۆن دینار سزا دراون.
-بەپێی ئاماری ١٠ مانگی ئەمساڵ، لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستم کەوتووە، کۆی لە دایکبووان لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم بریتییە لە (٨٧٧٤٨) هەشتا و حەوت هەزار و حەوتسەد و چل و هەشت منالە، کە (٤٤٧٩١) منالیان لە رەگەزی نێر و (٤٢٩٥٨) منالیان لە رەگەزی مێ بووە. واتە رەگەزی نێرینە زیاتر بووە.

وەک لە ئامارە فەرمییەکەدا هاتووە، کە دەست گۆڤاری سڤیل کەتووە، زۆرترین ڕێژەی لە دایکبوون لە پارێزگای دهۆکە کە (٣١٥٩٢) سی و یەک هەزار و پێنجسەد و نەوەد و دوو منالّ دەکات، لەکۆی ئەو ژمارەیە (١٥٤١٩) منالّیان ڕەگەزی مێ بووە و (١٦١٧٣) منالّ ڕەگەزی نێر بووە، واتە ڕەگەزی مێ زیاتر بووە.
دوای ئەو، پارێزگای سلێمانی دێت کە ژمارەی لە دایکبووانی (٢٨٢٦٠) بیست و هەشت هەزار و دوو سەد و شەشست منالّە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (١٤٢٨٧) منالّ لە ڕەگەزی نێر و (١٣٩٧٣) منالّ لەڕەگەزی مێ بووە، واتە ڕەگەزی نێر زیاتر بووە.
بەگوێرەی ئامارەکەی وەزارەتی تەندروستی، پارێزگای هەولێریش بە پلەی سێیەم دێ کە (٢٧٨٩٧) بیست و حەوت هەزار و هەشتسەد و نەوەد و شەش منالّ لە دایکبووە. لە کۆی ئەو ژمارەیە (١٤٣٣١) منالّ لەڕەگەزی نێر و (١٣٥٦٦) منالّ لە ڕەگەزی مێ بووە، واتە ڕەگەزی نێری زیاتر بووە

لە خشتەی ئامارەکەدا ئاماژە بەو منالّانەش کراوە کە بە مردوویی لە دایکبوونە یان دوای لە دایکبوون مردوون، بە جۆرێک کە پارێزی دهۆک پلەی یەکەمی وەرگرتووە، (٤٧٠) منالّ بە مردوویی لە دایکبوونە، کە (٢٤٧) منالّی ڕەگەزی نێر و (٢٢٣) منالّیان ڕەگەزی مێ بووە. ئەو منالّانەشی کە دوای لە دایکبوون مردوون (٣٤٣) منالّ بووە، کە (٢٠٩) منالّی ڕەگەزی نێر و (١٣٤) منالّیان ڕەگەزی مێ بووە.
لەپارێزگای سلێمانی (٣٧٠) منالّ بە مردوویی لە دایکبوونە، کە (١٨٨) منالّیان لە ڕەگەزی نێر و (١٨٢) منالّیان لەڕەگەزی مێ بووە. ئەو منالّانەشی کە دوای لە دایکبوون مردوون، بریتین لە (١٨٤) منالّ، کە (١١٣) منالّ لە ڕەگەزی نێر و (٧١) منالّ لەڕەگەزی مێ بوونە. لەمەیاندا ڕەگەزی نێر زۆر زیاترە.
لە پارێزگای هەولێریش بە قەزای کۆیەوە، (٢٦٢) منالّ بە مردوویی لە دایکبوونە، کە (١٦١) منالّی ڕەگەزی مێ و (١٤) منالّیان ڕەگەزی نێر بووە، واتە ڕەگەزی مێ زیاتر بووە. ئەو منالّانەشی کە لە دوای دایکبوونەوە مردوون بریتین لە (٣٠١) منالّ، کە (١٨٢) منالّیان لە ڕەگەزی مێ و (١١٩) لە ڕەگەزی نێر بووە.
کۆی مردنیش بە هۆکاری جۆراجۆر و بە تەمەنە جیاوازەکانەوە، (١٧٥٩٦) هەڤدە هەزار و حەوتسەد و نەوەد و شەش کەسە، کە بەرێژەی سەدی دەکاتە ٢٠%ی لە دایکبووان.
بەپێی یاسای ڕێژەی سەدی بێت، ئەوا زۆرترین ڕێژەی مردن لە پارێزگای سلێمانییە. ژمارەی مردووان بە هۆکاری جۆراوجۆر و تەمەنە جیاوازەکانەوە (٧١١١) حەوت هەزار و سەد و یانزە کەسە، کە دەکاتە لە (٢٥%)ی لە دایکبووان.
هەر چەندە پارێزگای دهۆک پلەی یەکەمی وەرگرتووە بۆژمارەی لە دایکبووان، بەڵام لەڕێژەی مردندا بە پلەی دووەم دێت، وەک لە ئامارەکەدا هاتووە، ژمارەی مردووان (٥٩٦٨) پێنج هەزار و نۆ سەد و شەست و هەشت کەسە، کە دەکاتە لە (١٨%ی لەدایکبووان.
پارێزگای هەولێریش ژمارەی مردووانی (٤٥١٧) چوار هەزار کەس و پێنجسەد و هەڤدە کەسە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٦%ی لە دایکبووان.
-ئەو منداڵانەی لەماوەی ساڵی 2012 لەسلێمانی لەدایکبون 31865 منداڵە، لەو ژمارەیەش 16383یان کورو 15482شیان کچ بون. لەو ژمارە منداڵەی لە 2012دا لەدایکبون 21579 منداڵیان بەشێوەی سروشتی و 10286 دیکەشیان لەڕێی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە لەدایکبوون. هەر لەمساڵیشدا 251 ژن منداڵی دوانەیان بووە.
-بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سلێمانی، لەساڵی 2012 daزیاتر لە سێ هەزار روداوی ئاگرکەوتنەوە تۆمارکراوەو بەو هۆیەوە نزیکەی 90 کەسیش بونەتە قوربانی.
-لە هەرێمی کوردستان 163 پیاو لەلایەن ژنەکانیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجامدراوە و 46 پیاویش کوژراون و خۆیان کوشتووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4660

**15-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121514340087240



-بۆ شەرمەزارکردنی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم کاوە گەرمیانی، بەبەشداری 17 ڕێکخراوی مەدەنی خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لەبازاری کەلارەوە بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزاکە بەڕێوەچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4661

**16-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121609215387213



-بە مەبەستی کۆتایهێنانی گرژی و ئاڵۆزی نێوانیان، ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی مەسعود بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی ڕۆژئاوا کۆبووەوە، کۆبونەوەکەش بە بەشداری هەریەک لە لەیلا زانا و عوسمان بایدەمیر بوو.

-چەند چەکدارێکی نەناسراو لە گەرەکێکی شاری کەرکوک سەربازێکی سوپای عیراقیان کوشت کە سەربە فرقەی 12ی سوپای عیراقە.

-ژمارەیەک چەکداری نەناسراو نیوەڕۆی ئەمڕۆ، هێرشیانکردەسەر ماڵی ئەفسەرێکی هێزەکانی پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوک و بەهۆیەوە دوو کەس کوژران و چوار کەسی دیکەش برینداربون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4662

**17-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121710240687190



-چالاکییەکانی ڕۆژی ئاڵای کوردستان.
-بۆمبێکی چێنراو لەنزیک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی قەزای خورماتوو تەقیەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک هاوڵاتی کوژراوو برینداربوون.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4663

**18-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121820195187175



-ئێوارەی ئەمڕۆ بەهۆی بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگەی زاخۆ-دهۆک لە گەلی زاخۆ ئاگرێکی گەورە کەوتەوە. بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان 7 کەس گیانیان لەدەستداوە و 11 ئۆتۆمبێلیش سووتاون.
-لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەهرۆز محەمەد ساڵح پارێزگاری سلێمانی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و لایەنە سیاسیەکان و پەرلەمانتاران و سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی سلێمانی، هۆتێلی پێنج ئەستێرەی تایتانیک لە سلێمانی کرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4664

**19-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121920221092747

-لە دانیشتنی ئەمڕۆ پێنچشەممەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەسەر قەزای دوزخورماتوو شەڕ و دەمەقاڵە کەوتە نێوان پەرلەمانتارانی کورد و چەند پەرلەمانتارێکی عەرەبی لیستی عیراقییە،
پەرلەمانتارە عەرەبەکان وایان لێکدایەوە کە هێزی پێشمەرگە هۆکاری خراپبوونی ڕەوشی ئەمنیی ئە و قەزایە بێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4665

**20-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122008490787157

-بەیانی ئەمڕۆ، دوو تەقینەوە لە ناو شارۆچکەی خورماتوو روویدا، تەقینەوەکان لە ڕێگەی بۆمبی چێنراوە بوون و بە پێی ئامارە سەرەتاییەکان شەش کەس کوژراون و (16)ی دیکەش بریندارن.
-لە پارێزگای موسڵ ئەفسەرێکی کورد لەسوپای عیراق بەدەمانچەی بێدەنگ دەکوژرێ.
-فرۆکەجەنگیەکانی ڕژێمی سوریا گەرەکی شێخ مەقسودی کوردنشینیان لە شاری حەڵەب بۆردومان کرد و لەئەنجامدا هاوڵاتیەک گیانی لەدەستدا و ژمارەیەکیش برینداربوون.
-بۆمبێکی چێندراو لە شارەدێی ڕەشادی سەر بە پارێزگەی کەرکووک تەقییەوە لە ئەنجامدا دوو هاووڵاتی بوونە قوربانی.
-لە ناوبازاڕی سەرچناری شاری سلێمانی بۆمبێکی چێنراو تەقیەوە، بە پێی زانیاریە سەرەتاییەکانی پۆلیسی 104ی فریاکەوتنی سلێمانی، تا ئێستا سێ کەس لە هێزەکانی پۆلیس بریندار بوون.
-سەرچاوەیەکی باڵای ئەمنی شاری سلێمانی، ئاشکرای کرد کە ئەمیرێکی سەر بە قاعیدەیان لەگەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی دەستگیرکردووەو لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە بەمەبەستی پلاندارشتن بۆ کاری توندوتیژی هاتۆتە شاری سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە4666 :

**21-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122116024670397

-لە دوو کردەوەی تیرۆرستیدا لە سنوری پارێزگای کەرکوک حەوت سەربازی سوپای عیراق شەهیدو بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4667

**22-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122210253487130



-کاتژمێر 8:50 ی بەیانی ئەمڕۆ لە نەخۆشانەی شێرەی نەقیب لە کەلار، منداڵەکەی کاوە گەرمیانی چاوی بە دنیا هەڵهێنا.
-لە شاری هەولێر، باڵەخانەی کەناڵی ئاسمانی (زارۆ تیڤی) کرایەوە و هەر ئەمرۆ پەخشی ئەزموونیی کەناڵەکە دەستپێکرد.
-شەش کوردەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر سکاڵای کونسوڵی ئێران لە هەولێر بەندکرابوون، دادوەر بڕیاری ئازادکردنیانی دا و دواتر لە بنکەی پۆلیس ئازادکران.
-بەندکراوێک لە ناو گرتووخانەی بنکەی پۆلیس لە ناحیەی سەرسەنگ لە رێگەی پەتەوە خۆی خنکاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4668

**23-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131223153824871O9



-ژمارەیەک لەرۆشنبیرو رۆژنامەنوس و شانۆکارانی هەڵەبجە گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا بەمەبەستی ناڕەزایی دەرپڕین بەرامبەر نەبونی هۆڵێکی گونجاو بۆ شانۆ و چالاکییە رۆشنبیریەکان.
-بەیانی ئەمڕۆ لەلایەن ئاسایشی هەڵەبجەوە، سەید عوسمان ئەحمەد، بەرپرسی مەڵبەندی یەکی بزووتنەوەی ئیسلامی دەستبەسەر دەکرێت و دواتر دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی دەردەکات، سەرچاوەیەکی ئەمنیش رایدەگەیەنێت، هۆکاری دەستگیرکردنەکە ناردنی گەنجانی کوردی سنوورەکە بووە بۆ سووریا.
-وەزیری وزەی تورکیا ئەمڕۆ دووشەممە ئاشکرایکرد کە بەشێوەیەکی ئەزموونی، بۆریی نەوتی نێوان هەرێمی کوردستان و بەندەری جەیهان لە تورکیا دەستتی پێکردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4669

**24-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131224090753871O4



-لەبەرامبەر شکاندن و دەستبەسەردا گرتنی عەرەبانەکانیان، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، خاوەنی عەرەبانەی لەفە فرۆشەکان لەبەردەم قایماقمیەتی سلێمانیدا گردبونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا.
-لەسەر ڕێگەی دوزخورماتوو - یەنیجە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە مەفرەزەیەکی پۆلیسدا تەقیەوە، بەهۆیەوە سێ پۆلیس بریندار بوون کە دوانیان برینەکانیان سەختە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4670

**25-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122520354687077

-تەقینەوەیەک لەپشت گەراجی عەفرین روویدا و 15 کەس برینداربوونو زیانی مادیش بەر ناوچەکە کەوت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4671

**26-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122613580787071



-بەبەشداری 1100 ئەندام، بەیانی ئەمڕۆ، یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان لەهۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لەشاری هەولێر دەستپێکرد.
-کەمپی لیبرتی لەنزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا،کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تێیدا نیشتەجێن، لەکاتژمێر 9:15 خولەکی ئەمشەو، دراوەتە بەرمووشەک و بەوهۆیەوە دەیان کوژراوو بریندار هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4672

**27-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122715581492759

-کرێکارێکی کوردی سوریا لە کاتی کارکردنیدا لە نهۆمی سیانزەیەمی تەلارێکی شاری هەولێر

دەکەوێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4673

**28-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122814043187024

-بەتۆمەتی ئەندامێتی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"، دادگای باڵای تورکیا سزای 8 ساڵ و 9 مانگ زیندانی بەسەر پەرلەمانتار و هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراسی گەلان "HDP" سەپاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4674

**29-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122923524687020

-بەهۆی ئاگرگرتنی بەتانیەکەوە سەنتەرێکی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە سلێمانی سوتا و سێ کەسی تیا برینداربوون، پاشان یەک لە بریندارەکان گیانی لەدەستدا.

-لە نزیک گوندی گامێش تەپەی سەر بە قەزای سەیدسادق و لە یاریگای کوردستانی ئەو گوندە یاریزانێک لە کاتی یاریکردندا دڵی لە لێدان دەکەوێت.

-لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە پارێزگای نەینەوا 15 سەرباز کوژران و دەیانی تر بریندار بوون.

-لە کەمپی دۆمیزی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا لەهەرێمی کوردستان، خێوەتی خێزانێک ئاگر دەگرێت و لەئاکامدا دایکێک و منداڵێکی بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەست دەدەن.

-لەدوو ڕووداوی جیادا لەشاری نەینەوا تەقە لە مامۆستایەکی زانکۆ و فڕۆکەوانێکی عیراقی دەکرێت و هەردووکیان گیان لەدەستدەدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4675

**30-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123011305687958

-کرێکارێک لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوای سەر بە ناحیەی خورماڵ لە کاتی کارکردنی لە قوتابخانەیەکدا دەکەوێتە خوارەوە و گیان لە دەست دەدات.

-لەسەر داوای پارێزگاری هەولێر و بڕیاری پارێزگای دهۆک، ئەمڕۆ ئەو شوێنەی وەک عەیادە مەلا عەلی کەڵەک چارەسەری خەڵکی نەخۆشی تیادا دەکرد، داخرا.
-لە سێ گەڕەکی جیاوازی ناوشاری کەرکوک تەقینەوە رویداو شەش کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4676

**31-12-2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123110530287001

-لە دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقدا پرسی بە پارێزگابوونی هەڵەبجەی شەهید گفتوگۆی لەسەر کرا، دواتر بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری بە پارێزگابوونی درا.
-لە گەڕەکی حەی شورتەی شاری خانەقین، ژمارەیەک چەکدار هێرشیان کردەسەر کۆمەڵێک خەڵک کە سەرقاڵی گێڕانی مەراسمێکی ئاینیی بوون. بە هۆی ئەو هێرشەوە دوو کەس کوژراون و 10ی دیکەش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4677

**01-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010110400386981




-شارەوانی وان ساڵی نوێی بە دانانی تابلۆی کوردی دەستپێکرد.
-لە شاری کەلار ئافرەتێکی تەمەن 48 ساڵ لە ناو گەرماوی ماڵەکەی خۆیاندا خنکا و گیانی لە دەست دا، بە وتەی سەرچاوەیەکیش رووداوەکە گوماناوییە و تائێستا دیار نییە ئەو ئافرەتە خۆی خنکاندووە یان خنکاوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4678

**02-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010209210086937



-بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیران و رۆژنامەنوسانی قەزای سەیدسادق خۆپیشاندان دەستپێکرد، کە تایبەتە بە کەمی خزمەتگوزاری و کەمتەرخەمی بەرپرسانی ناوچەکە. خۆپیشاندانەکە توندوتیژیی لێکەوتەوە و گەنجێک بەناوی پڕیار حەسەن کوژرا، 25 کەسێکیش برینداربوون و 6 کەسیش دەستگیرکران.
-لە گەڕەکێکی ناحیەی بەکرەجۆ لە شاری سلێمانی کچێک لە رێگەی پەتێکەوە خۆی خنکاند و کەسوکارەکەشی رایدەگەیەنن، کچەکەیان هیچ کێشەیەکی نەبووە.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4679

**03-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010309185686899



-دوای ئەوەی تەرمی ئەو گەنجە بە خاک سپێردرا کە دوێنێ 02-01-2014 لە میانەی خۆپیشاندانەکاندا بەگولەی هێزە ئەمنیەکان کوژرا، بەشدارانی مەراسیمی بەخاکسپاردنەکە لە ناو گۆڕستانی سەیدسادقەوە رژانە سەر شەقامی سەرەکی قەزاکەو خۆپیشاندانییان دەستپێکردەوە.
-دوای سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندان لە قەزای سەیدسادق و چوونی هێزی ئەمنی لە سلێمنییەوە بۆ ئەو قەزایە، قامیقامی سەیدسادق دەستی لەکارکێشایەوە. شارۆچکەکە زۆر نائارامە و دەیان کەسیش لە خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس و ئاساییش برینداربوون.
-لە زاڵگەی ئیمام عەباس لە خانەقین تەقە لە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی پێشمەرگە دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4680

**04-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010409162686853



-خوێندکارانی ئامادەیی سێ خوێندنگەی قەزای سەیدسادق لە بەردەم پەروەردەی ئەو قەزایەدا خۆپیشاندانێکیان ڕێکخستوو داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکەیان دەکەن. بەهۆی پێکدادانەکانی ئەمڕۆوە چەند کەسێک لە خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس برینداربوون.
-لەبەرامبەر خۆپیشاندان و نارەزایی خوێندکارانی ئامادەییەکانی قەزاکە، ئەمرۆ، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای سەیدسادق دەستیلەکارکێشایەوە.
-لەسەر داخوازی دادگای بنەرەتی تورکیا شەشەمین دادگای سزای قورسی ئامەد هەر یەکە لە پەرلەمانتارانی فەیسەل یەلدرم، سەلما ئیرماک پەرلەمانتارانی بەدەپە و کەمال ئاکتاش، پەرلەمانتاری سەربەخۆی شاری وان ئازادکران.
-لەسەر سکاڵای خانەوادەی شەهیدی قەلەم، کاوە گەرمیانی، دادگای کەلار فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ عەدنانی حەمەی مینا و کەسێکی نزیکی دەرکرد.
-لەبەردەم پارکی نالی لە شەقامی سالم لە شاری سلێمانی، بەمەبەستی ئیدانەکردنی هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەرانی قەزای سەید سادق، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان گردبوونەوەیەکی نارەزایەتیان ئەنجامدا.
-تۆڕی میدیایی رووداو، دەرکردنی تیمەکەیان لە شاری سەیدساق و بریندارکردنی وێنەگرێکیان ڕاگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4681

**05-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140105102244868311



-گردبوونەوەکەیەک لە بەردەم دادگای سلێمانی دژی بەلاڕیدا بردنی کەیسی کاوە گەرمیانی ئەنجامدرا.
-لەسەر ڕێگەی کەورگۆسک-ی سەر بە ناحیەی رزگاری لە پارێزگای هەولێر، ژنێک بەناوی گوڵان بە کوژراوی دۆزرایەوە کە پێنج گوللەی پێوەیە و رووخساری شێواوە و ناناسرێتەوە.
-دەروازەی سێ ماڵکا لە نێوان باشوورو ڕۆژئاوای کوردستاندا کرایەوە.
-لە بەرامبەر تێکدانی خانووەکانیان، هاوڵاتیانی گەڕەگی تۆبزاوەی ئەحمەدی شاری هەولێر کە دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی هەولێر- مەخموور خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا و داوای ڕاگرتنی بڕیاری تێکدانی خانووەکانیان دەکرد و بەوهۆیەوە بۆ ماوەیەک ڕێگا سەرەکییەکەیان داخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4682

**06-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010609300886812



-هاوڵاتیانی ناحیەی کەڵەک-ی نزیک قەزای خەبات لە پارێزگای هەولێر خۆپشاندانێکیان ئەنجامدا و داواکاربوون زەوی لە و ناحیەیە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هاوڵاتیان دابەش بکرێت. خۆپیشاندەران بۆ چەند کاژێرێک رێگای کەڵەک - بەردەڕەشیان داخست.
-مەحمود سەنگاوی وەک تۆمەتبارێک لە کەیسی کاوە گەرمیانی لە دادگای کەلار ئامادەبوو، دادوەر بڕیاریدا کە ناوبراو دەستبەسەربکرێت.
-تا ئەمساڵیش رۆژی 6ی کانوون لە هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە.
-لە رووداوێکی هاتوچۆدا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان 50 ئۆتۆمبێل بەیەکیاندا دا و بەهۆیەوە 8 کەس بریندداربوون.
-شەش گەنج لەشاری هەولێر دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر کچێکی تەمەن 16 ساڵی ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4683

**07-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010709524786786


ئاوێنە

بۆ یەکەمجار ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبێکی دەسەڵاتدار دەستبەسەر دەکرێت

عەدنان موفتی: مۆدێلی پەنجا بە پەنجا نەماوە، بەڵام لەبەرژەوەندی کەس نییە یەکێتی دووربخاتەوە

-بۆ یەکەمین جار رۆژنامەیەکی کوردی بە چل لاپەڕەی رەنگ و رەنگ لە هەرێمی کوردستان کەوتە بەر دەستی خوێنەرانی. رۆژنامەی ئاوێنە، سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، لەرێگەی 40 لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ گەیشتە بەردیدەی خوێنەرانی و هەر لەگەڵ چونیدا بۆ بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پێشوازییەکی زۆری لێ کرا.
-تەقینەوەیەکی بەهێز لە نزیک بنکەی پۆلیسی قۆرییەی کەرکوک روویداو بەهۆیەوە 2 کوژراو و دەیان برینداری لێکەوتەوە.
-هێرش دەکرێتە سەر رەبایەیەکی سەر بە فەوجی تەوارییەکەی جەلەولا و هاوکات دوو پردیش لەسەر رێگەی سەرەکی جەلەولا - بەغدا دەتەقێنرێتەوە، بەو هۆیەشەوە رێگاکە دادەخرێت.
-نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئۆتۆمبیلێک لە ناو شارۆچکەی سەعدییەدا تەقێنرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4684

**08-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010817085786767

-بەهۆی دواکەوتنی موچە و نەبونی پارە لەبانکی کەلار، ژمارەیەک لەمامۆستا و فەرمانبەران لەبەردەم پەروەردەی شارەکە مانگرتنیان ئەنجامدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4685

**09-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010909093586759



-بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شاری هەولێر ئاشکرای دەکات کە شەش گەنجە "تاوانبارەکەیان" دەستگیرکردووە کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر دەستدرێژی سێکسیان کردبووە سەر کچێکی 16 ساڵ.
-لە شاری هەولێر لە دوو شوێنی جیاواز خۆپیشاندان دەستیپێکردوە، یەکێکیان لە بەردەم پارکی شانەدەرە، لەلایەن چالاکوانانی پەکەکەوە ئەنجامدەدرێت، وەک ناڕەزاییەک دژی دەستنیشان نەکردنی سێ ژنە چالاکوانە کوردەکەی ساڵی رابردوو لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا تیرۆر کران، خۆپیشاندانی دووەمیشیان لەسەر دەستدرێژی شەش گەنجەکەی هەولێرە بۆ سەر کچێکی رۆژئاوای کوردستان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-01-2014
-بەهۆی نەدانی زەوی بەفەرمانبەران و قەرەبوو نەکردنەوەی جوتیاران ژمارەیەک فەرمان بەر گردبونەوەیەکیان لەبەردەم شارەوانی قەزای شارەزوور ئەنجام دا.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک دوو بۆمبی چێنراو دوابەدوای یەک تەقینەوە جگە لە زیانی ماددی زیانی گیانیان بە دوواوە نەبوو، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش رایدەگەیەنێت هەردوو بۆمبەکە لە نزیک ماڵی دوو ئەفسەری سوپای عیراق تەقیونەتەوە.
-ژمارەیەک لەهاوڵاتیانی قەزای خەباتی سەربە پارێزگای هەولێر، خۆپشاندانێکیان بۆ بەردەم فەرمانگەی کارەبای قەزاکە ئەنجامدا، لەو خۆپشانانە هاوڵاتیان داواکاربوون کێشەی کارەبایان بۆ چارەسەر بکرێت کە ماوەیەکە بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما دروست بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4686

**10-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011009343886742

-لە گوندێکی سەر بە ناحییەی ئاغجەلەر، گەلە گورگ لە رانە مەڕێک دەدات و بەوهۆییەوە زیاتر لە 60

سەر مەڕ لە ناوچووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4687

**12-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011210082286708

-بەیانی ئەمڕۆ بۆمبێک لەبەردەم ماڵی، عەمید بەختیار فایەق، لەگەڕەکی کازیوەی رۆژهەڵاتی سلێمانی تەقییەوە. بۆمبەکە تەنها زیانی بەپەنجەرەی چەند ماڵێک گەیاند.
-دوو تەقینەوەی بەهێز شارۆچکەی دووزخورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدینیان هەژاند. بە پێی زانیارییە سەرەتاییەکان کە لە سەرچاوەی تەندروستی وەرگیراوە، تاوەکو ئێستا سێ کوژراو و 27 بریندار هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4688

**13-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011309415086699

-بەچالاکیەک لەسەر گۆڕی شەهید، مەراسیمی چلەی ماتەمی رۆژنامەنوسی تیرۆرکراو، کاوە گەرمیانی، لەکەلار دەستپێکرد.
-لە گوندێکی سەر بە ناحییەی رەشاد چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵدەکوتنە سەر ماڵی ئەفسەرێک و لە ماڵەکەی خۆیدا دەیکوژن، لە گەڕەکێکی شاری کەرکوکیش تەقە لە سەربازێک دەکرێت و بەهۆیەوە گیان لەدەست دەدات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4689

**14-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011413101386691

-کازم سەیادی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەلیستی هاوپەیمانی نیشتمانیی داوای لەمالکی کرد هەڵکوتێتە سەر پارێزگای هەولێر و دەسەلاتی سوپا لەهەولێر بخاتەکار تا کۆنترۆڵی سنوری عیراق بکات لەگەڵ تورکیا.
-سێ ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوک تەقینەوە و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان

12 کەس برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4690

**15-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011511062086681




-بەهۆی گڕگرتنی تانکەرێکی بارهەڵگری سوتەمەنییەوە، لە قەزای دوکان، ژمارەیەک ئۆتۆمبێل دەسوتێن و هاوڵاتیەکیش گیان لەدەست دەدات.
-لەناوچەی مەعاملی سەر بە شارەبان کەدەکەوێتە بەشی باکوری شارەبان، ژمارەیەک چەکدار دەستریژی تەقە لە ژمارەیەک شۆفێری لۆری دەکەن لەکاتی گواستنەوەی شمەکی تایبەت بەدروستکردنی خانوو. 7 شۆفێر بەهۆی ئەو دەستریژەوە کوژراون.
-لەدرێژەی ئەو توندوتیژیانەی دەکرێتە سەر کوردانی شەبەک لە شاری موسڵ، کەمێک پێش ئێستا کوردێکی تری شەبەک بەدەمانچەی بێ دەگ کوژرا، هەر ئەمرۆ لە شوێنە جیاجیاکانی شاری موسڵ لە ئەنجامی سێ تەقینەوە نۆ کەس بونە قوربانی کە هاوڵاتی مەدەنی و هێزە ئەمنیەکانی تێدایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4691

**16-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140116160234866666



-لە سەر رێگەی عەربەت سلێمانی و نزیک گوندی ژاڵە، سێ تانکەری گواستنەوەی سووتەمەنی گڕیان گرت.
-بەهۆی پابەند نەبوون بە رێنماییەکانی پارێزگاری سلێمانی لە قەدەغەکردنی کارکردنی ئافرەتی عەرەب و وەرگرتنی نرخی زیادە، هەرسێ هۆتێل و رێستۆرانتی چۆڤیان، خواردن و خواردنەوەی شیراتۆز و کافتریای فەرزاد بۆ ماوەی پێنج رۆژ بە لافیتەوە داخران.
-هەشتەمین کۆنگرەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر بە درووشمی (حکومەتێکی هاوڵاتی کارا بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنوس دەستەبەری عەدالەتی کۆمەڵاتی، نوێبونەوە و بەهێزکردنی رۆڵی حزب) دەستی بەکارەکانی کردو ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4692

**17-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140117213407866652

-لە شاری موسڵ لەئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو، سەربازێکی سوپای عێراق کوژرا و حەوتی تر برینداربوون، هاوکات بازرگانێکی شارەکەش بەدەمانچەی بێدەنگ کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4693

**18-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140118092601866632



-نەشتەرگەرییەکی دەگمەن بۆ هاوڵاتی ع. ح. تەمەن 50 ساڵ ئەنجامدرا ئەمەش دوای ئەوەی سەعات 1:30 بەهۆی قرتانی قۆڵی چەپیەوە بە مشاری دارتاشی، رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا.
لەدوای نەشتەرگەریەکە کە لە سەعات دوو ی پاش نیوەڕۆوە بۆ سەعات 9 ی شەوی خایاند توانرا قۆڵە پرواکە بچێنرێتەوە.
-لە بازاڕی سەر دۆمیز لە کەرکوک دوو بۆمبی چێنراو تەقینەوە، بەهۆیەوە 12 کەس برینداربوون کە پێنجیان پۆلیسین و سیانیان ئاسایشن.
-لە گوندی دسکەرەی خوارووی سەر بە قەزای شارەزوور، دوو کرێکاری بە رەگەز عەرەب لە کێڵگەیەکی پەلەوەریدا گیانیان لە دەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4694

**19-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140119121108866607



-نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی هەرێمی کوردستان گەیشتە بەغدا و دوای نیوەڕۆ لەگەڵ وەفدی حکومەتی عیراق بە سەرۆکایەتیی حسێن شەهرستانی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە کۆ بووەوە.
-ژمارەیەکی زۆر سەربازی دەوڵەتی تورک هەڵیان کوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیانی گوندی رۆبۆسکی و لەئەنجامدا (7) کەس دەستبەسەرکران کە خزمی ئەو کەسانەن لەکۆمەڵکوژی رۆبۆسکی گیانیان لەدەستداوە.
-دادگای کەلار، بڕیار درا راگرتنی مەحمود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا 02-02-2014 درێژ بکرێتەوە.
-ئۆتومبیلێکی مینرێژکراو لە گەرەکی عەسکەری شاری کەرکوک تەقییەوە و 2 کەس کوژران و چەندینیش برینداربوون.
-سەربازانی تورک رێگایان نەدا شاندێکی BDP بچێتە عەفرین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4695

**20-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012009533286581

-بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێک لە هۆڵی محەمەد عارف جزیری لە پارێزگای دهۆک، بەشێکی زۆری ئەو هۆڵە سووتا و زیانێکی زۆری ماددیشی پێگەیشت.
-سەرلەبەیانی ئەمرۆ لەنزیک تانجەرۆ تەرمی ئەنجومەنی گەرەکێکی شاری سلێمانی دۆزرایەوە و پۆلیسیش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە چوار گوللەی پێوە بووە.
-لە گەڕەکی ئەلغەزنەوی شاری منبج کە زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکەکە کوردن، تەقینەوەیەک روویدا.
-لە نزیک گوندێکی سەربە ناحییەی شوان مینێک بە شوانێکدا دەتەقێتەوەو دەست بەجێ گیان لە دەست دەدات، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش رایدەگەیەنێت، مینەکە پاشماوەی سوپای عیراقی پێشووە لە ناوچەکەدا ماوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4696

**21-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012110220586570



-ئەنجومەنی یاسادانانی کانتۆنی جزیرە، بەڕێوەبەرایەتی خۆبەڕێوەبەری کانتۆنی جزیرەی ڕاگەیاند، کە لە 23 وەزیر پێکهاتووە.
-لەسەر کەمی خزمەتگوزاری لە گوندەکەیان و دابین نەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ گواستنەوەی خوێندکاران، بەیانی ئەمڕۆ خوێندکاران و دانیشتوانی گوندی کانی پانکەی سەر بە قەزای سەیدسادق خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و تیایدا داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری ئامادەیی گوندەکەیان کرد.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4697

**22-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012210575386564



-بەپاساوی نەبونی بەڵگەی پێویست بۆ تۆمەتبارکردنیان، هەردو تۆمەتبار لەکەیسی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی مەحمود سەنگاوی و زاخۆ ئەحمەد لەلایەن دادگای کەلارەوە بڕیاری ئازاد کردنیان بۆ دەرکرا.پارێزەرێکی خانەوادەی کاوە گەرمیانی رایدەگەیەنێت کە بڕیارەکەی دادگا نایاسایە، بۆیە تانەی لێدەدەن.
-لەناوچەی لیجەی ئامەد لەلایەن کەسانی نەناسراوە ماددەی تەقینەوە خراوەتە ماڵی میوانی مامۆستایان و رێکخراوی پەروەردە .(Egîtîm-Senê) تەقینەوەکە هیچ زیانێکی ماددی لێنەکەوتووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4698

**23-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012314100586557

-تەقینەوەیەک لەشاری دێرک روویدا و لەئەنجامدا (3) هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستدا. هەروەها ژمارەیەکیش بریندار‌بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4699

**24-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140124122012865554



-بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئازادکردنی ئەو کەسانەی پێشتر لەدۆسیەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس، کاوە گەرمیانی، تۆمەتبارکرابون، لەهەڵەبجە رۆژنامەنوسو چالاکوانان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو لەبەیاننامەیەکدا رایانگەیاند "کاری دادگا نیە وەک نمایش خەڵک بانگێشت بکات."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4700

**25-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140125221922928255

-دوو ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لە قەزای دووز-خورماتوو تەقیەوە و بەهۆیەوە 10 کەس کوژران و برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4701

**26-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140126110753928334



-دژی ئازادکردنی تۆمەتبارانی کەیسی کوشتنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، لە بەردەم دادگای بەرایی کەلار خۆپیشاندان سازدرا.
-سەرۆکی ئەنجومەنی ناحیەی سەعدییە و دوی ئەندامی دیکەی ئەنجومەنەکە لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە کوژران.
-لە ئەنجامی سێ تەقینەوەدا لە شاری کەرکوک چوار کەس گیانیان لەدەستداوەو 14 کەسی دیکەش بریندابون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4702

**27-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140128133259865541

-کچێکی تەمەن 14 ساڵان بەناوی (ش،ب،ر) کە تەمەنی 14 ساڵانە لە گەڕەکی هەندرێن لە قەزای سۆران خۆی خنکاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4703

**28-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012810281286546



-لەئێوارەی دوێنێ دوشەممەوە بارانێکی بەهێز شاری هەولێری گرتۆتەوە و بۆتە هۆی دروسنبونی لافاو و زۆربەی شاڕێ و شەقامەکانی شاری هەولێر گیراون و ئاستەنگی هاتوچۆ بۆ هاوڵاتیان و شۆفێران دروستبووە و چەندین ماڵ و دوکانیش ئاویان تێچووە.
-بەهۆی باران و لافاوەوە دوو منداڵ لە ناحیەی باعەدرێی سەر بە پارێزگای دهۆک، ئاو بردنی و دوای گەڕانێکی زۆر توانرا تەرمی منداڵێک بدۆزنەوە.
-بە هۆی رووچوونی زەوی لەیەکێک لەگوندەکانی سنووری سەر بە شاری سەردەشت دوو کەس گیانیان لەدەست دوو کەسی تریش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4704

**29-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012909590386540



-تەرمی (3)ی شەڕڤانی YPG کە لەشەڕو پێکداادن لەگەڵ گرووپە چەتەکان لەشارۆچکەی مەناجیر گیانیان لەدەست دابوو، بەبەشداری هەزاران کەس لەگۆڕستانی شەهید روستەم جوودی بە خاک سپێردران. هەروەها تەرمی (2) شەڕڤانی YPG کە (2) مانگ پێش ئێستا لەهەرێمی دێرک و حەسەکە گیانیان لەدەست دابوو و بە خاکسپێردرابوون، لەسەر داوای کەسوکاریان برانە هەمان گۆڕستان و بە خاک سپێردران.
-لەبەرامبەر دواکەوتنی موچەکانیان بەیانیی ئەمرۆ، لەسەر داوای لقی گەرمیانی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان، مامۆستایانی گەرمیان مانگرتنیان راگەیاندو نەچونە هۆڵەکانی خوێندنەوە.
-بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی لەشاری موسڵ دەگوزەرێت، ئەمرۆ جوتیارێکی عەرەب کوژرا و چوار ماڵی کوردیش دوای هەڕەشەی تیرۆرستان ماڵەکانی خۆیان جێهێشت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4705

**30-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014013009331586528

-دوو کارمەندی ئاسایشی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە گەڕەکی نەسری کەرکوک بە دەتسرێژی گوللە کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4706

**31-01-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014013113403492866



-لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی YNK بڕیاریدا چوارەمین کۆنگرەی پارتەکەی بۆ کاتێکی نادیار دوابخات و هەروەها بڕیاریشیدا، بەرپرسیارێتی دواخستنی چوارەمین کۆنگرە هەڵبگرێت و لە کاتی گونجاویشدا گۆنگرەکە ببەسترێت.
-تانکەرێکی گواستنەوەی سوتەمەنی لەسەر رێگای چۆمان-حاجی ئۆمەران ئاگردەگرێت و بەهۆی ئاگرەکەشەوە شوفێرەی تەنکەرەکە گیان لەدەستدەدات.
-لە سەر چیای کۆرەک لە دەڤەری سۆران و لەسنوری پاریزگای هەولێر فیستیڤاڵی خلیسکانێی سەر بەفر دەستی پێکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4707

**02-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020214282914906

-وەزارەتی دادی عیراق بڕیاری دوورخستنەوەی بەڕێوەبەری بەندیخانەی فیدڕاڵی چەمچەماڵ دەردەکات و عەرەبێت دەخاتە جێگەی، ئەمەش ناڕەزایی کارمەندانی ئەو بەندیخانەیەی لێدەکەوێتەوەو بەو هۆیەوە مانیان گرت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4708

**03-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020308551618567

بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە، بەیانی ئەمرۆ، مامۆستایانی زۆربەی خوێندنگاکانی شاری سلێمانی مانگرتیان ڕاگەیاندو نەچونە هۆڵەکانی خوێندنەوە. هاوکات بەشێک لەمامۆستایانیش گردبونەوەیەکیان ئەنجامداو دەروازەی سلێمانیان داخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4709

**04-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020409410219332

-بەهۆی بەفربارینی زۆر لە پارێزگای سلێمانی دەوامی فەڕمیی قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگەکانی سلێمانی راگیرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4710

**05-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020509363620515

-خوێندکارانی ئامادەیی خانەقای تێکەڵاو لەسنووری ناحیەی وەرتێ، لە خۆپیشاندانێکدا ڕێگەی سەرەکی ناوچەی سۆران - رانییە دادەخەن و داوای دابینکردنی مامۆستای پسپۆر دەکەن.
-لە ناوچەی کاپیناری ئامەد، لەکاتی بانگەشەی نافەرمی هەڵبژاردن لە نێوان لایەنگرانی بەدەپە و ئاکەپە شەڕوپێکدادان روویدا و سێ گەنجی بەدەپە بریندداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4711

**07-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020710325422104

-بەهۆی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلێک لە گەرەکی عەسکەری شارۆچکەی دوزخورماتوو، ژمارەیەک هاوڵاتی کوژران و ژمارەیەکی دیکەش بریندرابوون.
-لە شاری موسڵ تەقە لە دوو کوردی شەبەک کرا و هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4712

**08-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020810464522338

-لەسەر دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت کە ماوەی زیاتر لە چوار مانگی تێپەڕاندوە، 25 رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە دەست بە خۆپیشاندان و گردبوونەوەی نارەزایی دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4713

**09-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020911425122665

-چەکدارەکانی داعش لەسنوری خورماتوو شەش پۆلیس دەستگیر دەکەن و دواتر گولەبارانیان دەکەن.
-پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی (سەمیر عەلی حسێن) لە ناحیەی سەعدیەی سەر بە قەزای خانەقین گولەباراندەکرێتو دەستبەجێ دەمرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4714

**10-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021009102723259



-بەهۆی وەرنەگرتنی موچەی مانگی ڕابردووەوە، بەیانی ئەمڕۆ، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی مانگرتیان ڕاگەیاندو فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی ئاوی سەرچناریش ئاوی ژمارەیەک لەگەڕەکان دەبڕن.
-مانگرتنی کارمەندانو فەرمانبەرانی فەرمانگە جیاجیاکانی شاری سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە بەردەوامەو لەو چوارچێوەیەدا ئەمڕۆ، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی مانگرتنیان ڕاگەیاندو دەروازەی سلێمانیان داخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4715

**11-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140211124331237779



-لەبەرامبەر دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە سلێمانی، هەردو حزبی شیوعی کوردستانو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست.
-کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی سلێمانی، دژی دواکەوتنی مووچەکانیان بۆ ماوەی سێ سەعات رێگای تووی مەلیکیان لە سلێمانی داخست.
-بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کورد و ئێراندا ئەمڕۆ، لە سی و پێنجەمین ساڵیادی شۆرشی گەلانی ئێراندا لەهۆڵی سەعد عەبدوڵا لەشاری هەولێر سرودی نیشتیمانی کوردستان ئەی رەقیب وتراو لەپاڵ سرودی نیشتیمانی ئێران.
-چەند چەکدارێکی نەناسراو لەباشوری شاری موسڵ، هەڵیانکوتایە سەر بارەگایەکی سەربازیی سوپای عیراق و 15 سەربازیان سەرپری.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4716

**12-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140212141803244411



-بەشێک لە وەبەرهێنەرانی شاری سلێمانی و یەکێتی وەبەرهێنەران و ژووری بازرگانی سلێمانی، پری 100 ملیار دیناریان وەک قەرز دایە بانکی هەرێم لە سلێمانی، خاوەنی کۆمپانیای ئاساسێلیش وەک وەبەرهێنەرێک پری 15ملیار دیناری وەک قەرز دایە بانکی هەرێم.
-دوو بۆمب لە شارۆچکەی دووزخورماتوو تەقینەوە و بەهۆیەوە پێنج کەس کوژران و نۆی تر بریندarbوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4717

**13-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021311203824774



-کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی تورکی بەفەرمی رایگەیاند: بۆری نەوتی گواستنەوەی نێوان هەرێم و تورکیا تەواوبووە و ئامادەیە بۆ گواستنەوەی نەوتی هەرێم.
-عەلا جبۆ، فەرمانداری گشتی بەرەی کورد – جەبهەت ئەکئەکراد لە ئەنجامی هێرش و تۆپبارانی ڕژێمی سوریا لە حەلەب گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4718

**14-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021413073025041

-تەقینەوەیەک لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان روویدا و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان دوو کەس بریندار بوون.
-لە سنوری دەربەندیخان هێرش دەکرێتەسەر گۆری "شەهیدەکانی حیزبی شیوعی" و کێلەکانیان دەشێوێنرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4719

**16-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140216211015254
-بەرپرسێکی یەکێتی لەکەلار رایدەگەیەنێت، شەوی رابردو بۆمبێکی چێنراوو لەبەردەم ماڵەکەیدا دانراوەو دواتر لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە پوچەڵکراوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4720
**17-02-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140217085418253O8



-بۆ بەرزراگرتنی قوربانیانی 17ی شوبات و رۆژانی دوایی، ئەمرۆ چەند چالاکیەکی جۆراوجۆر لەسلێمانی بەڕێوەدەچێت، لەوچوارچێوەیەدا بەیانی ئەمرۆ لەسەر گۆری شەهید ریژوان یەکەم شەهیدی خۆپیشاندانەکەی 17ی شوبات مەراسیمێک سازکرا.
-لەمەراسیمێکی جەماوەریداو بەئامادەبونی نزیکەی 1500 ماتەمگێر، قامیشلۆی پایتەختی رۆژئاوای کوردستان تەرمی 28 شەرڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی لەباوەش گرت، کە لەبەرەی جەنگی بەرگرتن لەهێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)و بەرەی نوسرە لە ناوچەی تەل حەمیس و تەل باراک 44 رۆژ لەمەوبەر گیانیان سپاردبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4721
**18-02-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140219004420255560
-لە گەرەکێکی شاری کەرکوک بە هۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراوی یەک لە دوای یەک، ئەفسەرێکی پۆلیس گیانی لە دەستداو هەشتی کەسی دیکەش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4722
**19-02-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140219143030257 62

-لەڕێی بۆمبێکی چێندراوەوە ئەمڕۆ، کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکی بەرەی تورکمانی، ئەرشەد ساڵحی، لەناوەڕاستی شاری کەرکوک کرایە ئامانج و بەو هۆیەوە دوو پاسەوانی ناوبراو بریندابون کە برینی یەکێکیان سەختە.
-سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەڕەکی عەسکەری لە قەزای دووزخورماتوو دوو ئۆتۆمبیلی مینرێژکراو تەقیەوە و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4723

## 20-02-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014022022080926525



-عەقید سیامەند جاف، فەرماندەی فەوجە تایبەتەکەی مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەهەمانکاتدا فەرماندەی فەوجی 4ی لیوای 2ی سکرتاریەتی سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی-یشە، دەستڕێژی گولەی لێکراو بەسەختی بریندارکراو دواتر گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4724

## 21-02-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014022113170726944

-گروپێک لەبەر دواکەوتنی موچە، ڕێگای سەرەکی دهۆک- موسڵ دەگرن.
-لە شارەدێی زوماری سەربە پارێزگای موسڵ ماڵی کادێری پارتی دیموکراتی کوردستان دەتەقێندرێتەوە و لە ئەنجامدا کەسێک گیان لەدەستدەدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4725

## 22-02-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014022209582427876

-لەبۆسەیەکی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شامدا -داعش -بەڕێوەبەری پۆلیسی

فریاکەوتنی ناحیەی جەلەولا و چوار پاسەوانی کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4726

**23-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140223281929669

-لە نزیک گوندێکی سەر بە ناحییەی پایچی، هێزەکانی پۆلیس تەرمێکی نەناسراویان دۆزییەوە، سەرچاوەیەکی ئەمنیش رایدەگەیەنێت بە هۆی ئەوەی تەرمەکە تێکچووە لە ئێستادا ناناسرێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4727

**24-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140224093307299945

-سێ بومەلەرزەی یەک لەدوای یەک نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە قەزای پێنجوێنی دا، بەرپرسانی کەشناسی رایدەگەیەنن بومەلەرزەکان بەبێ زیان تێپەرین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4728

**25-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140224155138300098

-دوای روودانی چەند بومەلەرزەیەک لە قەزای پێنجوێنی پارێزگای سلێمانی، شەوی رابردوو و بەیانی ئەمرۆ، چەند بومەلەرزەیەکی دیکە هەمان ناوچەیان هەژاند، بەپێی پێشبینیەکانی کەشناسی سلێمانیش لە سبەینێوە شەپۆلێکی بارانبارین روو لە ناوچەکانی هەرێم دەکات و کاریگەرییەکەی تا دوو رۆژ بەردەوام دەبێت.

-سەرچاوەیەکی ئاگادار رایدەگەیەنێت لە روداوێکی هاتوچۆدا لەسەر رێگای سلێمانی - عەربەت 6 کەس گیانیان لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4729

**26-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140226184639314 74

-لە ناوچەی ڕێگەی بەغدای شاری کەرکوک لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی موگناتیسی کە لکێنرابوو بە ئۆتۆمبێلێکەوە هاوڵاتییەک گیانی لەدەست دا. لە سنوری قەزای حەویجەش لە شەڕ و پێکدادانی چەند چەکدارێک و سوپای عیراقدا سەربازێک کوژرا.
-لە شاری موسڵ هێرشکرایە سەر بارەگایەکی پارتی دیموکرتی کوردستان و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک بریندار بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4730

**27-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140227111442319 72



-زیاتر لەهەزار چەکداری گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکانی بەرەی نوسرەو دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام (داعش) و گروپی ئەحرار شام هێرشیان بۆ سەر گوندی تەل مەعروف لەرۆژئاوای کوردستان کردو، دوای سوتاندنی زۆرێک لەماڵە کوردەکان، مزگەوتی گوندەکەو مەرقەدی شێخ عیزەدین نەقشبەندیشیان تەقاندەوە.
-باوکێک لە هەولێر بە 15 فیشەک کچەکەی خۆی دەکوژێت.
-تەرمی دوو ژن لە سەید سادق دۆزرانەوە.
-لەقەزای دووز-خورماتوو بۆمبێکی چێنراو تەقیەوە و بەهۆیەوە 3 کەس کوژران 11 کەسی تریش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4731

**28-02-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140228114505326 37

-هونەرمەندی ناسراوی شاری هەولێر (نەوزاد ڕەمەزان) بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

-ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە قەرەتەپە، تەقەیان لە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی پێشمەرگە کردوو یەکێکیان لێبریندار کردن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4732

**01-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140301192507326799

-دوو چەکداری نەناسراو پۆلیسێک لە دووکانەکەی خۆیدا گولەباران دەکەن لە خورماتوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4733

**02-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140302091321335516

-لەبەرامبەر کوژراوی دوو خوشکەکەی قەزای سەیدسادق، گرووپی ژیان کە لە رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی پێکهاتووە، لە قەزای سەیدسادق دەستیان بە رێپێوان کرد.
-بەهۆی دواکەوتنی موچەی مانگی شوبات، فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی مانگرتنیان لەکار راگەیاندو رایدەگەیەنن، لەمانگرتن بەردەوام دەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4734

**03-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140303115353336753



-دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی گەرمیان فەرمانی دووبارە دەستگیرکردنەوەی بۆ مەحمود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تۆمەتبارێکی دیکە لە دۆسیەی کوژرانی کاوە گەرمیانی دەرکرد.
-بۆ رۆژی دووەم فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، دژی دواکەوتنی مووچەکانیان مانگرتنیان راگەیاند و رێگای سەرەکی بەردەم سەرۆکایەتیەکەیان داخست و بۆ ماوەیەک هاتوچۆی ئۆتۆمبێل پەکی کەوت.
-ئەمشەو لە گەڕەکی عەسکەری شاری کەرکوک، ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپڵ ڤیکترا تەقیەوە، بەهۆیەوە 13 کەس برینداربوون و لە گوندی بەشیریش نۆ بۆمب پوچەڵکرانەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4735

**04-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140304112929337770



-لەبەردەم زانکۆی ئەمریکی لە شاری سلێمانی، بەشێک لەفەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی گردبونەوەیکیان ئەنجامداوەو داوایان لە کاربەدەستانی هەرێم و عێراق کرد کە موچەکانیان بدەنێ، کە ئێستا لێپرسراوانی هەردولا لە کۆڕبەندی ساڵانەی زانکۆی ئەمریکی ئامادەن.
-لەلایەن کۆمەڵێک چەکداری نەناسراوە لە ناوچەی ئەبوو سەیدای سەر بە قەزای شارەبان لە پارێزگای دیالە، کۆمەڵێک چەکدار پاسێکی نەفەر هەڵگر رادەگرن کە 12 دەروێشی کەسنەزانی تێدابووە، سەرجەمیان دەکوژن.
-لە خۆرئاوای کوردستان و لە شاری قامیشلۆ، بە شێوەیەکی فەرمی پۆلیسی هاتوچۆ دەست بەکار بوو.
-لەچەند رووداوی جیاواز لە پارێزگای موسڵ شەش پۆلیس کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4736

**05-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140305101428333828

-بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لەگەڕەکی واستی باشوری شاری کەرکوک بەکاروانێکی هێزەکانی پۆلیسی ئامادەدا، دوو پۆلیس و هاوڵاتیەک بریندار بوون.
-لەکاتی کارکردندا لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی کەلاری نوێ، دوو کرێکار کەوتنە خوارەوە و دوای رەوانەکردنیان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، لە رێگا یەکێک لە کرێکارەکان گیانی لەدەست

دا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4737
**06-03-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140306215255534017



-ئەندامێکی شارەوانی کورد لە ناحیەی سەعدیە بەناوی یاسین شەفیق لەبەردەم ماڵەکەی خۆی درایە بەر دەسڕێژی گوللەو دەستبەجێ لەشوێنی رووداوەکە کوژرا.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک، بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە سەربانی ماڵێک، کەسێک کوژراو یەکێکی دیکەش بریندار بوو، سەرچاوەیەکی ئەمنیش رایدەگەیەنێت کە پێشتر خاوەن ماڵەکە هەڕەشەی لێکراوە.
-بەهۆی قەیرانی نێوان بەغدا و هەولێر، حکومەتی مالکی رێگریی لە زۆر لە گەشتە ئاسمانییەکان کرد بۆ هەولێر و سلێمانی، کۆمپانیای جەرمانیا ئێر، نزیکەی 18 گەشتی ئاسمانیی خۆیی لەم مانگەدا بۆ هەولێر و سلێمانی راگرت.
-بەشێک لە سەقفی بینای فاملی مۆڵی دوو لە گەڕەکی شارەوانی باشوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی روخا و بەهۆیەوە چوار کرێکار برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4738
**07-03-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140307091005534194



-چەکدارێکی کوردی سەر بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام "داعش" لە شاری هەولێر دەستگیرکرا.
-بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنان، رێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان، رێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان ئاهەنگێکی جەماوەریان لە بناری قەندیل رێکخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4739

**08-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014030810274834255




-بەیانی ئەمڕۆ لەگەڕەکی ئاوارەکان لەکەلار ژنێک خۆی سوتاند.
-لە ڕۆژی جیهانی ژناندا لەشاری سلێمانی گروپێکی ژنان خۆپیشاندانێکیان سازکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4740

**09-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014030911270434579



-نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە کاتی کارکردن لە پرۆژەیەکدا لە ناحیەی وارماوە، ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی چیمەنتۆی ئامادەکراو وەردەگەڕێت و بەهۆیەوە کرێکارێکی بە ڕەگەز ئێرانی دەکەوێتە ژێر خۆڵەوەو گیان لەدەست دەدات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4741

**10-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031016370134720

-هێزە ئەمنییەکانی شاری موسڵ توانییان 14پاکستانی بکوژن، کە لە سوریاوە هاتوونەتە شارەکە بۆ پاڵپشتیکردنی (داعش)، هاوکات هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە حەشارگەیەکی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییان لە عیراق و شام لە ناوچەی حەمرین تێکشکاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4742

**11-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140311104122348O1



-هەشت کارمەندی شارەوانی لە تەقینەوەیەک لە شاری قامیشلۆ گیانیان لەدەستدا کەچواریان ژن بوون، سەرۆکی شارەوانی قامیشلۆ کە ژنێک بوو بەناوی هەڵەبجە لەتەقینەوەکەدا گیانی لەدەستدا .

-ژمارەیەک لە دانیشتوانی گوندی توەسپی دەوروبەری ماوەی زیاتر لەکاتژمێرێکە، رێی هاتوچۆی نێوان سلێمانی و مێرگەپانیان داخستووە، وەک نارەزایی لەبەرامبەر رێگریی کردن لە دروستکردنی خانوو لەو ناوچەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4743

**12-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031220474440492

-لەبەردەم دوکانێکی شارۆچکەی دوزخورماتوو بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە کوژراو و بریندارێ لێکەوتەوە.

-ژنێک لە گەڕەکێکی شاری هەولێر بە چوار فیشەک کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4744

**13-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031314552549353



-لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لەشاری هەولێر، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بەپارێزگاکردنی هەڵەبجەی واژۆکرد.

-لەشاری موسڵ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو کوژران و بریندابوونی پێنج سەربازی سوپای عێراقی لێکەوتەوە.

-تەرمی ژنێک بەهەڵواسراوی لەماڵەکەی خۆی لەگەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی دۆزرایەوە.

-هەورەبروسکە دای لە هاوڵاتیەک لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی سەیدسادق و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.

-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە هاوڵاتییەک کرا و لە قەزای حەویجەش تەقینەوەی بۆمبێکەوە چوار کەسی بریندار کرد.

-دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە غیابی حکومی شەش ساڵ زیندانی کردنی بۆ دانای ئەحمەد مەجید، پارێزگاری پێشووی سلێمانی دەرکرد، بە هۆی بەهەدەردانی پارەی وشکەساڵی و بەکارهێنانی پۆستەکەی بۆ کاری تایبەت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4745

**14-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140314131750504463

-لە گوندێکی سەر بە ناحییەی تازە چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵدەکوتنە سەر ماڵی هاوڵاتییەک و دەیکوژن دواتر برایەکی و میوانێکیان بەرەو شوێنێکی نادیار دەرفێنن و دوای ماوەیەک ئەوانیش تەرمەکانیان بە کوژراوی دۆزرایەوە. هەروەها چەکدارەکان جل و بەرگی سەربازیان پۆشیوە.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4746

**15-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140315221856525543



-خاوەنی ئەو عەرەبانانەی پێشتر لە سەهۆڵەکەی شاری سلێمانی بە شەوان کاسبییان دەکرد و لەلایەن ئاسایش و پۆلیسەوە شوێنەکەیان پێ چۆڵکرا، لە سەرشەقامی سالم لە سەهۆڵەکە دەستیانکرد بە ناڕەزایەتی دەربڕین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4747

**16-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140316211052930660

-لەزانکۆی تکریت، لەکاتی یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و بەهۆی نووسینێک لەسەر "بەعس" شەڕ لە نێوان ژمارەیەک خوێندکاری کورد و عەرەب دروست دەبێت.

-دوای ئەوەی لە شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)ی ناوشاری سلێمانی ژمارەیەک لە لفەفرۆشەکانی ئەو شەقامە خۆپیشاندانێکیان سازکرد بۆ داواکاری شوێنی کارکردن، پۆلیسی سلێمانی نزیکەی 20 کەسی لێدەستگیرکردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4748
**17-03-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140317212618535 70



-بارزانی لە سەلاحەدین پێشوازی لە خانەوادە و کەسوکاری ڕۆژنامەنووسی کاوە گەرمیانی کرد.
-بەهۆی دانانی بازگەی سەربازی کاتییەوە، گرژی و ئاڵۆزی لەسنووری قەرەتەپە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عیراق دروست دەبێت، دواتر لە رێگەی بەرپرسی کۆمیتەی ناحییەکەوە، رێککەوتن لەنێوان هەردوولادا دروست دەبێت و لەمەودوا هەر بازگەیەک دابنرێت، دەبێت هاوبەش بێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4749
**18-03-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140318111856282 45

-دووجار بومەلەرزە لە دەڤەری جۆڵەمێرگی باکووری کوردستانی دا و هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە.
-بەهۆی کێشەیەکی خێزانیەوە لەگەڕەکی پیشەسازیی پارێزگای دهۆک، ژنێکی تەمەن 28 ساڵ لە ماڵەکەی خۆیدا بە بەر چاوی منداڵەکەی خۆی سوتاند.
-بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر لە قەزای زاخۆ هاوڵاتیەکی رۆژئاوا بەناوی (ع. ر. ع) کە تەمەنی 27 ساڵە و دیواری خانوەکەی دەڕوخێت، دەکەوێت بەسەریدا، بەو هۆییەوە گیان لە دەست دەدات."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4750

**19-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140319122420559977

-بوومەلەرزەیەک بە گوری 3.3 لە سلێمانیدا.
-سەدان پێشمەرگەی لیوای 10ی هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دەدەنو ڕێگای سەرەکی کەرکوک- هەولێر دادەخەن بەهۆی دواخستنی دابەشکردنی موچەکانیان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4751

**20-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140320210922566666




-ڕۆژنامەنوس سروە عەبدولواحید لە کەناڵی ئێن ئارتی لەبەردەم قاوەخانەی مەچکۆ لە شاری هەولێر هێلکەباران کرا، دوای ئەوەی بەمەبەستی پشودان و دانیشتن لەگەڵ چەند کەسێکی تر ڕووی لەو قاوەخانەیە کردبوو.
-لەناو شارۆچکەی دوزخورماتوو ئۆتۆمبیلێکی بۆمپرێژکراو تەقێنرایەوە و بەو هۆیەشەوە 13 کەس بریندار بوون.
-بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە ئەمشەو تەقەیەکی زۆری خۆشی لە شاری کەرکوک کرا و 4 کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4752

**21-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140321193440567466



-نزیکەی 2 ملیۆن کەس لە گۆرەپانی نەورۆزی ئامەد، جەژنی نەورۆزیان بە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەوە پیرۆز کرد.
-عەبدوڵڵا ئوجەلان پەیامێکی بەبۆنەی نەورۆزەوە نارد.
-لەرێگەی خۆکوژێکەوە، ئۆتۆمبیلێک لەسەر پردی جەلەولا_ کەلار تەقێیەوەو بەو هۆیەوە بەشێکی زۆر لە پردەکە داڕما و چوار کەس کوژران.
-بەهۆی تەقاندنەوەی پردی سەرحە کە دەکەوێتە خوارووی شارۆچکەی سلێمان بەگ سەر بە قەزای دوزخورماتوو، ڕێگای سەرەکی کەرکوک_ بەغدا داخرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4753

**22-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140322114351569060



-لە ناحیەی سەنگەسەری سنوری قەزای پشدەر، بە نارنجۆک پەلاماری بارەگای پارتی دەدرێت.
-لە شەقامی شەست مەتری شاری سلێمانی، پێشمەرگەیەکی لیوای نۆی پیادا بەهۆکارێکی نادیار کوژرا.
-کەسێک بە ناوی د. محەمەد بدێوی ئەلشەممەری مامۆستای کۆلیژی راگەیاندنی زانکۆی موستەنسریە کە هاوکات بەڕێوەبەری نووسینگەی بەغدا رادیۆی "عیراق ئەلحور"ە، لەلایەن کەسێکەوە کە سەر بە هێزی پاسەوانانی سەرۆکایەتی کۆمارە و کوردە، کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4754

**23-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140323200714574470




-بەرگری ئاسمانی تورکیا توانییان فڕۆکەیەکی جەنگی سوریی بخەنە خوارەوە کە بەشداربوو لە شەڕکردن دژ بە سوپای ئازاد.
-بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانی جەستەکەیەوە ئەمڕۆ کچێکی تەمەن 24 ساڵانی دانیشتوی سنوری قەزای چۆمان لەنەخۆشخانەی فریاکەتنی شاری سۆران گیانی لەدەستدا.
-وەک پشتگیریەک بۆ ئەحمەد ئیبراهیم مستەفا ئەفسەری لیوای دووی پاراستنی سەرۆکایەتی کۆمار و ئیدانەکردنی وتەکانی مالکی گردبونەوەیەک لە پارکی شاندەر لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.
-لە نێوان مەسیحیەکان و شەبەکەکانی ناحیەی (بارتلە) شەڕ دروست دەبێت و چەند کوژرا و برینداریکی لێدەکەوێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4755

**24-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140324132626605644



-دژی لێدوانەکەی مالیکی کە لە شوێنی کوشتنی رۆژنامەنووسە عیراقییەکە رایگەیاند، خوێن بە خوێن چارەسەر دەکات، ژمارەیەک پێشمەرگەی لیوا جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە نزیک باخی گشتی سلێمانی خۆپیشاندان دەستپێکرد.
-بە بڕیاری مستەفا جاهیت، والی شاری ئامەد، هادی ئاگرباش بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی ئامەد لەکارەکەی دوورخرایەوە.
-لە چەند گەڕەکێکی شاری بەغدا خێزانە کوردەکان هەڕەشەیان پێگەیشتووە، بەوەی شارەکە بە جێبهێڵین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4756

**25-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140325075812637333



-بەهۆی شۆرتی کارەباوە، ئاگر لە خوێندنگایەکی شارۆچکەی باوەنوور بەردەبێت، بەڵام تەنها زیانی ماددی بەدواوە بوو، لەلایەن تیمەکانی بەرگرییەوە ئاگرەکە کۆنترۆڵ کرا.
-دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری پێشووی سلێمانی لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە و چووە بەردەم دادگا و بە کەفالەتی 25 ملیۆن دینار ئازاد کرا.
-لە مەراسیمێکدا لە کوردستانی باکور، سەدان کەسی عەشیرەتێک پەیوەندیان بە پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە)ەوە کرد.
-لە کوردستانی رۆژئاوا دەست بەسەر 16 کیلۆ هیرۆیندا گیرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4757

**26-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140327093501930799

-لەئەنجامی هێرشی چەکداران بۆ سەر سێ بنکەی هەڵبژاردن لە شاری موسڵ 19 کەس بوونە قوربانی، هاوکات لەدوو رووداوی تردا کەسێک گیانی لەدەستدا و دووی تریش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4758

**27-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140327130720653337



-رۆژنامەنووسانی کورد، کە لە چوارچێوەی دۆسیەی راگەیاندنی کەجەکە لە 20ی کانوونی یەکەمی 2011 تا ئێستا زیندانی کرابوون، ئازاد کران.
-لە گەرەکی کوردساتی شاری سلێمانی لەمەراسیمکدا بەئامادەبوونی چەندین بەرپرسی و هونەرمەند و رۆشنبیرانی شاری سلێمانی، باخی هونەرمەندی کۆچکردوو "حەمە جەزا" کرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4759

**28-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140328141551657 10



-پاسێکی خوێندکارانی زانکۆ لەسەر رێگای سلێمانی- چەمی رێزان کە بەمەبەستی ئەنجامدانی سەیران روویان کردووەتە ئەو شوێنە، تووشی رووداوی هاتوچۆ دەبێت و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان خوێندکارێک گیانی لەدەست داوە و ژمارەیەک خوێندکاریش برینداربوون.
-لە رووداوێکی هاتوچۆدا لەسەر رێگای سلێمانی – کەرکوک چوار ئەندامی یەک خێزان گیانیان لەدەست دا و یەکێکی تریش بریندابوو.
-نزیکەی 12 رووداوی هاتوچۆ لەپارێزگای سلێمانی و دەوروبەریی روویاندا و بەهۆیەوە شەش کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 40 کەسی دیکەش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4760

**29-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140329211246668 65



-وەک پاڵپشتیەک بۆ ناوچە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، گەنجانی ڕۆژئاواو باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلێمانی لە ڕێگەی ڕێپێوانێکی هێمانەوە پشتیوانی خۆیان بۆ پاراستنی ناوچە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان رادەگەیەنن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4761

**30-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140330095816669555



-لەکاتێکدا ئەمڕۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا بەڕێوەدەچێت، شەپۆلێکی با و بەفر بارین شاری ئامەد دەگرێتەوە و بەفر شارەکە سپی دەکات.
-بەهۆی وەرگەڕانی تانکەرێکی گواستەنەوەی سوتەمەنییەوە کە 30 هەزار لیتر ڕۆنی رەشی بارکردبوو، لە ناو تونێلی دەربەندیخان رێگەی نێوان سلێمانی دەبەندیخان بۆ ماوەی نۆ سەعات داخرا و سەعات 12ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ ریگاکە کرایەوە.
-بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک ئەمڕۆ لە ئۆپەراسیۆنێکدا توانیان سێ کەسی دەستگیر بکەن کە دەیان ویست یەک کیلۆ مادەی هۆشبەر لە هەولێرەوە بهێننە ناو شاری کەرکوکەوە.
-دوای سێ کاتژمێر لە کۆبوونەوە، سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێک بۆ دامەزراندنی حکومەت.
-لە نیوە شەوەی رابردووە وە باران و رەشەبایەکی بەهێز ناوچەی باڵەکایەتی گرتوەتەوە و دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆش تەرزە زەوی ئەو ناوچەیەی سپیکرد و زیانی زۆریشی بە شکۆفەی درەختەکان گەیاند.
-ژمارەی قوربانییانی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکەی ئەمڕۆی تورکیا تا دێت لە بەرزبوونەوەدایە و بەپێی دواین ئاماریش، تا ئێستا هەشت کوژراو و 18 بریندار هەیە.
-بەهمەن ئایدن کاندیدی پارتی سەعادەت (سەپە) بۆ هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی 30-ی ئازار ئەمڕۆ لە ناوچەی تیللۆ لە سیرتی باکوری کوردستان لەبەردەمماڵەکەی خۆیدا کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4762

**31-03-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140331215256679266
-حسک، 3 ئەندامی مەکتەبی سیاسی و 4 ئەندامی سەرکردایەتی تەجمید دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4763

**01-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140401225601100379

-ئەمین ئیرماک، هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی ئارتوکلوی مێردین لەکاتێکدا هەوڵی ئاشتکردنەوەی 2 بنەماڵەی دەدا لە گوندی گرهیرینی مێردین، تەقەی لێکرا و بریندار کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4764

**02-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140402102955685466

-تەقینەوەیەی خۆکوژیی لە خۆرئاوای شاری کەرکوک، بووەهۆی کوژران وبریندار بوونی 20 کەس.
-لەنێوان هێزێکی پێشمەرگەو فەوجێکی سوپای عێراقدا زیاتر لە 10خولەک بەچەکی سوک تەقەو شەڕ بەردەوام بوو، بەڵام هیچ قوربانیەکی لێنەکەوتەوە.
-لە سەر ڕێگای گشتی کەرکوک - تکریت بۆمبێک بە هێزێکی سوپای عیراقدا تەقییەوە و لە ئەنجامدا پێنج سەرباز گیانیان لە دەست دا و سێی دیکەش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4765

**03-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140403123052687155



-رووفاتی پێنج پێشمەرگە کە لە ساڵی 1963 لە گوندی شێخ مەنسوور لە ناوچەی خەلەکان لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی بەعسەوە شەهید کرابوون، دوای ئەوەی لایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە رووفاتەکانیان دەرهێنرایەوە، ئەمڕۆ لە مەراسیمێکدا پزیشکی دادی سلێمانییەوە بەرەو ناوچەی خۆیان بەرێدەکرێنەوە.
-کەناڵی کوردسات چەند وێنەیەکی نوێی تاڵەبانی بڵاوکردەوە.
-بەبۆنەی رۆژی لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە لە گوندی ئۆمارا لە ئورفا ئاهەنگێکی گەورە سازکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4766

**04-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040500062168820

-دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ هاوڵاتیەکی بەڕەگەز رۆمانی کە لەپرۆژەیەکی رێگاوبان کاردەکات بەهۆی تەقینەوەی گوللەتۆپێک بەسەختی بریندار بوو بەوهۆیەوە رەوانە رەوانەی ئمێرجنسی هەولێر کرا و باری تەندروستی ناجێگیرە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4767

**05-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040523492068840

-هێرشێکی خۆکوژی کرایەسەر بارەگایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوەڕاستی شاری نەینەوا و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی بارەگاکە کوژران.
-سامان مەحمود کاندیدی ژمارە 41ی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رایگەیاند کە "لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بەژیانی خۆمەوە، بڕیارمدا لە خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بکشێمەوە."
-لە ناحیەی دینارتەی سەر بە قەزای ئاکرێ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و هەڵواسینی پۆستەردا بانگەشەکارێکی بزوتنەوەی گۆران کارەبا لێی دەدات و گیانی لە دەستدەدات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4768

**08-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140408113841688880

-سەر لەبەیانی ئەمڕۆ، هۆشیار عەبدولا، بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی KNN و کاندیدی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵایەکی یاساییەوە لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە کەناڵەکە، لە بنکەی پۆلیسی سەرچنار دەستبەسەرکرا.
-لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان گردبونەوەیەکی ناڕەزایی لە بەرامبەر دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت و دەست بەکارنەبوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێوەچوو.
-ئۆتۆمبیلێک بە بازگەیەکی هاوبەشدا لە نێوان ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆیی دوزخورماتوو، لەسەر رێگای سەرەکی دوز_ بەغدا تەقێنرایەوەو بەوهۆیەوە دوو پۆلیس کوژران و 13 کەسیش برینداربوون کە ئاسایشیان تێدایە.
-لەئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراو لە شاری کەرکوک پێنج کەس بریندار دەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4769

**10-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140410103416669222



-لەسەر ئازادکردنی داناى ئەحمەد مەجید، پارێزگاری پێشووی سلێمانی و داخستنی دۆسییەکەی و ئازاد نەکردنی ئەو ژنانەی لەسەر ئەو دۆسیەیە گیراون، رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی و چەند کاندیدێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان لەبەردەم تەلاری دادگای سلێمانی گردبوونەوە و ناڕەزایی دەردەبڕن.
-تەرمی سێ ئەندامی یەک خێزان و کەسێکی دیکە لە چیایەکی سەر بە قەزای شەنگال دۆزرانەوە.
-دوو زەمین لەرزە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری هەژاند، هیچ زیانێکی بەدوواوە نەهات.
-لەسەر داواکاری خۆیان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بڕیاریدا چەمچەماڵ لە سەر ئیدارەی گەرمیانەوە بخاتە سەر پارێزگای سلێمانی.
-دوو منداڵی کورد کەبەزگماکی جەستەیان پێکەوە لکابوو بۆ مەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بۆیان رەوانەی عەرەبستانی سعودیە کرابوون ئەمڕۆ نەشتەرگەریی جیاکردنەوەی جەستەیان بە سەرکەوتویی بۆ ئەنجامدرا. ئەو دوو منداڵە کە ناویان (کریست و کریستیان)ە لەدایک وباوکێکی کوردن، لەلایەن تیمێکی پزیشکیی کە لە 23 پسپۆڕی جیاواز

پێکهاتبوون پرۆسەی جیاکردنەوەی جەستەیان بۆ ئەنجامدرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4770

**11-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140411131743698 57

-لە دوو رووداوی جیاوازدا لە پارێزگای نەینەوا تەقە لە دوو پیاوی ئایینی و ئەفسەرێکی سوپای عێراقی کراو سەرجەمیان گیانیان لەدەستدا.
-لە سەیرانگای شێخ توراب-ی سەربە ناحیەی هەریر لە دەرەوەی پارێزگای هەولێر و لەکاتی مەلەکردن لە ئاوی سەیرانگاکەدا سێ گەنج خنکان.
-بوومەلەرزەیەکی تر سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری هەژاند.
-لە هێرشێکی چەکداریدا هاوسەرۆکی شارەوانی قۆسەری سەر بە مێردین (ئیسماعیل ئاس) کە لە هەڵبژاردنی 30ی ئاداری 2014 لەسەر لیستی پارتی ئاشتی و دیموکراسی "بەدەپە" سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، بریندارکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4771

**13-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140413144116742 18



-ئاگرێکی گەورە لە کارگەی شیرینی حەمدانی و بینای لقێکی کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم لەنزیک پردی خەسرەوخاڵ لە سلێمانی کەوتەوە. جگە لەزیانی ماددی، ئاگرەکە هیچ زیانێکی گیانیی بەدواوە نەبووە.
-لەگردبونەوەیەکدا کە ئەمڕۆ، لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، داوای دادگایکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفالکرا کرا کە ماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە بڕیاری دەستگیرکردنیان دراوە بەڵام تا ئێستا نەچوونەتە بەردەم دادگا.
-خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی دوبز لە دژی کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی قەزاکەیان بەردەوامە و لەنوێترین پێشهاتیشدا، هەردو بەرپرسی پۆلیس و دژە تیرۆری ئەو قەزایە دەستیان لەکارکێشایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4772
**14-04-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014041409581175823

-کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە چەمچەماڵ ڕێگرییان کرد لەوەی بەرپرسی لقی پارتی لە گەرمیان بەشداری لە پیشانگایەکی تایبەت بە ئەنفالکراوەکان بکات.
-نزیکەی 80 خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی بایۆلۆجی زانکۆی ڕاپەڕین لە قەزای ڕانیە خۆپیشاندان دەکەن و ماوەی سێ ڕۆژیشە نەچوونەتە هۆڵەکانی خوێندن. هۆکاری خۆپیشاندانەکە بەهۆی نەبوونی شوێنی خوێندنی شایستەوەیە بۆ بەشەکەیان.
-شێخ محێدین مزووری جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە هاوکات بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو مەڵبەندەیە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند کە چووەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.
-لە سنووری چۆمان، یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای هەڵگوردی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی پیرۆت نەبی، بە ئاراستەی پێچەوانە، لە ناو پارتییەوە سەنگەری گواستووەتەوە بۆ ناو یەکێتی و تەنانەتماڵیشی لە شارەدێی قەسرێ وە گواستووەتەوە بۆ ڕانیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4773
**15-04-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014041521463875839




-لە دژی هەڵکەندنی خەندەق لەسەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان PDK ـAKP بەدەیان هەزار کەس لە عەفرین ڕژانە سەرشەقامەکان و هەلوێستی هاوبەشی PDK و AKP یان لەدژی گەلی کورد شەرمەزارکرد.
-لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێک ئەنجامدرا دژی هەڵکەندنی خەندەقی سەر سنوری نێوان باشوور و ڕۆئاوای کوردستان .
-هاوڵاتییەکی ڕۆژئاوای کوردستان بە ناوی "مەولود حاجی یونس" لە کاتی تێپەربوونی بۆ باشووری کوردستان لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێراق (PDK) وە کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4774
**16-04-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014041613415475846

-لە ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە پارێزگای دیالە، حەوت تەقینەوە بە دوای یەکدا ڕوویاندا، کە بەهۆی ئەو تەقینانەوە یەکهاوڵاتی بریندار بووەو سێ خانووش ڕووخێنران.

-بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 4:14 خولەک، بوومەلەرزەیەکی بەهێز سلێمانی هەژاند و سەرچاوەیەکی کەشناسی سلێمانیش رایدەگەیەنێت، بوومەلەرزەکە بە گوری 4.2 پلەبووە.
-شێخ مەحمود سورچی، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی کە هاوکات نوێنەری تاڵەبانیە لە و پارێزگایە ئەمڕۆ، رایگەیاند، لەگەڵ عارف روشدی ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی یەکێتی وازی لەیەکێتی هێناوە و چووە ناو ریزەکانی پارتی-یەوە و دوێنێش لەلقی پارتی لەئاکرێ پێشوازی لێکراوە.
-کرێکارێک لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای کەلار لە کاتی کارکردندا دیوار بە سەرییدا دەڕوخێت و گیان لە دەستدەدات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4775

**17-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140417174275866

-سێ پۆلیسی خەڵکی خورماتوو لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی کارەکەیان لەلایەن گروپێک چەکدارەوە دەکوژرێن.
-لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، هاوڵاتییەک خوشکەزایەکی خۆی کوشت کە کچێکی تەمەن 15 ساڵانە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4776

**18-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140418141939758888

-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک چوار بۆمبی لە دوای یەک تەقینەوە و بە هۆیانەوە (3) پۆلیس بریندار بوون، پۆلیسیش رایدەگەیەنێت بۆمبەکە لە ناو خانوویەکی هەیکەلدا تەقیوەتەوە.
-دوو بۆمبی چێنراو پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەپشت بەنزینخانەی دەروازە لەشارۆچکەی خورماتوو تەقینەوە و بەوهۆیەوە 13 کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4777

**19-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140419114649758955



-کارمەندێکی فەرمانگەی کارەبای ناحیەی رزگاری سەربە شاری کەلار لەکاتی بەجێگەیاندنی کارەکەی، کارەبا گرتی و گیانی لەدەستدا.
-لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆمەڵێک گەنجی کورد دژی لێدانی خەندەق لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەستیان بەسەر نووسینگەی هەرێمی کوردستان لە شاری پاریسدا گرت.
-رووداوی تەقەکردن لەلای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەل و مەرجێکی تەمومژاوی روویدا، بەبێ ئەوەی هیچ بریندارێکی لێ بکەوێتەوە، بەڵام بەهۆی پاڵەپەستۆو بڵاوەپێکردنی قەرەباڵەغی لەبەردەم بارەگاکە دوو کەس دەست و قاچیان بریندار بوو پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانەکران و لەدوای چارەسەرکردن نەخۆشخانەیان بەجێ هێشت.
-لە کەمپی گەویلان سەر بە قەزای بەردەرەش بە هۆی بتڵی غازەوە پێنج چادر دەسوتێت و بەهۆی ئەو ئاگرەشەوە خێزانێک سوتان.
-بەهۆی تەقینەوەی بتڵە غازێک لەنهۆمی یەکەمی لەماڵێک لەنزیک مزگەوتی شێخ سەعیدی پیران لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود کەسێک گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4778

**20-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140420135121759O5



-لەزانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی قەرەداغ، لەدیبەیتێکدا کە بۆ چەند سەرۆک لیستێک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رێکخرابوو، دکتۆر ئاسۆ فەرەیدون سەرۆکی لیستی 77ی یەکێتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، چەند بەڵگەیەکی خستەڕوو کە هەڤاڵ ئەبوبەکری سەرۆکی لیستی گۆران بۆ پارێزگای سلێمانی لەساڵانی نەوەدەکاندا شیعر و نووسینی بۆ رژێمی بەعس نووسیوە.
-لە گەڕەکی شارەوانی دوو لە کەلار، بەهۆی کۆبوونەوەی غازەوە لە ماڵێکدا ئاگر دەکەوێتەوەو بەو هۆیەوە دایکێک و منداڵێک و کچێک دەسووتێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4779

**21-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042116023369377



-تەرمی کەنان سالیک، فەرمانداری سەربازگەی کەنتار لە شارۆچکەی نوسەیبینی سەر بە ماردین دۆزرایەوە.
-عوسمان بانیمارانی هەڵسوراوی دیاری پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان دوای دەستلەکارکێشانەوەی لەو بزووتنەوەیە، بە فەرمی گەڕانەوەی بۆناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان راگەیاند و لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا هۆکارەکانی خستەڕوو.
-لە ناحیەی بەعشیقەی رۆژهەڵاتی پارێزگای نەینەوا قەوال سلێمان، گەورە پیاوی ئایینی ئێزیدی لە تەمەنی 88 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4780

**22-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042214444675919

-زیندانیانی دوو هۆڵ لەگرتن و گواستنەوەی گەرمیان مان دەگرن لەخواردن و رێگەش نادرێت بەرۆژنامەنووسان بچنە ناو هۆڵەکە بۆ رووماڵکردنی کێشەکانیان.
-شەوی رابردوو چەند چەکدارێکی نەناسراو هێرش دەکەنە سەر گوندێکی سەر بە قەزای داقوق و 10 هاوڵاتی دەکوژن و دواتر بەرەو شوێنێکی ناردیار هەڵدێن.
-لەماوەی دوو رۆژدا دوو خوێندکار کە تەمەنیان لە نێوان 16 و 17 ساڵدایە لە گەڕەکی ئازادی و گەڕەکی کەڵەکنی شاری سلێمانی لە ماڵەکانی خۆیان، خۆیان خنکاندوە، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانیش رایدەگەیەنێت، خوێندکارێکیان هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بەهۆی دەرنەچوونیەوە بووە.
-لەلایەن ئۆتۆمبێلێکەوە تەقە لە کۆمیتەی یەکێتی لە شەقڵاوە کرا، بەڵام هیچ زیانێکی بەدواوە نەبوو.
-لە قوتابخانەی بنەڕەتی عەلی بۆسکانی، بەبەشداری بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی و چەندین کەسایەتی شاری سلێمانی وچەند هاورێیەکی عەلی بۆسکانی بەچەندین چالاکی جۆراو جۆر لەلایەن خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیەوە یادی 21 ساڵەی کۆچی دوای ئەو پیاوە ناودارە کرایەوە.
-شێخ جەنگی ساڵەیی، ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان پەیوەندیی بە ریزەکانی یەکێتییەوە کردووە.
-بەرپرسی مەکۆی گۆڕان و ژمارەیەک لە هەڵسوراوی ئەو مەکۆیە لەسنوری رواندز، ئەمڕۆ ئاڵای گۆڕانیان لەسەر بارەگاکەیان لاداو چوونە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4781

**23-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042312264575938

-لەیەکێک لە کێلگەکانی مین لە دەڤەری باڵەکایەتی، بەیانی ئەمرۆ، مین بە هاوڵاتیەکی سنوری قەزای ئاکرێدا تەقیەوە کە بەمەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیای بەهار رووی لەو ناوچەیە کردبوو.

-لە هێرشێکی تیرۆرستی بۆسەر گوندێکی کوردی شەبەک لە پارێزگای نەینەوا 35 کەس بوونە قوربانی و ژمارەیەک دووکانی هاوڵاتیان لە شوێنەکە رووخاون.
-بەهۆی هێرشێکی چەکداریی بۆ سەر پۆلیسی قەزای خورماتوو، بەوهۆیەوە شەش پۆلیس بریندار بوون. کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان (شێخ سالم یوسف کیکی) کە لە ناو برینداره‌کاندابوو، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.
-دژی پێشێلکاریی مافی منداڵان و دەستدرێژی بۆ سەر منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا، ئەمڕۆ، لە ئامەد خۆپیشاندانێک سازکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4782

**24-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140424135209759633

-ئۆتۆمبێلیکی بۆمبڕێژکراو لەبەردەم نەخۆشخانەی ئازادی لەشاری کەرکوک تەقیەوەو بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان کوژراوێک و 12 بریندار هەن، چەند خولەکێکیش دوای تەقینەوەی یەکەم، ئۆتۆمبێلێکی دیکە تەقیەوەو خۆشبەختانە زیانی گیانیی بەدواوە نەبوو.
-لە خۆرئاوای کوردستان و لە شاری سەرێکانی دووتەقینەوە لە ڕێگەی ئۆتۆمبیلی مینرێژکراو و بۆمبی چێنراوەوە ئەنجامدراون و ژمارەیەک قوربانی لێکەوتۆتەوە.
-عەلی قادر، سەرۆکی پێشووی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4783

**25-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140425113040759669

-لە گەڕەکێکی قەزای خەباتی سەربە پارێزگای هەولێر لەسەر مەسەلەی زەوی و دروستکردنی خانوو شەڕەتەقە لە نێوان هێزەکانی زێرەڤانی و چەکدارانی سەر بە عەشیرەتێک دروست دەبێت.
-بە هۆی تەقینەوەی سێ بۆمبێکی چێنراوەوە لە نزیک گوندێکی سەر بە ناحییەی مەلا عەبدوڵا و گوندێکی سەر بە قەزای دووبز دوو هاوڵاتی گیانیان لە دەستدا و دووی دیکەش بریندار بوون.
-لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە گوندێکی سەر بە ناحییەی زاب پەلاماری ماڵی دادوەری دادگای تاوانەکانی کەرکوک درا بەو هۆیەوە ناوبراو بریندار بوو. سەرچاوەیەکیش لە پۆلیس رایدەگەیەنێت لە لایەن پاسەوانەکانییەوە وەڵام دراونەتەوەوەو شەر دروست بووەو بە هۆیەوە ئۆتۆمبێلی چەکدارەکان سوتاوە.
-چەکدارانی داعش ماڵی برای بەرپرسی کۆمیتەی سەعدییەی یەکێتی دەتەقێننەوە و دواتریش چەند بۆمبێک لەسەر ڕێگای ماڵەکە دادەنێن، بەڵام بۆمبەکان پووچەڵ دەکرێنەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4784

**26-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140426144434475987

-لە لایەن چەکدارانی نەناسراوەوە لە دوو گەڕەکی شاری کەرکوک دەستڕێژی گوللە لە دوو بنکەی هەڵبزار دن کراو بە هۆیەوە سێ کەس بریندار بوون .
-لە شاری ئیستانبولی تورکیا 33 سیاسەتمەداری کورد کە بەهۆی دۆسیەی کەجەکە دەستگیرکرابوون ئازاد کران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4785

**27-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140427112230100469



-بەمەبەستی دیاریی کردنی چارەنووسیان، ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە کەسوکاری بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ،گردبونەیەکیان لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر ئەنجامدا و بەیاننامەیەکیان خستەڕوو.
-لە ئەنجامی هێرشی چەکداران بۆسەر دوو بنکەی هەڵبژاردن لە شاری موسڵ پێنج کەس برینداربوون
-لە سێ گەڕەکی شاری کەرکوک لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە تەقە لە سێ بکەی دەنگدان کرا و بە هۆیەوە منداڵێک کوژراو دوو سەربازی سوپای عیراق بریندار بوون.
-لە گەڕەکێکی ناحییەی ریاز لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دوو پۆلیس و سەربازێک دەڕفێنرێن و دوای ماوەیەک بە کوژراوی تەرمەکانیان دۆزرایەوە، سەرچاوەیەکی پۆلیسیش رایدەگەیەنێت، چەکدارەکان جل و بەرگی سەربازییان پۆشیوە.
-شەوی رابردوو گۆڕی "نیک هۆمەر" لە گوندی باوزێی سنووری قەزای پشدەر، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هەڵدراوەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4786

**28-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140428113256759997



-کەناڵی ئاسمانی کوردسات ڤیدیۆی دەنگدانی مام جەلال، سەرۆک کۆماری عیراقی بڵاو کردەوە، لەشاری بەرلین بەشداری لەپرۆسەی دەنگدانی تایبەت دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان. بەم بۆنەیەوە لە سلێمانی و کەرکوک، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەقە دەکەن، هەروەها رژاونەتە سەر شەقامەکان و ئاهەنگ دەگێرن.

-لەکاتی بەرێوەچونی دەربرینی ئاهەنگی خۆشی بەبۆنەی بڵاو بوونەوەی گرتەی سەرۆک تاڵەبانی چەندین کەس لە لایەنگرانی یەکێتی لەبەردەم مەڵبەند ئاهەنگیان گێراوە لەو کاتەدا تەقینەوەیەکی خۆکوژی روویدا و 30 کەس گیانیان لەدەستداوە و 57 کەسی دیکەش بریندارن.

-بەهۆی تەقەی "خۆشی" پاش بڵاوکردنەوەی تۆمارێکی ڤیدیۆیی جەلال تاڵەبانی، هەشت کەس لەسلێمانی و دەوروبەری بریندداربون.

-لە بنکەیەکی دەنگدان لە بازیان شەڕ دروست و دەبێت تەقە دەکرێت.

-بنکەی دەنگدانی خسنا لە کەرکوک کرایە ئامانجی هێرشی چەکدارانی نەناسراو و بە پێی زانیارییەکان کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.

-تەقینەوەیەک لەبنکەیەکی دەنگدان لەقەزای دوزخورماتو رویداوەو بەهۆیەوە دوو کەس کوژران و نۆ کەس بریندار بون.

-ئێوارەی ئەمڕۆ بە مەبەستی بەشداریکردن لە پروسەی دەنگدان لە ناحیەی باشیک بە هۆی هەورە بروسکەوە دوو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گیانی لە دەستدەدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4787

**29-04-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140429155925760111



-یەکەم دانیشتنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم فراکسیۆنەکان دەستپێکرد.

-لەرۆژی جیهانی یادکردنەوەی قوربانیانی چەکی کیمیاییدا لەبارەگای رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی ناسراو بە (OPCW) لەشاری لاهای هۆڵندا بەڕەسمی پەردە لەسەر پەیکەری عومەری خاوەر لابرا کە لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان دروستکراوە.

-هێزی پێشمەرگە دەچێتە ناو شارۆچکەی سەعدییە و جەلەولا و دەگاتە گوندەکانی ناوچەی تبج و بەمەبەستی پاراستنی ناوچەکە لە کاتی هەڵبژاردندا، چەندین خاڵی سەربازی دادەنێن، بەرپرسێکی یەکێتیش، ئاشکرایدەکات، بڕیارە ئەمشەو هێزی زیاتر رەوانەی سەعدییە و جەلەولا بکرێن و لە ئێستاشدا خاڵی سەربازییان لە ناو هەردوو شارۆچکەکەدا داناوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4788
**30-04-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140430115457776020



-پرۆسەی دەنگدان لە سەرتاسەری عیراق بەڕێوە چوو، سەرەڕای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لە هەرێمی کوردستانیش هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەڕێوەچوو.
-بەهۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و پشێوی و تەقەوە، پرۆسەی دەنگدان لە بنکەیەکی ناحیەی عەربەت بۆ ماوەیەک راگیرا.
-لە ناحیەی حاجیاوای سەربە قەزای رانیە لە یەکێک لە ناوەندەکانی دەنگدان بەناوی خوێندنگەی (سەردەم)، بەهۆی تەقەکردن و شەڕ و ئاژاوە کەسێک بریندار دەکرێت.
-لە میانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگای نەینەوا، لە دوو رووداودا کەسێک کوژرا و دوو کەسی دیکە بریندابوون.
-لە شاری کەلار، لە ناوەندی قوتابخانەی شەهید بورهانی حەمەی مینا لە گەڕەکی کەلاری کۆن بەهۆی کێشەیەکەوە لە نێوان کارمەندانی کۆمسیۆن و کارمەندانی پۆلیس، بۆ ماوەی زیاتر لە 10 دەقیقە بنکەکە داخرا.
-لەناو شاری کەرکوکدا پرۆسەی دەنگدان لە دۆخێکی ئەمنی توندوتۆڵدا بەڕێوە دەچێت و لە دەرەوەی شاری کەرکوکیش زیاتر لە 20 بۆمب تەقینەوە و بەهۆیەوە سێ کەس گیانی لە دەستداوە و ژمارەیەکی دیکەش برینداربوون.
-لە بنکەیەکی دەنگدانی ناحیەی خەلەکان، شەڕو دەمەقاڵە لە نێوان پۆلیسی پاسەوانی بنکەیەکی دەنگدان و چەند لایەنێکی سیاسی دروستبوو.
-لە نێوان لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەردەم ئامادەیی فیدرالی کچان لەناوەندی قەزای چۆمان شەڕ دروست دەبێت.
-هەریەک لەپارتی و یەکێتی بازگەکانی هەولێر و کۆیە بەروی یەکدا دادەخەن و رێگە بەهاوڵاتیانی ئە و ناوچانە نادەن بەمەبەستی دەنگدان بپەڕنەوە.
-بەهۆی ئاشکرابوونی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، لە قەزای رانیەی سەر بە شاری سلێمانی تەقەیەکی زۆر دەکرێت و قایمقامی قەزاکەش داواکارە تەقە نەکرێت.
-لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی دیاریکراودا 22 تەقینەوەی یەک لە دوای یەک لە شارۆچکەی دووزخورماتوودا روویان دا و بەڕێوەبەری ئاسایشی شارۆچکەکەش رای دەگەیەنێت، دوای دەستگیرکردنی پاسەوانەکانی وەزیرێکی عێراقی تەقینەوەکان کۆتاییان هات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4789

**00-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014053010490576528

-کۆتایی ئەم مانگە: دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە کەرکوک دۆزرانەوە، لەکاتی هەڵکەندنی زەوی بۆ پرۆژە، بەو هۆیەشەوە کارکردن لە پرۆژەکان راگیراوە تا تەواوی گۆڕەکان هەڵدەدرێنەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4790

**01-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050115243276031

-چەند چەکدارێکی نەناسراو هێرش دەکەنە سەر مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی لەشاری هەولێر و پاسەوانێکی مەڵبەندەکە دەکوژن.
-سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ لەکاتی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی راستەخۆی تەلەفزیۆنی رووداو کە تایبەت بوو بە شرۆڤەکردنی رووداوە سیاسییە گەرمەکان، میوانێکی بەرنامەکە بەناوی گەیلان عومەر، شرۆڤەکاری سیاسی، لەهۆش خۆی چوو.
-یەپەگە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە شەڕی ئەمڕۆی گەڕەکی کەلاسی شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان 5 سەربازی سوریا کوژراون و 3ی دیکەش برینداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا 27 سەرباز کە 3 لەوان فەرماندارن بەدیل گیراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4791

**03-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050310524968117



-لە گوندی رۆشناکی سەر بە شاری دەرسیمی باکووری کوردستان دوو گۆری بەکۆمەڵ دۆزرانەوە کە لەناویاندا پاشماوەی تەرمی 200 ژن و منداڵ و پیاو هەیە.
-دوای کەوتنەوەی ئاگر لە ناوەندی شادی بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەت، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە شوێنی رووداوەکە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، ئەگەر بزانن ئەو ئاگرە بە ئەنقەست کراوەتەوە ئەنجامدەرانی سزا دەدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4792

**04-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050410194176065

-لەسەر سکاڵای پارێزەرانی شەش هەڵسوراوە رفێندراوەکەی گۆران، دادوەری لێکۆڵینەوەی سلێمانی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ هەریەکە لە وەستا حەسەن، بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی و لاهور شێخ جەنگی، بەرپرسی هێزی دژە تیرۆر و لیوا عومەر، بەرپرسی هێزی ئامادەی سلێمانی دەرکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4793

**05-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050514283776076

-تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەبەردەم چێشتخانەیەک لە قەزای دووزخورماتوو روویدا و بووەهۆی کوژرانی سێ کەس و برینداربوونی 14ی دیکە، کە سەرجەمیان سەربازی سوپای عیراقن.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایدەگەیێنن، لە چالاکییەکاندا توانیویانە بە دەیان چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام بکوژن و دەستیش بەسەر پرێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی بگرن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4794

**07-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050712560976095

-پەرلەمانی کوردستان پرسی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستە دەنگدانەوە، 59 دەنگ دەنگی دا بەدواخستنی و 21 دژی وەستایەوە.
-لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستاندا کە ئێستاش بەردەوامە، دەست لەکارکێشانەوەی د. ئەرسەلان بایز لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4795

**08-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050816523276186

-لەدوو ڕووداى جیاواز لە پارێزگای نەینەوا، پێنج کوردی ئێزیدی کوژران کە ئاسەواری ئەشکەنجەدان و گوللە بەسەری یەکێکیانەوە دیارە و چوارەکەی دیکەش دوای دەستگیرکردنیان کوژراون.
-لەسەر ڕێگای گشتی کەرکوک – بەغدا، لە نزیک قەزای خورماتوو، بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلێکی نەفەرهەڵگردا تەقییەوەو بەوهۆیەوە، حەوت کەس بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4796

**09-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050915363276224

-سەرچاوەیەک لە نووسینگەی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاشکرای کرد کە نووسراوێکی ئەنجومەنی کۆمسیارانیان بەدەست گەشتووە کە داوایکردووە 80 سندوقی دەنگدان لە کەرکوکەوە بگوازرێنەوە بۆ بەغدا.
-لە گوندێکی قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک دوو منداڵ کە لەگەڵ کەسوکاریان چوون بۆ سەیران، خنکان.
-بە ئۆتۆمبێلێک دەستڕێژی گوللە لە کۆمیتەی 16ی دارەتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4797

**10-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051009433176243

-لەشاری سلێمانی کرێکارێک لەکاتی کارکردن کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەستدا.
-کرێکارێک لەکاتی کارکردن لە پرۆژەی زانکۆی بانی مەقان لە چەمچەماڵ، گیانی لەدەستدا.
-دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا ژمارەیەک شۆفێری کورد و عەرەب و تورکمان دیار نەمان و تەرمی چوار دانەیان لە نێوان کەرکوک و چەمچەماڵ دۆزرانەوە، ئەمڕۆش تەرمی 11ی دیکەیان لە ناو باخی شەتڵگەی بازیان دۆزرانەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4798

**11-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051110351876247

-لەبەرامبەر دواکەوتنی مووچەکانیان، کارمەندان و فەرمانبەرانی تەندروستی سلێمانی مانگرتنیان دەستپێکرد.
-لە سنووری ناحیەی سیدەکان-ی دەڤەری سۆران بەهۆی تەقینی مین، شوانکارێک گیانی لەدەستدا و شوانکارێکی تریش بەسەختی بریندار بوو، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردووشدا ئەمە دووەمین رووداوی مینە لەسنوری پارێزگای هەولێر.
-پارێزگاری کەرکوک دەستگیرکردنی بکوژانی شۆفێری ئەو تاکسیانەی رێگای نێوان کەرکوک - سلێمانی راگەیاند، کە لەماوەی رابردوودا دیار نەمابوون و دواتر تەرمەکانیان دۆزرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4799

**12-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051211560676264

-لە چوار فەرمانگەی شاری سلێمانی خۆپیشاندان بەهۆی نەدانی موچەی مانگی 4 و 5 دەستی پێکرد.
-فەوجێکی پێشمەرگەی کوردستان لەپارێزگای دهۆک بەهۆی کەمی نان و ئاوەوە مانیانگرت.
-پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی سەندیکای پزیشکانی کوردستان لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆک دەستیپێکرد و لیستی سەوزیش بایکۆتی پرۆسەکەی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4800

**13-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051311521776281

-لەبەرامبەر دواکەوتنی موچەکانیان فەرمانبەرانی ژمارەیەک فەرمانگەی حکومی شاری سلێمانی ئەمڕۆ وەک ناڕەزاییەتیەک دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4801

**14-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051421495876313

-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان یەکێک لە بڕگەکانی کارنامەی دانیشتنەکەی پێشێلکرد کە ناونانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ پێکهێنانی حکومەت و دانیشتنەکەی هەڵگرت بۆ سبەینێ. بەهۆی ئەمەوە کۆمەڵێک پەڕلەمانتار مانگرتنیان راگەیاند.
-لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کاتژمێر 9 و نیو ئەو پەرلەمانتارانی مانگرتوو دژی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتاییان بە مانگرتنەکە هێنا.
-لەیەکێک لە کێڵگە مینیەکانی سنوری قەزای چۆمان مینێک بە شوانکارێکی دەڤەرەکەدا تەقیەوە و بەو هۆیەشەوە قاچێکی دەپەرێنێت وە هەروەها بەشێکی زۆری جەستەشی بەسەختی بریندار دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4802

**15-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051509104076319



-کەس و کاری بێ سەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ، بە پاڵپشتی کۆمەڵەی هێڤی، خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان سازکردو داوای هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵیان کرد کە گوایە زیاتر لە 80 ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانی تیادایە.
-سەرجەم کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی دژی دواکەوتنی مووچەکانیان مانگرتنیان راگەیاند و بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئەو فەرمانگەیەش پشتیوانی لە داواکارییەکەیان دەکات.
-قوتابییە دەرچووەکانی هەڵەبجە، کە دانەمەزراون، خۆپێشاندانێکیان دژی دانەمەزراندنیان ئەنجام دا و پەروەردەی شارەکەیان هێلکەباران کرد.
-لەکاتی گێرانی رێورەسمی شاییەک لەقەزای شنگال، 10 کەس لەئۆتۆمبێلێکی جۆری مۆنیکا وەرگەڕان و بەهۆیەوە 4 لەسەرنشینانی ئۆتۆمبێلەکەی گیانیان لەدەستدا و ئەوانی دیکەش بەسەختی بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4803

**16-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140516124702649 49

-ئەمڕۆ کاتژمێر 10:45 خولەک فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا بەنزمی بەسەر ناوچەکانی سەر بە قەزای ئامێدی سوراونەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4804

**18-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140518095215668 76

-کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەقەزای چەمچەماڵ خۆپیشاندانێکان بۆ بەردەم دادگای چەمچەماڵ ئەنجامدا و داوای دادگایکردنی جاش و مستەشارەکانیان دەکرد.
-سیاسەتەکانی ڕژێمی ئێران لە بەرامبەر لە سێدارەدانی هاوڵاتیانی کورد لە لایەن گەلی کورد لە باکوری کوردستان شەرمەزار کرا. بۆ ئەو مەبەستە هاوڵاتیانی شاری وان هەتا سەر سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپێشاندانیان بەڕێوە بردو بڕیاری مانگرتنیان بۆ ماوەی 3 ڕۆژ ڕاگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4805

**19-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140519141642763 63

-مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی، لەسەر دواکەوتنی موچەی مانگی نیسان دەستیاندایە مانگرتن و لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی کۆبوونەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4806

**20-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140520121418763773

-ژمارەیەک لە دەرچوانی زانکۆی گەرمیان بەهۆی دانەمەزراندنیان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان دەستیاندایە خۆپیشاندان و داوایانکرد لایەنە پەیوەندیدارەکان چیتر لەمافی دامەزراندن بێبەشیان نەکەن.
-پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ نێچیرڤان ئیدریس بارزانی وەک کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکی حکومەت و قوباد تاڵەبانی وەک کاندیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ جێگری سەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم ڕاسپارد.
-ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق پرۆژەیاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەردەمی بەعسی پەسەندکرد، بەپێی ئەو پرۆژەیەش زیاتر لە 400 هەزار دۆنم زەوی کە پێشتر موڵکی کورد و تورکمان بووە لە کەرکوک و زەوی کشتوکاڵین دەگرێتەوە و رادەستی خاوەنەکانیان دەکرێتەوە.
-لە قەزای شەنگالی سەر بە پارێزگای نەینەوا تەرمی سێ کوردی ئێزدی لەناو ماڵێکدا دەدۆزرێتەوە کە بە چەک کوژراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4807

**21-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052109264176398

-کرێکاران و فەرمانبەرانی شارەوانی بەکرەجۆ دەستیان دایە مانگرتن و ڕێگەی سەرەکیان داخست، یەکێک لە کرێکارەکانیش ئاماژە بە وە دەکات ماوەی 60 رۆژە مووچەیان وەرنەگرتووە.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک بە هۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی لە دوای یەک 12 بریندارى لێکەوتەوە، سەرچاوەیەکی ئەمنیش رایدەگەیەنێت، زۆربەی بریندارەکان لە هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی کەرکوکن.
-بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیان، فەرمانبەرانی بینای پارێزگای سلێمانی دەستیاندایە خۆپیشاندان و بایکۆتی کارکردنیان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4808

**22-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052210452168260



-بەیانی ئەمڕۆ، هونەرمەندی ناوداری کورد عەباسی کەمەندی لە تەمەنی 62 ساڵیدا لە شاری سنەی خۆر هەڵاتی کوردستان کۆچی دواییکرد.
-وەزیری وزەی تورکیا دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازارەکانی جیهان راگەیاندو ئاماژەشدەدات، دوو ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوت لەبەندەری جیهان عەمبارکراوە.
-سەرۆکی لیژنەی ئەمنی سلێمانی رایدەگەیەنێت، سەرجەم هێزە ئەمنییەکانی ئەمنییەکان لە شوێنە گشتیەکاندا بڵاوەیان پێکراوە و ئامانج لێی رێگری کردنە لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراو رووداوی تەقەکردن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4809

**23-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140523134519764 36

-سەرچاوەیەکی ئاسایش لە سلێمانی رایگەیاند: دەستیان بەسەر 10کیلۆ مادەی تێنیتی-دا گرتووە کە بۆ تەقاندنەوەی مزگەوتی حسەینیەی شاری سلێمانی هێنراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4810

**24-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140525112939764 84

-ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەبازاڕێکی گەڕەکی واستی لەنزیک فەرمانگەی کۆمپانیای خۆراکی شاری کەرکوک تەقیەوە، بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان 8 کوژراو و 20 بریندارى لێکەوتۆتەوە .
-کارمەندێکی لقی 14 پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو ئۆتۆمبێلێکی نەفەر هەڵگر لە جۆری کۆستەر لەپارێزگای نەینەوا کوژرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4811

**25-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140525200834764 86

-ئۆتۆمبێلێک لە چیای ئەزمەڕی باکوری شاری سلێمانی کەوتە خوارەوە و دوو کەس گیان

لەدەستدەدەن.
-بەهۆکارێکی نادیار ئاگر لەگوندی "کانی مرواری" سەربەقەزای شارەزوور دەکەوێتەوە و بەوهۆیەشەوە زیاتر لە چل دۆنم زەوی بە گەنم چێنراو سوتا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4812

**26-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140526171400765021

-لەسەر کێشەی زەوی لە گوندێکی سەر بە ناحیەی تەکیەی قەزای چەمچەماڵ، پیاوێک برازایەکی خۆی بە فیشەک دەکوژێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4813

**27-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140527115137765144



-کەسوکاری ئەنفال کراوانی سنوری شارەزوور گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی شارەزوور ئەنجامداو سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمەتباری کەیسی ئەنفال (بایزی حاجی عەزیز) تۆمارکرد.
-لە نزیک پەیکەری ئەحمەدی خانی، خۆپیشاندانی رێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکانی مەدەنی و رۆژنامەنووسان دژی کوشتنی کچە 15 ساڵانەکە دەستپێکرد.
-بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لە سەر کوشتنی ژنە تەمەن 15 ساڵەکەی دهۆک، لە گەڕەکی شۆرش لە سلێمانی سەرجەم کارمەندانی رێکخراوی سی دی ئۆ گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامداوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4814

**28-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140528100915765191

-لە شارۆچکەی دوزخورماتوو، پێنج بۆمبی چێنراو تەقێنرانەوەو لە ئەنجامدا چوار کەس گیانیان لە

دەستدا.
-بەیانی ئەمڕۆ سێ بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان و تورکیا روویدا.
-دوو بۆمبی چێنراو لەبەردەما ماڵێکی هاوڵاتییەکی کورد لە گەڕەکی سناعی قەزای دووزخورماتوو بەدوای یەکدا تەقینەوە و بەهۆیەوە ئەندامێکی ئەو ماڵە بەناوی (فەلاح سەلاح ئەحمەد) بریندار بوو.
-لە شاری هەولێر ژنێکی تەمەن 16 ساڵ لە گەڕەکی کوران، ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4815

**29-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014053010420376527



-چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام "داعش" لە گوندێکی سەر بە شاری سەرێکانی کۆمەڵکوژییەکیان ئەنجام دا و 15 کەسیان کوشت کە حەوتیان منداڵ بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 29-05-2014
-لەدوو رووداوی جیاوازدا لە پارێزگای نەینەوا ئەفسەرێک بە پلەی موقەدەم و چوار تورکمان کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4816

**30-05-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014053013270076533




-هێزەکانی جەندرمە هێرشیان کردە سەر ئەو خۆپێشاندەرانەی لە هەرێمی لیجە رێگای نێوان چەولیک و ئامەدیان داخستووە و ماوەی شەش رۆژە ناڕەزایی لەبەرامبەر درووستکردنی قەرەقۆڵ دەردەبڕن.
-لە کەمپی دۆمیزی پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستان لە شاری دهۆک، دوو خێمە گڕدەگرن و بەهۆیەوە منداڵێکی تەمەن دوو مانگ گیان لەدەستدەدات، دوو پەناریش رەوانەی نەخۆشخانە کراون.
-لە ناحیەی چوارقورنە ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و بە هۆیەوە نزیکەی 500 دۆنم زەوی و زاری جوتیاران کە کراون بە گەنم و جۆ لە دەشتی بیتوێن سوتا.
-یەکەمین فێستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی فلیم بەڕێوەچوو کە 120 هونەرمەندی ناوداری وڵاتانی بیانی و بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر و بەشێکی زۆر لە میوانان ئامادەی بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4817

**01-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140601151344476552



-بە مەبەستی شکاندنی ڕێژەی پێوانەیی‌و تۆمارکردنی گەیاندنی شاری وان بە کتێبی گینس، (فێستیڤاڵی قەلەباڵغترین خوانی بەیانی لە جیهان) سازکرا لە پارێزگای وان-لە پارکی ڕۆشنبیری ئاتاتورک-نزیک قەڵای وان.
-کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی، لەپرۆژەی هۆتێل ڕۆتانا لە شەقامی سالم لە شاری سلێمانی کرێکارێکی بەڕەگەز کوردی باکوری کوردستان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لە نهۆمی 11ی ئەو بینایەوە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4818

**02-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140602102205576558

-دانیشتووانی ناحیەی بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانی خۆپێشاندانێکیان سازکرد و بەو هۆیەشەوە ڕێگای سەرەکی سلێمانی – بازیانیان داخستووە. خۆپێشاندەران داوا دەکەن لەو کارگانە دابمەزرێن کە لە سنوورەکەیان هەیە.
-پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە بەردەم باخی گشتی سلێمانی بە بەشداری 20 ڕێکخراوی مەدەنی و حکومی کوشتنی دنیای تەمەن 15 ساڵ ئیدانەکرا و داواشکرا کە تۆمەتباران بە سزای خۆیان بگێندرێن.
-داگیرکەری تورک چەند گوندێکی باشووری کوردستانی بۆمبارانکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4819

**03-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140603103338876581

-پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی سووریا، کوردانی رۆژئاوا بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد.
-لە نزیک گوندێکی سەر بە قەزای دوبز لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراودا هاوڵاتیەک کە

پیشەی شوانی بوو گیانی لە دەستداو یەکێکی دیکەش بریندار بوو.
-لە سێ کردەوەی جیاجیادا لە پارێزگای نەینەوا، دوو ئەفسەری کورد و بەرپرسی پاسەوانەکانی پارێزگار کوژران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4820

**04-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060415205276587



-کۆچی دوایی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە لە ئوردون. ئەم هەواڵە لە زۆرینەی میدیاکاندا بڵاوبووەوە، بەڵام پاشان دەرکەوت کە راست نییە.
-لە ناوەڕاستی شاری کەرکوک دوو ئۆتۆمبێل بەدوای یەکدا تەقینەوە، لە ئەنجامدا هەش کەس کوژران و 11ی دیکەش برینداربوون.
-لە دوای راگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان، لە چەند رۆژی رابردوودا تورکیا بە بۆمبارانی گوندەکانی هەرێمی کوردستانی کورد و ئەمرۆش لە چەند ناوچەیەکدا ئۆپراسیۆنی سەربازی دەستی پێکردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4821

**05-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060512460776597



-لە چوارریانی حەلکۆ لەگەرەکی کۆرنیشی شاری قامیشلۆی خۆرئاوای کوردستان تەقینەوەیەک روویدا.
-لە گوندی گریانەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، لاشەی پڵنگێک دۆزرایەوە.
-لەبەرامبەر تۆمەتبارکردنی مامۆستاانی ئایینی لە دۆسیەی کوشتنی دونیای 15ساڵ لە پارێزگای دهۆک، ئەمرۆ ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان گردبونەوەیەکی نارەزاییان لە مزگەوتنی سەوافی شاری هەولێر ئەنجامدا و داوایان کرد هاوشێوەی پەرلەمانتاران حەسانەیان هەبێت.
-بەهۆی مەترسی لە کاری تیرۆرستی و هێرشەکانی داعش، ئەمرۆ بەرپرسانی پارێزگای نەینەوا قەدەغەکردنی هاتوچۆیان راگەیاند کە ماوەی یەک رۆژ دەخایەنێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4822

**06-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140606092000076610



-لە ڕێورەسمێکی تایبەت کە لە سەربازگەی وۆرسی فڕۆکەوانی لە ویلایەتی تیکساسی ئەمریکا سازکرا، ئەمریکا یەکەم فڕۆکەیF16 ی جەنگاوەری بەفەرمی رادەستی عێراق کرد.
-بەهۆی دوو تەقینەوەی خۆکوژییەوە لە گوندێکی شەبەک لە خۆرهەڵاتی موسڵ، لانیکەم نزیکەی 10 هاوڵاتی کوژران و 40ی دیکەش بریندااربوون، کە سەرجەمیان کوردی شەبەکن.
-لە دوو گەڕەکی شاری کەرکوک لە ڕێگەی بۆمبی چێنراوەوە حوسێنیەک و ماڵی یاریدەدەری ئەفسەرێک تەقێنرایەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4823

**07-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140607155526100641

-حکومەتی ئیتاڵیا هۆشداریی بە بازرگان و پاڵاوگەکانی دەدات لە کڕینی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دوای ئەوەی بەغدا باڵیۆزی ئەو وڵاتەی ئاگادارکردەوە کە کڕینی ئەو نەوتە سزادانی ئەو کۆمپانیا و بازرگانانەی بەدواوە دێت کە دەیکڕن لە لایەن کۆمپانیای سۆمۆوە.
-ئەمڕۆ ئاژانسی هەواڵی دەریاوانی تورکیا بڵاویکردەوە، کە دووەم کەشتی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان بە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتەوە کەنارە ئاوییەکانی بەندەری جەیهانی تورکی بە جێهێشتووە بەرەو ئیتاڵیا.
-گۆرانی بێژ قادر مەردان لە مالمۆ - سوید، کۆچی دوایی کرد.
-هارون ئەرکوش، هاوسەرۆکی لقی بەدەپەی لیجە بە خەندانی ڕاگەیاند، لە ئەنجامی هێرشی هێزە چەکدارانی تورکیا بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی،4 کەس کوژران کە یەکێکیان ژنە و 2ی دیکەش بریندااربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4824

**08-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140608114333766619



-دوو تەقینەوەی بەهێز لەنێوان بارەگای کۆمیتەی جەلەولای یەکێتیی نشتیمانی کوردستان و بنکەی ئاسایشی ناحییەکە ئەنجامدران، وێرای داڕمانی هەردوو بیناکە، بەپێی زانیارییەکانی بەرپرسی کۆمیتەی جەلەولا، ژمارەی کوژراوەکان 14 کەسن کە نۆیان ئاسایسن وژمارەی بریندارەکانیش لە 40 کەس زیاتر دەبن.

-لەگەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی بەهۆی شۆرتی کارەباوە کرێکارێکی بەڕەگەز عەرەب لەشوێنی کارەکەیدا گیانی لەدەست دا.

-لە ناحیەی بنەسڵاوە لە شاری هەولێر، ژنێکی تەمەن 23 ساڵ خۆی خنکاندوە کە خاوەنی سێ منداڵە.

-بەهۆی شەر و پێکدانی هێزەکانی نێوان هێزەکانی داعش و سوپای عیراق بەشێکی زۆر لە قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی موسڵ گیریان خواردبوو، نەیاندەتوانی بێنەوە کوردستان کە بەشێکیان کچان بوون، ئەمڕۆش لە لایەن هێزێکی ئاسایشی یەکێتیەوە توانرا 160 خوێندکاریان رزگار بکرێن کە 60 خوێنکاریان کچ بوون.

-پاش ئەوەی ئێوارەی دوێنێ سەرباز و تیمە تایبەتییەکانی تورکیا هێرشییانکردە سەر چالاکی مانگرتنی هاوڵاتیانی ناوچەی لیجەی ئامەد، کە لە دژی دروستکردنی سەربازگەی نوێ ماوەی 16 رۆژ بوو لە چالاکیدابوون و دوو چالاکوان بە گوللەی سەربازانی تورکیا کوژران، هێزەکانی پاراستنی گەل "هەپەگە" باڵی سەربازی کۆما جڤاکێن کوردستان لە هێرشێکدا چەندین سەربازی تورکیایان کوشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 08-06-2014

-شۆفێری تەکسییەکانی هێڵی حاجی ئۆمەران-هەولێر بەهۆی نەبونی گەراج و خراپی رێگای هاتوچۆو "نان پرینیان" لەلایەن ئوتوبوسە ئێرانیەکانەوە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو بۆ چەند کاتژمێرێک رێگەی سەرەکی هاملتۆنیان گرت.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4825

**09-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140609110754766622



-کوژرانی خۆپیشاندەران لە ناوچەی لیجەی باکوری کوردستان، بووە هۆی ئەوەی ئاڵای تورکیا لە ئامەد لەلایەن خۆپیشاندەرێکەوە بهێنرێتە خوارەوە.
-دوو تەقینەوەی لەدوای یەک لە دوز خورماتوو روویاندا، کە یەکێکیان لە بەردەم دەروازەی بازنەی حەمرینی سەر بە مەڵبەندی 11ی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، ئەوی دیکەشیان لەبەردەم بارەگای حزبی شیوعی بووە. لە تەقینەوەکاندا 14 کەس شەهید بوون و بە دەیانیش بریندار بوون، کە برینی بەشێکیان سەختە.
-بۆ جاری دووەم ئاگرێکی گەورە لە ناحیەی چوارقورنەی سەربەقەزای رانیە کەوتەوە بەوهۆیەشەوە نزیکەی چل دۆنم پوش و پاوان سوتا.
-بەمەبەستی گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری و زانکۆ و تەندروستی، پارێزگاری سلێمانی و پارێزگاری ورمێ رێکەوتنێکیان ئیمزا کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4826

**10-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140610102951100669




-دوای ئەوەی شەوی رابردوو توانییان بەشی لای راستی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن، چەکدارانی داعش توانییان تەواوی شاری موسڵ (ناوەندی پارێزگای نەینەوا) بگرنە دەست، حزبە کوردستانییەکانیش بارەگاکانیان چۆڵکرد.
-درەنگانێکی شەوی رابردوو، هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی گەرمیان لەگەڵ سوپای عیراق لە سەر بارودۆخی ئەمنی ناحییەی جەلەولا، گەیشتنە رێککەوتن، بە پێی رێککەوتنەکە، هێزێک لە پێشمەرگە و ئاسایش بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمیتە و ئاسایشی جەلەولا لە شارۆچکەکە نیشتەجێدەکرێن و مەفرەزەی هاوبەشیش پێکدەهێنرێت.
-شەپۆلێکی گەورەی پەنابەر لە موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە رووی لە هەرێم کرد.
-لە کۆبوونەوەیەکی نێوان باڵیۆزی هەنگاریا لە عیراق و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر، باڵیۆزی هەنگاریا رایگەیاند بەم نزیکانە وڵاتەکەی کونسوڵخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.
-ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی کوردی زانکۆو پەیمانگاکانی تکریت (سەلاحەدین) گیریانخواردووەو ناتوانن بێن بۆ ناوچە ئارامەکان.
-ناحییەی زاب سەربە پارێزگای کەرکوک کەوتە دەست هێزە چەکدارەکانی داعش.
-سەرچاوە کوردییەکان رایانگەیاند، کە هێشتا بەنداوی موسڵ بەدەست هێزەکانی پێشمەرگەوەیە.
-سەرچاوەیەکی بەرپرس لە یەکێک لەزیندانە گەورەکانی شاری کەرکوک، ئێوارەی ئەمرۆ، ڕایگەیاند کە 60 زیندانی بەشی سزا قورسەکانی شاری کەرکوک، ڕەوانەی زیندانی چەمچەماڵ کران.
28 -شۆفێری باکووری کوردستان لەلایەن داعشەوە لە موسڵ گیران.

-ژمارەیەک کادیری کۆمەڵی ئیسلامی دەستیان لەکار کێشایەوە.
-هێزی پێشمەرگە چووە ناو شارۆچکەی خورماتوو و کۆنترۆڵی کرد.
-دوای ئەوەی لە دوو رۆژی رابردوو بە هۆی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی ئاسایشپارێز و چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام داعش، 600 قوتابی کچی زانکۆی موسڵ لە بەشە ناوخۆییەکانیان گیریان خواردبوو، لە ئۆپەراسیۆنێکدا هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش توانییان ئەو 600 قوتابیە کچە رزگار بکەن.
-سەرچاوەیەکی ئەمنی لە پارێزگای کەرکوک رایگەیاند کە قەزای حەویجەی سەربە پارێزگای کەرکوک، کەوتووەتە دەست گروپی داعش.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4827

**11-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140611113306766 48

-شەوی رابردوو هێزێکی پێشمەرگە لە ناحیەی قەرەتەپە جێگیر کراو بڕیارە تا یەکلابوونەوەی بارودۆخەکە ئەو ناوچەیە چۆڵ نەکەن.
-پێشمەرگە ناحیەی کەیوانی لە کەرکووک کۆنترۆڵکرد.
-بەشێک لە مافناس و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لەهاتنی هاوڵاتیانی بەڕەگەز عەرەب بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەت شاری سلێمانی، ئەمڕۆ، سەردانی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان یان کرد و داوایان دەکرد ڕێگری بکرێت لە هاتنی بە لێشاوی هاوڵاتیانی بەڕەگەز عەرەب.
-لەسنوری ناحیەی ئاغجەلەر زیاتر لە 500 دۆنم زەوی سوتا کە بەشی هەرەزۆریشی دارستان و دانەوێڵەی جوتیار بوون.
-وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند شەڕ لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش لە خاڵێکی سنووری لە شارۆچکەی شەنگال لە پارێزگای نەینەوا دەستیپێکرد.
-بوومەلەرزەیەک بە گوری 4.4 پلەی رێختەر لە شاری وانی باکووری کوردستان دەدات.
-کۆسرەت ڕەسوڵ لەگەڵ ژمارەیەک پلەداری هێزی پێشمەرگە کۆبوەو بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کۆنترۆڵی ناوچە داپڕێنراوەکان.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4828

**12-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140612155825100672



-تەرمی 56 ئەنفالکراو هێنرایەوە بۆ گەرمیان و لە مەراسمێکی شایشتەدا و لە مەزاری شەهیدان لە گوندی دێبنە لە ناحیەی رزگاری نێژران.
-بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان، تەواوی ناوچە داپڕێنراوەکان کەوتوونەتە ژێر کۆنتڕۆڵی پێشمەرگەوە.
-دوای ئەوەی دوێنێ لە لایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ناحیەی ریاز کۆنتڕۆڵکرا، ئەمڕۆ ئەو ناحیەیە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنتڕۆڵکرایەوە.
-شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئاسایش (سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان) و هێزەکانی سوات لە نزیک دەروازەی شارۆچکەی جەلەولا دروست بوو.
-بۆمبێکی چێنراو لەقەزای دوبز بەئۆتۆمبێلی فەرماندەی لیوای دووی وەزارەتی پێشمەرگە، نادر عەبدوڵڵا دەتەقێتەوەو بەو هۆیەوە بریندار دەبێت‌و کورەکەشی گیان لەدەسدەدات.
-داعش بەو چەکانەی لە سوپای عێراق گرتوونی کەوتووەتە بۆردومانکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی دەوربەری کەرکووک. وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو ناوچانەوە داوا لە شێخە عەرەبەکانی ناوچەکە دەکات رێگە نەدەن ناوچەکانیان لەلایەن داعشەوە بەکاربێت.
-دوای کشانەوەی سوپای عێراق لە خاڵەکانی پشکنین لە دەروازەی جەلەولا، ئێستا تەواوی شارەدێکە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە و ئاسایشدایە.
-ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، دوای تەواوبوونی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ، گەڕانەوە هەرێمی کوردستان.
-هەندێک سەرچاوە باس لە ناکۆکیی یەکێتی و پارتی دەکەن لەسەر دابەشکردنی چەک و جبەخانەکانی سوپای هەڵهاتووی ئێراق.
-رۆژنامەنووس کامەران نەجم لەکاتی رومالکردنی پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش لە دەوروبەری کەرکووک کوژرا.
-بۆ رۆژی دووەم هێزەکانی پێشمەرگە لەناوچەی تەل وەردی باشوری شاری کەرکوک چەکدارانی تیرۆریستی داعشیان تێکشاند.
-لە شارۆچکەی بنەسڵاوەی سەر بە شاری هەولێر، ژنێک بەناوی (کوردستان.ع.س) کە دایکی سێ منداڵە کوژرا. بەپێی قسەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، ئەو ژنە لەلایەن باوکییەوە کوژراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 4829

**13-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140613165645766610

-ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە پارێزگای دیالە بە سەربازانی سوپا خۆی و ناحیەکەشی رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد.
-لە شاری سلێمانی، شێخ موحەممەد بەرزنجی، پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی لە سلێمانی، بەهۆی نەخۆشییەوە، کۆچی دوای کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4830

**14-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140614115912766620



-بەسەدان خوێندکاری کورد لە شاری بەغدا گیر دەخۆن و داوای هاوکاری لە حکومەتی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو ماڵ و منداڵ و کەس و کاریان.
-لە نزیک شارۆچکەی سەعدییە، چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر بنکەی کۆبرای هێزەکانی سوپای عیراق، لە زاڵگەی کوباشی، نزیک شارۆچکەکەش، هێزێکی زۆری پێشمەرگەش چاوەڕێی فەرمانی سەرووی خۆیانن، بەڵام لە پڕ هاوەنێک دەکەوێتە ناو هێ.ەکانی پێشمەرگە و بە وتەی ئەفسەرێک، زیاتر لە حەوت پێشمەرگە بریندار بوون. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-06-2014
-شەوی رابردوو پێشمەرگە هێرشێکی داعشی بۆسەر جەلەولا تێکشکاند و 30 کەس لە داعش کوژران و 8 کەسیشیان بەدیلگیران.
-کۆپتەرێکی سوپای عیراق هێرش دەکاتەسەر بازگەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان سەعدیە و جەلەولا.
-چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام "داعش" بە هاوەن و BKC هێرشیان کردەسەر سەربازگەی پێشمەرگە لە قەزای تلکیفی نێوان هەردوو پارێزگای دهۆک و موسڵ.
-بەوتەی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، بەهۆی کەوتنەوەی گوللە هاوەنێک، دوو پێشمەرگە "شەهید" دەبن و زیاتر لە 22 پێشمەرگە بریندار دەبن.
-بارەگای کۆمیتەی یەکێتی لە سەعدییە، تەقێنرایەوە.
-فەرماندەیی گشتیی پێشمەرگە و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە کۆبوونەوە.
-ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو لە شاری تربەسپی رۆژئاوای کوردستان دەتەقێتەوە و 30 کوژراو و بریندار لێدەکەوێتەوە.
-بەپێی راگەیندراوێکی مەڵبەندی 8ی خانەقینی یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان، سوپای عێراق لە دوو بۆردومانی جیاوازدا بەفرۆکە و تۆپ بارانکردن، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردە ئامانج و (6 (پێشمەرگە شەهید و (23)ی تریش بریندار بوون.

-لە ناحیەی قەسرێی سەر بە قەزای چۆمان کچێک خۆی خنکاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4831

**15-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140615133004766691

-بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی بەغداوە، قوتابیانی کورد لە بەغدا بەفڕۆکەیەک دەگوازرێنەوە هەرێمی کوردستان.
-سەعات 11 ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو تەقینەوە لە ناوچەی سننی نزیک رەبیعە روویاندا و بەوهۆیەوە پێشمەرگەیەک شەهیدبوو و دوو پێشمەرگەی تریش بریندابوون.
-لە شاری سلێمانی باندێکی کڕین و فرۆشتنی گورچیلەی هاوڵاتیان دەستگیر دەکرێت کە چوار کەسی بە رەگەز عەرەب بوون و پێنج کوردیش لەسەر دیاردەی دزی کردن دەستگیر دەکرێن کە یەکێکیان ئێرانیە و ژنە.
-پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەتی سەبارەت بە رەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا. لەبەر هەستیاریی ئەم دانیشتنە بڕیاردرا کە دانیشتنەکە لەڕێی تەلەڤزیۆنەوە نەگوێزرێتەوە.
-تەرمی چوار خوێندکاری کورد کە پێشتر لە شارۆچکەی جەلەولا لە لایەن گروپە چەکدارەکانەوە دەستگیرکرابوون لە رێگەی شارەبانەوە گەیشتەوە دەست کەسوکاریان.
-لە ئاکامی بۆردوومانکردنی شارۆچکەی حەزەر لە باشووری شاری موسڵ لەلایەن هەلیکۆپتەرە سەربازییەکانی سوپای عێراق، 54 کەس کوژران و بریندابوون، کە هەموویان ژن و منداڵن.
-بەهۆی پێکدادانی ئەم دواییەی نێوان چەکدارانی داعش و سوپای عیراق و هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە بازرگانانی ئاڵوگۆڕی دارو لە بازاڕی شەوکەتی مەلا لە سلێمانی، هەڵمەتێکی خۆبەشخشیان ئەنجامدا بۆ هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگە کەلەو ناوچانە جێگیر کراون بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان.
-سێ پێشمەرگە لە نزیک موسڵ بەهەڵە دەچنە بازگەیەکی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش" و دەستبەسەردەکرێن.
-کاتژمێر دووی شەوی رابردوو بە نارنجۆک هێرش دەکرێتە سەر ماڵی نەقیب جەلال محەمەد، وتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ، زیانێکی زۆری مادی لێدەکەوێتەوە.
-د.رێکەوت حەمەرەشید وەزیری تەندروستی هەرێم ئاشکرایکرد، هەموو ئامادەکاریەکی پزیشکی دەگەیەنینە هێزەکانی پێشمەرگە و بۆ ئە و مەبەستە سەرجەم پێداویستی پزیشکی لە دەرمان و پزیشک و ئەمبۆلانس و پێداویستی دیکە تەرخانکراوە.
-ڕێکخەری کەمپینی خۆتۆمار کردن وەک هێزی خۆبەخش بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، سەبەینێ نزیکەی 40 گەنج بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەچنە بەرەکانی شەڕەوە .
-لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بەغدا ئەمڕۆ، فالح فەیاز،راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی رایگەیاند،" حکومەتی بەغدا بەهاوئاهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، گەیشتوونەتە رێکەوتن لەبارەی مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو پارێزگایانەی کە چوونەتەناوی یان بوونیان هەیە تێیاندا دژی رێکخراوە تیرۆیستیەکان و چەکدارەکانی داعش."
-وتەبێژی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عیراق رایدەگەیێنت، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 297 چەکداری داعش کوژراون.

سەرچاوە: زۆرینەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4832

**16-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061612403976706

-بۆمبێکی چێنرا و لە قەزای ڕەبیعە دەتەقێتەوەو بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک گیانی لەدەستدا و یەکێکی دیکەش بریندارببوو.
-لەلایەن گروپەچەکدارەکانی داعشەوە نوسینگەی کودسات نیوز لە موسڵ سوتێنرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4833

**17-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061710352776711



-لە شاری بەعقوبەی سەنتەری پارێزگای دیالە، شەڕ لەنێوان چەکدارانی گرووپی داعش و سوپای عێراقی دەستپێکرد.
-چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش، لە گووندی مەلا عەبدوڵڵای سەر بە کەرکووک بە هاوەن بۆردوومانی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن.
-سەرچاوەیەک ئەمنی پارێزگای کەرکوک ئاشکرای کرد، شەڕو پێکدادانی قورس لەنێوان هێزەکانی پۆلیس و پێشمەرگە لەلایەک و هێزەکانی چەکدارە توندرەوەکان و داعش لەلایەکی ترەوە لە ناوچەی بەشیری سەر بە ناحیەی تازەی شاری کەرکوک دەستی پێکرد.
-اشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنگرەیەکی تایبەت بە وزە کە لە شاری لەندەن بەڕێوەدەچێت ڕایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بە بۆریە نەوتییە نوێیەکەی کوردستان دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی نەوتی خاوی کەرکووک هەناردەی تورکیا بکات.
-شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی دژەتیرۆر و چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام لە سنووری جەلەولا بەردەوامە، سەرچاوەیەکیش لە ناو شەڕەکەوە رایدەگەیەنێت کە ئەفسەرێک و دوو پێشمەرگە بریندارببوون و نزیکەی 20 چەکداری ئەو رێکخراوەش کوژراون.
-فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق فەرماندەی فیرقەی سێی پیادەی سوپای عیراق کە کوردە و ناوی هیدایەت عەبدولرەحیم

عەبدولکەریمە لە پۆستەکەی لادەبات و دەیداتە دادگا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4834

**18-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140618151906767 22



-متمانەدان بە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
-چەکدارانی داعش لە ناحیەی سەعدییە دەست دەکەن بە کوشتن و رفاندنی هاوڵاتییانی کوردی دانیشتووی ناحیەکە و لە و چوارچێوەیەشدا، هاوڵاتییەکی کوردی ناحییەکە دەکوژن و پۆلیسێکی کوردیش دەڕفێنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-06-2014
-نەقیبێکی پێشمەرگە لەگەڵ پێشمەرگەیەکیدا بەهەڵە چوونە ناو چەکدارەکانی داعشەوەو لەئێستادا چارەنووسی نەقیبەکەو پێشمەرگەکەی نادیارن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4835

**19-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140619101725767 27



-سەرچاوەیەک لە پۆلیسی پارێزگای دیالە رایدەگەیێنێت، ئەمرۆ هێزەکانی پێشمەرگە بۆ یەکەمینجار تۆپهاوێژیان لە دژی چەکدارانی داعش لە جەلەولای باکوری رۆژهەلاتی پارێزگای دیالە بەکارهێناوە. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-06-2014
-هێزەکانی پێشمەرگە لە هەردوو ناوچەی بەشیر و ناحیەی تازە چەکدارانی داعشیان تێکشکاندووەو ئێستا ئەو دوو ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە.
-بەهۆی کێشەی کەمیی بەنزینەوە لە باشووری کوردستان، حکومەت بڕیاریدا کە لەمڕۆوە بەنزین رۆژێک بۆ ئۆتۆمبێلی ژمارە تاک بێت و رۆژێکیش بۆ جوت.
-قایمقامی سلێمانی رایدەگەیەنێت، رێگری لەهەموو جۆرە بەرزبوونەوەیەکی نرخی دەکەن و رێگە نادەن کە بازاڕ رووبەڕووی هەڵئاوسانی نرخ و گۆڕرانکاری بێتەوە و بۆ ئە و مەبەستەش لیژنەکان بەووردی چاودێری هەموو شوێنەکان دەکەن.
-لە گرتووخانەی چاکسازی گەورانی سلێمانی، هەڵمەتی ناونووسین بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان دەستپێدەکات، حوکمدراوەکان ئامادەیی

خۆیان دەخەنەڕوو بۆ شەڕکردن دژ بە چەکدارانی داعش، ڕاشیدەگەیەنن، ئەوان دەیانەوێت بەشداربن لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان، بۆ گرەنتی گەڕانەوەشیان بۆ گرتووخانە، ئامادەن بۆ هەر ڕێکارێکی یاسایی. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-06-2014
-دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ چەکدارەکانی داعش لەبازگەی تەحریری سەر بەپارێزگای موسڵ پێشمەرگەیەک بەپلەی نەقیب شەهید دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4836

**20-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140620115252767 56

-لە باشووری کەرکوک بەهۆی هێرشێکی داعشەوە 2 پێشمەرگە شەهید بوون و 3یش بریندارببوون.
-ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە کە بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی کەشتییەکی نەوتگوێزەرەوە کە نەوتی خاوی هەرێمی کوردستانی پێبووە، لە بەندەری عەسقەلانی ئیسرائیلی لایداوە.
-داعش لە شارۆچکەی تەلەعفەر پەرستگایەکی ئێزیدییەکانی تەقاندەوە.
-وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4837

**21-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140621111730767 83



-بەهۆی کەمی بەنزین و سەرەی زۆری ئۆتۆمبێلەوە، شۆفێران ڕێگای سەرەکی نێوان خەبات بۆ هەولێر دادەخەن.
-داعش هێرشی کردەسەر هێزی پێشمەرگە لە سنووری قەزای دووزخورماتوو و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگە برینداربوون.
-بەفەرمی لە دۆحەی پایتەختی قەتەر لیژنەی کلتوورە جیهانییەکانی سەر بە ڕێکخراوی یۆنسکۆ ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ناساندنی قەڵای هەولێر وەک یەکێک لەشاکارە مرۆییەکانی دونیاو بە ڕەسمی و بە شێوەی هەمیشەیی خرایە فەرهەنگی کلتورە جیهانییەکانەوە.
-هەردوو لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی یەکیان گرت و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە گیرتووی ئیسلامیش ڕایدەگەیەنێت، وەک وەفدی دانوستانکار لەمڕۆوە دەستبەکار دەبن و لەگەڵ هەموو لایەنەکان دانووستان دەکەن بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی ناوخۆیی.
-مستەفا چاورەش لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان لە شوێنی مەحمود سەنگاوی وەک سەرپەرشتیاری حەوزی گەرمەسێری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستبەکار دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4838

**22-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140622110845683 35




-بە نێوەندگیری هۆزەکانی سڵێمان بەگ، هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش لە سڵێمان بەگ ئاگربەستیان ئەنجامدا.
-لیژنەی نەوت و غازی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و پارێزگاری کەرکووک لەسەر ئیدارەکردنی نەوتی کەرکووک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتن.
-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بە دروشمی " ئیتر سبەینێ ئەمڕۆیە" دووەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا دەستی پێکرد. کۆنگرەکە بەبێ هەڵدانی ئاڵای تورکیا بوو کە ناڕەزاییی تورکە توندڕەوەکانی لێکەوتەوە.
-لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە بە هێزەکانی پێشمەرگەدا لە کەرکوک، دوو پێشمەرگە"شەهید" بوون و پێنجی دیکەش بریندار بوون.
-لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریاردرا بە پێکهێنانی لیژنەی پاڵپشتی دارایی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.
-بەپێی رێککەوتنێکی نێوان چەند کەسایەتیەکی ناسراوی عەرەبی شاری کەرکوک و چەکدارانی داعش، تەرمی 15 هاوڵاتی کە لە لایەن داعشەوە کوژرابوون گەڕێندرانەوە بۆ کەرکوک و رادەستی کەسوکاریان کرانەوە.
-لە گوندی بێستانسووری سەر بە ناحیەی عەربەت، ئاگر رووبەری زیاتر لە دوو هەزار و 500 دۆنم پوش و پاوان سوتا.
-سەعد سایل، ناسراو بە ئەبولوەلید فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی نەینەوا کە بە شێرەکەی مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق ناوبانگی دەرکردبوو، خۆی رادەستی هێزی پێشمەرگە کرد.
-چەکدارانی عەسائیبی ئەهلی حەق، کە گرووپێکی شیعەمەزهەبی توندڕەون لە شاری بەغدا، فشاردەخەنەسەر هاووڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەو شارە و دەستیان داوەتە پەلامار و هێرشکردنە سەریان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4839

**23-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062322255076809



-ئێوارەی ئەمڕۆ ئۆتۆمبیلێک لەلایەن خۆکوژێکەوە لەسەر پردی سەرەکی ڕێگای جەلەولا - کەلار، تەقێنرایەوە و بەو هۆیەشەوە پردەکە داڕما.
-بە فیشەکی قەناس رائیدێکی هێزەکانی پێشمەرگە بە ناوی محەمەد رەزا محەمەد، کە خەڵکی ناحیەی زینانەی سەر بە قەزای کفرییە، لە جەلەولا شەهید بوو.
-لەلایەن تۆپخانەکانی داگیرکەری ئێرانەوە، چەند ناوچەیەکی کوێستانەکانی دەڤەری برادۆستی سەرسنووری هەرێمی کوردستان بۆردوومان دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4840

**25-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140625221531768013

-لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا لەناو بازاڕی ڕەحیماوای شاری کەرکوک نزیکەی 20 کەس بوونە قوربانی، لەوانە 4یان گیانیان لەدەستدا.
-لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ماڵەوە لە گوندی خازوکی سەر بە رەبیعە، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلەکەیاندا تەقیەوە، لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو و 13 تریش بریندار بوون .
-دادگای دەستووری تورکیا لە بڕیارێکی نوێیدا رایگەیاند کە دادگای تورکی مافەکانی عەبدوڵا ئۆجەلانی پێشێلکردووە بەوەی ڕێگری کردووە لە چاپکردن و بڵاوبوونەوەی دوو کتێبی عەبدوڵا ئۆجەلان لە تورکیادا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4841

**26-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140626221601768015



-ئێوارەی ئەمڕۆ خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە خۆی بەبارەگایەکی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقاندەوە لە ناوچەیەکی موسڵ و لەئەنجامدا حەوت لەهێزەکانی زێرەڤانی بریندار بوون .
-مەسعود بارزانی سەردانی کەرکوکی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4842

**27-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140627204136768l8

-هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی عەلی ڕەش نزیک گۆبجەلی لە شاری موسڵ دەدرێنە بەر هێرشی هاوەن و لە ئاکامدا 10 پێشمەرگە بریندار بوون و پێشمەرگەیەکیش شەهید بووە.
-مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی لەنزیک ئاگاداربوونەوەی لە بارودۆخ و پێویستییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان سەردانی سنوور و هێڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە کرد.
-مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ماددەی 140 جێبەجێکرا و چیتر باسی ناکەین.
-ئاگرێکی گەورە لەچیای گۆیژەی شاری سلێمانی کەوتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4843

**28-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062813322876821



-لە نزیک عەلوەی قەزای جەلەولا، بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی هێزەکانی پێشمەرگە تەقییەوە و بەهۆیەوە هەشت پێشمەرگە برینداربوون و هاوڵاتییەکیش گیانی لەدەستدا.
-شەوی رابردوو شەڕێکی توند لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش لە ناوچەی سەلامیە لە موسڵ روویدا، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە چەکداری داعش بریندار بوون.
" -چەکدارانی داعش لە گووندی تەیرەق زیارەت-ی سەر بە ناحییەی بەرتلە، سێ گەنجی کوردی شەبەکیان کوشتووە بە ناوەکانی عیزەت ماشەڵڵا، حامید جەمیل و شاکر محەمەد، کە حامید جەمیل پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە.
-لە هەولێر مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی 5 شەهیدی سەرکردە

بەڕێوەچووو، کە لە ساڵی 1988دا لەلایەن حزبی بەعسەوە شەهید کراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4844

**29-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140629101514768333

-لە بەردەم پەیمانگای توێژینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، بینامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل وتی: "کورد گەلێکی تێکۆشەرە و پابەندبوونی سیاسی و دادپەروەریی سیاسی خۆی سەلماندووە، بۆیە شایەنی سەربەخۆیی سیاسیی خۆشیەتی."
-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەڕ و پێکدادن لەنێوان چەکدارانی داعش و گرووپە چەکدارە شیعییەکان لە سنووری پارێزگای کەرکووک سەریهەڵدا و تاوەکو ئێستا 14 چەکداری شیعە بریندارن و دوو پێشمەرگەش بەهۆی شەڕی ئەو دوولایەنەوە بریندارببوون.
-لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستاندا ژمارەیەک پەرلەمانتار یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد و داوای بانگهێشتی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ پەرلەمانی کوردستان تا ڕوونکردنەوە بدات لەسەر قەیرانی بەنزین.
-بە هۆی کەوتنە خوارەوەی موشەکێک لە سنوری گوندی بەشیر حەوت پێشمەرگە بریندار بوو، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکیش بە هێزەکانی بەدردا کەسێک کوژراو حەوتی دیکەش بریندار بوو.
-کۆچی دوایی ماهیر عەبدولڕەشید لە شاری سلێمانی، نێوبراو یەک لە سەربازییە گەورەکانی سەردەمی بەعس و خەزووری قوسەی سەددام حسێن بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4845

**30-06-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140630215418768444

-ئەمشەو لە گەڕەکی تەجنیدی شارۆچکەی جەلەولا شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش ڕوویدا. زیاتر لە کاژێرێک پێکدادان لەنێوان هەردوولا بەردەوامبوو و شەڕەکە بە شکستی چەکدارانی داعش کۆتاییهات.
-لە بەنزینخانەیەکی سەنتەری قەزای سۆران لەنێوان کوری بەرپرسێکی پێشمەرگە و ئاسایش دەبێتە شەرە تەقە و لەو کاتەش دوو ڕۆژنامەنوس کە سەرقاڵی وێنەگرتنی ڕووداوەکە بوونە لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێن.
-پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا کە نووری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەبارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ڕوونکردنەوە بدات، هاوکات داواش لە پەرلەمانی نوێی عێراق دەکات لەسەر هەمان پرس لێپرسینەوە لەگەڵ هەرێمی کوردسان بکات.
-دادگای باڵای کۆماری لە تورکیا ڕێگەی بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا دا و بە

پێی ئەو بڕیارە هیچ بەربەستێک لەبەردەم بەکارهێنانی ناوی "کوردستان"دا نییە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4846

**00-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140709200541101060



-داعش دەستەگرێت بەسەر 800 گوێرەکەی کوردی شەبەک لە ناوچەی موسڵدا و گۆشتەکەی بەسەر دانیشتوانە عەرەبەکاندا لەژێر ناوی خێر دابەشدەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4847

**01-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070111075976857

-مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکیدا لەگەڵ کەناڵی بی بی سی، رایگەیاند: بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا راپرسیەک لەسەر سەربەخۆبوونی کوردستان ئەنجامدەدەن.
-لەناو پەرلەمانی عێراق لەسەر موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، لەنێوان پەرلەمانتارانی کوردستان و هاوپەیمانی نیشتمانی دەبێتە شەڕە قسە و پەرلەمانتارێکی کورد داوا لەمالکی دەکات گەمارۆی سەر هەرێم هەڵگیرێت.
-ئاسایشێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان لە شارۆچکەی جەلەولا بە دەستی تیرۆریستانی داعش شەهید کرا.
-رێکخراوی نێودەوڵەتی (هیومان رایتس وۆچ) داوایکرد ئەو 130 خوێندکارە کوردە ئازاد بکرێن کە داعش زیاد لەمانگێکە لەباکوری سوریا دەستبەسەری کردوون.
-ئێوارەی ئەمڕۆ دوو بۆمبی چێندراو لە گەڕەکی عرووبەی شاری کەرکووک تەقینەوە و بەهۆیەوە دوو کەس برینداربوون.
-بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە جەلەولا، پارتی بارەگاکەی خۆیی لەوێ چۆڵکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4848

**02-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140702125247687

-کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەستوری عیراقی ڕێگە بەوە نادات کوردستان سەربەخۆی رابگەێنێت، بەڵکو دەستور لەگەڵ ئەوەدایە وەکو هەرێم بمێننەوە.
-نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق لە وتاری هەفتانەی خۆیدا هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و بارزانی و رایگەیاند، مادەی 140 تەواو نەبووە، بەڵکو دەڕێت بە رێکارەکانی خۆیدا پروات، وتیشی: "هەڵسوکەوتی هەرێمی کوردستان لەم دۆخەدا جێی قبوڵ نییەو هیچ ریفراندۆمێکیش قبوڵ ناکەین و گەلی کوردیش دەنگی پێنادات."
-چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعشی پێشوو) هەڵیان کوتایە سەر گوندی عومەر کانی و گوندێکی تر، زیاتر لە 23 هاوڵاتیان دەستگیرکردوە، کە کوردی شەبەک و تورکمان و عەرەبی شیعەی تیایەو بەرەو شاری موسڵیان گواستوونەوە.
-هێزەکانی پێشمەرگە توانییان گەڕەکی وەحدە لە شاری جەلەولا، لە دەست چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش_ی پێشو) وەربگرنەوە و کۆنترۆڵی بکەن.
-رێکخراوی "ئەنسارولئیسلام" کە گروپێکی کوردییە، دڵسۆزی خۆی بۆ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و خەلیفەکەی راگەیاند.
-یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەفەرمی پشتیوانی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و سازدانی راپرسی رادەگەیەنێت.
-ئەمشەو کوێخا ئیسماعیلی تەلانی کەسایەتی ناسراوی عەشیرەتی جاف لەقەزای دوکان کۆچی دوایکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4849

**03-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140620113918663



-مەسعود بارزانی بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر رووداوەکانی ئەمداوییەی ئێراق و ئەنجامدانی ریفراندۆم لەگەڵ پەرڵەمانی کوردستان کۆبووەوە. لەدانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەماندا کە بارزانی ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی وتارێک لەبارەی ریفراندۆمی ناوچە جێناکۆکەکان و سەربەخۆی کوردستانەوە 77 پەرلەمانتاران داوایانکرد دانشیتنەکە نهێنی بێت.
-بەرەی تورکمانی ئێراقی رایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمن لە کەرکوک بەو مەرجەی لە بارودۆخێکی ئاساییدا بکرێت.
-بە مەبەستی پشتگیرکردن لە وتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بخرێتە بەر باس، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی دەڤەری ئامێدی لە بەردەم پەرلەمان گردبوونەوە.
-چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام(داعش) پێشنیوەرۆی ئەمڕۆ لە کاتژمێر 11:00 هێرشیان کردوتەسەر گوندی خەراب ئەتۆ و گوندی

زۆر مێخاری هەرێمی کوبانێ. بەڵام رووبەروی بەرپەرچی توندی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بوونەتەوە و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکاندا (30) ئەندامی چەکدارەکانی داعش کوژراون و تانکێکی ئەو چەکدارانەش بە تەواوەتی تێکشکێندراوە.
-هێزێکی سوپای عیراق، لە رێگەی سلێمانییەوە بەرەو شاری کەلار و لەوێشەوە بۆ خانەقین و کوت، دەکشێتەوە، کە پێشتر لە نزیک کەرکوک نیشتەجێکرابوون.
-ئەمشەو لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکی نیدای شاری کەرکووک لەبەردەم ماڵی هاووڵاتیەکدا، دوو کەسی ئەو بنەماڵەیە بریندراو بوون.
-درەنگانی شەوی رابردوو لەناوچەی مەکتەب خالید لە باشووری کەرکوک بۆمبێک بەهێزەکانی پێشمەرگە تەقییەوە. لەئەنجامی تەقینەوەی ئەم بۆمبە کەبەهێزەکانی پێشمەرگە تەقییەوە پێشمەرگەیەک شەهید بوو چواری تر برینداربوون برینی یەکێک لەپێشمەرگەکان سەختە، لەهەمان کاتدا لەباشووری کەرکوک لەنزیک تەکیەی کەسنەزانیەکاندوو بۆمب لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە پوچەڵکرایەوە.
-گرووپی چەکداریی داعش، شوفێری بارهەڵگرەکانی باکووری کوردستانی، کە لە دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری موسڵ لەلایەن ئەو چەکدارانەوە، گیرابوون، ئازادکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4850
**04-07-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014070413030576886

-نەقیبێکی پێشمەرگەی سەر بە هێزەکانی پشتیوانی 22 لە ناو جەلەولا نزیک ناوچەی پارتی، بە گوللەی قەناس شەهید کرا .
-گوتەبێژی کۆشکی سپی رایدەگەیەنێ ئەمریکا لەگەڵ عیراقێکی یەکگرتوودایە و داوا لە کورد دەکات پابەندبن بە یەکێتی خاکی عێراقەوە و لە دابەشبوونی خاکی عێراق خۆیان بەدووربگرن.
-سەرچاوەیەک ئاشکرای دەکات کەمێک لەمەوبەر لە گەرەکی جەماهیری شارەدێی جەلەولا چەکدارانی داعش و عەرەبە توندڕەوەکان، تەقەیان لە هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش کردووە و لە بەرامبەریشدا هێزەکان روبەریان بونەتەوە و بە شێوەیەکی چڕوپڕ ناوچەی چەکدارەکانیان بۆردومان کردووە.
-خەندەقی ئەمنی دەوروبەری کەرکووک، کە بە مەبەستی پاراستنی شارەکە لێدراوە، کارەکانی کۆتاییان پێهاتووە و بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێن خەندەقەکە لە بواری ئەمنیدا سوودی زۆری بۆ کەرکووک و ناوچەکە دەبێت.
-باران و دروستبوونی لافاو لە هەندێک شارو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە هۆی زیانگەیاندن بەبەرهەمی جوتیاران ولەناوبردنی ئاژەڵ ومەڕومالاتی گوندنشینان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4851

**05-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140705090176894



-بەهۆی نەبوونی بەنزینی حکومیەوە، شۆفێران ڕێگای سەرەکی سلێمانی تاسلۆجە دادەخەن.
-لە نێوان هەردوو هۆزی سورچی و گەزۆیی لە گەڕەکەکانی قەزای خەبات، شەڕەتەقە لەسەر کێشەی زەویوزار دەستی پێکرد و دوو کەس برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4852

**06-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070609363976908



-فڕۆکەیەکی جەنگیی سوپای عیراق گەڕەکێکی دوزخورماتوو لە نزیک بارەگایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکاتە ئامانج و لە ئەنجامدا کەسێک کوژرا و چەند کەسێکیش کوژران.
-بەهۆی کەمی کارەباو خزمەتگوزارییەکانەوە، هاوڵاتیانی ناحیەی وەرتێ و دۆڵی خانەقا ڕێگای سەرەکی نێوان سۆران- رانیە دادەخەن.
-لە گەڕەکی نەبی یونس لە شاری موسڵ، پێنج کوردی شەبەک لەلایەن چەکدارانی داعش ڕفێنران.
-یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران رایدەگەیێنێ، دەوڵەتی کوردی خەونی نەتەنیاهۆیە و ڕێگەنادەین بێتەدی.
-بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکی حوزەیرانی شاری کەرکوک بە هێزەکانی پۆلیسدا تەقیەوەو بەو هۆیەوە 10 پۆلیس بریندار بوون.
-نزیکەی 20 چەکدار هەڵدەکوتنە سەر نەخۆشخانەی گشتی جەلەولا و سەرجەم ئامێر و کەل و پەلە پزیشکییەکان دەبەن، بەپێی زانیارییەکانیش، ئەو ئامێر و کەل و پەلە پزیشکییانە دەبرێت بۆ ناحیەی سەعدییە کە تائێستاش لە ژێر دەسەڵاتی چەکدارەکاندایە.
-شاندێکی باڵای ئێران بە سەرۆکایەتی حەسەن دانایی فەر باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە عێراق گەیشتە سلێمانی و لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی و گۆڕان کۆدەبنەوە.
-دوای ئەوەی رۆژی 10-05-2014 فەرمانبەران و مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی بەردەرەش گردبوونەوەیان ئەنجامدا، ئەمرۆ 17 ی مامۆستای

پەیمانگا دەستگیرکرا کە پێنج لەوان ئافرەتن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4853

**07-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140707090347769 19

-بەهۆی نەبوونی بەنزینەوە، لە ناحیەی تەکیە شۆفێران رێگەی سەرەکی کەرکوک - سلێمانی دادەخەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4854

**08-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140708102803769 26

-چالاکوانان و رۆشنبیران و هاوولاتیانی خانەقین، دژ بە پرینی بەشە سوتەمەنی و مووچە لە لایەن حکوومەتی عێراق، رێگای سەرەکی خانەقین - بەغدایان داخست.
-بۆمبێکی چێندراو لە گەڕەکی نیدای شاری کەرکووک تەقییەوە. بەهۆی تەقینەوەکەوە ئەفسەرێک و هاونیشتمانییەک بریندابوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4855

**09-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140709170301769 45

-نوری مالیکی هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستان کرد و وتی کە هەولێر بووەتە دالّدەی تیرۆریستان.
-سەرکردایەتی کورد وەک یەکەم کاردانەوە لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمڕۆی مالیکی بڕیاریداوە وەزیرە کوردەکان بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق نەکەن.
-ئێوارەی ئەمڕۆ لەلایەن تیرۆریستانەوە بە هاوەن هێرشکرایە سەر خانەقین، بەڵام خۆشبەختانە زیانی گیانیی بەدواوە نەبوو.
-بەغدا گەشتەکانی فڕۆکەی بارهەڵگر بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی رادەگرێت، بەبێ ئەوەی هۆکارێکی دیار و ئاشکرا هەبێت یان بە فەرمی فڕۆکەخانەکان ئاگاداربکاتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4856

**10-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140710122005769555

-لەسەر رێگای خانەقین - کووت، کە تاکە رێگا بووە لە ماوەی رابردوودا شارەکانی هەرێمی بە بەغدا دەبەستەوە، لەلایەن چەکدارانی سەر بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، چوار شۆفێری بارهەڵگر رفێنران، هاوکات سێیەم مووشەک بە ناوچەیەکی سنووری قەزای خانەقینەوە نرا و لەلایەن سوپای عیراقیشەوە بنکەی سەربازی کۆبرا لە سەعدییە، مووشەک باران کرا. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-07-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4857

**11-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071116034876964



-هێرشێکی خۆکوژی دەکرێتەسەر بازگەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە باشووری شاری کەرکوک و بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان بریندار هەیە.
-تەقینەوەیەک خاڵێکی پشکنینی تری هێزەکانی پێشمەرگە لەباشوری کەرکوک دەکاتە ئامانجو بەهۆیەوە دوو پێشمەرگە برینداردەبن.
-داگیرکەری ئێران مەرزە نێودەوڵەتیەکانی لەگەڵ هەرێم داخست.
-تاوەرێکی گەورەی پاڵاوتنی نەوت کە لە بەندەری ئیسکەندەرونی پارێزگای هەتاوە بەرەو هەرێمی کوردستان بەڕێخرابوو گەیشتە دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل.
-ئاژانسی رۆیتەرز لە زاری وەزارەتی نەوتی عیراق و چەند سەرچاوەیەکی کۆمپانیای نەوتی باکوور بڵاویکردەوە کە ئەمڕۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر دوو کێڵگەی نەوتی نزیک لە شاری کەرکوکدا گرتووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4858

**12-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140712090831769971



-لە سەعات دووی بەرەبەیانی ئەمرۆ، شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش لەجەلەولا بەڕێوەدەچێت و لە ریزەکانی پێشمەرگەشدا شەهید و بریندار هەیە. لەم شەڕەدا دەیان چەکداری داعش بەدیلگیران.
-هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و دژەتیرۆر، توانییان دەست بەسەر ئەو خانووەدا بگرن، کە چەکدارانی (داعش) کردبوویانە بارەگا و مۆڵگەی خۆیان لە گەڕەکی وەحدەی شارۆچکەی جەلەولا و لەوێوە بە قەناس تەقەیان لە پێشمەرگە دەکرد.
-بەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکێکی شاری هەولێر ژنێک و کچەکەی بە چەقۆ کوژراون، کە کچەکە تەمەنی سێ ساڵ و دوو مانگە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4859

**13-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140713100537769990



-بەهۆی خراپی کەشوهەواوە گەشتی ئاسمانی نێوان هەولێرو بەغدا ڕاگیرا، بەڵام گەشتی سلێمانی-بەغدا هەر بەردەوامە.
-چەکدارانی داعش 10 کوردی شەبەکی ناوچەی گۆگجەلیل و گوندی تیلۆەی سەر بە پارێزگای موسڵ دەڕفێنن، بە مەش ژمارەی کوردە شەبەکە رفێنراوەکان دەبێتە 105 کەس.
-خەڵکی ناحیەی باتیفای سەر بە قەزای زاخۆ دەستیان کرد بەخۆپیشاندن و داوا لە لایەنە بەرپرسەکانی ناوچەکە کرد بە هانایانەوە بچن لە بەر کەمی پری ئەو کارەبایەیی بۆیان دێت و مۆلیدە ئەهلیەکانیش زۆربەیان وەکو پێویست کار ناکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4860

**14-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140714125554769997

-لەسەر ریگای نێوان کەلار - جەلەولا، بۆمبێک بە ژمارەیەک پۆلیسدا دەتەقێتەوە کە لە بازگەیەکدا بوون، بەو هۆیەوە چوار پۆلیس بریندار بوون.
-لە قەڵادزێ، گەنجێک دوو برای خۆی کوشت و دواتر خۆشی کوشت.
-دوای 10 رۆژ لە رفاندنیان تەرمی دوو کوردی شەبەک دۆزرانەوە.
-وتەبێژی فەرمی یەکینەکانی پاراستنی گەل(یەپەگە) رایدەگەێنێت، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی

له عیراق و شام(داعش) له شەڕ و پێکدادانی هەرێمی کۆبانێ چەکی کیمیایان بەکارهێناوە و بانگەوازی هەستیاری له ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی کرد.
-خۆکوژێک خۆی و ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکەی بە بارەگای فەوجی یەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناحیەی قەرەتەپە دەتەقێنێتەوە و بە هۆیەوە پێشمەرگەیەک شەهید بوو لە گەڵ برینداربوونی 10 پێشمەرگەی تردا، هاوکات ئۆتۆمبیلێکی تر لە ناو شارۆچکەی قەرەتەپە دەتەقێتەوە و چوار برینداری لێدەکەوێتەوە.
-ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هەردوو تەقینەوەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و رایگەیاند، کە لە ڕێگەی دوو کەسی بیانییەوە، ئەنجامدراون.
-ژمارەیەک چەکدار کە جلی سەربازی عیراقییان لەبەر بووە، هەڵدەکوتنە سەر بارەگای رۆژنامەی "تەئاخی" سەر بە پارتی، کە لە بەغدا بە زمانی عەرەبی دەر دەچێت.
-بەمەبەستی بەرگریکردن لە کۆبانێ لە هێرشی چەکدارانی داعشـ سەدان کورد لە باکووری کوردستانەوە چوونە رۆژئاوای کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4861

**15-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071511323677012

-دانیشتووانی شارۆچکەی سەعدییە 12 تەرمیان دۆزییەوە کە سەرجەمیان بە گوللە کوژراون، کە پێدەچێت لە شەڕی نێوان گروپە توندڕەوەکان کوژرابن و تەرمەکانیان بەجێمابێت.
-تەرمی دوو کوردی شەبەک لە ناوچەی گۆگجەلیلی سەر بە پارێزگای موسڵ دۆزرایەوە.
-شەش پاسەوانی بارەگای رۆژنامەی (التاخی) و بەرپرسی ئەمنی ناوچەکەش کە رائیدێکی عەرەبە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عیراقەوە دەستبەسەرکران بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت لەسەر رووداوی هێرشکردنە سەر بارەی رۆژنامەکە لە بەغدا.
-ئاسایشی گەرمیان دەستگیرکردنی چوار تۆمەتباری راگەیاند، کە گوماندەکرێت دەستیان لەو تەقینەوە خۆکوژییەدا هەبێت، کە 17 پێشمەرگە تێیدا بوونە قوربانی.
-وتەبێژی رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد کە حسابی بانکی داهاتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە هالک بانکی تورکیا جێگیرکرا و سێ کەسیش دەتوانن بیجوڵێنن.
-لە دوو گەڕەکی شاری کەرکوک دوو بۆمب تەقییەوە و بە هۆیەوە کەسێک بریندار بوو، تەقینەوەکانیش زیانی ماددیان بەدواوە بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4862

**16-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071612544577018




-نزیکەی کاژێر 4ی ئێوارەی ئەمڕۆ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش" لە ناوچەی تەلوەردی سەر بە ناحیەی ریاز هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دەستپێکرد. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، لە رووبەڕووبوونەوەی چەکداران 3 پێشمەرگە شەهیدبوون و 6 پێشمەرگەش بریندداربوون.
-بەشێک لە خوێندکارانی پۆلی 12 ئامادەیی بۆ ئەوەی نمرەکانی 10 و 11ی ئامادەییان بۆ ئەژمار نەکرێت لەبەر دەم پەرلەمانی کوردستان خۆپێشاندانیان رێکخست.
-بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە و گرژییەی لە ماوەی رابردوودا لە نێوان ژمارەیەک گەنجی کورد و تورکمان لە و شارە دروست بوو، حزبە کوردستانی و تورکمانەکانی دوزخورماتوو لەسەر چەند خاڵێک رێکدەکەون، بڕیاریشە سەردانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگاری کەرکوک بکرێت، بۆ گەڕانەوەی قەزاکە بۆ سەر کەرکوک. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-16
-بەڕێوەبەری لقی هەولێری بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات کە لە رێگەی حسابێکەوە پارەی نەوت دێتە بانکی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەسەڵاتی مامەڵەکردنی بەو پارەیە دەبێت و بەوهۆیەشەوە مووچە زووتر دابەش دەکرێت و پارەی بەڵێندەران دەدرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4863

**17-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140717100511177025

-لە هەولێر باوکێک بە بلۆک کورەکەیی لە کاتی خەوتندا کوشت و پاشان خۆیی رادەستی پۆلیس کرد.
-شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش لە ناوچەی مەکتەب خالید و تەلوەرد لە کەرکوک بەردەوامەو ژمارەیەک پێشمەرگە بریندداربوون، کە عەمید شێرکۆ فاتیح لەناو بریندارەکاندایە، هاوکات لە ریزی چەکدارانی داعیشیش کوژراو و برینددار هەیە.
-بەهۆی تەقینەوەی سێ بۆمبی چێندراو لە شاری کەرکووک هاووڵاتیەک گیانی لەدەستداو سێ کەسیش بریندداربوون.
-سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکوک ڕاگەیاند " دوای زیاتر لە شەش مانگ گەڕانی هێزەکانی ئەمنی بۆ دۆزینەوەی کچێکی تەمەن چوار ساڵی بەناوی (شیلان سالم محەمەد) تەرمی ئەو کچە لە بیری ئاودەستی دراوسێکیان دۆزراوەتەوە،دوای پشکنینی هێزە ئەمنیەکان کچەکە پێش کوشتنی دەستدرێژی سێکسی لەگەڵ کراوە و لە بەردەستی ئەو کەسە خکێنراوە و دواتر پارچە چارچە کراوە و فڕێدراوەتە ئەو بیرەوە.
-چەند فرۆکەیەکی جەنگی "ئێرانی" بۆردومانی گوندێکی نزیکی گەرەکی تەجنیدی ناحیەی جەلەولایان لەپارێزگای دیالە لەعێراق کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4864

**18-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140718104717770043

-داعش و گروپە چەکدارەکانی هاوپەیمانی پردی (هارونیە)یان تەقاندەوە کە خانەقین دەبەستێتەوە بە شارەبان و بەشی خۆرئاوای دیالەوە.
-دەزگا راگەیاندنەکانی سەربە یەکێتی ئەوەیان راگەیاند کە سبەینێ، جەلال تاڵەبانی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.
-دوای 24 کاژێر شەڕکردن لەگەڵ چەکدارانی داعش لە ناوچەی تەلوەرد هێزەکانی پێشمەرگە گەڕانەوە سنوورەکانی پێشووی خۆیان و سەرجەم ناوچەکانیان کۆنترۆڵکردنەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4865

**19-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140720173759770044




-ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە مام جەلال، سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەڕێی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە دوای ساڵێک و حەوت مانگ چارەسەروەرگرتن لە وڵاتی ئەڵمانیا گەڕایەوە کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4866

**20-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140720175341770046

-لە خورماتوو ژنێک و دۆستەکەی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بە تاوانی شەرەف دەکوژرێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4867

**21-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140721115442770577

-لەبەردەم بانکی تویمەلیک لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێک دژی کەمی موچە و نەبوونی خزمەتگوزاری سازکرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4868

**22-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140722084551770069




-تەقینەوەی تانکەرێکی گواستنەوەی سووتەمەنی، لەسەر رێگەی ئامەد - چەولیک، لە نزیک شارۆچکەی لیجە لە باکووری کوردستان 66 بریندراری لێکەوتەوە.
-نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە یاوەری محەممەد تۆفیق رەحیم سەردانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە دەباشان.
-مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم گەیشتنە دەباشان بۆ دیداریان لەگەڵ سەرۆک جەلال جەلال.
بۆیەکەمجارە لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا پەرلەمانتارێکی کورد سەبهان سلێمان سەعدون لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە عەگاڵ و دشداشەوە بەشدارییی دەکات و لە ریزی پەرلەمانتارە کوردەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دادەنیشێت.
-دوو گەنج لە ئاوی رووباری خابیر لە زاخۆ خنکان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4869

**23-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140723091708770093




-نیوەشەو لە شارۆچکەی تەلکێف ئەفسەرێک و دوو پێشمەرگە لەلایەن داعش بە دیل گیرا.
-داعش هەڕەشەی لە 100 خێزانی کوردی موسڵ کرد بۆ ئەوەی بە زووترین کات شارەکە جێبهێڵێن.
-شاندێک کە لە کەرکووکەوە بەمەبەستی وەرگرتنی مووچەی پارێزگاکەیان چووبوونە بەغدا، لە کاتی گەڕانەوەیان رفێنران.
-دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، دانیشتنی پەرلەمانی عێراق، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری عێراق دەستی پێکرد. دوای چەند خولەکێک، بە زۆرینەی دەنگ پرسی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار دواخرا.
-پەرلەمانتارانی کوتلە کوردستانیەکان بۆ یەکلایکردنەوەی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق لەشاری بەغدا کۆبوونەوەو دواتریش پرۆسەی دەنگدان دەستیپێکرد بۆ هەڵبژاردنی کاندیدێکی پۆستی سەرۆکی کۆمار لەنێوان د.فوئاد مەعسوم و د.بەرهەم ساڵح-داو دواتر د.فوئاد مەعسوم بە بەدەستهێنانی 30 دەنگ وەک تاکە کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق دیاریکرا.
-لەیلا زانا و سری سوورەییا ئۆندەر پەیامێکی ئۆجەلانیان گەیاندە جەلال تاڵەبانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4870

**24-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072409534077109



-لە هەردوو گەڕەکی وەحدە و تەجنید شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارەکانی داعش روویدا. شەڕەکە 7 کاژێری خایاند و تەواوی ناحیەکە کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگەی کورستان. بەهۆی ئەو شەڕەوە، زیاتر لە 6 پێشمەرگە برینداربوون و پێشمەرگەیەکیش شەهیدبوو.
-ژمارەیەکی زۆری ئاوارە مەسیحیەکان بە درووشمی کۆتایی هێنان بەو زووڵم و داگیرکارییەی لە موسڵ بەرامبەریان دەکرێت، مەسیحیەکانی عەینکاوا بە رێپێوان و ناڕەزایی بەرەو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان دێن.
-فوئاد مەعسوم بە زۆرینەی دەنگ لە پەڕلەمانی ئێراق بە سەرۆک کۆماری داگیرکەری ئێراق هەڵبژێردرا، بەمشێوەیە نێوبراو بووە دووەم سەرۆک کۆماری کورد لە ئێراقدا.
-بان کی مۆن، سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی هەولێری کرد.
-چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر جەلەولا بۆ داگیرکردنەوەی ئەو شوێنانەی لەدەستیاندابوو، سەرئەنجام هەشت پێشمەرگە شەهید بوون و پێشمەرگەیەکی دیکەی دژە تیرۆریش بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4871

**25-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072513454777130

5 -پێشمەرگەی هێزی فەرماندەیی سپیلک کە بەمەبەستی جێگۆڕکێ، بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەرەو رەبیعە بەڕێکەوتبوون و بە هەڵە چووبوونە ناو مۆڵگەکانی چەکدارانی داعشەوە و شەهیدکران.
-پێشمەرگەیەک بە ناوی (ئالان محەمەد بەشارەت) تەمەن 22 ساڵ و سەر بە لیوای یەکی فەوجی سێی هێزەکانی پێشمەرگە، لەناو پرۆژەی ئاوی بەشیر خنکاو دوای چەندین کاژێر تەرمەکەی دۆزرایەوە.
-دوو تەقینەوە حوسەینیەکانی شاری کەرکوک دەکاتە ئامانج و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانیش ژمارەیەک هاوڵاتی برینداربون.
-لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان،بەشێک لە گەنجانی قەزاکە خۆپیشاندانێکیان لەدژی هاتنی بەلێشاوی ئاوارەی عەرەب ئەنجامدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4872

**26-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072608351177138



-کەشتییەک نەوتی هەرێمی کوردستان کە نەوتی بۆرییە نەوتییە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستانی بارکردبوو لە ئێستادا لە کەناراوەکانی فلۆریدا لەنگەری گرتووە.
-نور مالیکی سەردانی جەلال تاڵەبانیی کرد لە سلێمانی.
-دوو ژن لە رانیە لە دوو رووداوی جیاوازدا گیانیان لەدەستدا و تەرمەکانیان برانە نەخۆشخانە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4873

**27-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072711291677149

-لەنزیک ناوچەی وان، کە دەکەوێتە نزیک موسڵ، تەقینەوەیەک کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی عسیمەت رەجەب، بەرپرسی لقی 14ی موسڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردە ئامانج. تەقینەوەکە زیانی گیانی نەبووە.
-لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی گرووپی داعش لە جەلەولا، 28 پێشمەرگە برینداربوون و 11 چەکداری داعش کوژران و 9ـی دیکەشیان برینداربوون.
-چەکدارانی داعش هێرشیانکردەسەر سەر هێزێکی پێشمەرگە لە نزیک چیای شنگاڵ و بەو هۆیەوە چوار پێشمەرگە بریندار بوون.
-بەهۆی دروستبوونی شەرو پێکدادان لەنێوان هێرەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش لە ناحیەی وانکێ سەر بەقەزای تلکێف 4 چەکداری داعش لە لایەن هێزەکانی پیشمەرگەوە دەستگیر دەکرێن.
-رەنگانێکی شەو چەند کەسێکی نەناسراو هێرش دەکەنە سەر کامەندێکی تەلەفزیونی پەیام و بێژەری هەواڵەکانی کرمانجی ئەیهان سەعید و بە توندی لێی دەدەن و پاشان بە برینداری جێی دەهێڵن و هەلدێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4874

**28-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140728121253771155



-بازاڕی سەید عەلی لە رانیە، کە دوکانی پارچەفرۆش و میوەفرۆشی لێیە، گڕی گرت و سەدان دوکانی کوتاڵفرۆش سوتان و زۆرتر لە 30 کارمەندی فریاگوزاریش برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4875

**29-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140729102657124442



-لەسەر داوایەکی حکومەتی عیراق، دادگای ئەمریکا بڕیاری دەستبەسەراگرتنی کەشتییە نەوتییەکەی هەرێمی کوردستانی دەرکرد کە لە ئێستادا 97 کیلۆمەتر لە بەندەری گالفستنی تەکساسەوە دوورە.
-ژنێکی 45 ساڵە لە رانیە لەلایەن باوکییەوە بە چەقۆ دەکوژرێت.
-وەزارەتی نەوتی عیراق، پێشوازی لە بڕیارەکەی دادگایەکی ئەمریکا دەکات بەدەستگرتنە سەر نەوتەکەی هەرێمی کوردستان کە لە رێگەی کەشتییەکەوە گەیەنرایە بەندەرێک ویلایەتی تەکساس، بەڵێنیش دەدات، لەرووی یاساییەوە دوای بارە نەوتەکانی تر بکەوێت کە لە هەرێمەوە رەوانەی دەرەوە کراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4876

**30-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140730161643771‌82

-لەسەر ئەو کەشتییە نەوتەی لە کەناراوەکانی تێکساس راگیراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان سکاڵایەکی توند دژی حکومەتی عێراق تۆماردەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4877

**31-07-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140731101824771‌91

-وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەڵوێستی فەرمی خۆی لەسەر کەشتییە نەوتەکەی کوردستان دەخاتەڕوو و دەڵێت "فرۆشتنی نەوت لەهەرپارچەیەکی عێراق بێ لە ئەمریکا قەدەغە نییە."
-لە دوێنێوە تا ئێستا داعش 12 کوردی شەبەکی رفاندووە لە هەردوو گەڕەکی جەزائیر و گەراج شیمال، تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە.
-لە رووداوێکی هاتووچۆ لەنێوان قەزای خەبات و کانی قرژاڵە 5 ئۆتۆمبێل پێکیاندادا و بەهۆیەوە 7 کەس گیانیان لەدەستدا، کە دووانیان پێشمەرگەن.
-هەندێک سەرچاوە رایانگەیاند کە بەشێک لە نەوتی کەشتییەکی تری هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەڵگرتووە لە دەریای باشوری چین کراوەتە کەشتییەکی ترەوە.
-بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناحیەی گوێری سەر بە قەزای مەخموور لەئەنجامی شەڕی دوو خێزان کەسێک کوژرا و سیانی تریش بریندرا بوون.
-لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە خۆرئاوای هەرێمی کوبانێ (120) ئەندامی چەکداری داعش کوژران و دەست بەسەر پرێکی زۆریش لە چەک و جبەخانەدا گیراوە.
-ئاگرێکی بەرفراوان لە چیای دابان کەوتەوە و بەهۆیەوە ئەفسەرێک و دوو پۆلیس کە خەریکی

کوژاندنەوەی ئاگرەکە بوون، ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.
-سەرەڕای هەڕەشەکانی حکومەتی عیراقی و تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر حکومەتی هەرێمی و ئەو کەشتییە نەوتییەی کە نەوتی هەرێمی بارکردووە لە نزیک بەندەری تەکساسی ئەمریکا،
کەشتییەکەی تر گەیشتووەتە بەندەری جەیهانی تورکی و پڕکراوە لە نەوتی هەرێمی کوردستان.
-لە گەڕەکی ڕاپەڕین-ی شاری کەرکوک بۆمبێک تەقیووەتەوە کە لە نزیک دوو ماڵ دانرابوو، لە ئاکامیشدا دوو منداڵ بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4878

**00-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082509183267413

-بەگوتەی سەرچاوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە هەندێ لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەلەفییەکان بۆ نیشاندانی پشتیوانی خۆیان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) خۆیان دەرخستووە و ئاڵای ڕەشی داعشیان بەرزکردووەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4879

**01-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080110012420972

-پێکدادان لە نێوان داعش و هێزی پێشمەرگە لە زومار ڕوویدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4880

**02-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080212500723128

-لەشەوی ڕابردووەوە لە ناوچەی کەسکی سەر بە بازگەی ڕەبیعە، شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش بەردەوامەو تا ئێستا دوو پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکی زۆری چەکداری داعشیش کوژراون.
-ئەڵمانیا گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ هەولێر ڕاگرت.
-هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناوچەی کەسکینی سەر بە بازگەی ڕەبیعە کشانەوە بەرەو زوومار و

شەهیدێک و شەش برینداریشیان هەیە.
-دوای چەندین پەلاماری چەکدارەکانی داعش بۆسەر ناحیەی زوماری سەر بە قەزای تەلەعفەر بەرپەرچدانەوەی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە، لە ئێستادا ناحیەی زومار و دەوروبەری بەتەواوی کەوتۆتە ژێر چنگی چەکدارەکانی داعش .
-وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاند کە هێزەکانیان لە دەروازەی ڕەبیعەی سنوورییەوە هاتوونەتە دیوی باشوری کوردستان و لە ئێستادا لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لەبەرنامەداڕشتندان بۆ هێرشکردنە سەر داعش.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4881

**03-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080309584723721



-لە رانیە لەنیوەشەودا ژنێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژرا.
-کاتژمێر سێی شەوی رابردوو چەکدارە توندڕەوەکانی داعش بە تۆپ و دۆشکە و چەکی قورسەوە هێرشیان کردووەتە سەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە قەزای شنگال بێ ئەوەی زەرەرو زیانی گیانی بەدواوە بێت، بەڵام پێشمەرگە لە حەوت شوێنی ئەو قەزایە کشاوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی زیانی بە داعش گەیاندوە.
-داعش شارۆچکەی شنگاڵی داگیرکرد و خەڵکەکەشی ئاوارەبوون.
-داعش ژمارەیەکی زۆری لە ئێزیدییەکانی شنگاڵ کوشت.
-چەکدارەکانی داعش مەزارگەی سەیدە زەینەبیان تەقاندەوە.
-چەکدارانی داعش، ماڵی پەرلەمانتاری کورد موحسن سەعدون لە لە ناحیەی زومار لە پارێزگای نەینەوا دەتەقێننەوە.
-سەرچاوەیەکی ئاگادار، رایدەگەیەنێت، کە حکومەتی فیدڕاڵی عیراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، گەیشتوونەتە رێکەوتن.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هێرشێکی گەورەیان بەپاڵپشتی چەندین چەکی قورس بۆ سەر چەکدارانی داعش لەقەزای شەنگال و زوممار دەستپێکرد.
-بەشێک لەو چەکە قورسانەی لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەیشتنە هەرێم رەوانەی هێزەکانی پێشمەرگە کران و بڕیارە بەمەبەستی هێرشکردنە سەر چەکدارانی داعش لە شەنگارو و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە کاربهێنرێن.
-لە دوای ئەوەی قەزای شنگال کەوتە دەستی چەکدارانی داعش، هێزێکی یەپەگە گەیشتنە سنوری ئەو قەزایە لە ئێستادا لەگەڵ داعش دەجەنگن.
-پارێزگاری نەینەوا بانگەوازێک ئاراستەی وڵاتانی جیهان دەکات بۆ ئەوەی بەپەلە فریای ئێزدییەکانی قەزای شنگال بکەون، راشیدەگەیەنێت کە دوای چەند سەعاتێکی تر هەزاران ئێزدی گیان لەدەست دەدەن.
-شەوی رابردوو گروپە چەکدارەکانی داعش لە گوندی سحێلا لەسەر سنووری خۆرئاوای کوردستان لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە بۆسە دەنێنەوە و

له ئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهیدبوون و شەش پێشمەرگە بەبریندارى کەوتنە دەستى داعش و لەلایەن شەڕڤانانى YPG وە رزگار کران.
-داعش ناحیەى رەبیعەشى گرت.
-پاش دەستبەسەراگرتنى ناحیەکانى زومارو رەبیعە چەکدارانى رێکخراوى دەوڵەتى ئیسلامى دەستیان بەتەقاندنەوەى ماڵى پەرلەمانتارو بەرپرسانى کوردو مەزارە ئاینییەکان کردوە، سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت، تائێستا هەشت ماڵى کوردەکان تەقێنراوەتەوە.
-داعش نزرگەى شێخ شەرەفەدینى تەقاندەوە.
-بەپرسێکى یەکێتى لە شنگال رایدەگەیەنێت کە پێنج لیواى پێشمەرگە و زێرەڤانى لەناوچەى شەنگال و زوممار بوون بەبێ شەڕ کشاونەتەوەو تا ئێستاش پێشمەرگە نەگەشتونەتەوە شنگال و ئەو شەڕەش لەو ناوچەیە دەکرێت هێزەکانى پەیەدە دەیکەن نەک پێشمەرگە.
-دواى ئەوەى کە لەشەوى رابردووە لەلایەن چەکدارانى داعشەوە ناحیەى زوممار کۆنترۆڵکرا، هێزەکانى پێشمەرگە توانیان ئەو شارۆچکەیە کۆنترۆڵ بکەنەوە.


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتى ژمارە: 4882

**04-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140804104629245



-بەهۆى ئەو بارودۆخە خراپەى بەسەر خەڵکى شەنگال هاتووە رەوشى هەڵهاتووەکانى ئەو قەزاییە و دەوروبەرى رووى لەخراپیە و داوادەکرێت هاوکارى بکرێن تا کارەساتى مرۆیى گەورەتر روونەدات، هاوڵاتیانى ئەو سنوورەش راشیدەگەیەنن لەدوێنێوە تا ئێستا هیچ هاوکارییەک بەدەست ئەو خەڵکە لێقەوماوە نەگەیشتوە.
-دژى دەستبەسەرداگرتنى شنگال کە زۆرینەى ئێزیدى نشینە لە لایەن چەکدارانى داعشەوە، خۆپیشاندان و ناڕەزایى ئێزیدییەکان زۆربەى ناوچەى هەرێمى کوردستانى گرتەوە.
-بەپێى زانیارییەکانى پەیامنێرانى تۆرى میدیایى رووداو لە قەزاى تلکێف، پێشمەرگە ئەمڕۆ بەیانى ناحیەى وانکێى گرتەوە.
-لە چوارقورنە دژ بە زیادبوونى ژمارەى ئاوارە عەرەبەکان خۆپیشاندان کرا.
-ژمارەیەکى زۆر لە کەسایەتى حزبى و هاوڵاتى قەزاى بەردەرەش و ناوچەى گۆرانەتى بە گشتى هێزێک پێکهێنرا بەرەو بەرەکانى شەڕ لە دەڤەرى شنگال و چەند ناوچەیەکى تر بەرێکەوتن.
-مەسعود بارزانى سەرۆکى هەرێمى کوردستان رایگەیاند لێپرسینەوە لەو کەسانە دەکرێت کە لە بەرامبەر بەرگریکردن و پارستنى خەڵکى کوردستان لە دەڤەرى شنگال کەمتەرخەم بوون.
-بەرپرسێکى باڵاى وزەى تورکیا بە ڕویتەرز بڵاویکردەوە حکومەتى هەرێمى کوردستان دەستیکردووەتەوە بە هەناردەکردنى نەوتى هەرێمى کوردستان بۆ بەندەرى جەیهانى تورکى بەڵام پرى هەناردەکردنەکە لە 120 هەزار

بەرمیلی ڕۆژانەوە کەمکراوەتەوە بۆ 75 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.
-سەرچاوەکانی هەواڵی ئێران ڕایانگەیاندووە، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ بەندیخانەی گشتیی شاری کورد ئاگری گرتووە و بەهۆیەوە 11 بەندکراوی کوردی ئەو بەندیخانە بەهۆی دووکەڵی ئاگرەکەوە خنکان و 14 کەسی دیکەش بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4883

## 05-08-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080509000924712

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر لە نیوەی قەزای شنگالیان لە چەکدارانی داعش پاککردوەتەوە و زیانێکی گەورەشیان بەو چەکدارانە گەیاندوە، چەکدارانی داعشیش بۆ ئەوەی پێشمەرگە نەیانناسێتەوە جلی کوردی لەبەر دەکەن.
-لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراودا لە گەرەکێکی شاری کەرکوک کە لە نزیک ماڵی پۆلیسێک دانرابوو، چوار ئەندامی خێزانێک بریندار بوون.
-تا ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس لە چیای شنگال عاسی بوون و کێشەی ئاو و خۆراکیان هەیە.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەپەگە ئاشکرایدەکەن، ئێستا شەڕی قورس لەناو شنگالدایەو هێزەکانیشیان لە دوێنێوە 15 شەڕڤانیان بەدەستی بەدەستی داعش شەهید بووە.
-پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی کۆپتەرەوە خواردن و ئاوی گەیاندە ئێزیدییە گەمارۆدراوەکانی چیای شەنگال.
-ڤیان دەخیل، پەرلەمانتاری ئێزدی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە وتی "لەژێر بەیداخی (لا اله الا الله) ئێزدیەکان سەردەبڕێن"، نوێنەرە سوننەکان توورە بوون و بەوهۆیەوە هەڵا لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا دروستبوو.
-لەهەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئەو بارگرژییە ئەمنیەی روویکردۆتەو قەزای شنگال بەهۆی پەلاماری چەکدارەکانی داعش بۆسەر قەزاکەو دەربەدەربوونی دانیشتوانەکەی، پەرلەمانی کوردستان بڕیدا بە پێکهێنانی پێنج لیژنە.
-ڕێکخراوی یونیسێف-ی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرایکرد کە لەکاتی هێرشکردنەسەر چەکدارە توندڕەوەکانی داعش، 40 منداڵی یەزیدیی دانیشتووی شەنگال گیانیان لەدەستداوە.
-موراد قەرایلان رایدەگەیەنێت: پێویستە لەگەڵ یەکێتی و پارتی هێزێکی هاوبەش دامەزرێنین و ئامادەکاریش دەکەین، دەشڵێت: دەتوانین لەکەمترین کاتدا شەنگال ئازاد بکەین، بەڵام ئەگەر ئەمەش نەبێت ئێمە وەک گەریلا لەوێین.
-شەڕ و پێکدان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعش لە گوندی کوشافی کوردی لە ناحیەی گوێری قەزای مەخمور دەستپێکرد.
-پارتی ئازادی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ 200 پێشمەرگەی ئەو حیزبە بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی باشوور و پاراستنی هاونیشتمانیانی ئێزدی ڕەوانەی دەورووبەری شاری شنگال کردووە.
-سەرچاوەیەکی پێشمەرگە ڕایگەیاند، هێزەکانی پێشمەرگە لە قوڵی شێخانەوە چونەتە ناو شاری موسڵەوە.
-بێستون فایەق، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، لە ناوچەکانی شنگالەوە تایبەت بە خەندان-ی ڕاگەیاند: "500 ئافرەتی ئێزیدی لە شەنگال ڕفێنراون و دەستدرێژییان کراوەتەسەر."

-بەوتەی ئەندامێکی هێزەکانی پاراستنی گەل "هەپەگە"، ئەمڕۆ چەکدارانی داعش لە سنووری موسڵ زیاتر لە 500 کوژراو و برینداریان هەبووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4884

**06-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140806091227226232

-هەمەرێکی داعش کە خۆکوژێکی تێدابوو بە خاڵێکی پشکنینی پێشمەرگە لە گوندی عالییە رەشی سەر بە قەزای قەرەقوش تەقییەوە و چەند بریندارێک و شەهیدێکی پێشمەرگەی لێکەوتەوە.
-شەڕ و پێکدان لە نێوان داعش و پێشمەرگە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی گوێر دەستیپێکردوەتەوە و داعش تێکشکاوە و پێشمەرگە لە پێشڕەوی دایە.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەناوچەکانی حەی تەحریرو شەلالەت لەموسڵ توانیان بەسەر چەکدارانی داعش سەرکەوتن تۆمار بکەن.
-ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئیدانەی توندی پەلاماری چەکدارەکانی داعش بۆ سەر قەزای شنگال و ناوچەکانی دیکەی باکوری عیراق دەکات و بەپێویستی دەزانێت هەموو ئەوانە سزا بدرێن کە بەرپرسن لە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی .
-لە کاتژمێر چواری بەرەبەیانی ئەمڕۆ، چەکدارانی داعش هێرشیان کردوەتە سەر خاڵەکانی پیشمەرگە لە گوندی عەلی رەشی سەر بناحیەی بەرتلە، پێشمەرگەش بەرپەرچی هێرشەکەیان داوەتەوە، لە نزیک بەنداوی موسڵیش شەڕ بەردەوامە.
-سەرچاوەیەک لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایگەیاند، هێزێکیان بەناوی یەکینەی بەرخۆدانی شنگال پێکهێناوە، کە لە گەنجانی ئێزدی پێکهاتووەو لە لایەن رۆژئاوای کوردستانەوە چەکیان پێدراوەو ئامانجیان پاککردنەوەی شنگالە لە چەکدارانی داعش.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە نزیک موسڵ دوو ئەمیری گەورەی داعش کە یەکێکیان بەرپرسی تەقاندنەوەی مەزارە ئاینیەکانە دەکوژن و سەرچاوەکانی ناو پێشمەرگەش رایدەگەیەنن، نەخۆشخانەکانی موسڵ پربوون لە برینداری داعش.
-ڕێگایەک بۆ ئاوارەکانی چیای شەنگال کراوەتەوەو لەئێستادا هێزەکانی پیشمەرگە سەرقاڵی دەربازکردنیانن بەرەو سنوری سوریا.
-چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ناحیەی گوێر-یان داگیرکرد.
-بەپێی هەندێک سەرچاوە: پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان PDK لەناحیەی گوێر و قەزای مەخموور و گوندەکانی دەوروبەری پاشەکشەدەکەن و ئەمەش ئاڵۆزیەکی زۆری لە و ناوچەیە دروست کردووە و هاوڵاتیانیش ئاوارەدەبن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4885

**07-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140807101049308 09



-هەموو سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە شەڕ لە بەرەی موسڵ و شەنگال زۆر گەرمە و پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەروەها باسیش لەوە دەکرێت کە مەخموور تاوەکو ئەمڕۆ لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە و هەریەک لە وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم و پارێزگاری هەولێر، ئەم بەیانییە لە شارۆچکەی مەخموور نانی بەیانیان خواردووە.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هەردوو ناوچەی حەمدانیە و سعودیەی لە پارێزگای موسڵ کۆنترۆڵ کرد و زیانێکی گەورەی بە داعش گەیاند.
-دوو تەقینەوە، لە گەڕەکی تسعین حسێنیەیەکیان کردە ئامانج و لە ئەنجامدا چوار کەس کوژران و 22 کەسیش بریندار بوون.
-رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی داعش و چەکدارە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەردەوامە و ئاژانسەکانی جیهانیش، بەردەوام راپۆرت و هەواڵی جیاواز لەو بارەیەوە بڵاودەکەنەوە و باس لە یەکگرتوویی کورد دەکەن لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا.
-هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە تورکیا بە فڕۆکەی F16 یارمەتیی کورد دەدات لە دژی داعش.
-سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، کە بە بڕیاری ئەوان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە پارێزگای هەولێر بۆ ماوەی 24 کاژێر راگیراوە.
-لەلایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ەوە نزیکەی 4700 ئاوارەی ئێزدی لە چیای شنگال هێنرانە خوارەوە.
-بەهۆی لاوازبوونی داعشەوە لەناحیەی جەلەولای پارێزگای دیالە چەکدارانی عەشیرەتی کەرەوی کە پاڵپشتی سەرەکی داعش بوون خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردوە.
-چەند کەسێک لە گەڕەکی شەهیدانی کەلار پەلاماری چەند ماڵێکی ئاوارەی عەرەب دەدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4886

**08-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140808090435327 87



-سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، باراک ئۆباما، ڕایگەیاند" ماوەیەکی زۆرە چاودێریی دۆخەکە دەکەین و کارەساتێکی مەترسیدا، بەسەر عێراق و کوردەکاندا هاتووە و فەرمان بە سوپای ئەمریکا دەکەم، لەتەواوی ناوچەکانی کوردستان و عێراقدا، هێرشی سەر داعش، دەست پێ بکەن.
-فڕۆکە ئەمریکییەکان، 8 هەزار ژەمی خواردن و 5 هەزار و 300 گاڵۆن ئاویان بۆ ئاوارەکانی چیای شنگال فڕێداوەتە خوارەوە.
-کاژێر 2:40 ی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، چەند فڕۆکە جەنگیی ئەمریکا لە جۆری ئێف 16، بۆ پشتیوانیکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستیانکرد بە بۆمبارانکردنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش) و، ژمارەیەکی زۆر کوژراوی داعش هەیە و زۆر بە وردی هێز و بنکەکانی داعش دەپێکن.
-گەریلاکانی YJA STAR و HPG لە دوای گواستنەوەی هاوڵاتیانی کەمپی پەنابەرانی مەخمور بۆ شوێنێکی ئارام، جارێکی تر گەڕانەوە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی هەرێمی باشووری کوردستان لە دژی گروپە چەتەکانی داعش شەڕ دەکەن.
-کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئیمارات، گەشتە ئاسمانییەکانی خۆی بۆ شاری هەولێر ڕاگرت.
200 -خێزان لە چیای شنگال دەربازبوونە و گەیشتوونەتە زاخۆ.
-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەت کێشانی ئێران دەکەونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو حزبەش رایدەگەیەنێت، هەر کام لەسنورەکانی هەرێمی کوردستان بێت بۆ ئێمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوە خاکی کوردستان و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزین.
-فواد حسێن رایگەیاند: لەم شەڕانەی دوایدا پێشمەرگە 150 شەهید و 500 بریندار هەیە.
-پەیامنێرێکی ANF بە ناوی "دەنیز فرات" لە کامپی مەخمور لە کاتی رومال کردنی هەواڵەکاندا بە هۆی هێرشی گروپە چەتەکانی داعش گیانی لەدەست دەدات.
-وڵاتی ئیتاڵیا بەفەرمی پاڵپشتی هەرێمی کوردستان دەکات لەبەرەی جەنگ لەدژی چەکدارانی داعشو بیر لەدۆزینەوەی شێوازێک دەکەنەوە بۆ یارمەتی سەربازیو مرۆیی بۆ کورد.
-چەکدارانی داعش لەناحیەی بەعشیقە، مەسیحیو یەزیدییەکانیان راگەیاندووە : کەیان دەبێت موسوڵمان بن یان دەبێت باج بدەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4887
**09-08-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140809095832536l9



-تەرمی دەنیز فرات دوێنێ لە کەمپی پەنابەرانی مەخمورەوە گەیەندرایە شاری هەولێر و لەوێشەوە بە کاروانێکی دەیان ئۆتۆمبێلی گەیەندرابووە بناری قەندیل، سەرلەبەیانی ئەمڕۆش بەکاروانێکی سەدان ئۆتۆمبێلی و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی باشوری کوردستان و ئاوارەکانی کەمپی مەخمور و هەروەها بە مەراسیمیکی سەربازی لەلایەن گەریلاکانی HPG ەوە لە گۆڕستانی (شەهید محەمەد قەرەسونگور) ەوە بەرەو شاری وانی باکوری کوردستان بەڕێکرا.

-هێزەکانی پێشمەرگە چیای شەنگالو ناوچەکانی دەوروبەری کۆنترۆڵدەکاتو ڕێگایەکی ئارام بۆ دەربازکردنی ئاوارەکان دابیندەکات.

-دوو گوللە هاوەن لە دوو گەڕەکی کوردنشینی شاری حەسەکە کەوتە خوارەوە و لە ئەنجامدا (7) هاوڵاتی مەدەنی بریندار بوون.

-هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و نەوشیروان مستەفا دەربارەی پرسی پارێزگاری سلێمانی کۆبوونەوە.

-بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، رایدەگەیەنێت کە بەهیچ شێوەیەک رێگە بە ئەنجامدانی ئەو گردبونەوەیەی ئەمڕۆی شاری هەولێر نادەن کە بڕیارە تێیدا داوا بکرێت ئاوارە عەرەبەکان لە هەولێر دەربکرێن، ئاماژە بەوەش دەکات کە گردبونەوەکە بێ مۆڵەتە و عەرەبەکانی هەولێریش هیچ مەترسییەکیان نییە تا دەربکرێن و شاری هەولێریش زۆر ئارامە.

-هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش، لەبەرەی ناوەران لە باکووری مووسڵ، شەوی رابردوو، چوونە ناو گوندەکانی (شێخ مەڕوان و کانی ماران)، کە عەرەبنشینن و لە نزیک هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی داعشن و 62 کەسیان دەستگیرکردووە، کە گومان دەکرێ هاوکاری چەکدارانی داعشیان کردبێت و دەستیان بەسەر 15 پارچە چەکیشدا گرتووە.

-فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی رایدەگەیەنێت، رووداوەکانی ئەم دواییە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گەشتە ئاسمانیەکان دروست نەکردووە و گەشتی فڕۆکە بازرگانیەگانی نێوان فرۆکەخانە و بەغدای پایتەخت کراونەتەوە.

-سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رایگەیاند کە وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بۆ کوردەکانی عیراق کە لە رووبەڕووبوونەوەدان لەگەڵ چەکدارانی داعش.

-داعش پردی خازریان تەقاندەوە کە لەسەر رێگای سەرەکی هەولێر - موسڵە.

-لە چەند ناوچەیەکی ئیدارەی ڕاپەڕین، نامەی هەرەشە فڕێدەدرێتە ماڵی خێزانە عەرەبە ئاوارەکانەوە، لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێت هەرکەس و گروپێک کاری لەوجۆرە ئەنجامبدات، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە.

-لە ئاکامی تەقینەوەی چواربۆمبی چێنراو لە شاری کەرکوک (10) کەس برینداری بوون و زیانی ماددیی زۆریشی گەیاند .

-لەگوندی کەشکوڵی نێوان ناحیەکانی قەرەتەپەو جەلەولا، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێنراوەوە پێشمەرگەی دێرین بەناوی (حەمە چاوجوانی کفری) شەهید بوو پاسەوانێکیشی برینداربوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4888

**10-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140810102142605471




-هێزی پێشمەرگە شارەدێی گوێری گرتەوە.
-هێزی پێشمەرگە شارۆچکەی مەخموری گرتەوە.
-لۆران فابیۆس، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گەیشتە هەولێرو لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووەوەو دوابەدوای کۆبونەوەکەش کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشیان ئەنجامدا. وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەهەولێر پشتیوانی حکومەتەکەی بۆ هەوڵەکانی پاراستنی هاوڵاتیانو پاراستنی ئازادی دەربڕیو رایگەیاند، خەڵکی ئێرە بەدەست شتێکەوە دەناڵێنێت کە ئەوان ناوی دەنێن خەلافەتی رق.
-دوو بۆمبی چێنراو بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی مەحمود سەنگاویدا لە جەلەولا تەقییەوە. زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.
-هێزی پێشمەرگە لە جەلەولا پاشەکشێی کرد و داعش داگیریکرد.
-فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە هیچ کونسوڵگەریەک دانەخراوە.
-رەجەب تەیب ئەردۆگان، بووە 12هەمین سەرۆککۆماری داگیرکەری تورک.
-لەکاتی هاتنی چەکدارانی داعش بۆ ناحیەی جەلەولا لەپارێزگای دیالە، ماڵە عەرەبەکانی ئەو ناحیەیە بەگەرمی پێشوازیی گەرمیان لەداعش کرد و تەقەی خۆشیان بەئاسماندا کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4889

**11-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140811093755644675



-دوا بەشی ئاوارەکانی سەر شاخی شەنگال لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە گەیەندرانە ناوچە ئارامەکانو لەئێستادا شاخەکە هیچ ئاوارەیەکی تیانەماوە.
-فڕۆکەی جەنگی بەخەستی بۆردومانی چەکدارانی داعش لەناحیەی جەلەولا دەکات.
-بەفەرمانی نوری مالکی، فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی عیراق، ژمارەیەکی زۆر لە هێزە ئەمنیەکان بە تانک و زرێپۆشەوە لە ناوشاری بەغدا بڵاوەیانپێکراوە، چاودێرانیش وای بۆدەچن، ئەم ئامادەکارییەی مالکی یان لەپای ئاڵۆزیی قەیرانە سیاسیەکانە لەبارەی کێ وڵات بەڕێوەبەرێت هاتۆتە ئارا، یان گرتنەبەری رێوشوێنە لەترسی هێرشەکانی داعش بۆ سەر بەغدا.
-بەیانی ئەمڕۆ سوپای عێراق، بەفەرمانی نوری مالکی لەشار بەغداد بڵاوەیان پێکراو لەئێستادا هێزێکی زۆر بەچەکی قورسەوە چواردەوری کۆشکی کۆمارییان داوە، کە سەرجەم نوێنەرە کوردەکانی تێدا نیشتەجێە .
YPG -لە شنگال هێزێک لە گەنجانی ئێزدی دروستدەکات.

-سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا راستەوخۆ چەک دەداتە هێزی پێشمەرگە.
-فوئاد مەعسووم سەرۆککۆماری عێراق بە فەرمی حەیدەر عەبادی کاندیدی هاوپەیمانیی نیشتمانیی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق راسپارد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4890

**12-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140812130133365324



-سەرلەبەیانی ئەمرۆ تەقینەوەیەکی بەهێز لە ناحیەی تازەخورماتوو روویدا.
-بەهۆی زۆری رێژەی ئاوارەکان لە سنوری پارێزگای دهۆک، فەرهاد ئەتروشی پارێزگاری دهۆک پارێزگاری دهۆک لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا باری نا ئاسایی لەو پارێزگایە راگەیاند.
-بەهۆی هەڵنەبژاردنەوەی مالکی بۆ ویلایەتی سێیەم و دیاریکردنی حەیدەر عەبادی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هاوڵاتیانی عێراق خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و بای بای لەنوری مالکی دەکەن.
-ئێوارەی ئەمرۆ هێلیکۆپتەرێک کە هاوکاری گەیاندبووە چیای شەنگال بەهۆی هەڵەی تەکنیکییەوە کەوتە خوارەوە. ئەم رووداوە بووە هۆی گیانلەدەستدانی فڕۆکەوان و یەک لە سەرنشینەکانی، هەروەها 20 کەسی تریش برینداربوون کە یەک لە بریندارەکان ڤیان دەخیل پەرلەمانتاری کوردە لە پەرلەمانی عیراق.
-چەکدارەکانی داعش هێرشێکیان دەستپێکرد بۆ بازگەی نەقشبەندی لە باکوری جەلەولا، بەڵام دووای شەڕێکی زۆر هێرشەکەیان تێکشکا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4891

**13-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140813221154655518



-بەئامادەبوونی نوری مالیکی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عیراق، تەرمی لیوای فڕۆکەوان ماجد عەبدولسەلام تەمیمی بەخاک سپێردرا، کە دوێنێ لەکاتی بەهاناوەچوونی ئاوارە ئێزدییەکان لە چیای شنگال، هێلیکۆپتەرەکەی کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەستدا.
-لەبەسەرکردنەوەی بەرەکانی جەنگدا، بارزانی گەریلاکانی پەکەکە و یەپەگەی بەسەر کردەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4892

**21-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082222273665601

-چەکدارەکانی داعش 3 مەزارگەی شێشمس و شێخ حەسەن و شێخوبەکری ئێزیدیانیان لە باشیک تەقاندەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4893

**22-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082221145865549



-چەکدارانی داعش مەقامی بابا یادگاری کاکەییەکانیان لە نزیک ناحیەی کەڵەک تەقاندەوە.
-هێزی پێشمەرگە پێشرەویی لە ناوچەکانی جەلەولا و زوماردا کرد و زیانی زۆری بە داعش گەیاند.
-هێزێکی هاوبەشی رۆژهەڵاتی کوردستان رەوانەی بەرەکانی شەڕ لە کەرکوک کرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4894

**23-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082312081366418


سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش / هەولێر
ڕاگەیاندن

رئاسة مجلس الوزراء
جهاز أسايش اقليم كوردستان
مديرية الأسايش العامة / اربيل
الإعلام

ڕاگەیێندراوێک لە( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش)ەوە ..

ئەمڕۆ ئێوارە کاتژمێر شەش و بیست دەقیقە، سەیارەیەکی جۆری هوندای تۆکسون، ڕەنگی سیلڤەر کە لە پارکینگێک لەسەر شەقامی کەرکوک-هەولێر، نزیک پەیمانگەی تەکنیکی ڕاگیرابوو، تەقییەوە و لە ئاکامدا چوار کەس بە سووکی بریندار بوون.

لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە و هاوڵاتیانی خۆشەویست لە ئەنجامی ئاگادار دەکەینەوە و دڵنیایان دەکەینەوە کە بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵ دایە و ئاسایییە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش
2014/8/23

-گەریلاکانی هەپەگە چەند بۆسەیەک لە شوێنە تایبەتەکانی قەزای شەنگال بەرامبەری چەکدارانی داعش دادەنێن، لە ئەنجامدا توانیان 14 چەکدار بکوژن و دەستبەر سەر چوار تەن TNT دا بگرن.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوری نەقشبەندیەوە هێرشیان بۆ سەر گروپە چەکدارەکانی داعش دەستپێکرد و توانیان چوار ڕەبایە لە بەرزایەکانی ناحیەی جەلەولا و پردەکەی جەلەولا کۆنترۆڵ بکەن کە پێشتر بە دەست گروپە چەکدارەکانی داعشەوە بووە.
-بە مەبەستی وەستاندنی بەردەوامیی هەڵمەتی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناو ناحیەی جەلەولا، ئێوارەی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش هەر دوو پردی دەروازەی ناحیەکەیان تەقاندەوە، هێزەکانی پێشمەرگەش بەردەوامن لەبۆردومانکردنی مۆڵگە و حەشارگەکانی داعش لەناوچەکە.
-سێ تەقینەوە لە دوو ناوچەی جیاوازی شاری کەرکووک روویداو بەهۆیەوە 16 شەهید و 50 بریندار لێکەوتۆتەوە. یەک لە شەهیدەکان رۆژنامەنووس هەژار ئاغا مەنتک - هەژاری لاوان بوو.
-تەقینەوەیەک لە نزیک پەیمانگای تەکنیکی هەولێر لە سەر رێگەی هەولێر – کەرکوک روویدا و 4 کەس برینداربوون.
-مام رۆستەم، یەکێک لە دامەزرێنەران و هەڵسوراوی دیاری بزووتنەوەی گۆران، وازهێنانی خۆی لە بزووتنەوەکە راگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4895

**24-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140824102417667 90



-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە پێشڕەوی بەردەوامدان لە سنووری قەزای مەخمور و بەیانی ئەمڕۆ ناحیەی قەراج و 10 گوندی دەوروبەری ئەو ناحییەیە ئازاد کراونەتەوە.
-بەیانی ئەمڕۆ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە لەناحیەی جەلەولای پارێزگای دیالە چوار پێشمەرگەی کوردستان شەهید دەبن.
-لە پارێزگای سیرتی باکوری کوردستان بەهۆی بەردانەوەی ئاوی بەنداوێکەوە چەند سەیرانکەرێکی ئەو ناوچەیە ژێر ئاوکەوتن و دواتر توانرا ڕزگار بکرێن.
-لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی کونسوڵی ئەمریکا لە هەولێر و ژمارەیەک لەوەزیرەکانی حکومەتی هەرێم و ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکانی کوردستان ڕێورەسمێکی ماتەمینی بۆ رۆژنامەنوسی ئەمریکی (جێمس فولی) کە بەدەستی داعش سەری لەلاشەی جیاکرایەوە، بەڕێوەچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4896

**25-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140825091012673



-پەلاماری گۆڕی شێخێکی دیاری ناوچەی پێنجوێن و شارەزوور دراوە و هەوڵدراوە بتەقێنرێتەوە.
-لەچەند گەڕەکێکی قەزای سەیدساق گروپێکی نەناسراو کاغەزێکی نوسراویان فڕێداوەتە ماڵی هاوڵاتیان، گروپەکە خۆیان بە (گەنجانی سەرەڕۆی سەرشەقام) ناساندوە و پەیامەکەیان بەناوی (لەگەنجانی سەرەڕۆی سەر شەقامەوە بۆ کچانی نیشتمان)ەوەیە .لەپەیامەکەدا دەستیان وەرداوەتە ژیانی تایبەتی خەڵک و دەیانەوێ دیاری بکەن ئافرەتان چ جۆرە جلێک لەبەر بکەن .
-سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای خۆپیشاندانی رەتکردەوە، کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار کرایەوەو رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا.
-وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەفرمانێک تاقیکردنەوەی خولی دووەمی زانکۆکانی بۆ 18 ئەم مانگە دواخست.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک بە هۆی دەستڕێژی گوللەوە لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە، هاوڵاتیەک کوژرا و چواری دیکەش بریندار بوون کە یەکێکیان منداڵە.
" -سۆمەریەنیوز" لە زاری سەرچاوەیەک لە پارێزگای نەینەواوە بڵاویکردەوە کە "رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، 300 هاوڵاتی ئێزدی کە زۆربەیان ژن و منداڵن لە بنکەی گەیارەی سەربازی لە ناوچەی گەیارە کە 85 کیلۆمەتر لە باشووی موسڵەوەیە دەستبەسەر کردووە."
-سەنتەری "لالش"ی ئێزدییەکان رایگەیاند کە ناوی زیاتر لە 750 ئێزدی تۆمارکراوە کە دیارنین، سەرەڕای 500 کەسی تر کە لەکاتی دەستبەسەرداگرتنی قەزای شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندراون.
-دادگەی ئەمریکا لە تەکساس بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتییەکەی هەریمی هەڵوەشاندەوە، مافی داگرتنی نەوتەکەی لە تەکساس دەرکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4897

**26-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140826115515680



-ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا ڕەزامەندی لەسەر داوایەکی وەزیری بازرگانی دەربڕی کە تیایدا داوایکردبوو ئەو پارێزگایانەی عیراق و هەرێم کە وەک پێویست خۆراکی مانگانەیان پێنەگەیشتووە قەرەبوو بکرێنەوە بە پرە پارەیەک.
-لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەبەردەم نەخۆشخانەی گشتی خورماتوو دەستبەسەر ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگردا گیرا کە بۆمبڕێژکرابوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4898

**27-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140827131217686632



-لەئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراودا لە گوندی حسێنییەی ناحیەی جەلەولا، دوو ئەفسەر و پێشمەرگەیەک شەهید بوون.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک سێ کەس بە کوژراوی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا دۆزرانەوە سەرچاوەیەکی ئاگاداریش رایدەگەیەنێت یەکێک لە کوژراوەکان کاندیدی ئیئتلافی عیراق بووە لە کەرکوک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.
-ئاگرێکی گەورە لە چیای کۆڕەک کەوتەوە و بەهەوڵی تیمەکانی ئاگر کوژێنەوەی خەلیفان و سۆران و رواندز توانرا دوای (5) کاتژمێر ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت. بەو هۆیەشەوە نزیکەی (50) دۆنم پوش و پەڵاش سوتاوە و زیانێکی زۆریش بەو دارە سروشتیانە گەیشتووە کە لەو ناوچەیەدا بوون.
-دوو پاسداری ئێرانی، کە ئەندامی تیمێکی شارەزای پوچەڵکردنەوەی مین بوون، لەناحیەی (باقرت)ی سەر بە قەزای مەخمور کوژران.
-بۆ رێکخستنی هاوکارییە مەدەنی و سەربازییەکانی، سوپای ئەڵمانیا یەکەیەک لە سوپای وڵاتەکەی رەوانەی هەرێمی کوردستان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4899

**28-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140828095220692223



-بەهۆی پێشڕەوییە بەردەوامەکانی پێشمەرگەوە لە سنووری ناحیەی زوومارو درووستکردنی مەترسی لەسەر چەکدارانی داعش، چەکدارانی گرووپی داعش ئاگریان لە بیرە نەوتیەکانی عەین زالە بەردەدا.
-داعش مەزارگەیەکی کاکەییەکانیان لە گوندێکی ژێردەستیان تەقاندەوە. مەزارەکە ناوی مەزاری (سەید هەیاس)ە کە دەکەوێتە گوندی وەردەک-ی سەربە قەزای حەمدانییە.
-تەقە لەکاروانی ئۆتۆمبێلەکانی مەلا بەختیار و شێخ جەعفەر کرا و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک بریندارو.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانیان ناحیەی رەبیعە کۆنترۆڵ بکەنەوەو 100 چەکداری داعشیش کوژراوە.
-بەتۆمەتی بوونی پەیوەندی بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، هێزەکانی ئاسایشی هەولێر شاعیرێکی عەرەب بەناوی وەلید ئەلشمخانی دەستگیردەکەن.
-لە نزیک بارەگای کەیوان و لە سنوری ناحییەی سەرگەران، لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکدا بە هێزەکانی پێشمەرگەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو پێنجی دیکەش بریندار بوون.
-پەرلەمانی دانیمارک بریاریدا بێتەڕیزی ئەو وڵاتانەی کۆمەک و پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن لە شەڕی دژ بە چەکدارانی داعش و دەستیکرد بە رەوانەکردنی سەرباز و چەک و تەقەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4900

**29-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082911092469349

-وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم رەخنەی توند لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی جگە لە (کۆماری ئیسلامی ئێران) دەگرێت کە لەڕووداوەکانی ئەمدواییەی کوردستان لەرووبەڕووبوونەوەی داعش، هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو.
-لە ئەنجامی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر دوو گوندی قەزای دووزخورماتوو، 25 کەس بریندار بوون و 4 کەسیش شەهید بوون.
-وەزیری وزەی تورکیا رایگەیاند، کە دوازدەیەمین کەشتییە نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بارکرا و تاوەکو ئێستاش 8.8 ملیۆن بەرمیل نەوت رەوانەکراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4901

**30-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140830105437696643

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، هێرشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناحیەی زومار لەپارێزگای موسڵ دەستپێکرد و دەمەوئێوارە چوونە ناو ناوەندی زومارەوە.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانیان بەتەواوی ناوچەی عەین زالە کۆنترِۆڵ بکەن و لە چەکدارانی داعشی پاک بکەنەوە.
-لە گەڕەکێکی شاری کەرکوک دوو بۆمبی چێنراو تەقینەوە و بە هۆیەوە دوو هاوڵاتی بریندار بوون.
-لە ناحیەی زومار بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک شەهید بوو، یەکێکی تریش برینداربوو.
-بۆمبێکی چێنراو بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی دهۆکی یەکێتی لەناوچەی زوممار تەقیەوە، بەڵام زیانی گیانیی نەبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4902

**31-08-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140831121908711105


جمهورية العراق
إقليم كوردستان

-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عیراق لە سنووری خورماتوو لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردووەتە سەر چەکدارەکانی داعش و 36 چەکداری داعش دەستگیرکراون. بەهۆی ئەم هێرشانەوە شارەدێی ئیمرالی لە داعش پاککرایەوە.
-حکومەتی ئەڵمانیا رایگەیاند: رەزامەندی دەرپڕیوە بەمەبەستی ناردنی چەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و ئەمڕۆ ئەو بڕیارەی پەسەند کرد.
-سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەردوو یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی پەسەندکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4903

**01-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140901110350706694



-شارەدێی سلێمان بەگ لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکرایەوە.
-خۆپیشاندان لە هەندێک لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان لە دژی گرانبوونی نرخی بەنزین.
-رێگای کەرکوک - بەغدا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عیراق بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرایەوە،
-لە ناوچەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان کەوتە خوارەوە.
-بۆ یەکەمجار لە مێژووی رۆژنامەگەری ئێرانیدا رۆژنامەی بەناوبانگی شەرق پاشکۆیەکی تایبەت بە سەرکردەیەکی کورد بڵاودەکاتەوە کە تایبەت دەبێت بە مام جەلال.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4904

**02-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140902094721772200



-ژمارەیەکی زۆر لەخۆپیشاندەران دژی بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی رێگای سەرەکی سلێمانی - تاسلۆجەیان داخست.
-کەسوکاری قوربانیانی سپایکەر، هێرش دەکەنە سەر بینای پەرلەمانی عیراق لە بەغدا و جامی پەنجەرە و دەرگای چەند ژوورێک دەشکێنن، هاوکات ژمارەیەکیان لێبریندار دەبێت و ژمارەیەکیش لە پاسەوانەکانی پەرلەمان، بریندارن.
-سەرۆکوەزیرانی پێشووی فەرەنسا گەیشتە هەولێر.
-لە میانی خۆپیشاندانی خۆپیشاندەرانی نارەزای دژی گرانکردنی نرخی بەنزین، تاکە پێڵاوێک گیرایە پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو کە سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانە.
-هاوڵاتیەک لە بیارەی سەر بە هەورامان وەک نارەزاییەک لە دژی گرانبونی نرخی بەنزین ئۆتۆمبێلەکەی سوتاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4905

**03-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140903100723772332

-هێزەکانی ئاسایشی قەرەتەپە توانییان بۆمبێکی چێنراو لە ناوقەرەتەپە پووچەڵ بکەنەوە کە پێکهاتبوو لە 70 کیلۆTNT ، بەپێی زانیارییەکانیش، چەکدارانی داعش لە سنووری ناحییەکە دەکشێنەوە و لەترسی بەئامانجکردنیان لەلایەن فڕۆکەکانەوە، ئاڵا رەشەکانیان دادەگرن.

-لە ماوەی 48 کاتژمێردا، چەکدارانی داعش زیاتر لە 200 تەرمی خۆیان لە میحوەرەکانی زوممار و ناوەران گواستوەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شاری مۆسڵ. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 03-09-2014
-بەغدا بە دیاریکردنی لەسەدا 17ی بودجەی هەرێم ڕازیبووە و تا دەگەنە ڕێککەوتنی یەکجاریش سولفەیەک بۆ موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەنێرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4906

**04-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090412453477248

-چەکدارانی داعش هێرش دەکەنە سەر هەردوو ناوچەی یەنگیجە و قەریە سەلام لە سنووری دوزخورماتوو، بەڵام پێشمەرگە لێیان دێنە دەست و تەرمی 10 چەکداری داعش جێدەمێنێت.
-پاش ئەوەی هادی عامری لە لێدوانێکدا وەزارەتی پێشمەرگەی بە کارتۆنی وەسفکرد، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە وەڵامی لێدوانەکەی هادی عامری دەداتەوە و دەڵێ سەرت دای لە بەرد و 15 ساڵی دیکە بیر لەوە بکەنەوە شەڕی پێشمەرگە بکەن.
-ئەلفرێد سیمس پرۆت کۆنسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: هاوکارییە سەربازییەکانی ئەڵمانیا لە چەند هەفتەی داهاتوودا دەگاتە هەولێر، ئاماژە بەوەشدەکات، ژمارەیەک پێشمەرگە دەنێردیرێنە ئەڵمانیا بۆ مەشقکردن.
-ئێوارەی ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە نزیک بازاڕی ناوندی شاری کەرکووک تەقییەوە و نزیکەی 16 کەس برینداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4907

**05-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090509124677275



-حکومەتی ئەڵمانیا یەکەم کاروانی هاوکاریی سەربازی خۆی کە زیاتر لە 80 تەن کەلوپەلی سەربازی و چەک لەخۆدەگرێت، لە ڕێگەی فڕۆکەیەکەوە لە ئەڵمانیاوە بەرەو باشووری کوردستان بەڕێکرد.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری باشیک لە پێشرەوی بەردەوامدان و لە شوێنە ئازاد کراوەکانی ئەمرۆ هەینی کە کەوتوونەتە ژێر کونترۆڵێ پێشمەرگە، 35 تەرمی داعش بە جێماون و چواریشیان بە دیل گیراون.
-وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی بنچینەیی راگەیاند دژی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی، ئاشکراشیکرد کە هێزی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ بەنیازی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی زەمینی نین. ئەو 10 وڵاتەی هاوپەیمانێتییەکە پێکدەهێنن بریتین لە ئەمریکا، بەریتانیا،

فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، دانیمارک، تورکیا، پۆلۆنیا، کەنەدا و ئوسترالیا.
-سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە کۆبوونەوەی سەرانی ئەندامانی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی(ناتۆ) رایگەیاند کە دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە پڕ چەک بکرێن تاوەکو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام لەناو بەرن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4908

**06-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090707485667942

-رەوەندی کوردی لە شاری لێستەری بەریتانیا خۆپیشاندانێک سازدەکات و داوای پاڵپشتی زیاتر بۆ کوردستانو پێشمەرگە دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4909

**07-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090712125477324

-بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لەدەوروبەری ناحیەی جەلەولا لەپارێزگای دیالە دوو پێشمەرگەی کوردستان شەهید بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4910

**08-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090809414077334

-بەهۆی پێنەدانی موچەکانیانەوە کارمەندانی تەندروستی و پزیشکانی نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی بەیانی ئەمڕۆ دەستیان لەکارەکانیان هەڵگرت و مانگرتنیان راگەیاند.
-بۆ یەکلایی کردنەوەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عیراق و ئەو پشکانەی بەر لایەنی کوردی کەوتووە، ئەمڕۆ پێنج لایەنەکەی هەرێم (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی کۆ دەبنەوە.
-ئەندامانی کابینەی نوێی حکومەتەکەی عەبادی متمانەیان پێدرا و سەرانی کوردیش لە باشوور

پڕیاریاندا بەشداریی ئەم حکومەتە بکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4911

**09-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140909111031773349

-گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان لە گووندی بردیای سەر بە ناحیەی زوممار دۆزرایەوە، کە تەرمی 14 کەسی تێدایە و 5 یان منداڵن.
-خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە رانیە دەستیپێکرد و داوادەکرێت لەجیاتی بەرزکردنەوەی باڵەخانەی بازرگانی و دروستکردنی مۆڵ لە ناوچەکەدا، پارکی زیاتر دروستبکرێت و رێژەی سەوزایی بەرزبکرێتەوە.
-حکومەتی بەریتانیا رایگەیاند کە یەکەم باری چەکی قورس رەوانەی هەرێمی کوردستان کرا بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە لە رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4912

**10-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140910124900773365

-گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نزیک گووندی بردیە لە دەڤەری زوممار دۆزرایەوە، کە نزیکەی 24 تەرمی کوردی ئێزدی تێدایە.
-لە گەرەکێکی شاری کەرکوک چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵدەکوتنە سەر ماڵی فەرمانبەرێکی کۆمپانیای نەوتی باکور و بەرەو شوێنێکی نادیار دەیرفێنن.
-مووشەکێک ئاراستەی شاری خانەقین کرا و بەسەر ماڵێکدا کەوت، بەوهۆیەشەوە دوو منداڵ برینداربوون،ئەمەش سێیەم جارە لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە مووشەک ئاراستەی ئەو شارە دەکرێت.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل و تەواوی هێزەکانی سوپای ئازاد و چەکدارانی ئۆپەراسیۆنی سوریا کە لە هەرێمی فرات لە بەرامبەر چەتەکانی داعش شەڕدەکەن لە ژێرناوی (بورکان ئەلفرات) دا بە مەراسیمێک ژوورێکی عەمەلیایەتی هاوبەشیان راگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4913

**11-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140911131520773966



-چەکدارانی داعش، دوای 10 ڕۆژ لە دەستگیرکردنی هاوڵاتییەکی کوردی جەلەولا بەناوی رائید مەحمود رەمەزان کە ویستبووی باوکە پەککەوتەکەی لە شارۆچکەکە دەربکات، ئەمڕۆ ئازاد کرا، بەڵام ئێستا لە نەخۆشخانەی خانەقینە بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی.
-هەرسێ حیزبی سۆسیالیت، شیوعی و زەحمەتکێشان ئەمڕۆ کۆبوونەوە و رەخنەیان لە شاندی دانوستاندکاری کورد گرت و پێیان وایە لە ئاست ئەو شتەی پێیان سپێردرابوو نەبوون، هەروەها پێیشیانوایە کورد ئەمجارە زۆر بە لاوازی بەشداری حکومەتی کردووە.
-وەزارەتی بەرگریی کۆماری چیک بڕیاریدا یەکەم هاوکاریی سەربازیی خۆی بگەیەنێتە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.
-هێزەکانی بەدر و دانیشتووانی گوندەکانی سنووری ناحیەی جەبارە دەبێتە شەڕە تەقەیان و بەوهۆیەوە منداڵێکی 10 ساڵان دەکوژرێت، دواتر پێنج هاوڵاتی لەلایەن هێزەکانی بەدرەوە دەڕفێنرێن کە یەکێکیان پێشمەرگەی سکرتارییەتی یەکێتییە. پاشان ڕفێنراوەکان لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاددەکرێن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4914

**12-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140912130117774011



-بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی پێشمەرگە و گەریللا 4 گوندی دیکەیان لەچەکدارانی داعش پاککردەوە لەدەشتی قەراج.
-تەرمی سێ گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان ئەمڕۆ، لە گۆڕستانی شەهیدانی بناری قەندیل بەخاکسپێردران دوای ئەوەی بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە شەڕێکی میحوەری مەخمور بەگوللەی چەکدارەکانی داعش گیانیان سپارد.
-بۆمبێکی چێندراو لە گەرەکی (عەسکەری) خۆرئاوای خورماتوو تەقیەوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندار بوون.
-فرانسوا هۆلاند سەرۆک کۆماری فەرەنسا سەردانی هەولێری کرد.
-زەمینلەرزەیەک لە شارۆچکەی دوزخورماتووی دا و یانی و ماددی بەدواوە نەبوو.
-لە گەرەکێکی شاری کەرکوک چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستریژی گوللەیان لە دوکانێک کردو بە هۆیەوە دوو هاوڵاتی کوژران، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش رایدەگەیەنێت، یەکێک لە کوژراوەکان خاوەن دوکانەکەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4915

**13-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091322001419040

-فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت بەهیچ جۆرێک لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەیەکی تری ئەنجومەندا نابین، داواش دەکات کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی دیکە هێزی فشاری خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دەستنیشانکردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4916

**14-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091411295177445



-لەناوچەی کۆپی سەربە موش بەئامانجی شەرمەزارکردنی قەردەغە بەزمانی دایکی گەنجان ڕێپێوانێکیان سازکرد و (3) خوێندنگای دەوڵەتی تورکیان سوتاند.
-حکومەتی هەنگاریا بڕیاریدا 224 تەن فیشەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بنێرێت.
-هێزەکانی میحوەری قەرەتەپە هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ پاککردنەوەی تەواوی ئەو گوندانەی کە ماون و لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵکرابوون ئەنجامداو توانیان ئاڵای کوردستان لەسەر چیای حەمرین هەڵبکەن.
-کچێکی تەمەن 15 ساڵ لە سلێمانی، کە خوێندکاری پۆلی 8ی بنەڕەتی بووە و سێ ساڵە بووە بەهۆی دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەکان لە ژوورەکەی خۆیدا خۆی خنکاندووە.
-داعش بە هاوەن وتۆپ هێرشیان کردە سەر شاری قامیشلۆ، لەئەنجامی تۆپبارانی چەتەکانی داعش (8)کەس گیانیان لەدەستدا کە لەناویاندا (3) منداڵن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4917

**15-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091509180477472

-بەبەشداری 30 وڵات، کۆنگرەی تایبەت بە ئاشتی و ئاسایشی عێراق لە پاریس دەستی پێکرد .
-لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە زاخۆ، ڕۆژنامەنووسێک گیانی لەدەستدا و سیانی دیکەش بریندار بوون.
-سەرچاوەیەکی ئەمنی ئاشکرایدەکات کە شەڕێکی سەخت لە نێوان چەکدارانی داعش و هێزە

ئەمنیەکانی عیراق لە باشوری بەغدا هەڵگیرساوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4918

**16-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140916090927772855

-مستەفای سەید قادر، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە لە شەڕی داعشدا تاوەکو ئێستا 29 پێشمەرگە ونبوون.
-فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا لە میحوەری خازر مۆڵگەکانی داعش بوردوومان دەکەن و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش چوار گوندی دیکەیان ئازاد کردوە و نزیک بونەتەوە لە چوار ریانی حەمدانیە.
-بەهۆی تەقینەوەی محاویلەیەکی کارەباوە، چوار ماڵی گوندێکی نزیک شاری خانەقین ئاگر دەگرێت و بەوهۆیەشەوە سێ ئافرەت و پیاوێک و منداڵێک گیان لەدەستدەدەن.
-هونەرمەندی ناسراو سادق حەریری دوای ماوەیەک لە ململانێ لەگەڵ نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.
-لە ناوچەی رێگەی بەغدای شاری کەرکوک و نزیک گۆرەپانی ئاهەنگەکان چەند چەکدارێکی نەناسراو لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە دەسترێژی گوللەیان لە (ئیبراهیم جیهاد) جێگری بەڕێوەبەری دەستەی نەزاهەی کەرکوک کرد و لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4919

**17-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140917101041775015

-داعش، بەیانی ئەمڕۆ، قەڵای تکریت، ناسراو بە قەڵای سەڵاحەدینی ئەیوبی کە یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی عیراق تەقاندەوە.
-بەهۆی پێنەدانی موچەکانیانەوە فەرمانبەران و کارمەندانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە بایکۆتی دوامیانکرد و راشیانگەیاند تاوەکو مووچە وەرنەگرن دەوام ناکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4920

**18-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091811121677514



-لەدرێژەی نارەزاییەکانی فەرمانبەران دژی دواکەوتنی مووچە، ئەمڕۆ لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێک لەلایەن فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە بەڕێوەچوو.
-بەڕێوەبەری قەزاو ناحیەکانی کەرکوک رایدەگەیەنێت، دوای دەستکەوتنی چەند زانیاریەک لەسەر کەسێک کە دەوری گەورەی هەبووە لە شەڕەکانی مەخمور و قەراج دژ بە هێزەکانی پێشمەرگە توانیان دەستگیری بکەن.
-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) لە باشووری کوبانێ سێ موشەکی گرادیان ئاراستەی ناوەندی کوبانێ کرد، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە.
-هێزەکانی پاراستنی شنگال هێرشیان کردەسەر مۆڵگەکانی داعش و 10 چەکداریان کوشت و ئۆتومبیلێکشیان تێکشکاند.
-هاوسەرۆکی پەیەدە رایدەگەیەنێت، دەنگۆی دەستبەسەر داگرتنی 16 گوند لە لایەن داعش راست نییە و شەڕوپێکدادانیش لە گوندەکانی کۆبانی بەردەوامن.
-بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە بۆسەر کۆبانێ هەزاران خەڵکی ناوچەکە بۆ سنوورەکانی باکووری کوردستان ئاوارەبوون، داگیرکەری تورک سنوورەکانی داخستووە و هەزاران کەس لەسەر سنوور ماونەتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4921

**19-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091911413377528

-تەقینەوەیەک لەگەڕەکی حەسیرەکەی شاری کەرکوک رویدا و بەپێی زانیارییەکان ژمارەیەک کوژراو و بریندار هەیە.
-هێزی ئاسمانی فەڕەنسی یەکەم گورزی خۆی لە چەکدارانیداعش لە عیراق وەشاند.
-مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا کە ئەمڕۆ هەینی، بڵاویکردەوە رایگەیاند، هێرشی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر خوشک و براکانمان لەکۆبانێ بەشێکە لەو نەفیرعام و دوژمنکارییەی تیرۆریستان لەدژی گەلی کوردستان ئەنجامی دەدەن. وەحشیگەری و پەلاماری تیرۆریستانی داعش بۆسەر کۆبانێ و رۆژئاوای کوردستان هەڕەشەیە بۆ هەموو گەلی کوردستان و شەرەف و کەرامەت و مان و نەمانی گەلەکەمانی کردۆتە ئامانج.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4922

**20-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092008245777548



-بەمەبەستی پشتگیرکردن لە خەڵکی کۆبانی رۆژئاوای کوردستان و ئیدانەکردنی ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەر کوردانی ئەو پارچەیە، ئەمڕۆ خۆپشاندانی نارەزایی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و چەند ناوچەیەکی دیکەی گرتەوە.
-لە ناوچەی کوباشی، لە نێوان خانەقین و جەلەولا و سەعدییە، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە، چوار پێشمەرگە شەهدبوون، کەیەکێکیان پلەی ئەفسەرە.
-لە قەزای چۆمان زیاتر لە هەشت خوێندنگەو لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەش زیاتر لە 10 خوێندنگە بایکۆتی خوێندنیان کردو، مامۆستایانی قەزای چۆمان خوێندکارەکانیان ناردەوە ماڵەوە.
-روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش لە گوندەکانی کوبانی 11 هاوڵاتی کوردی لەسێدارە داوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4923

**21-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092108530977568

-زیاتر لە 350 مامۆستای پارێزگای هەڵەبجە خۆپیشاندانیان ئەنجامداو چوونە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شارەکە.
-لە گوندێکی سەربە ناحیەی سەعدیە، هێزەکانی پێشمەرگە روبەڕووی چەند ئۆتۆمبیلێکی پڕلە چەکداری داعش بوونەوە و دوو داعشیان بەدیل گرت.
-وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەپری 25 ملیۆن دۆلار هاوکاری ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن و پڕیایشە لە ماوەیەکی نزیکدا کۆنفرانسێک سەبارەت بە رەوشی ئاوارەکان ببەستن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4924

**22-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092213492777594

-لەسەر سنووری تورکیا، هاوڵاتیانی ئاوارەی کۆبانی و هێزەکانی ئاسایشی ئەو وڵاتە پێکهەڵپژان.
-لە سنوری کۆبانێ لەدیوی خاکی تورکیا، سوپای تورک ئەو چادرانەی کە بۆ ئاوارە کوردەکانی سوریا دانرابوون، لادەبات و سەرۆکی شارەوانی ئامەدیش رێگریی لێدەکات.
-ژمارەیەک ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا، ئەمشەو هێرشیانکردە سەر بارەگای حیزبەکەیان لە هەولێر و داوایان لە پارتەکەیان کرد یان دەستبەرداری کاری سیاسی ببێت، یاخوود

بچنەوە رۆژئاوای کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش و بەرگریکردن لە کۆبانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4925

**23-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092309481077605

-ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی دروستیکردووە بۆ لێدانی داعش، یەکەم گورزی لە ناو خاکی سوریا لەو رێکخراوە وەشاند.
-لە چەند ناوچەیەکی سنووری پارێزگای کەرکوک، فرۆکە جەنگییەکانی ئەرمیکا چەند بارەگایەکی چەکدارانی داعشیان بۆردومانکرد و ژمارەیەکی لێ کوشتن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4926

**24-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092412505177623

-لەدوێنی شەوەوە فرۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا بەپاڵپشتی هێزە هاوپەیمانەکان بۆردومانی چەکدارانی داعش لەدەوروبەری شاری کوبانێ لەکوردستانی خۆرئاوا دەکەن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4927

**25-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092513081870920



-ئۆرسولا ڤۆندێرلێین، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، لەلایەن مستەفای سەید قادر، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا بەمەبەستی تاوتوێکردنی هاوکاری‌و یارمەتیەکانی ئەو ولاتە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4928

**26-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092610213777640

-ئاژانسی دۆیچەڤیللەی ئەڵمانی بڵاویکردەوە، یەکەم وەجبەی چەک و پێداویستییەکانی حکومەتی ئەڵمانیا گەیشتۆتە دەست پێشمەرگە کە 27 تۆن چەک و تەقەمەنییە و پێکهاتووە لە موشەکی دژەتانک و چەکی ئۆتۆماتیکی سووک و مام ناوەند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4929

**27-09-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092712240477652

-بۆمبێکی لکێنراو بە ئۆتۆمبیلی هاوڵاتییەک لە ناو قەزای خانەقین، تەقییەوە و بەهۆیەوە کەسێک بریندار بوو کە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەیە.
-تەرمی دوو پۆلیسی کورد لەسەر ڕێگەی کەرکوک سلێمانی دۆزرانەوە، پۆلیسیش رایدەگەیەنێت، تەرمەکان بە دەستڕێژی گوللە کوژراون.
-تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە خورماتوو کوژرانی دوو کەس و برینداربوونی 15 کەسی تری لێدەکەوێتەوە.
-لە گەڕەکی ئاوارەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵ، بۆمبێک فڕیدرایە ناو ماڵێکی ئەو گەڕەکە و بەوهۆیەوە کەسێک برینداربوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4930

**28-09-2014**


http://www.kurdipedia.org/?q=20140928133250776555

-لە ناحیەی بازیان-ی سەربە پارێزگای سلێمانی، پێشمەرگەیەک خۆی و هاوسەرەکەی و دوو کچی گەورەی کوشت.
-هونەرمەند قادر مستەفا بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایکرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4931
**29-09-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140929124855776662



-لانە عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجومەنی مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری هەولێر و کاندیدی پێشووی ئەو بزووتنەوەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی راستی کە دەکەوێتە سەر رێگەی هەولێر _ کەرکوک، بە دەستڕێژی گوللە گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4932
**30-09-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140930095801776665




-پێشمەرگەی کوردستان نێوەی سەنتەری رەبیعەی کۆنترۆڵکردەکاتەوە و داعش لە پاشەکشەدایە و فڕۆکە جەنگیەکان بەردەوام دەسوڕێنەوە و مۆڵگەکانی داعش بۆردوومان دەکەن.
-لە سنووری داقووق (40 کیلۆمەتریی باشووری کەرکووک) چەند بۆمبێکی چێندراو بە هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقینەوە. بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێری تۆری میدیایی رووداو بەهۆی تەقینەوەکانەوە 5 پێشمەرگە بریندار بوون. هیوا حوسامەدین پەیامنێری رووداو کە لەو سنوورە رووماڵی شەڕەکانی پێشمەرگە و داعش دەکات بەهۆی ئەو تەقینەوانەوە برینداربووە.
-لە شەڕەکەی ئەمڕۆی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش لە گوندی وەحدەی سەر بە قەزای داقوق، کە هێزەکانی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانیش شانبەشانی پێشمەرگە بەشدارن لەو شەڕەدا، عەقید شێرزان قادر، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ترکەلان شەهید بوو.
-گەریلایەک لە سنوری کەرکوک شەهید بوو.
-بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بڕیار درا هەڵەبجە بکرێتە پایتەختی ئاشتی.

-ئەمشەو هاتوچۆ لە کاتژمێر 12 لە کەرکوک تا کاتێکی نادیار قەدەغە دەکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4933

**01-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141001080632776 76



-هێزەکانی پێشمەرگە لە قۆڵی دوزخورماتوو هێرشیان کردە سەر چەکدارانی داعش ولە پێشڕەویدان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی هەردووگوندی حلێوەی گەورە و بچووک، هاوکات گەڕەکێکی جەلەولا کەوتەوە دەست پێشمەرگە.
-بەهۆی تەقینەوەی ماتۆڕ سکیلێک لەگوندی حەسار لەپارێزگای کەرکوک، کەسێک کوژراو 10 برینداریش هەیە.
-بۆمبێکی چێنراو بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشووی پێشمەرگە و فەرماندەی لیوای شانزەدا تەقیەوە بێئەوەی زیانی گیانی بەدواوەبێت .
-بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیانەوە، بەشێک لە مووچە خۆرانی سلێمانی چەند شەقامێکی سەرەکی سلێمانی دادەخەن.
-سوپای ئەڵمانیا کاروانێکی دیکەی هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە گەیاندە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.
-بولگاریا چەکی سوک و پێداویستی سەربازی رەوانەی کوردستان کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4934

**02-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141002130422776 82

-هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری قەزای دوزخورماتوو توانییان چەکدارانی داعش بۆ زیاتر لە 35کیلۆمەتر لە دوزخورماتوودوور بکەنەوە و بەو شێوەیەیش مەترسی لەسەر ئەو شارۆچکەیە لابەن، تەنها لە گوندێکیشدا تەرمی 8 چەکداری داعش بەجێماوە.
-پەرلەمانی دانیمارک بڕیاری حکومەتی وڵاتەکەی پەسەند کرد بۆ بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش.
-دوای خوێندنەوەی یاداشتنامەی عیراق و سوریا لە پەرلەمانی تورکیا بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەرلەمان ڕازیبوو لەسەر داواکارییەکەی حکومەتی تورکیا بۆ ناردنی سوپا بۆ دەرەوەی خاکی وڵاتەکەی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4935

**03-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100310161177685

-لە نیوە شەوی رابردووەوە بارانێکی بەخور ناوچەی باڵەکایەتی لەسنوری پارێزگای هەولێر گرتەوە و بە و هۆیەشەوە زیان بەر چەند رەز و باخچە و رێگاو بانێک کەوت و هاولاتیەکیش لەخنکان رەزگاردەکرێت و بەفریش چەند لوتکە چیایەکی ناوچەکەی سپی کرد. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 03-10-2014
-هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عیراق توانییان دواخاڵی سنووریی قەزایدوزخورماتوو کە پردێکی گرنگە و تکریت و دوزخورماتوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کۆنترۆڵ بکەن.
-ئێوارەی ئەمڕۆ شەڕ لە نێوان چەکدارانی سوپای بەدر و ئاسایشی نەخۆشخانەی دووزخورماتوو روویدا هەر لەو شەڕەدا چوار هاولاتی مەدەنی بریندار بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4936

**04-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100412292477693

-ناوەندی چاپەمەنی و رایگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی شەوی رابردووی هەر سێ بەرەی کانتۆنی کۆبانێی راگەیاند YPG .رایگەیاند لە شەڕ و پێکدادانەکاندا (67) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژراون، تانکێکی چەتەکانیش تێکشکێندراوە. هەروەها راشیگەیاند لە گوندی مەبروکانی شاری سەرێکانی (2) چەتە کوژراون.
-بەهۆی کەوتنەوەی گوللە هاوەنێک، شەش پێشمەرگە لە بەرزاییەکانی جەلەولا برینداربوون، کە باری تەندروستی دوانیان سەختە.
-لە گەڕەکی کانی کوردەی شاری سلێمانی ژنێک خۆی دەخنکێنێت و بە وتەی سەرچاوەی پۆلیسیش هۆکاری خۆ خنکاندنی ئەو ژنە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4937

**05-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100521424977698

-گولله هاوەنێکی گروپە چەتەکانی داعش لە گوندی ئەتمانیکی ناوچەی پیرسوسی شاری روحای باکووری کوردستان کەوتە خوارەوە و چەند کەسێک بریندار بوون.
-لە رۆژهەڵاتی کوبانێ تانکێکی چەتەکان تێکشکێندرا.
-شەڕڤانێکی YPJ لە دژی چەتەکانی داعش چالاکییەکی گیانبازی ئەنجامدا.
-گەریلاکانی HPG لە کەرکوک (2) چەتەی داعشیان کوشت.
-لە کوبانێ (86) چەتەی داعش کوژران.
-لە رۆژهەڵاتی کوبانێ هێرشی چەتەکان تێکشکێندرا و دەیان چەتەی داعش کوژران.
-سەرجەم پەرلەمانتارانی HDP دەچنە سەر سنووری کوبانێ.
-لە سێ بەرەی کوبانێ دەیان چەتەی داعش کوژران.
-فرۆکە جەنگیەکانی رۆژهەڵات و باشووری کۆبانێ بۆردوومان دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فرات نیوز - 05-10-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4938
**06-10-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20141006224931777705



-هێزێکی داعش لە رۆژهەڵاتی کوبانێ چووە ناو گەڕەکێکی کوبانێوە و ئاڵای رەشی لەسەر چەند باڵەخانەیەک هەڵکرد.
-بەبۆنەی رووداوەکانی کوبانێوە شەپۆلێکی زۆری خۆپیشاندان شارەکانی ئەورووپای گرتەوە.
-لەسەر رێگەی خانەقین - جەلەولا و لە نزیک کارگەی قیرە کۆنەکەی خانەقین، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە و شەهید و بریندار هەیە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4939
**07-10-2014**
http://www.kurdipedia.org/?q=20141007125251777710



-بەهۆی ڕەوشی نالەباری کۆبانێوە، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندان و مانگرتن سازدرا، بەتایبەتی لە باکووری کوردستان پێکدادان و شەهید و برینداری لێکەوتەوە، لە شاری وانیش پەیکەری مستەفا کەمال سووتێنرا.
-بان کی مۆن، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان داوا دەکات هەرکەس و لایەنێک لە توانایدایە، بەهانای دانیشتوانی کۆبانێ وە بچن، ئەوانەی کە لەناو کۆبانی دەرفەتی دەرچوونیان بۆ نەماوەتەوە.
-فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان دەستیانکردەوە بە بۆردومانکردنی چەکدارانی داعش لەرۆژئاوای شاری کۆبانی.لەخۆرئاوای کوردستان.
-بۆمبێکی چێنراو لە دەڤەری زوومار بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا تەقییەوە و چەند پێشمەرگەیەکی کوردستان شەهید و بریندار بوون.
-هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تەرمی 11 پێشمەرگەیان لە گورێکی بە کومەڵ لە گوندێکی سەر بە ناحیەی زوممار دۆزییەوە کە لە مانگی ئابدا لە هێرشێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگە و بارەگاکانی داعش لە میحوەری زوممار بێسەرو شوێن ببوون.
-بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان خۆپیشاندەرانی کورد و ئیسلامییە توندڕەوەکان لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا 14 کەس بریندداربوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4940

**08-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141008122553777 15



-وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایدەگەیەنێت جەنگی کوبانی زۆر مەترسیدارەو رێگە نادەن ئەو شارەی رۆژئاوای کوردستان بکەوێتە دەست چەکدارانی داعش.
-لەماوەی 24 سەعاتی رابردوودا لە هەرسێ قۆڵی رۆژهەڵات و رۆژئاواو باشوورەوە، 89 چەکداری داعش کوژراون و ژمارەیەکی زۆریان لێ بریندار بووە، هەروەها گروپێکی کوردی بەناوی بەرەی ئەکراد هاتە ریزەکانی پاراستنی گەل و شەڕکردنی دژی داعش راگەیاند.
-هێزەکانی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەوجی یەکی لیوای 5 سوپای عیراق هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکانی داعش لە گوندەکانی سنوری قەزای مەخموور، و توانیان دوو گوند کۆنترۆڵ بکەنەوە.
-لە بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان، نزیکەی 31 حزب وەک پاڵپشتی لە کۆبانێ خۆپیشاندان لە شاری هەولێر دەستپێکرد و خۆپیشاندانەکە توندوتیژیی لێکەوتەوە و چەند پۆلیس و پەیامنێری رووداو برینداركران.
-بۆ یەکەمجار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهیلیکۆپتەری جۆری ئەباتشی بۆردومانی داعش لەشاری کوبانی لەخۆرئاوای کوردستان دەکات.
-بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە هێزەکانی پۆلیس سوپای تورکیا لە ئیستانبول بڵاوەیان پێکرا بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەر خۆپیشاندانێک بدەنەوە کە

بۆ کۆبانێ ڕێکدەخرێت.
-لە ماوەی 24 سەعاتی ڕابردوو لە شارەکانی باکوور 21 کەس لە خۆپیشاندانەکاندا لەلایەن تورکەکانەوە کوژراون و زۆرتر لە 100 کەسیش برینداربوون و سەدان کەسیش دەستبەسەرکراون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4941

**09-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100914415268190

-وەفدی پەرلەمانی کوردستان کە لە نوێنەری فراسیۆنەکانی پەرلەمان پێکهاتبوو گەیشتنە سەر سنووری کوبانێ.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4942

**10-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101010244477741



-شەڕوپێکدادان لە کۆڵانەکانی کۆبانی لەنێوان شەڕڤانان و چەکدارانی داعشدا درێژەی هەیە و کۆبانی هێشتا هەر خۆڕاگرە.
-جەژنی جەمای کوردانی ئێزدی کە ساڵانە لەم ڕۆژەدا بۆ ماوەی یەک هەفتە لە پەرستگای لالش ئەنجامدەدرێت، ئەمساڵ بەهۆی هێرشەکانی داعش ئەنجام نەدرا.
-لە دوای چالاکییەکانی گەلی باکووری کوردستان بە ئامانجی پشتیوانی لە کوبانێ و شەرمەزار کردنی پشتیوانییەکانی دەوڵەتی تورک لە چەتەکانی داعش و هێرشی پۆلیسی تورک بۆ سەر جەماوەر ئەمڕۆ (2) کەسی دیکەش لە شاری ئامەد گیانیان لەدەستدا و ژمارەی قوربانیان لە شاری ئامەد گەیشتە (12) کەس. سەرجەمی قوربانییەکان لە ماوەی 3 ڕۆژدا 20 کەسی تێپەڕاند و سەدانیش بریندابوون.
-لەخۆر ئاوای شاری کەرکوک بەهۆی کەوتنەخوارەوەی گوللە هاوەنێکی چەکدارانی داعش بۆ ناو بارەگایەکی هێزی پێشمەرگە، ئەفسەرێکی پێشمەرگە شەهید بوو و چواری دیکەیش بریندار بوون لەبەرامبەریشدا پێشمەرگە چوار چەکداری داعشی کوشت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4943

**11-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141011105304777744

-هێزەکانی پاراستنی شنگال لە چوار قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر بنکە و مۆڵگەکانی داعش لە دەوروبەی شنگال ئەنجامدا و زیانی گەورەیان بە چەکدارانی ئەو گروپە گەیاند.
-ئەمڕۆ لە چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک "سنە، نەغەدە، محەمەد یار، بۆکان "چەند شارێکی تر زۆرینەی دوکاندارەکان وەک پاڵپشتیەک بۆ کۆبانێ و ئیدانەکردنی هاوکارییەکانی تورکیا بۆ داعش لەماڵەوە مانەوەو دوکانەکانیان داخست.
-لەسەر پردی ناحیەی جەلەولا فیشەکێکی قەناس بەر سەری پۆلیسێکی گەرمیان دەکەوێت و پاش سێ کاتژمێر لەبریندارپوونی شەهید دەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4944

**12-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012102206777750



-سێ تەقینەوە لە قەرەتەپە روویدا کە بارەگای کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کردووەتە ئامانج. زیاتر لە 20 شەهید و دەیان بریندار هەیە کە زۆربەیان رەوانەی نەخۆشخانەکانی کەلار و کفری کراون.
-چەند تورکێک لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت هێرشیان کردە سەر بەشی کوردی ئەو پێشانگایە بە مەبەستی دڕاندنی نەخشەی کوردستان، بەڵام لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستگیرکران.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4945

**13-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141013115936777756




-شەڕ لە کۆبانێ بەردەوامە و فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش هەردوو ناوچەی پیشەسازی و بازاڕی سەوزەی کۆبانێیان بۆردوومان کردووە و بەهۆیەوە چەکدارانی داعش لە پاشەکشەدان.
-خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بۆمبڕێژکراو لە گەڕەکی باکووری رۆژهەڵاتی کۆبانێ خۆی تەقاندەوە، پۆلات جان، گوتەبێژی یەپەگە لە تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە کە ئەو کەسەی خۆی تەقاندووەتەوە ناوی ئەکرەم خالیدە، کوردەو خەڵکی شاری هەڵەبجەیە لە باشووری کوردستان.
-رێکخستنەکانی یەکیتی لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی گەورەیان بۆ پشتگیریی کۆبانی رێکخست.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4946

**14-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141014095942777752



-ساڵح موسلیم و نوێنەری لایەنەکانی رۆژئاوا لەگەڵ مەسعود بارزانی لە دهۆک کۆبوونەوە.
-بۆ یەکەم لە دوای دەستپێکردنی قۆناغی چارەسەری لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە جۆرەکانی F-16 وF-4 ، شەوی رابرادوو چەند بارەگایەکی پارتی کرێکارێ کوردستانیان لە داهلیجا بۆردوومان کرد.
-یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان توانیان گوندێک و دوو ناوچەی ستراتیژی کوبانێ لە دەستی داعش دەربهێننەوە و زیانی زۆریش بەو گرووپە بگەیەنن.
-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرایی حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان ئەمڕۆ سێشەممەی بەبۆنەی کارە تیرۆریستییەکەی قەرەتەپەوە وەکو رۆژی ماتەمینی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا راگەیاند.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4947

**15-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141015162006777768



-زیاتر لە هەزار و پێنجسەد ئاوارەی کۆبانێ گەیشتنە بەردەڕەش و دابەشکران بەسەر کەمپەکانی باشووری کوردستاندا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4948

**16-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141016112655777773

-بە پێی زانیارییەکان، شەوی ڕابردوو شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)لە دژی مۆڵگەکانی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) لە نێوان گوندەکانی دێهام و راوایەی رۆژئاوای شاری سەرێکانی چالاکییەکیان ئەنجامداوە و لە ئاکامدا گردی "زینکات" لە چەتەکانی داعش پاک و رزگار کرا و (30) چەتەش کوژران و ئۆتۆمبیلێکی چەتەکانیش بە سەرجەم سەرنشینەکانییەوە تێکشکێندراوە. هەروەها ڕاگەیەندرا کە لاشەی (20) چەتەش کەوتوتە دەست شەڕڤانانی YPG ەوە.

-بەهۆی ئەو شەپۆلی بارانبارینەی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە، لە ئێوارەی دوێنێ چوارشەممەوە شەپۆلێک بارانی بەخوڕ چۆمان و ناوچەی باڵەکایەتی گرتوەتەوە و بەهۆیەوە لافاو دروستبووە، هاوکات باوک و کوڕێک بەهۆی ئەو لافاوەوە ئاو دەیانبات و بەیانی ئەمڕۆ تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە.

-کۆبوونەوەی یەپەگە و لێپرسراوانی ئامریکا لەسەر ڕەوشی کۆبانی.

-گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، لەهێرشێکدا بۆ سەر شاری گەڤەر لەباکوری کوردستان توانیان ئەو شارە لە سوپای تورک پاک بکەنەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4949

**17-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141017114059777777

-یەپەگە ڕایگەیاند، لەناو کۆبانی هیچ چەتەیەکی داعشی تێدا نەماوە و ئێستا هێزەکانیان لە هێرشبرندان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4950

**20-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020204611777779

-ئێوارەی ئەمڕۆ خۆکوژێک لەمیحوەری بەنداوی موسڵ بەئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرەوە خۆی تەقاندەوە بەبارەگایەکی هێزی پێشمەرگەدا، لەو ڕووداوەدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون کە یەکێکیان لیوای زێرەڤانی (سەفەر ئامێدی) بوو.
-خۆکوژێکی پاکستانی خۆیی بە هێزەکانی پێشمەرگە لە قەرەتەپە تەقاندەوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
-هێزەکانی داعش هێرشیان بۆسەر قەرەتەپە دەستپێکرد و لە ئەنجامدا شکان، لەم شەڕەدا 3 پێشمەرگە گیانی لەدەستدا چەندی تریش برینداربوون.
-نزیکەی 24 تۆن چەک و تەقەمەنی لە باشووری کوردستانەوە گەیەندرایە کۆبانی، لەسەر ئەم یارمەتییە پارتی و یەکێتی گرفیان دروستکرد و هەریەکەیان یارمەتییەکە بەهی خۆیان دەزانن بۆ کۆبانی.
-میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیان رایگەیاند ئێزدی نەتەوە و دینێکی جیاوازن و نەتەوەی کورد و عەرەب وەکو برای ئەوانن، ئەم لێدوانەی میری ئێزدیان هەرای نایەوە و تاکە ئەندامی ئێزدییەکان لە پەرلەمانی کوردستانیش وەڵامی میر دەداتەوە و دەڵێت "ناسنامەی کوردی ئێزدیان لای ئێمە خەتی سوورە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4951

**21-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141021164805777787

-وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا دەڵێت: ڕۆژانە 240 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان دەگاتە بەندەری جەیهان و بیست و پێنجەم کەشتی ئەو نەوتەش بەمەبەستی فرۆشتن بارکراوە.
-بۆ یەکەمجار، کۆبانێ هێمنیی بەخۆیەوە بینی و ئەمڕۆ هیچ پێکدادانێکی ئەوتۆ لە نێوان و کورد و چەتە ئیسلامییەکاندا ڕوویندا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 4952

**22-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141022150926777789



-فڕۆکە ئەمریکییەکان بە چڕی ناوچەکانی دەوروبەری بۆردومانکرد.
-بەپێی هەواڵێک فورات نیوز چەتە ئیسلامییەکان لە کۆبانێ دوێنێ شەو چەکی کیمیاویی لەدژی یەپەگە بەکارهێناوە.
-پەڕلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ پڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەیدا بۆ کۆبانێ.
-دوای چەند ڕۆژ کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕێککەوتنی "دهۆک" یان ئیمزا کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4953

**23-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141023113616677798



-بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی سکای نیوز، دوای کاتژمێرێک لە شەڕی قورس، چەکدارانی داعش دەستیان گرتووەتەوە بەسەر ناوچەی تەل شەعیرە کە تەنها پێنج کلیۆمەتەر لە خۆرئاوای کۆبانێ دوورە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4954

**24-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141025212315777804

-فڕۆکەکەیەک کە جۆرەکەی نەزانراوە، پەرەشوتێک بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش فڕێدەداتە خوارەوە، فەرماندەیەکی سەربازی ئەو سنورەش دەڵێت: هیچ کەسێک زانیاری نیە لەسەرئەوەی ئەو کارە چۆنو بۆچی کراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4955

**25-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102521085177801

-پێشمەرگە هێرشی کردە سەر داعش و توانی ناحیەی زوممار و 13 گوندی سنوری ناحیەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە و زیانێکی زۆر بەداعش بگەیەنێت، بەڵام ژمارەیەک پێشمەرگەش لەو شەڕەدا شەهیدکربوون کە (5)یان لەفەرماندەی هەڵگورد بوون و خەڵکی دەڤەری سۆران.
-شەوی ڕابردوو لەنزیک بنکەیەکی پۆلیس ونزیک ناوبازاڕی چەمچەماڵ دووکەسی بەڕەگەز عەرەب بەئاڵای داعشەوە دەگەڕان، دواتر دوای ڕووبەڕوو بونەوە یان لەگەڵ ئاسایش دەسگیرکران.
-شەڕێکی توند لە نێوان میلیشیا شیعەکان و پۆلیسی ئامادەی قەزای دووزخورماتو روویدا، لە ئەنجامی ئەو شەڕە ژمارەیەک چەکدار لە هەردوولا بریندار بوون.
-نووسەر و رۆشنبیر ئازاد سوبحی لەماڵەکەی خۆیدا لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4956

**26-10-2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102612424864023

-دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک-گەرمیان، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ تاوانبار بە کوشتنی (کاوە گەرمیانی) دەرکرد.
